وەرزنامەی
# ئێراناسی
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات
ژمارە (٧) ساڵی دووەم، نیسانی ٢٠٢٣



- سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێران لە نێوان ویست و واقیعدا
- شۆڕشی سپی و بەرهەڵستیی پیاوانی ئایینیی
- پشکی خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتییەکانی ئێران، فیشەك بوو!
- زمانی کوردی و ئایینزای سوننی لەناو دەستورێکی فارسی و ئایینزای شیعەدا

# وەرزنامەی ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٧) ساڵی دووەم، نیسانی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: هەورامان فەریق کەریم



بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران

د. ئومێد رفیق فتاح

د. عابد خالد رسول

د. هەردی مەهدی میکە

هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزان: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4)

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی

# ئێراناسی

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەرۆك


**سەروتار** ئێران حیکایەتێکە دەبێت لە کۆتاوە بیخوێنینەوە
**سرمقاله** ایران حکایتی که باید از انتها خواند ........................................ ● بارام مەجیدخان | ٤

**توێژینەوە** سیاسەتی بەرەو رۆژهەڵاتی ئێران لە نێوان ویست و واقیعدا
**پژوهش** سیاست نگاه به شرق ایران میان اراده و واقعیت ........................ ● تەحسین وسوعەبدوڵا | ٨

■ زمانی کوردی و ئایینزای سوننی لەناو دەستورێکی فارسی و ئایینزای شیعەدا
زبان کوردی و مذهب سنی درقانون اساسی ای فارسی و مذهب تشیع .............. ● سەرووەت عەبدوڵا | ٢٢

■ شۆڕشی سپی و بەرهەڵستیی پیاوانی ئایینی
انقلاب سفید و مخالفت روحانیت ........................................................ ● یاسین عزەم | ٤٣

**چاوپێکەوتن** پشکی خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتییەکانی ئێران، فیشەك بوو!
**مصاحبه** سهم مردم کردستان از نارضایتی های ایران، گلوله بود! ...................... ● لەگەڵ کامیل دلپەسەند | ٥٦

**وەرگێڕان** رۆڵی فرەچەشنی ئاین لە دژبەکییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی ئێران لە نیو سەدەی ڕابردوو
**ترجمه** نقش چندگانه دین درتضاد های اجتماعی کردستان ایران درنیم مقرن اخیر
............................ ● سەید یاسین حوسینی، حەسەن موحەدەسی گیلوایی، محەمەد باقرتاج ئەلدین | و. عەبدوڵا رەسولی | ٦٣

■ خوزستان و هەڕەشە دەستکردەکانی شوناسی ئێتنیکی و ئایینزایی ناکۆک
خوزستان و تهدیدات برساخت هویت قومی و مذهبی متغایر
............................ ● ئیبراهیم بەرزەگەر، غولام ڕەزا مەهنی زادە فەلاحی | وەرگێڕان: وەرزنامەی ئێراننامسی | ٨٦

■ گوتاری میدیایی ئێران: دروستکردنی کاریگەری و هەژموون لە جیهانی عەرەبیدا
الخطاب الإعلامي الإيراني وصناعة التأثيروالنفوذ في العالم العربي
............................ ● بوشواریاسین، وەرگێڕانی بارام سوبحی | ١١٢

■ ئایندەی جووڵانەوە و نارەزاییەکانی ئێران لە بەردەم شکست و بەردەوامیدا
آیندەی جنبش و نارضایتی های ایران میان شکست و ادامه
............................ ● وەرگێڕان و ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد | ١٤٠

**کەسایەتی** عەلی شەریعەتی
**شخصیتها** علی شریعتی ........................................................ ● ئامادەکردن: وەرزنامەی ئێراننامسی | ١٥٢

**کتێبناسی** گێڕانەوەی قەیرانی ئەتۆمی ئێران؛ نهێنییەکانی دیبلۆماتکارێک
**کتابشناسی** روایت بحران اتمی ایران؛ ناگفتەهای یك دیپلمات ........ ● ئامادەکردنی وەرزنامەی ئێراننامسی | ١٥٧

**چەمکناسی** دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران
**مفهوم شناسی** قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران ............................ ● ئامادەکردن: هەورامان فەریق | ١٦٢



# ئێران حیکایەتێکە دەبێت لە کۆتاوە بیخوێنینەوە

بارام مەجیدخان

جۆهان قەزوینیان لە کتێبی ئێران و ئەمریکا بە دیڕێک سەرنجمان دەبات کاتێک دەڵێت: «هەموو حیکایەتەکان لە سەرەتاوە دەستپێدەکەن. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە حیکایەتی ئێران هەمیشە دەبێت لە کۆتاوە دەستپێبکەین». دوا دێڕەکانی حیکایەتی مێژوویی ئێران هەمیشە سیاسەتمەداران و دەوڵەتدارانی جیهان ناچاربە گوێگرتن لە کۆتا حیکایەتی خۆی دەکات.

ژن، ژیان، ئازادی ئەو حیکایەتەیە کە کاریگەرییەکانی تا ئێستاش بەردەوامن. ئەگەرلێکۆڵینەوەی وردی بابەتیانە بۆ ئەو ڕووداوە دەگمەنەی ئێران بکەین ئەوا پەلکێشمان دەکات بۆ زۆر ڕەهەندی شاراوەی مێژووی هاوچەرخی ئێران. وەک لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاسایی و دەستووری و بابەتی ئایین و ئایینزاکان، هەروەها بابەتی سیاسی نەتەوەیی و حوکمڕانی لە ئێران.

ئێران هەم لە ژێر فشاری قووڕسی ناوخۆیی و هەم فشاری نێودەوڵەتی کەوتە ژێرباری کاریگەرییەکانی ئەو بزووتنەوە مەدەنییەی گەلانی ئێران. بە تایبەت دەزگای دیبلۆماسی ئێران کە زۆرترین پاڵەپەستۆی نێودەوڵەتی لەسەرشان بوو. چاو خشاندنەوە بە سیاسەتە ناوچەییەکانی و بە تایبەت ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ شانشینی سعودیە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی ئێران.

پەیوەندییەکانی شانشینی سعودیە و ئێران، لە سەردەمی هاشمی ڕەفسەنجانی بونیادی دارێژرا و سەید محەمەدی خاتەمی جێبەجێی کرد. بەڵام کاتێک لە ساڵی (٢٠١٦) شانشینی سعودیە، شێخ نەمر لە سەرکردەکانی شیعەی سعودیە و چل و شەش کەس لە هاوڕێکانی لە سێدارە دا، ئێران وەک کاردانەوەیەک

سەفارەتی سعودیەی لە تاران سوتاند. ئەمە دەسپێکی تێکچوونی پەیوەندییەکانی سعودیە و ئێران بوو. سەردەمی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاد ئەم پەیوەندییانە بەرەو ئاڵۆزتربوون ڕۆیشت، کە دۆخی نێودەوڵەتی ئێران لە گەڵ وڵاتانی جیهان و دۆسیە ئەتۆمیەکەی کەوتە ژێرباری گەمارۆی قوورسی نێودەوڵەتی. ئەم دۆخە تازەیە پەیوەندی ئێران و شانشینی سعودیەی ئاڵۆزترکرد، بە دەستخستنە ناوکێشەی یەمەن و یارمەتیدانی حوسیەکان. هێرش کردنە سەردامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە، لە لایەن حوسیەکان و پشتیوانی کردن لە حکومەتی سووریا و پشتیوانی لە حزبوڵلای لوبنان و دەستخستنە ناوکاروباری عێراق، ئاسایشی ناوچەکەی ئاڵۆزترکرد.

لە هەمانکاتدا بە کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، فشارەکانی سعودیە و ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران پەرەی سەند. ئێران و ئیسرائیل لە دۆخی شەڕێکی نهێنی و شاراوە، ڕووبەڕووی یەکدی وەستاون. گەمارۆکانی سەر ئێران کاریگەریی زۆری لە سەر ئەو وڵاتە بەجێهێشت. دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی و سەرهەڵدانی ناڕەزاییەکان لە دژی حکومەتی ئێران، دۆخێکی تازەی بە سەرئێراندا سەپاند، کە ئەم شەڕە سیاسییە لە تەک شانشینی سعودیە هیچ براوەیەکی نابێت. بۆیە ئێران بڕیاریدا کە وەرچەرخانێک لە سیاسەتی ناوچەیی خۆیدا بکات بە ئامانجی هێورکردنەوەی دۆخە نێودەوڵەتیەکەی.

پاش دوو ساڵ لە نێوەندگیری عێراق، لە ئەنجامدا بە هەوڵی حکومەتی چین ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان هەردوو وڵات بە ئەنجام گەیشت کە پێک هاتووە لە هەشت بڕگە:

١. ئاسایشی هەرلایەک ئاسایشی ئەوی ترە.
٢. وەهمی هەژموونی بەلاوە بنێن.
٣. بۆبەدیهێنانی هەیکەلی نوێی ئاسایشی کەنداو، هاوکاربن بۆکاری پێکەوەیی.
٤. ڕکابەری ناتەندروست لە سووریا و عێراق و یەمەن و لوبنان وەلاوە بنێنن و هاوکاری بونیاتنەربکەن بە ئاڕاستەی چارەسەری گرفتەکان.
٥. لەگەڵ کەمینە مەزهەبییەکانی یەکدی وەک هاونیشتمانی پلە یەک هەڵسوکەوت بکەن.
٦. بۆ هێورکردنەوەی ئاڵۆزییەکان لەگەڵ ئەمریکا هاوکاری یەکدی بن.
٧. بۆبە گژاچوونەوی چەکی کۆکوژ، تیرۆریزم و تائیفیەت هاوکاری هاوبەشیان هەبیت.
٨. ئێران و ئیسرائیل بە کرداری لە دۆخی نیوەشەڕدان، چین لەگەڵ هەردوو وڵات پەیوەندی باشی هەیە. چین هەوڵدەدات کە ئاگربەست لە نێوان هەردوو وڵاتدا بکات.


کۆی ئەم دۆخە تازەیەی ئێران، لاپەڕەیەکی نوێیە و سەردەمێکی نوێیە لە گۆڕانکاری بونیادی لە سیاسەتی ناوچەیی ئێران. پێدەچێت داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی کەنداو سەردەمێکی نوێ لە سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت.

لەسەرئاستی ناوخۆ و لە پاش بەیاننامەکەی میرحسەینی موسەوی کە ئاڕاستەی گەلی ئێرانی کرد، بە

ئاشکرا داوای گۆڕینی دەستووری ئێران و پێکهێنانی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوی خەڵکی کرد بۆ داڕشتنەوەی دەستوورێکی نوێ کە لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی ئێران بگونجێت. ئەم بۆ چوونانەی موسەوی کاردانەوی زۆری لێکەوتەوە. چ لە ئاستی دەرەوەو و چ لەسەرئاستی ناوخۆ. دەستووری ئێران لە پاش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە نزیکەی دە ساڵ دوای شۆڕش، دەستووری ئێران هەموارکرایەوە. گرنگترین بابەتی هەموارەکەش، گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئێران بوو، کە سەرۆک لە پۆستی وەزیران لابرا و سیستەمی سەرۆکایەتی جێگیر کرا. بەڵام ئەم هەموارە هیچ کاریگەریی لەسەرخودی کۆمارەکە نەبوو، بەوەی کە مەودای ئازادییەکان و خواستی جەماوەرتێیدا ڕەنگ بداتەوە. هەموارکردنی دەستوورلە ئێران و لە ژێر چەتری کۆماری ئیسلامیی ئێران مەودای کاری سیاسی و حیزبی لە ئێران نەگۆڕی.

خواستی نەیارانی حکومەت بۆ گۆڕینی بنچینەیی دەستوورلەگەڵ پەیامەکەی موسەوی یەکانگیر بوون، بەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتی خستە قۆناغێکی نوێ لە درێژەدان بە خۆپیشاندانەکان. ئێران سەرکەوتوو بوو لەوەی درز بخاتە ناو بەرەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە، لە سەرقاڵ کردنیان بە جەدەل موناقەشەی تیۆری لە نێوان هەرشەش باڵەکەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی. ئەو گومانانەی بەهێزترکرد کە ئەوان ناتوانن وەک ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێزو بە بێ هەبوونی یەکڕیزی بۆ دەستنیشانکردنی سەرکردایەتییەکی بەهێز بۆ ئەو جووڵانەوەیە ئاسۆیەکی ڕوون بخەنە پێش چاوی گەلی ئێران.

ئێراناسی دوبارە خواستی ئەوەی هەیە کە بەشێک لەو گرفت و ئاڵنگاریانەی کە لە ئێرانی ئەمڕۆ بەدی دەکرێن، لە چوارچێوەی چەندین لێکۆڵینەوە و وەرگێرانی بەسوود، پێشکەش بە خوێنەرانی خۆی بکات. دەرگای خۆی بەڕووی ئێراناسان و لیکۆڵیاران ئاوەڵا بکات بۆ کردنەوەی دەروازەی زیاتر بۆ ناسینی ئێران بە گشتی و خەسڵەتە سیاسی و کەلتووری و ئابووری و ستراتیجییەکانی ئێران بە تایبەتی.




## توێژینەوە

ئێرانناسی



# سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێران
# لە نێوان ویست و واقیعدا

توێژەر: تەحسین وسو عەبدوڵڵا



## ١-بەرایی

ئاراستەی سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵات لەلایەن ئێران زیاتر بە ئامانجی دروستکردنی هاوسەنگییەکی نێودەوڵەتییە، بۆ ئەوەی یارمەتی تاران بدات لە بەردەم هەڵمەتی زنجیرەی ئابلوقە جۆراوجۆرەکان بەمەبەستی وەستاندن یان کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانە، تا بتوانێت بەردەوام بێت لە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی ڕۆژئاواییەکان بە تایبەتی ئەمریکا، لە هەمان کاتیشدا بەرگریکردن لە سەربەخۆیی خۆی، بەڵام ئەگەر بە دیدێکی قووڵتر لە پرسەکە بڕوانرێت ئەوا چوارچێوەی ڕێکخستنی ئەو ئاراستەیە ئاماژەیە بۆ ستراتیژییەکی فراوانتر کە ئامانجی سەرەکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تاران بتوانێت لەگەڵ زلهێزەکانی ئاستی جیهانیدا بوستێت وەک هێزێکی باڵا دەست لەبەردەم هێزی دژبەرو ناکۆک. لە دوای دەستبەکاربوونی ئیبراهیم رەئیسی وەک سەرۆک کۆمار نزیکبوونەوەی سیاسەتەکانی بەرەو ڕۆژهەڵات گەواهیدەری ئەو واقیعەیە کە بۆتە جێگەی گفتوگۆی نوخبەگەرایی و مشتومڕی سیاسی لەسەرپرسەکە وەک چوارچێوەیەکی ستراتیژی گرنگ لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

هاوکات لەگەڵ نزمبوونەوەی ئاستی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی بۆ سەر ئێران، ئاراستەی سیاسەتی حکومەتی تاران بەرەو ڕۆژهەڵات بە چڕی دەستی پێکرد، ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی تاران بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بڵێت ئیدی لە بەرامبەر سیاسەتە ئابلوقەدارەکانی ڕۆژئاوا کارتەکانی بەکاردێنی و کاریگەری ئەرێنیشی بۆ سەر دۆخی گشتی دەوڵەتی ئێران دەبێت.

لێرەدا کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ بەرەو ڕوومان دەبنەوە لە بابەتی نزیکبوونەوەی تاران بەرەو ڕۆژهەڵات، یان سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵاتی تاران، کە دەکرێت گرنگترین پرسیارەکان بریتی بن لەوەی ئایا بژاردەی سیاسەتی تاران بەرەو ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی سیاسەتی کاردانەوەیە یاخود هەڵقووڵاوی دیدگا و ڕوانگەیەکی ستراتیژی نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدارە لە تاران؟ ئایا ئەو بژاردەیە تاران بەرەو چ ئاکامێک دەبات؟ لەم توێژینەوەیەدا، سەرنج دەخەینە سەر دوایین پێشهاتەکانی پەیوەست بەم ئاراستەیە، دوای وردەکاری ڕەهەندەکانی، ماناکانی و ئەزموونی پێشووی ئێران لەگەڵیدا، بۆ تێگەیشتن و خستنەڕووی زیاتری ئەو ئاراستەیە پێویستە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و چین بەتایبەتی جێگەی سەرنج و لێکدانەوە بێت.

## ٢- سیاسەتی دەرەوەی ئێران؛ مشتومڕی کرانەوە بەرەو دونیای دەرەوە

مۆدێلی چینی نوێنەرایەتی یەکێک لەو مۆدێلە گەشەسەندووە هاوچەرخانە دەکات کە سەرنجی زۆری جیهانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی جیهان لە هەوڵی بەردەوامدا بن بۆ خۆ نزیک کردنەوە لەگەڵ ئەو مۆدێلە نوێیە. لە ئێران پرسی دروستکردنی پەیوەندی ستراتیژی درێژخایەن لەگەڵ چین بە یەکێک لە بابەتە هەرە هەستیارو گرنگەکان دادەنرێت، کە ئەولەویەتەکانی سیاسەتی دەرەوە

دیاریدەکات، ئەمەش بووەتە هۆی گفتوگۆی تیۆری و مشتومڕی سیاسی زۆر لە ئێراندا.

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق و هاتنی هاشمی ڕەفسەنجانی وەک سەرۆک کۆمار، پرۆسەی کرانەوەی ئێران بەڕووی دونیای دەرەوە دەستپێکرد، بەتایبەت سیاسەتی پراگماتیزم کە بنەمای بەرژەوەندییەکانی کردە پێوەربۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە نەک بنەمای ئایینی و مەزهەبی بۆ ئەوەی بتوانرێت ئابووری وڵات ببووژێنێتەوە و گەشەسەندنی ناوخۆیی دەستپێبکات، ئەمەش دوای ئەو دەرئەنجامە خراپەبوو کە جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق بەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی هێنابوو. پێویستییەکانی ئەو قۆناغە گەلی ئێرانی گەیاندە ئیدارەیەک کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیدا سەرنجی لەسەر «ئاوەدانکردنەوە» لە ناوخۆ و « ئارامی و دەستەبەری سەقامگیریی» لەگەڵ دونیای دەرەوە بێت. ئەم جۆرە میکانیزمە لە سیاسەتی دەرەوە لەژێر کاریگەریی ئەو ئاڕاستەیەدا بوون کە چین پەیڕەوی دەکرد،، بەو واتایەی کە مۆدێلێکی چینی، ئەوکات چین پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە قۆناغی ئاساییکردنەوەدابوو لە پێناو گەشەپێدانی ئابووری لە ناوخۆ. بەمەش ئیدارەی ڕەفسەنجانی هاندا بۆ ئەوەی سیاسەتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسێکانیدا دەستپێبکات١.

لەگەڵ هەڵبژاردنی محەمەد خاتەمی بە سەرۆک کۆمار لە ساڵی ١٩٩٧ وەک ڕەوتێکی چاکسازیخواز، ئاستی گرنگیدان بە گەشەپێدانی ئابووری ڕووی لە نزمبوونەوە کرد لەبەرئەوەی کارنامەی خاتەمی سەنتەری گەشەپێدانی سیاسی بوو لە ئاستی ناوخۆییدا. بەم شێوەیە سیاسەتی دەرەوە کە داوای هێورکردنەوەی دەکرد لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ دونیای دەرەوە بەردەوام بوو، هاوشان لەگەڵ بەردەوامیدان بە گەشەسەندنی سیاسی لە ئاستی ناوخۆیدا. بە واتایەکی دیکە دەکرێت بگوترێت سەرۆک خاتەمی ئەولەویەتی حکومەتی لە گەشەسەندنی ئابوورییەوە گۆڕی بۆئەولەییەتی گەشەپێدانی سیاسی. سەرۆک کۆماری پێشوو مەحمود ئەحمەدی نەژاد (٢٠٠٥-٢٠١٣) دیدگایەکی خستەڕوو کە جیاوازییەکی ڕیشەیی لەگەڵ دیدگاکانی پێش خۆیدا هەبوو، ئیتر هێورکردنەوە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە دیدگای ئەحمەدی نەژاددا لە پێشینەی کاردا نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە سیاسەتی گوتاری توند بەرامبەر ڕۆژئاوا بوو بە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی سەردەمی نەژاد، ئەمەش بەو مانایە دێت کە سیاسەتی ناوخۆی دابڕاند لە سیاسەتی دەرەوە. ئەحمەدی نەژاد گرنگییەکی ئەوتۆی نەدا بە سیاسەتی دەرەوە لە پێناو گەشەپێدانی ئابووری ناوخۆیی. لەسەردەمی نەژاددا بۆیەکەمینجار لە مێژووی ئێراندا باس لە بەرەو ڕۆژهەڵات وەک هەڵبژاردەیەکی ستراتیجی کە بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێران مسۆگەر دەکات دەستپێکرد. ئەم ڕەوتە لە ئەنجامی زیادبوونی گوشارەکانی ڕۆژئاوا بوو لەسەر تاران، کە مەلەفی ئەتۆمی ئێرانی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش گواسترایەوە و لە ئەنجامدا بڕیاری ئابڵوقەکان دەرکرا، کەڵەکەبوونی ئەوانە بارگرانی قورسی لەسەر ئابووری ئێران بەجێهێشت، کە بە هەڵمەتی «سزاکانی پەککستن»ی حکومەتی تاران ناسران بەتایبەت لەسەردەمی باراک ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا.

دوای هەشت ساڵ لە سیاسەتی دەرەوەی دژە ڕۆژئاوا کە داوای ئاڕاستەیەک بەرەو ڕۆژهەڵاتی دەکرد،

ئێرانییەکان دەنگیان بە بەرنامەی ڕۆحانی دا، کە قسە و سیاسەتی ئەوی بۆ «مۆدێلی چینی» گەڕاندەوە. ڕۆحانی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لە وتارێکدا کە لە دیدگای ڕەفسەنجانی نزیک بووەوە، بیری ئێرانییەکانی هێنایەوە کە سیاسەتی دەرەوە دەبێت خزمەتی گەشەسەندنی ئابووری لە ناوخۆدا بکات، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ پێویستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەتایبەت ڕۆژئاوا، بەم شێوەیە ئێران لە دەروازەی ئەتۆمیەوە گەڕایەوە سەر مۆدێلی چینی. سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران حەسەن ڕۆحانی ئاماژەی بەوە دەکرد کە بەردەوامیی بەرنامەی ئەتۆمی نابێت ڕێگری لە سوڕانی چەرخی ئابووری بکات. ٢

ڕۆحانی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە تیشکی خستەسەر هێورکردنەوەی قەیرانی ئەتۆمی وەک میحوەرێک بۆ یەکخستنەوەی ئێران بە زنجیرە بەهای جیهانی و بەم شێوەیە پەرەپێدانی ئابووری وڵاتی ڕوونکردەوە. ڕۆحانی باسی مۆدێلی چینی دەکرد و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەر لە هەڵبژاردنی وەک سەرۆک کۆمار چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو مۆدێلە بڵاوکردبووەوە و سوودەکانی ئەو مۆدێلەی بۆ ئێران دەخستەڕوو. لەسەربنەمای ئەو مۆدێلە و دەستبەکاربوونی وەک سەرۆک کۆمار، ڕۆحانی دەستیکرد بە چالاککردنی دیپلۆماسی ئەتۆمی، دیدگاکانی خۆی لە چوارچێوەی کتێبێکدا خستەڕوو، بە پێی مۆدێلی چینی، ناچاربوو لە ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا پرسی ئەتۆمی هێور بێتەوە بۆ ئەوەی بە تێکەڵکردنی ئابووری ئێران لەگەڵ ئابووری جیهانیدا بەرەو گەشەسەندنی ئابووری هەنگاو بنێت. ئەو هەوڵە گەیشتە لوتکە کاتێک بە واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی کە لە ساڵی ٢٠١٥ کۆتای هات، ئەمە بە دەستکەوتێکی گرنگی سەردەمی ڕۆحانی لە سیاسەتی دەرەوەیدا هەژماکرا. بەڵام سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ کشانەوەی خۆی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕاگەیاند و دەستیکرد بە هەڵمەتی فراوانکردنی سزاکان و سەپاندنی ئابڵوقەی ئابووری نوێ بەسەر تاران، حکومەتی ڕۆحانی ستراتیژیەتی ئەولەویەتی گەشەسەندنی ئابووری بەرەو «بەرخۆدانی ئابووری» گۆڕی، ئەمەش کۆتایی بە مۆدێلی چینی لە ئێران بۆ ماوەیەک هێنا و قۆناغێک دەستیپێکرد کە تا ئەمڕۆش بەردەوام بوو، لە تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەرگەگرتن و وەستانەوە بەرامبەر سزاکانی ڕۆژئاوا٣ .

### ٣- هۆکار و ڕەهەندەکانی ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات

کاتێک سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ مۆدێلی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کشایەوە و سزای تاکلایەنەی بەسەر ئێراندا سەپاند، ئەم هەنگاوەی ئەمریکا جارێکی دیکە دەروازەی کرانەوەی زیاتری تاران بەرەی ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات کردەوە، لەبەرئەوەی گەڕانەوەی سزاکانی ئەمریکا بەسەر تاران و هەروەها سەپاندنی کۆمەڵێک سزای نوێ ئێرانیان خستە بەردەم دوو بژاردە یان دەستەوەستان و گەڕانەوە بۆ گەشەی سیاسی ناوخۆیی، یان گەڕان بە دوای دەروازەیەکی ترکە بتوانێت وەک بەدیل لەبەرامبەر ڕۆژئاوا پەنای بۆ ببات لە پێناو کەمکرنەوەی کاریگەری سزاکان، لەم بارودۆخەشدا چین لە پاڵ ڕووسیا باشترین بژاردەیە کە تاران پەنای بۆ ببات بە مەبەستی پێکانی دوو ئامانجی سەرەکی؛ یەکێکیان پەیوەستە بە چۆنیەتی پاراستنی

نیزامی سیاسی لەبەرامبەرهەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ئامانجی دوومیش بەکارهێنانی هەریەکە لە چین وڕووسیا وەک کارتی فشارلەبەرامبەررۆژئاوا بۆ هاوسەنگ کردنی هاوکێشەکان لەگەڵ ئەمریکا٤.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١دا هاووڵاتیانی ئێرانی خۆیان لەبەردەم دوو بژاردەدا بینیەوە: یەکەمیان هەڵبژاردنی کەسایەتییەکی نزیک لە ڕۆحانی بەو هیوایەی کە ئیدارەی ئەوکاتی ئەمریکا ئەولەویەتەکانی بگۆڕێت و بگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەی کە لە ساڵی ٢٠١٥دا واژۆکرابوو، بژاردەی دووەم؛ هەڵبژاردنی کەسێک کە ئەو سیاسەتە بگۆڕێت لە ڕێگەی کارنامە و ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەکی جیاوازلە قۆناغەکانی پێشووتر.

دەرئەنجام لەگەڵ هەڵبژاردنی ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرۆک کۆمار، ڕەوت یان ئاڕاستەی سیاسەتی تاران گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵام بە پاڵنەرێکی بەهێزترلە جاران، بۆ ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و بەڕێوەبردنی ئابووری وڵات بە شێوەیەکی جیاواز، سیاسەتی ڕەئیسی ئامانجی ئەوە بوو کە تیشک بخاتە سەرتوانا ناوخۆییەکان و نزیکبوونەوە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی هێزەکانی ئاسیا، چین، هیندستان وڕووسیا، واتە نزیکبوونەوە لە زلهێزەکان بە پێی ڕوانگە و ستراتیژییەتەکانی ئێران، بە مەبەستی کەمکردنەوەی قورسایی ئەو سزا یەکلایەنانەی کە سەپێنراون لەسەروڵات. بەپێی ئەم دیدگایە مەرج نییە گەشەسەندنی ئابووری بە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا تێپەڕێت. ڕەئیسی زۆر بە ڕوونی ئاماژەی دا بەوەی کە تواناکانی وڵات تەرخان ناکەن بۆ چاوەڕوانی دەرئەنجامی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەڵکو خاڵی جەخت کردنەوە ووەستان لەسەری بریتییە لە دۆزینەوەی دەروازەی دیکە بۆ بەردەوامیدان و بەهێزکردنی پایەکانی ڕژیم و پارێزگاریکردن لە ئابووری وڵات٥.

هەرچەندە لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ بەردەوام بوو لە دیپلۆماسی ئەتۆمی، بەڵام زۆرکاری کرد بۆدروستکردنی پەیوەندی پتەو لەگەڵ زلهێزە تازەپێگەیشتووەکان، لێرەدا دەتوانرێت چوار ڕەهەند و مانای جیاواز بۆ ستراتیژییەتی ئاڕاستەی سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵاتی تاران دەستنیشان بکەین٦ :

یەکەم ؛ ئەم ڕەوتە یان ئاڕاستەیە وەک بەدیلێک لەسەرئاستی نێودەوڵەتی بۆ ڕەتکردنەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ کۆتایهێنان بە گۆشەگیریی ئابووری و سیاسی ئێران بەدیدەکرێت. واتە ئەگەری پەرەپێدانی پێگەی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە ڕێگەی هاوپەیمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بەبێ ئەوەی پشت بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ببەستێت.

دووەم؛ ئەم جۆرە سیاسەتە دەرگا ئابوورییەکان بۆ ئێران دەکاتەوە کە وای لێدەکات کاریگەرییەکانی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا یەکەمجارکەم بکاتەوە، بتوانێت پەرە بە کەرتە ئابوورییە گرنگەکانی بدات کە لەلایەن ڕۆژئاواوە سزا دراون، ئامانجی سەرەکی لێرەدا داڕشتنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تارانە بە شێوەیەک کە بتوانێت کاریگەرییەکانی ئەوسزایانە لەسەرئابووری وڵاتەکەی کەم بکاتەوە. بە واتایەکی تر، ڕژێمی دەسەڵاتدارلە تاران پێیوایە ڕووکردنە هاوپەیمانە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەر دەبێت لەسەر گەشەپێدانی ناوخۆیی و سوک کردنی کاریگەری سزا ئابوورییەکان، کە ئەمریکا سەپاندوویەتی بەسەریدا.

سێهەم: ئەم ئاڕاستەیە گوزارشت لە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لە قۆناغی ئینتقالی لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەکات، ئەوەی مەبەستە ئەوەیە هاوتەریبی و پاراستنی باڵانسی ئێرانە لەگەڵ زلهێزەکان (چین لە پلەی یەکەم و ڕووسیا لە پلەی دووەم) لە بەردەم زلهێزە باڵادەستەکان (ئەمریکا)، چونکە نوخبەی دەسەڵاتداری سیاسی، ئیدارەی ئیبراهیم ڕەئیسی و ستراتیژیستەکانی ئێران پێیانوایە جیهان بەشێوەیەکی گشتی لەبەردەم گوڕانکاریدایە بۆیە وا پێویست دەکات تاران خۆی بۆ داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە دیزاینکردنی گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی جیهانی بەشداربێت.

چوارەم: دەتوانرێت باس لە ڕەهەندێکی ناوخۆیی بکرێت بۆئاڕاستەی سیاسەتی بەرەوڕۆژهەڵات، لەبەرامبەر ئاڕاستەی ڕەوتی "ڕیفۆرمخواز" و "میانڕەو" کە پشتگیری لە سیاسەتی بەرەو ڕۆژئاوا دەکەن، بۆیە دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێت لە ڕێگەی سیاسەتی بەرەوڕۆژهەڵات هاوسەنگییەکی نێودەوڵەتی دروست بکات.

ئاڕاستەی سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵات بژاردەیەکی ستراتیجییە بە ئامانجی ڕێکخستنی پێگەی نێودەوڵەتیی ئێران بە دووبارە چوارچێوەدان بە ڕەوتە نێودەوڵەتییەکانی ئێران و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ گوشارخستنە سەر ئێران بە دابڕانی ئێران لە ئابووری جیهانی لە هەندێک کاتدا و سنووردارکردنی کردەوە نێودەوڵەتییەکانی لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی «سیستەمی نێودەوڵەتی»دا. تاران ئامانجیەتی لە ڕێگەی ئەم جۆرە سیاسەتەوە لەم بارودۆخەی ئێستادا و دەرکەوتنی نیشانەکانی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ناوچەیی لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا، کاریگەری هەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری ناوچەیی لەگەڵ هاوسەنگی نێودەوڵەتی.

جەختکردنەوە لەسەر ناوچەکە بە ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکانییەوە، دەروازەیەکی نوێ دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی ناوخۆیشدا وەک پرسێکی ستراتیژی نیشان بدات، لە کاتێکدا کە ئیدارەکانی پێشوو زیاتر گرنگییان بە ڕەهەندی نێودەوڵەتی دەدا، بۆیە لێرەدا دەکرێت باسی سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵات بکەین وەک هەوڵێک بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ ئاڕاستە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی ئێران، لەگەڵ ڕەهەندە ناوخۆییەکان ٧.

## ٤- پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕووسیا لە نێوان واقیعی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕوانگەی ستراتیژییدا

پەیوەندی تاران لەگەڵ مۆسکۆ لەسەردەمی دوای ڕوخانی رژێمی شا و هاتنە ئارای ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەرفەتێکی گونجاوی هێنایە کایەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیان بەرەوپێش ببەن، هەروەها دوورکەوتنەوەی تاران لە واشنتۆن وپچڕانی تەواوی پەیوەندییە سیاسی و دبلۆماسییەکان هاندەرێکی دیکەی سەرەکی بوو لەوەی کە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا ڕەهەندێکی ستراتیژی وەربگرن، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڤلادیمێر پۆتین دەگاتە ترۆپکی دەسەڵات لە ساڵی ٢٠٠٠. لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان وردەوردە لە ڕەهەندی سیاسییەوە بۆ

بوارەکانی دیکەی وەک هاوکاری سەربازیی، بارودۆخی نێودەوڵەتی و پێشهاتە ناوچەییەکان یارمەتیدەربوون بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات٨.

لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی ڕۆژئاوا، ئێران و ڕووسیا دەخاتە خانەی ئەو وڵاتانەی کە کەوتوونەتە ژێر گەمارۆکانی ڕۆژئاواوە؛ ئەم گەمارۆیانە ناوەڕۆکی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیان بە هاوکاری ئابووری و سەربازی دەوڵەمەندترکردووە کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامییدا بێهاوتایە. هاوبەشی هەماهەنگی نێوان هەردوو وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەرەسەندن و دەرئەنجامی قەیرانەکانی ئۆکرانیا و ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا وەک هاوبەشی ستراتیژی گرنگ لەسەرئاستی جیهانی بەدیکراون. جگە لە نزیکبوونەوەی سیاسی کە لە سەردانە هاوبەشەکانی نێوان سەرکردەکانی هەردوو وڵاتدا، سێ میحوەری بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان بەدی دەکرێن:

یەکەم: هاوکاریی ئابووریی بازرگانی؛ تاران لە دەرئەنجامی ئەوگەمارۆ ئابوورییە سەختانەی کە لەلایەن ڕۆژئاواوە بەسەریدا سەپێنراون لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، وڵاتی دووچاری قەیرانی دارایی سەخت کردۆتەوە، لەپێناو کەمکردنەوەی ئەم کاریگەرییانە تاران بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی دەروازەیەک دایە بۆ ئەم مەبەستە، لەم چوارچێوەیەشدا ڕووسیا ئامادەیی تەواوی خۆی نیشاندا بۆ گرتنەبەری هەرڕێکارێکی پێویست بە ئامانجی یارمەتیدانی تاران لە ڕووی ئابووریی و بازرگانییەوە٩ . قەبارەی بازرگانی نێوان هەردووولا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ تا کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ زیادی کردبوو، بەجۆرێک ڕێژەی جیاوازلە ٢٧٪ بۆهەناردەکردنی ڕووسیا بۆئێران و ١٠٪ بۆهەناردەکردنی ئێران بۆڕووسیا، دەگوترا کە ئەو ڕێژەیە هەبووە ئەوچوارملیاردۆلارەی تێپەڕاند کە پێشتروەک زۆرترین ڕێژە تۆمارکرابوو١٠. لێکتێگەیشتنێک کرا بۆبەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی ناوخۆیی بۆ ٤٠ ملیاردۆلارلە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا١١. گەورەترین یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە مێژووی پەیوەندییەکاندا لە نێوان کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی ئێران و کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسی بۆپەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران واژۆ کرا. سەرەڕای پێویستی گواستنەوە لە یاداشتەکەوە بۆ گرێبەستی تایبەت بە مەبەستی هاوکاریی و هەماهەنگی زیاتر، بەڵام پێدەچێت ئاڵوگۆڕکردنەکە قازانج بۆدوو وڵات بکات، چونکە تەکنەلۆژیای ڕووسیا یارمەتی تاران دەدات لە پەرەپێدانی ژێرخانی وزەی ئێران کە پێشتربە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەک سزا درابوو لەلایەن ڕۆژئاوا، ڕوسیا هاوکارە لە گوشارەکانی بۆسەروڵاتانی ڕۆژئاوا بە نیشاندانی هاوکاریی خۆی لە بواری وزەدا لەگەڵ ئەوەی گەورەترین هەناردەکاری غازونەوت لە جیهاندا لە لایەکی ترەوە١٢.

دووەم: فراوانکردنی تۆڕی گواستنەوە و گەیاندن؛ زیادبوونی ئارەزووی ڕووسیا بۆ فراوانکردنی تۆڕی گواستنەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە تا باکووری ئێران درێژدەبێتەوە، مۆسکۆلە غیابی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا کە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بێبەش کردبوو، گرنگی بەم تۆڕە گواستنەوەیە نەدەدا، تۆڕی گواستنەوەی نێودەوڵەتی نوێ، کە هەردوو وڵات کاربۆفراوانکردنی دەکەن، لە ڕۆژهەڵاتی

ئەورووپاوە تا دەریای هیندستان درێژدەبێتەوە و سێ هەزار کیلۆمەتر لە هەر دەستوەردانێکی دەرەکی دوورە١٣. ڕێڕەوێکی دابینکردنە لە دژی سزاکانی ڕۆژئاوا، ڕەهەندی ئاوەکەی لە دەریای خەزەر یارمەتی ڕووسیای دا کە دەریای ئازۆڤ لە دوای شەڕی ئۆکرانیا کۆنترۆڵ بکات. لە چوارچێوەی ئەمەشدا، ڕووسیا پشتگیری لە ئەندامێتی ئێران لە یەکێتی ئابووریی ئۆراسیا کرد، کە یەکێتییەکە لەسەربنەمای ئاسانکاری بازرگانی ئازاد و وەبەرهێنانی هاوبەشی نێوان وڵاتانی ئەندام دامەزراوە١٤.

سێیەم: هاوکاری چەک وتەقەمەنی لە بواری تەکنیکیدا؛ پێدەچێت ئەم بوارە نهێنییە کە وردەکارییەکانی ئاشکرا ناکرێت، پشکێکی زۆری لە پەرەسەندنی هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا هەبێت. ئەو ڕاپۆرتانەی کە زیاتر لەلایەن میدیا و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاواوە بڵاوکراونەتەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەناردە کردووە، ئەمەش هاوسەنگی ململانێی ڕۆژئاوا و ڕووسیای لە ئۆکرانیا تێکداوە، ئەگەرئەم ڕاپۆرتانە ڕاست بن، ئەوا ئێران چەکێک بۆڕووسیا دابین دەکات کە هاوسەنگی لە نێوان چەکەکانی ڕۆژئاوا لە ئۆکرانیا بە تێچووی کەم تێکدەدات. حکومەتی ئۆکرانیاش دووپاتی کردەوە کە ژمارەی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی ئێرانی کە ڕووسیا بەکاریان هێناوە تا ئێستا گەیشتووەتە ٥٤٠ فڕۆکە ١٥ . لە بەرامبەر ئەمە و بەپێی ڕاپۆرتەکانی تر، ئێران سیستەمی بەرگری پێشکەوتوو وەک سیستەمی بەرگری مووشەکی ئێس ٤٠٠ و فڕۆکە جەنگییەکانی باڵادەستی ئاسمانی ئێس یو ٣٥ بەدەست دەهێنێت. ئەگەرئەم ڕاپۆرتانە ڕاست بن، ئەوا ئەووڵاتەی کە لە ڕووی سەربازییەوە سزا دەدرێت ولە ئەنجامی ئەو گۆشەگیرییە و بۆ ڕاگرتنی تەماحی دوژمنەکانی بەرنامەیەکی پێشکەوتووی مووشەکیی دروستکرد، فڕۆکەی جەنگی و سیستەمی بەرگریی دەست دەکەوێت کە توانای سەربازیی پێدەبەخشێت کەئەم بابەتە بۆ بەرژەوەندی تاران لەسەرئاستی نێودەوڵەتی بێ وێنەیە لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩١٦.

بەگشتی، کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و فراوانبوونی ناتۆ و لێکەوتەکانی لە ئۆکرانیا، زەمینەیەکی لەباری بۆفراوانکردنی پەیوەندییەکانی ئێران وڕووسیا لە چەند ئاڕاستەیەکدا دروستکرد، لەوانە بواری ئابووری و بازرگانی، گواستنەوە و گەیاندن، وەبەرهێنان، سەرکردایەتی هەردوو وڵات پێداگری لەسەر هەنگاونان بەرەو پەیوەندییەکی فراوانتر و قووڵتر دەکەن کە قورسایی زیاتریان پێببەخشێت لە چوارچێوەی نەزمی جیهانی کە لە داهاتوودا دێتە ئاراوە. ڕوانگە ستراتیژییەکان لە ئێراندا گوزارشت لە مەیلێکی گەورەتر دەکات بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ ڕووسیا، دوای ئەوەی ئەو بژاردەیە تووڕەیی زۆرکەسی بە هۆکاری مێژوویی و هاوچەرخ وروژاند، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەبوونی متمانە بە ڕووسیا و ئەو بەڵێنانەی کە دابووی و تەنانەت ئەو گرێبەستانەی کە واژۆی کردبوو پێشتر. ئەو قسە گوماناوییە ئەمڕۆ بە هۆکارێکی ڕوون بچووک دەبێتەوە کە هەندێک بە ئاماژەدان بە هاوسەنگی پەیوەندییەکان لە سەردەمی نوێدا لە نێوان دوو وڵاتی گەمارۆدراودا کە هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەریی سزاکان و گوشارەکانی هاوسەنگی دەدەن.

## ٥- مشتومڕ لەسەر مەبەستی چین

دوای چەندین ساڵ لە مشتومڕێکی چڕ لە ناوخۆی ئێران سەبارەت بە باشترین ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەت دیاردەی سەرهەڵدانی چین لەسەر حیسابی دەسەڵاتی باڵادەستی ڕۆژئاوا، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا. نزیکبوونەوەی تاران بەرەو ڕۆژهەڵات لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد زیاتر بەدیکراوە وەک وەڵامدانەوەیەک لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا لە هەمبەر ئێران. ئەم دیدگایە هاوکات بوو لەگەڵ واقیعی چین لە هەڵمەتی «گەمارۆ و بەربەستەکان»ی سەر تاران لەلایەن ئەمریکاوە، لایەنگری پەکین بۆ تاران لە زۆرێک لە گەمارۆکان دۆخێکی نوێی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران هێنایە ئاراوە، لەم چوارچێوەیەشدا ئێران ئەم دۆخەی بە قازانجی ئابووری خۆی بەکارهێناوە بۆ وەستانەوە لەبەرامبەر ڕۆژئاوا وەک چۆن وەک لەگەڵ ڕووسیاش هەمان ستراتیژییەتی لەپێش گرت وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر گەڕانەوەی سزاکان بە شێوەی تاکلایەنە. بەم شێوەیە تاران پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ چین لەسەر بنەمایەکی ستراتیژی درێژخایەن داڕشتووە بۆ ئەوەی لەلایەکەوە کاریگەری سزاکانی سەری کەمبکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بتوانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین وەک کارتێکی سیاسی لەبەرامبەر ڕۆژئاوا بەکاربێنێت و ببێتە بەشێک لە یارییە نێودەوڵەتییەکان لەچوارچێوەی سیستەمی جیهانیدا، هەروەها لە داهاتووی سیستەمی نوێی جیهانیش شوێنێک بۆ خۆی مسۆگەربکات١٧.

لە ئەنجامدا سیماکانی لێکنزیکبوونەوەی ئێران و چین دوای واژۆکردنی بەڵگەنامەی هەمەلایەنەی هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات بە ڕوونی دەرکەوت ئەوەی کە بەرژەوەندی یەکتری بۆ دیدگاکانی ئەو دوو دەوڵەتە نیشاندا بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانیان لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە. لە ماوەی سێ دەیەدا پەیوەندییە ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان لە یەک ملیار دۆلارەوە بۆ ٥١ ملیار دۆلار گەشەیان کردووە، ڕوون و ئاشکرایە کە زیادبوونی بەردەوامی وابەستەیی ئابووری بە یەکەوە پاڵنەرێک بوو بۆ چوارچێوەدان بە پەیوەندییەکە بە بەڵگەنامەیەکی هاوکاریی گشتگیر و فراوانکردنی بوارەکانی بە پلان کارکردن، بەڵام نابێت گەشەسەندنی گەورە لەو گۆشەیەدا کە تەنها سەرنجی لەسەر ئابووری بێت بەڵکو دەبێت بوارەکانی دیکەش بگرێتەوە. لە دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩وە ئەوە یەکەمجارە تاران دەچێتە چوارچێوەیەکی ستراتیژییەوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزێکی جیهانیدا، بۆیە نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار لە ئێران پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین وەک ستراتیژییەتێکی گرنگ سەیر دەکات کەوا وابەستەی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ شوێنی تاران لە داهاتووی سیستەمی جیهانیدا ١٨. جگە لەوەش چین و ڕووسیا پشتیوانییان لە ئەندامێتی ئێران لە هاوکاریی ئاسایشی شەنگەهای کردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێت وەک ئەندامێکی کارا، کە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی و ڕێکخراوە بۆ بە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئەمنییەکان و سەربازییەکان.

وەک چۆن لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیادا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی تاران هەیە، هەنگاوی ئێران بەرەو دروستکردنی هاوسەنگی دەکرێ بە ڕەهەندێک هەژماربکرێت کە بەسەر

باقی ڕەهەندەکانی ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا زاڵ بێت. جگە لەوەش مەیلی چینی بۆ بەرەوپێشبردنی هاوکاریی لەگەڵ ئێران، تێڕوانینی خۆی بۆ ئێران وەک هاوبەشێکی ستراتیژی کە دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت نیشاندەدات، هەموو ئەم ئاماژانەش بە مانای دوور دەکەوتنەوە لە پشتبەستن بە چوارچێوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دێت. چین سەرەڕای هەڵمەتی زۆرترین فشار بەردەوامە لە کڕینی وزە لە ئێران و بۆ کارکردن لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە لەگەڵیدا، ئەو قۆناغەی کە دوای واژۆکردنی بەڵگەنامەی هەمەلایەنەی هاوکاریی هاتە ئاراوە، ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکی گرنگە لە ئاست و ناوەڕۆکی هاوکاری دوولایەنە. سەرباری هەموو ئەم خاڵە ئەرێنیانەی خرانەڕوو لەبارەی نزیکبوونەوەی تاران و پەکین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت نزیکبوونەوەی چین لە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت دوا سەردانی سەرۆکی چین بۆ ڕیاز و واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی هەمەلایەنەی گشتگیر دەکرێت ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی چین زیاتر پشت بە جیهانی عەرەبی ببەستێت، ئەم دۆخەش هۆکارێکی بەهێزتری بە قسەی ڕەخنەگران بەخشی١٩.

سەردانەکەی سەرۆک شی بۆ شانشینی سعودیە، ئەو مشتومڕەی لە ناوخۆی ئێراندا هێنایە ئاراوە، ئەگەرلە سنووری ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکان بمایەتەوە، ئەوا لە وتارە فەرمییەکانیدا ڕەنگدانەوەی دەبوو. لە چوارچێوەی ستراتیجیدا، ئێرانییەکان ڕۆڵی چین وەک توخمێکی هاوسەنگ لە ناوچەکەدا بۆ دیدگای پەکین کە لە ڕۆژئاواوە هاوسەنگترە لە بەرامبەر ئێران و دراوسێکانی لە لایەک و بۆ پێدانی ئەوپەڕی گرنگیدان بە سەقامگیری پەکین دەبینن لە ناوچەی هەناردەکردنی وزە لە لایەکی دیکەوە. بۆیە هابەشیکردنی لە هاوکارییە ئابووریی و بازرگانییە بەرفراوانەکانی ناوچەکەدا، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ شانشینی سعودیە، ڕکابەری ناوچەیی ئێرانیش بێت، لە چوارچێوەی سیاسەتی ناوچەیی ئێراندا دێت و تێکی نادات. بەڵام ئەم هەنگاوەی چین ئێرانییەکانی ئیستفزاز کرد، کاتێک بوو کە سەرۆک شی ئیمزا لەسەر بەیاننامەی کۆتایی لوتکەی هاوبەشی کرد کە لەگەڵ سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی، لەچوارچێوەی بەیاننامەکەدا دووپات لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی چین و جیهانی عەرەبی ڕەهەندێکی مێژوویی دوور و درێژیی هەیە، ئەمەش ئێرانییەکانی توڕە کرد بەهۆی «پشتیوانی چین بۆ بانگەشەکانی ئیمارات سەبارەت بە دوورگەکان» لە لایەک و لادانی چین لە پەیوەندییە دۆستانە ئاساییەکەی نێوان خۆی و تاران لە لایەکی ترەوە٢٠.

گفتوگۆ و مشتومڕەکان دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکە بە چڕی لەنێو ئێراندا سەری هەڵداوە وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەم هەنگاوەی پەکین، مشتومڕەکان لەسەر بابەتی هۆکار و مانای واژۆکردنی ریککەوتنامەی چین بوو لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی لەسەرووی هەمووشیانەوە عەرەبستانی سعودیە لەبەر ئەوەی تاران ریازوەک لایەنێکی ناکۆک و نەیاری خۆی سەیر دەکات. ئەگەر وەڵامەکانی ئێران لێک بدەینەوە، دەکرێت لە دوو ڕوانگەی سەرەکیدا پۆلێن بکرێن؛ لە دیدگای یەکەمدا کە زاڵ بوو بەسەر گفتوگۆکەدا، چین گرنگی بە هەستیاری ئەو پرسە سەبارەت بە ئێران نیشان نەدا. هەندێک تا ئەو شوێنە ڕۆیشتوون کە چین تۆمەتبار دەکەن بەوەی خیانەت لە دۆستی کۆن و نزیکی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. ئەوانەی

ئەم بۆچوونەیان هەیە، هەڵسوکەوتی چین بۆ چەند هۆکارێک ڕوون دەکەنەوە، لەوانە پەسەندکردنی کاری ئابووری و بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، بەڵام تاران کە تا ڕادەیەکی زۆر ناچارە بەردەوام بێت لە هاوکاری لەگەڵ چین بەهۆی سزاکانی ئەمریکاوە، چینیش هەوڵدەدات بۆ دوورخستنەوەی وڵاتانی عەرەبی لە ئەمریکا، بەڵام سەبارەت بە ئێران کە لە پلەی یەکەمدا دوورە لە واشنتۆن، ئەوا چین کەمتر پێویستی بەوەیە کە کار لەسەر دوورخستنەوەی تاران لە ڕۆژئاوا بکات٢١ .

سەبارەت بە دیدگای دووەمیش، پێشنیاری ئەوەی کرد کە چین لە بەرامبەر هەستیاریی ئەو پرسەدا سەبارەت بە تاران بێ ئەرزش ماوەتەوە، هەروەها ئەم دیدگایە ڕەخنەی توند لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەگرێت بەوەی کە پێشبینی نەکردووە ئەم بارودۆخە لەنێوان چین و جیهانی عەرەبی دێتە ئاراوە. ئەوانەی ئەم جۆرە خوێندنەوەیان هەیە بۆپرسی پەیوەندی تاران لەگەڵ پەکین، دەڵێن ئەو بابەتە ورووژێنەرە سەبارەت بە ئێران، لە ڕوانگەی چینەوە، لە هێڵە فراوانە ناسراوەکانی وەزارەتی دەرەوەی چین تێنەپەڕیوە، کە بەزۆری داوای چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی وتووێژ و پشتبەستن بە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکات٢٢.

ئێران دوای وروژاندنی مشتومڕی ناوخۆیی و مشتومڕی نوخبەی سیاسی سەبارەت بە واقیع و پاڵنەرەکانی هەڵوێستی چین، بووە هۆی ئەوەی بە فەرمی ئێران وەڵامی چین بداتەوە، کاتێک یاریدەدەری سەرۆک وەزیرانی چین لە کاتی گفتوگۆی ناڕازیانە سەبارەت بە هەڵوێستی چین سەردانی تارانی کرد و لە دۆخێکی دەگمەندا کە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان نەیانزانیوە، تەلەفزیۆنی ئێران وێنەی سەرۆک کۆماری ئێرانی بە تۆنێکی نائاسایی وتارێک بۆ میوانەکەی بڵاوکردەوە، کە تێیدا بە ناوەوە گلەیی کرد سەبارەت بەو شتانەی کە لەلایەن سەرۆک کۆماری چینەوە لە ڕیاز دەرچووە و ڕایگەیاندووە کە ئەم ڕەفتارەی پەکین گومانی لای ئێرانییەکان دروستکردووە، کە میوانە چینییەکە هەوڵیدا بە قسەی دۆستانە بڕەوێنێتەوە و مشتومڕەکەی سنووردارکرد، هەرچەندە تاران بەمەش نەوەستا، وەزیری دەرەوە بە زمانی چینی تویتێکی نووسیوە و تیایدا ڕایگەیاندووە وڵاتەکەی «سەبارەت بە یەکپارچەیی خاکی ئێران لەگەڵ هیچ لایەنێکدا میهرەبان نابێت»٢٣.

سەرەڕای دەربڕینی ئەم هەڵوێستانە و وەڵام و گفتوگۆ ناوخۆییەکان، بەڵام دەکرێت هەڵوێستی ئێران بە دڵنیا نەبوون لە گرنگی گۆڕانکارییە نائاساییەکان کورت بکرێتەوە، کە ئایا مەبەستی ئەوەیە گوزارشت لە وەرچەرخانێکی چینی دەکات، یان بێ مەبەستە، یا خود دەربڕینی بێئاگایی چینە لە بەرامبەر هەستیاری پرسەکە، پێویست ناکات بڵێین پشتڕاستکردنەوەی هەریەکێک لەو دوو گریمانەیە دەبێتە هۆی هەڵوێست و سیاسەتی جیاواز سەبارەت بە چین و پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا.

## دەرئەنجام

کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و سەپاندنی سزاکانی «زۆرترین فشار» بە شێوەیەکی تاکلایەنە بووە هۆی پاشەکشەی مۆدێلی چینی کە ڕەفسەنجانی کاری لەسەر کرد و سەرۆک ڕۆحانی هەوڵیدا دووبارە جێبەجێی بکاتەوە. ئەو پاشەکشەیە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی جارێکی تر تاران لە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات نزیک بێتەوە، کە بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی نێودەوڵەتیدا دەگەڕێت بۆ گوشارەکانی ڕۆژئاوا بۆ کردنەوەی دەرگای ئابووری نوێ بۆ ئێران، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەمسەرە جیهانییە تازە دەرکەوتووەکان لە سیستەمێکی نێودەوڵەتی لە قۆناغی گواستنەوەدا پەرەپێداوە، شەڕی ئۆکرانیا هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی پاڵنەرێکی بەهێز بدات بە تاران بۆ ئەوەی ئاڕاستەی سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵات گەشەپێبدات بەتایبەتی لەگەڵ ڕووسیا.

زیادبوونی قەبارەی بازرگانی نێوان تاران – پەکین، تاران – مۆسکۆ، گەشەپێدانی پرۆژەی هاوبەش و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنەکانی واژۆکراوی نێوان ڕووسیا و ئێرانە بەڵگەی ڕوونن لەسەر ئەوەی ئاڕاستەی سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵات لەلایەن تارانەوە وەک بژاردەیەکی ستراتیژی کاری لەسەر دەکرێت. بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان سەبارەت بە هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران گەیشتۆتە ئاستێکی بێ وێنە کە لە بەرژەوەندی هەردوولا دایە. دەرئەنجامێکی دیکەی گرنگی سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵاتی تاران واژۆکردنی ڕێککەوتنی چوارچێوەی هاوبەش بۆ مامەڵەی هەمەلایەنەی نێوان ئێران و چین کە مەبەستی سەرەکی تاران بریتییە لەوەی کە ئەم ڕێککەوتنامە هاوبەشە بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی پەیوەندییەکان لەسەرجەم ئاستەکان بەکاربێنێت.

## سەرچاوەکان

١ . تەحسین وسو عەبدوڵلا، (٢٠٢٢). فاکتەری ئابووری و جیۆپۆلیتیکی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و چین، وەرزنامەی ئێراناسی، ژمارە (٥) ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢، ل ٦٢ – ٧٧.

٢- دوران عجلة أجهزة الطرد إلى جانب عجلة الاقتصاد كان أفضل شعار، صحيفة كيهان، ٢٤ خرداد ١٣٩٩. (تاريخ الدخول:٢٠ يناير٢٠٢٣) shorturl.at/cklqJ

٣ . مەحمود بابان. (٢٠٢١). سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەردەمی رەئیسیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕووداو، shorturl.at/aenMX (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٣/١/٢٢).

٤ . بارام مەجید خان. (٢٠٢٢). دوو جەمسەری باکوورو باشووری ستراتیجی ئێران، هەرێم نیوز، https://haremnews.com/wtar-detail.aspx?jimare=٤٢٤٧&nuserid=٢١٣ (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٣/١/٢٢).

٥ . إبراهيم رئيسي: لن نؤخر الاقتصاد من أجل اتفاقية، وكالة ايسنا. (تاريخ الدخول: ٢٨ يناير٢٠٢٣) shorturl.at/egwDT

٦ . حسن أحمديان، «سياسة رئيسي الخارجية في عامها الأول: أولويات إقليمية وتحديات دولية» مركز الجزيرة للدراسات، ١٨ أغسطس ٢٠٢٢(تاريخ الدخول: ٢٢ يناير ٢٠٢٣) : shorturl.at/bcJMV

٧ . حسن احمديان، (٢٠٢١). ايران والصين : من التعاون الى الشراكة الاستراتيجية، مركز الجزيرة للدراسات.

٨ . ئالان حەمە سەعید، (٢٠١٧). پەیوەندییەکانی حێران و ڕووسیا: هەڵکشان و داکشان، وێبسایتی پێنوس، http://penus.krd/index.php/ckb/٢٠١٨-٠٤-٠٢-٠١٩-١٢-٢٨/item/٩٤٤-٢٠١٨-٠٩-٠٢-١٨-٥٦-٣٨ (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٣/١/٢٠).

٩ . ازدياد التجارة بين ايران وروسيا لـ٤٠ مليار دولار، وكالة ايرنا للأنباء، ٤ خرداد ١٤٠١. (تاريخ الدخول: ١ يناير ٢٠٢٣) shorturl.at/nsIVX

١٠ . تفاصيل مذكرة التفاهم الإيرانية الروسية بقيمة ٤٠ مليار دولار)، موقع تجارت نيوز، ٣٠ تير ١٤٠١. (تاريخ الدخول: ٢٢ يناير٢٠٢٣) shorturl.at/cGKV١

11. Jonathan Tirone and Golnar Motevalli (2022) “Russia and Iran

are Building a Trade Route that Defies Sanctions," Bloomberg, December 21. shorturl.at/blM45

١٢ . روسيا: ندعم انضمام ايران لإتحاد أوراسيا الاقتصادي، موقع بصيرت، ٩ شهريور ١٤٠١. (تاريخ الدخول: ٢٧ يناير ٢٠٢٢) shorturl.at/ahEUZ

13 . "Ukraine official urges 'liquidation' of Iranian weapons factories" Reuters, January 24, 2023. shorturl.at/orBPX

14 . Sakshi Tiwari (2022) "US Fears Russia Could Sell Its 'Most Advanced' S-400 Air Defense System To Iran On Top Of Su-35E Fighters," Eurasian Times, January 23 2023. shorturl.at/kvDE8

١٥ . حسن احمديان، (٢٠٢١). ايران والصين : من التعاون الى الشراكة الاستراتيجية، مصدر سابق.

١٦ . لماذا تخشى واشنطن من «شراكة دفاعية كاملة» بين روسيا وإيران؟ (٢٠٢٣) مركز الجزيرة للدراسات. (تاريخ الدخول: ٢٧ يناير ٢٠٢٢) shorturl.at/oxLM٢

١٧ . تەحسین وسو عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢ – ٧٧.

١٨ . حسن احمديان، (٢٠٢١). مصدر سابق.

١٩ . «النص الكامل لـ بيان قمة الرياض للتعاون والتنمية بين مجلس التعاون لدول الخليج العربية وجمهورية الصين الشعبية» وكالة الأنباء السعودية، ٩ ديسمبر ٢٠٢٢، (تاريخ الدخول: ٢٥ يناير ٢٠٢٣): https://www.spa.gov.sa/٢٤٠٨١٢٤

٢٠. الصين تدعم إدعائات الإمارات حول الجزر الإيرانية في الخليج الفارسي) موقع تجارت نيوز، ١٩ آذر ١٤٠١. (تاريخ الدخول: ٢٥ يناير ٢٠٢٣) shorturl.at/GMQTV

٢١ . بازاڕەکانی چین بە نەوتی ئێران دەبوژێنەوە (٢٠٢١). ماڵپەڕی نوجە نێت، https://www.nuche.net/post-٤٩٥.html (ڕۆژی سردان: ٢٠٢٣/١/٢٦)

٢٢ .تقارب الصين وإيران يقلق إدارة بايدن تقرير أميركي توقع تعمق العلاقة الاستراتيجية بينها، (٢٠٢١). جريدة الشرق الاوسط، عدد ١٥٦٦٥. (تاريخ الدخول: ٢٠٢٣/١/٢٧) shorturl.at/CRV٦٧

٢٣ . سعد القحطاني، (٢٠٢١). هل تخدم إيران التوازنات والمصالح الجيوسياسية للصين؟ مركز كارينغي. (تاريخ الدخول: ٢٠٢٣/١/٢٧)

shorturl.at/cmoGV



# زمانی کوردی و ئایینزای سوننی

## لەناو دەستورێکی فارسی و ئایینزای شیعەدا

توێژەر: سەروەت عەبدوڵا



## بەرایی

لە هەردەوڵەتی ئامانجی سەرەکی لە داڕشتنەوەی دەستور بۆکۆکردنەوەی ئەو پەرتەوازەیەیە کە بەهۆی دۆخێکی تایبەتی سیاسییەوە کۆمەڵگەکە پێیداتێپەڕدەبێت. بۆکۆکردنەوەی دەنگە ناڕازی وکەنارگرتووەکانە لەسەر مێزی گفتوگۆ و داڕشتنەوەی یاساگەلێك وڵات بەرەو سەقامگیریبەرێت، بۆنمونە عێراق لەدوای ڕوخانی ڕژێمەکەی سەدامەوە بۆئەوەی لە پەرتەوازەی و هەر چەندمانگێك سەرۆکێك ڕزگاری ببێت هاتن لە ڕێگەی نووسینەوەی دەستورێکەوەکە عێراقییەکان بەهەموو نەتەوەکانییەوە لەسەری کۆکبوون دەروازەیەکی پێکەوە ژیانیان کردەوە و لە ئێستادا وەك دەستکەوتێك بۆی دەگەڕێنەوە. ئەمە لەلایەکی دیکەوە ئەو دەستورە دەبێتە خاڵی بەهێزی شوناسی نەتەوەکانی ناوی لەناساندنی دەستوری ئەمەریکیدا هاتووە «پێش هەموو شتێك دەستور حوکمەتی نیشتمانی دادەمەزرێنێت، دەسەڵات لەنێوان یاسادان، دادوەر، و جێبەجێکردنی حوکمەتە نیشتمانییەکەدا ڕێکدەخات»[١] . بەڵام کاتێك بە مێژووی نوێی ئێراندا گوزەر دەکەیت و ڕۆژەکانی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران تاوتوێ دەکەین بە پرسێك و ئەنجامێکی جودا دەگەین! زوڵم وستەمەی شاهنشاهی پەهلەوی لە مانگەکانی ١٩٧٨ دەگاتە ترۆپك ولە ڕۆژەکانی ١٩٧٩ لە شێوەی خۆپیشاندان و شۆڕشێکی سەرتاسەری و بە بەشداری هەموو نەتەوە و ئاینزاکان ولەنێویشیاندا کورد خۆی دەردەخات.

جێیسەرنجە ستەمی سیستەمێك دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو نەتەوە و ئاینزاکان بە تەواوی جیاوازییەکانیانەوە یەکبخرێن و یەك ئاراستە تێدەکۆشن بکەن، لەوکاتەدا شوناس و زمان و ئاین کارێك ناکات ئەمانە ئاڕاستەی جودا وەربگرن! بەڵام هەردوای ئەوەی شۆڕش بە قۆناغی سەرکەوتنی خۆی دەگات وزەمینەسازی نووسینەوەی دەستور دێتە پێشەوە، ئەم یەکێتییە خێرسکە لە ئێراندا بەرەو هەڵوەشانەوە و پێکدادانی هاوڕێکانی ڕۆژانی شۆڕش دەڕوات و تا ئاستی سڕینەوەی نەیارەکان دەچێتە پێشەوە! لەم توێژینەوەیەدا بۆئەوەی بتوانین بە باشی وەڵامی پرسیارەکان شەنوکەون بکەین، کارلەسەردەستوری نوێ ئێران دەکەین وەك هەوڵێك بۆ لێکترازانی یەکێتی نەتەوە و ئاینزاکانی ئێران. کوردیش وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی پرسی شۆڕش ولە نێویشیاندا ئەحمەدی موفتی زادە وەك سەرکردەیەکی دیاری نەتەوەی و ئاینی ناو شۆڕشەکە بابەتەکە بەرەوپێش دەبەین. دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیاری بۆچی دەستوری ئێران لە ئەرکی دروستکردنی یەکێتیی نەتەوەییەوە دەبێتە دەسپێکی هەڵوەشانەوەی یەکێتی و یەکگرتووی لایەنەکانی شۆڕش؟ ئایا لایەنەکان بۆخۆیان نەیاندەویست پێکەوە ڕیکبکەون ولە نێوانیشیاندا کورد؟ یاخود ئەوە پێکهاتەو مادەکانی ناودەستورن زەمینە ئەم هەڵوەشاندنەوەیە دەسازێنن؟ ئەحمەدی موفتی زادە بۆچی شەڕی دەستور دەکات وناتوانێت سازش وڕێکەوتنی لەسەربکات؟کام مادانەی دەستورە شوناسی کورد لە ئێران دەسڕێتەوە وکوردەکان لە خۆیان ونەتەوەکەیان بێگانە دەکاتەوە؟ بە ڕازی بوون بە ی دوای شۆڕش کورد چی لەدەست دەدا و دەستکەوتی چی دەبوو؟

سەرەتا لەوێوە دەستپێبکەین بۆ چی ئەحمەدی موفتی زادە بە نمونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەك سەرکردەیەکی سیاسی ئاینی – نەتەوەی وەرگیراوە؟ باگراوند و چالاکیەکانی سەرەتاو دوای شۆڕش ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە موفتی زادە بەدرێژای شۆڕشی گەلانی ئێران ئامادەیی هەبووە و لەسەر پرسەکانی کورد لە فۆڕمی جیاوازی چالاکیدا کاری کردووە[٢]. هەروەها لە ڕۆژانی سەرتای شۆڕشەوە نزیکایەتی هەبووە لەگەڵ سەرکردە شیعەکاندا و لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدا بووە لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی و سیاسییە دیارەکانی ئەو دەورانەدا[٣]. لەلایەکی دیکەشەوە موفتی زادە لەبەر ئەوپێگە ئاینییەی هەیبووە وەك سەرکردەیەکی ئاینی بۆ تەواوی شوێنکەوتووانی ئایینزای سوننە لە ئێران ناسێنراوە و کاری کردووە، لێرەدا لە سەرکردەکانی دیکە سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیادەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان تەنها وەك سەرکردەیەکی نەتەوەی خەباتیان کرد، بەڵام موفتی زادە زیاترڕۆشتوو باسی ئایینزای سوننەشی پێوە بوو، بۆیە کاتێك ئایەتوڵا خومەینی وەك سەرکردەیەکی نەتەوەی-شیعی کاردەکات، ئەوەی لەبەرامبەریەوە پارسەنگی هێزڕادەگرێت ئەحمەد موفتی زادەیە وەك سەرکردەیەکی نەتەوەی – سوننە. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە لەدەستوردا مەزهەب دەبێتە گرفتێکی گەورە و تەنها موفتی زادەش نوێنەرایەتی شەڕی یەکلاکردنەوەی دەکات بەپشتگیری هاوڕێکانی. هەروەها موفتی زادە بە فەرمی بانگهێشتی تاران کرا و دوایلێکرا لە نووسینەوەی دەستوردا ئامادەی هەبێت، بۆیە ئەوڕۆژانەی دەچێتە تاران لەگەڵ کۆمیتەکانی نوسینەوەی دەستوردا دادەنیشێت وتێبینیەکانی خۆی دەخاتەڕوو، دواجاریش ئەوە لەناو حوسەینیەی تاراندا دژی ئەو ماددانەی بڕوا وایە لەناودا نابێت هەبن قسە دەکات و پەیامی خۆی دەنێرێت.

## کورتەیەك لەسەر دەستوری نوێی ئێران

ئەگەر لە ڕووی چەمکەکەوە سەیری بابەتەکە بکەین، وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، دەستور زۆرتر چەمکێکە بەکاردەهێنرێت بۆ پێناسەکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو یاسا سەرەکیانەی کە بۆ بەڕێوەبەردن و دیاریکردنی دەستەڵاتەکانی حوکمەتی هەر دەوڵە تێکپێویستە، واتە دەستور بریتییە لەو یاساگەلەی سنوری دەستەڵاتی حوکمەتێك دیاری دەکات و لە چوارچێوەیەکدا ماف وبەرپرسیارێتی هاوڵاتیانی ئەووڵاتە بەرامبەرتاك و کۆمەڵ و نیشتمان دادەڕێژێت. هەرچی پەیوەندی بە ئێران (دەستوور) ی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە هەیە ئەوا دەتوانین بڵێین: مەشروتە نەگەشتە تەمەنی ٧٥ ساڵی (مهری ١٢٨٢ شەمسی)(٠٩/ زاینی١٩٠٧)خۆی بە لەبەینبردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی ئەویش هەڵوەشێنرایەوە[٤]. تەنها ئەوەی وەك خۆی لەو دەستورەوە وەرگیراوەیە بریتی بوو لە سێ بنەما، یەکیان ئاینی دەوڵەت ئیسلام دەبێت و ئایینزای ڕاستی جەعفەرییەی ١٢ ئیمامی، پاشای وڵات دەبێت هەڵگری مەرجەکانی ئەم ئایینزایە بێت. لە مادەکەی دیکەشدا دەڵێت: نابێت هیچ یاسایەك دەربکرێت پێچەوانەی یاسای ئیسلام بێت، لەمادەی پەنجاوهەشتی مەشروتەشدا هاتووە کە هیچ کەسێك بە پلەی وەزارەت ناگات ئەگەرموسڵمان و ئەسڵی ئێرانی و نیشتەجێی ئێران نەبێت[٥].

لەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ باس هاتە سەردیاریکردنی سیستەمێکی سیاسی بۆ حوکمەتە نوێیەکە، لەگەڵ ئەوەی بیروڕاکان جیاوازبوون تەنانەت لەناوکوردەکاندا حیزبی دیموکرات بە ڕابەرایەتی قاسملۆ کاریان بۆ ئێرانێکی دیموکرات و خودموختاری بۆکورد دەکرد[٦]، و بڕوایان بە سیستەمی دینی نەبوو بۆ دەوڵەتداری، «ڕەنگە بەهۆی ڕابردووی مارکسیستییەکەیەوە بووبێت کە قاسملۆ دژی ئەو نەخشەیە بوو مەلاکان لەباری سیاسییەوە لە ئێراندا دەیانگێڕا»[٧]. (ئەمە بەوواتا نایەت قاسملۆ لە (حدکا)دا وەك مارکسییەك بیریکردۆتەوە) خۆ ئەگەر ڕاستیشمان بوێت خودی ڕابەری شۆڕشەکەش هەمان بۆچوونی هەبوو، کەنابێت پیاوانی ئاینی بێنە ناو جومگەکانی دەسەڵاتەوە و تەنانەت خۆیشی وەك چاودێرێك کەهیچ پۆستێکی دەسەڵاتداری نییە لەناو حوکمەتدا پێناسەدەکر[٨]. دواجار هەر لەسەر ئەم بنەمایە(حدکا) بڕیار دەدەن بەشداری ڕیفراندۆم نەکەن، لەولاشەوە ئەحمەدی موفتی زادە بە هەموو هێزییەوە کاری بۆ هێنانە سەرکاری حوکمەتێکی ئیسلامی دەکرد و بڕوای وا بوو کێشەی کورد تەنها لەناو سیستەمێکی ئیسلامی دادپەروەردا دەتوانێت چارە بکرێت، ئەویش بە بوونی سیستەمێکی خودموختاری ئیسلامی لەناوچە کوردییەکاندا، بەهەمانشێوە لەناو خودی ئێرانییەکاندا جیاوازی بۆچوون زۆربوو، کەسانێکی وەك موهەندیس بازرگان و بەنی صەدر بۆچوونی دەوڵەتدارییان لەگەڵ ئاخوند و پیاوانی ئاینیدا نەدەهاتەوە. بەمەش هەر لەناو ئێرانییەکاندا بەرەی لیبراڵ و بەرەی مەکتەبی (فەقیهی - ڕۆحانی)ەکان دروست بوو، کە دواتر باسکراوە.

ئێستا پێش لەوەی باس لە دەستورەکە بکەین لەبارەی سیستەمە نوێکەوە ئەوە بخەینەڕوو، کە لە ٣٠ و ٣١ی مانگی سێی ١٩٧٩ وەك ڕۆژی ڕیفراندۆم بۆدەنگدان لەسەرسیستەمی نوێ دیاریکرا! زۆرێك لە کوردەکان بەتایبەت حیزبی دیموکرات هەرلەسەرەتاوە بایکۆتی بەشداریکردنیاندا، ئەویش لەبەرئەوەی وتیان «ناتوانین لە هەڵبژاردنێکدا بەشداری بکەین بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکمان دەربارەی ئەوشتەی داوامان لێدەکرێت لەبارەیەوە دەنگ بدەین، پێدرابێت»[٩]، جگە لەوەش قاسملۆ لە دانیشتنێکی یەك کاتژمێریدا لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی لە قوم لە ڕۆژانی پێش لە گشتپرسیدا بەتەواوەتی ئەوەی بۆدەرکەوتبوو کە ئێرانییەکان تەنها کات بە فیڕۆ دەدەن و بەشوێن دەرفەتەوەن[١٠]. قاسملۆ دەڵێت «پێخۆشبوونی خۆمان بۆبەشداریکردن لە ڕیفراندۆم و دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی پێڕاگەیاندن بەومەرجەی داخوازییەکانمان دابین بکرێت... گووتی (ئایەتوڵا خومەینی): ئەوە کاری من نییە ... تاڵەقانی پێشتر ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردۆتەوە لەوە زیاتر چیتان دەوێت؟ ... گووتم: کەوابوو کاتێك لێرە چوومە دەرێ ئێوە ڕێگام پێدەدەن بەڕاشکاوی ڕایبگەیەنم کە ئێوە لەگەڵ ئەو پرسانە هەن کە تاڵەقانی بەڵێنی پێداوین؟... وتی: بەڵام من نازانم ئەوچی گوتووە، ئێمە هەموومان موسڵمان و برای یەکترین ...[١١]». بەمشێوەیە خومەینی بەبێ بەڵێندان کۆبوونەوەکە بەجێدەهێڵێت، بۆیە قاسملۆ باسی دەکات کە پێش ئەوەی لەشاری قوم وەدەرکەون بڕیاردەدەن بەشداری ڕیفراندۆم نەکەن. جا پرسیارەکەی سەرفۆڕمی گشتپرسی(ڕیفراندۆم)ەکە زۆر سەتحی و سادە و بەبێ ڕوونکردنەوە بوو: لەم گشتپرسییەدا تەنها دوو هەڵبژاردن لەبەردەستی دەنگدەردا بوو: کۆماری ئیسلام؟ بەڵێ یان نەخێر. «جا لەبەرئەوەی خەڵکەکە

ستەمی دەسەڵات و حوکومەتی شایان بینی بوو، بۆیە بە دەنگی زۆرینە هەموو دەنگیان بە حوکمەتی ئیسلامیدا، بەبێ ئەوەی بزانن چ جۆرە سیستەمێك بڕیارە بێتە سەرکار»[١٢]. ئەنجامی گشتپرسی ئەوەبوو ٩٨،٢٪ی دەنگەکان (بەڵێ) بوو بۆ سیستەمێکی ئیسلامی بۆئێران.

بەپێی ڕێکارەکانی نووسینەوەی دەستور، بۆئەوەی هەروڵاتێك دوربێت لە دەرکردنی یاسای پێچەوانە و دورکەوتنەوە لە پەسەنکردنی یاسای دژبەیەك، سێ ڕێگا هەیە هەروڵاتێك دیگرێتە بەرلەم پێناوەدا[١٣]:

١. وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا دادگایەکی تایبەت دادەمەزرێنێت بەناوی (دادگای دەستوور) کە گرنگی دەسەڵاتی (جێبەجێکاری) هەیە، بەڵام بەشێوەی دادگای تایبەتی کاردەکات.
٢. وڵاتانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لیژنەی دەستەڵاتی دادوەری و دەستەڵاتی بەدواداچوون و دیاریکردنی ئاستی پابەندبوون یاسا ئاساییەکان بە قانوونی بنەڕەتی دەدرێت بە دادگاکانی دادوەری.
٣. دامەزراندنی دەستە و لیژنەیەکی تایبەت کە پێکهاتووە لە کەسانی پلەدار و تایبەت بۆئەو مەبەستە، وەك شورای بنەڕەتی فەرەنسا کە لە نۆ کەس پێکهاتووە، سێ کەسیان هەڵبژێراوی سەرۆك کۆمار، سێ کەسیان بە هەڵبژاردنییان لەلایەن نوێنەرانی نەتەوەی سێ کەسەکەی دیکەیان بە هەڵبژاردنیان لەلایەن سەرۆکی لیژنەی سنا.

ئێران لە دەورانی شۆڕشدا کاربە ڕێگەی سێیەم دەکات و لیژنەیەك دروست دەکەن بەناوی (ئەنجومەنی پاسەوان) کە لە ١٢ کەس پێکهاتبوو، شەش کەسیان لە فەقیهـ و موجتەهدین بوون و لەلایەن خودی رابەرای شۆڕشەکەوە هەڵبژێرا بوون، شەش کەسەکەی دیکەشیان لە کەسانی شارەزایانی بواری یاسایین کە لەلایەن شورای باڵا جێبەجێکردن و دەنگدانی پەرلەمان (مەجلیسی شورای ئیسلامی)یەوە هەڵدەبژێرن.

هەر دوای ئەوەی نیشانەکانی سەرکەوتنی شۆڕش دەرکەوت ڕابەری شۆڕش لە مانگی دی ١٣٥٧ (١٩٧٩)باسی گۆڕینی دەستوری هێنایە ناوەوە، لەکاتی دەستبەکاربوونی موهەندیس بازرگان وەك یەکەم سەرۆکوەزیرانی دوا پەهلەوی ڕاسپێرا کە (ئەنجومەنی دامەزراوان) لە ڕێگەی دەنگدانەوە دابمەزرێت بۆ نووسینەوەی دەستور. لە ٨ فروردین ١٣٥٨ (١٩٧٩/٠٨/٢٨)دا (شورای باڵای پلانەکانی شۆڕش) دامەزرا و لە مادەی دوودا «ئامادەکردنی پلانی بەپێی بنەماکانی ئیسلام و بنەمای ئازادی»[١٤] دیاریکرا .

لە سەرداوای ڕابەری شۆڕشەکەحەسەن حەبیبی ڕادەستپێرێت بۆئامادەکردنی دەستنووسی دەستور، ئەمەش لەپێش ئەوەی لە پاریس بگەڕێتەوە، چونکە فاتمە تەباتەبای کە بوکی ئایەتوڵا خومەینییە لە یاداشتەکانیدا ئەوی باسکردووە کە خومەینی داوای لە محەمەد باقر سوڵتانی کردووە لە ئامادەکردنی دەستور و ئەو بەشانەی پەیوەندی بە فیقهەوە هەیە یارمەتی حەبیبی بدات، جا حەبیبیش هەربەشێك کەئامادەی کردووە ناردوییەتی و ڕابەرخوێندویەتییەو و تێبینی لەسەرنوسییوە ئەمە لەکاتێکدا ئەو هێشتا لە نوفل لوشاتوی پاریس بووە. لە هەمانکاتدا دەستەیەکی دیکە لە یاساناسانی ئۆپۆزسیۆنی پەهلەوی کۆپییەکی

دیکەی دەستوریان ئامادەکردووە، کە دواتر ئایەتوڵا خومەینی داوادەکات ئەوەش لەگەڵ کۆپییەکەی حسن حەبیبی لێکبدرێن[١٥]. بەمشێوەیە کۆپی یەکەمی لە لایەن چواریاساناسەوە ئامادەکرا، کە بریتی بوون لە (حەسەن حەبیبی، ناسرکاتوزیان، کەریم لاهیجی، موحەمەدجەعفەرلەنگرودی.). دواتر لەلایەن دەوڵەتە دەنێرێت بۆ شورای باڵای پلانەکانی شۆڕش بەسەرۆکاتەی ئایەتوڵا یەدوڵا سەحابی. شورای شۆڕش تێبینییەکانی خۆیان دەنووسن و دەستورەکە دەنێرن بۆ ئایەتوڵا خومەینی، ئایەتوڵا شەریعەتمەداری، ئایەتوڵا مەرعشی نەجەفی و ئایەتوڵا گولپایگانی، ئەوانیش تێبینییەکانی خۆیان دەنووسن. لێرەدا کێشەی کات و مانەوەی دەوڵەت بەبێ دەستور و گرفتی بۆشایی یاسای لە قۆناغی ڕاگوزەردا دروست دەبێت، بۆیە هەندێك وەك ڕەفسەنجانی، بەهەشتی، سەحابی، خامنەی، قوتبزدا و باهونەر بڕوایان وایە پێویست ناکات بەدیار دامەزرادنی لیژنەی دامەزراوانەوە بوەستن، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئەم دەستنووسەی دەستور بخرێتە گشتپیرسیەوە.بەڵام دەستەی دووەم وەك بازرگان، بەنی صەرد، تاڵەقانی، یەزدی، سەید جوادی و صباغیان بڕوایان وابوو لەبەربابەتی مافەکان و پرسی نێودەوڵەتی و ئەوبەڵێنانەی ڕابەری شۆڕش داونی باشترلیژنەکە دروستبکرێت و دواتریاساکە بخرێتە دەنگدانەوە[١٦]. هەرلێرەوە دەردەکەوێت دەستەی یەکەم فەقیە ورۆحانییەکانن و دەستەی دووەم لیبرالیزمەکانن و تاکۆتیش ئەم جیاوازییە هەربەردەوام دەبێت. بۆیە لە ١ خرداد ١٣٥٨ (١٩٧٩/٥/٢٢) نوێنەرانی هەردوو دەستەکە دەچنە قوم تا لەوێ ڕابەرئەم جیاوازییە چارەسەربکات، بەڵام ناگەن بەهیچ ڕێکەوتنێك، لەکۆتایدا تاڵەقانی پێشنیاردەکات لیژنەیەك دروستبکرێت بە ژمارەیەك ئەندامی دیاریکراوە، کە بۆ هەریەك ملیۆن کەس یەك یان دوو نوێنەریان هەبێت، لەوکاتەدا ٧٥ ئەندام هەڵبژێران و لیژنەکەش ناونرا (ئەنجومەنی شارەزایان). ئەنجومەنی شارەزایان [١٧]. لەسەرەتادا بریارە ناوی ئەنجونەتی دامەزراوان (مجلیس موسسات) بێت، بەڵام ڕابەری شۆڕش زۆرینەش بڕوایان وایە ئەنجومەنی شارەزایان ناوێکی گونجاوترە «خەڵکی واتێگەشتبوون ئەندامانی لیژنەی دامەزراوان بەئەندازەی ئەندام پەرلەمانێکە، یان یەك و نیو بەرامبەری ئەوان یان دوو ... ڕابەر بڕوای وا بوو یژنەی دامەزراوان کێشەی دەبێت، بۆیە ناوی نرا ئەنجومەنی شارەزایان»[١٨]. بەهەشتی بەئاشکرا دەڵێت ئەوانەی دێنە ناوئەم لیژنەیەوە دەبێت دوو مەرجیات تێدا بێت: یەکەم لە ئیسلام شارەزابن، دووەم ئیمانیان بە ئیسلام هەبێت، چونکە خەڵکی ئێران بەکۆی دەنگ بڕیاریانداوە سیستەمەکەیان ئیسلامی بێت، بۆیە ناکرێت کەسێك بێت شارەزای لەئیسلام نەبێت و یاسای ئیسلامی دابنێ[١٩].

بۆیە نزیکەی دوومانگ بەسەر دەستبەکاربوونی (ئەنجومەنی شارەزایان )* تێنەپەڕی بوو جیاوازی دەکەوێتە نێوان لایەنەکانەوە و ئایەتوڵا خومەینی ناڕاستەخۆ لە دوو دانیشتنندا هێرش دەکاتە سەرحوکمەتە کاتییەکە و دەڵێت «لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شارەزایان هەرئەوەندەی باسی ویلایەتی فەقیہ هاتە گۆڕێ دەستیانکرد بە دژایەتی کردنی ... تەنانەت لەم دوو و سێ ڕۆژەی پێشوودا لەیەك دانیشتنیاندا وتبوویان ئەم لە ڕێگە دەرچوانە (ئەمانەی کە هیچ زانیارییەکیان لەسەرئیسلام نییە، ئەمانەی کە دژن لەگەڵ ئیسلام)

لە دانیشتنەکەیاندا وتوویانە کە ئەم ئەنجومەنی شارەزایانە دەبێت هەڵبوەشێتەوە و ئەوانی دیکەش چەپڵەیان بۆ لێداون و خۆشحاڵیان دەربڕیوە. ئەمانە لە (ئەنجومەنی شارەزایان ) دەترس لەبەرئەوەی (ئەنجومەنی شارەزایان ) دەیەوێت ویلایەتی فەقیهـ دابمەزرێنێت. (ئەنجومەنی شارەزایان ) دەیەوێت ئەوە دابمەزرێنێت کە خوای گەورە فەرموویەتی و ئەمانە لە ئائەوە دەترسن ...»[٢٠]. جا ئەوەش بووترێت (ئەمیر ئینتزام) پێشنیارکەری هەڵوەشانەوەی (ئەنجومەنی شارەزایان )ە کە ڕابەری توڕە کردبوو. بەهەمان شێوە لە کۆبوونەوەی مزگەوتی (ئەربار) لە تاران لە ڕۆژی ١٩٧٩/١٠/٢٣ دووبارە هێرشی کردووەتەوە سەر حوکمەتە کاتییەکەی موهەندیس بازرگان و باسی لەوە کردوە کە ئەوانەی بڕوایان بە ئازادی و دیمکراسی هەیە هاتوون بۆخۆیان قسەگەلێك دەکەن و دواتر دەیانەوێت ئەم بۆچوونەی خۆیان بسەپێنن بەسەر میللەتێکی سی و ئەوەندە ملیۆنیدا و ڕازیانبکەن (ئەنجومەنی شارەزایان) هەڵوەشێتەوە، کە بەدەنگی زۆرینەی میللەت هەڵبژێراون[٢١]. بۆیە هەرگیز ئەم ئەنجومەنە هەڵنەوەشایەوە. وەك دەردەکەوێت لیبراڵەکان لەگەڵ دروستکردنی ئەنجومەنی شارەزایاندا نەبوو، ئەویش لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتاوە دەرکەوت کە فەقیهـ و ڕۆحانییەکان گەورەترین هێز و بەرەیان هەیە و تەواوی لیژنەکە و بڕیارەکانی دەگرنە دەست «کە لەسەدا ٦٩ی ئەندامەکانیان پێکهێنابوو ... دوو ڕۆحانی بووبنە سەرۆك و جێگیری: موتەزری و بەهەشتی»[٢٢]، لەهەمانکاتدا خومەینی خۆی ڕاستەوخۆ پشتگیری لە لیژنەی شارەزایان دەکرد و بڕوای وابوو ئەمانە خەڵکی هەڵیبژاردوون و کەس مافی هەڵوەشاندنەوەی نییە. بەکورتی، (ئەنجومەنی شارەزایان) قورسایی هەموو هێزە ساسییەکانی بە کورد و سوننەشەوە خستە دەرەوە و ئەوەی ڕۆشنکردەوە قسەی سەرەتا و کۆتای ئەو هێزە دەیکات بڕوای بە ویلایەتی فەیقە هەیە و لایەنگری هێڵی ڕابەرە.

لەدوای ٦٧ دانشتن ئەنجومەنی شارەزایان ڕەشنووسی پەسەندکراو لە ڕۆژانی (١١و١٢ اژار١٣٥٨) (٢ و١٩٧٩/١٢/٣)خرایە دەنگاندانەوە. دەنگی زۆرینەی خەڵکی ئێرانی بەدەست هێنا. بەمشێوەیە «ی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ١٤ فەصڵ و ١٧٧ ئەصڵ پێکهاتووە. هەریەکە لە فەصڵەکان لەبارەی بوارێکی تایبەتەوەیە. یش بەسەرچاوەی سەرەکی نۆرمەکانی مافی لە سیستەمێکدا، سەرچاوەیەکی گرنگی ناسنامەی کلتوری، پەیوەستکردنی نەتەوەی و سازاندن و ناساندنی ناسنامەی دەوڵەتەکانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی»[٢٣]. ئالێرەشەوە دەستورە پەسەندکراوەکە بوویە ناسنامەی ئێران و کوردیش وەك نەتەوەیەك لەناو ئەو خاکەدا ئەو کاڵایەی کرا بەبەریدا لەکاتێکدا سیاسییەکانی دەیانویست دەستورەکە پێناسەی ئەوانیش بکات.

## کورد و سوننە لەناو ئەنجومەنی شارەزایاندا

حکومەتی کاتی بڕیاریدا لە ١٩٧٩/٨/٣ دا هەڵبژاردنی (ئەنجومەنی شارەزایان) ئەنجام بدرێت. وەك ئاماژەی بۆکرا ئەم لیژنەیە زۆر گرنگ بوو، جا پەیڕەوانی سوننە لە کوردستان ئەم هەڵبژاردنەیان بایکۆت کرد، بۆیە سوننەکان بە فەرمی دوو نوێنەریان دەچێتە ئەنجومەنی شارەزایان کە هەردووکیان لە ناوچەی سیستان و بلوجستان دەبن» مەولەوی عبدالعزیز مەلازادە[٢٤] و حمیداللە میرمراد زهی، بەڵام لە بەرواری (١٩٧٩/٩/٩) ئەحمەدی موفتی زادە لە لایەن (محمد جواد حجتی کرمانی) بانگهێشت نامەیەکی بەدەست





دەگات کە لە ژێر نامەکەدا ناوی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەزایان (حسینعلی منتظری)نووسراوە و داوا لە موفتی زادە دەکات بۆ پێشکەشکردنی بۆچوونەکانی خۆی لەسەری وڵات تەشریف بێنن و لە (کۆمسیۆنی ژمارە حەوت)ی ئەنجومەنی شارەزایان بەشداری بکات. ئەویش بە دەم بانگهێشتننامەکەوە دەچێت . لەم بارەیەوە سەعدی قورەیشی (چاودێری مەکتەب قورئان) دەڵێت» ئەحمەد نزیکی ٤٠ دانە ڕۆژدەمێنیتەوە. دانیشتن و چاوپێکەوتن و وتارو ڕوونکردنەوە دەدات، کە (محەمەد جواد حجتی کرمانی) لەهاوڕێ کۆنەکانی ئەحمەد ژورەکەی خۆی لە (ئەنجومەنی شارەزایان ) دەخاتە خزمەتییەوە و دانیشتەکان لە ژوورەکەی ئەودا ئەنجام دەدرێن»[٢٥]. هەرلەم ژوورەدایە موفتی زادە لەگەڵ سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شارەزایان و ئەندامانی باڵای ئەنجومەنی شۆرش و هەندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان دا کۆدەبێتەوەو باس و خواسیان لەگەڵ دەکات. لەبارەی ئەم سەردانەوە موفتی زادە یاداشتی کردووە:

"سەرەتای بەیانییەکەی لەگەڵ ژمارەیەك لە خاوەن بڕیار بەدەستەکانی ئەنجومەنی شارەزایان دانیشتین، بەڵێنەکان وەك ڕابردوو باش و حەکیمانە بوو، بەڵام نیگەرانی ئەوەیان دەربڕی کە لەوانەیە زۆرینە ئەنجومەن ڕازی نەبن و موافەقەت نەکەن، لەبەرئەوە بڕیاریاندا کە من بانگهێشتی دانیشتنی هاوبەشی کۆمسیۆنەکان بکەن، تاوەکو لەوێ لەم بارەیەوە ڕەزامەندی بەشداربووان بەدەست بهێنم. بە کورتی بابەتەکە لەو دانیشتنەدا بە جۆرێك کاریگەربوو تەنانەت زۆرینەی بەشداربووان دەستیان بە گریان کرد، وا دەردەکەوت تەنانەت دە کەس نەك لە مەسەلەی ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی تەنانەت لە ستەمی ئایینزاییشدا موخالەفەمان نەبوون. بە ئەم ئەحواڵەوە (وادەرکەوت) کێشە سەرەکیەکە تەواو چارەسەر بووەوشتێك کە جێگەی نیگەرانی بێت نییە، بەڵام کاتێك دانیشتنی ئاشکرا بۆبەدوادا چوونی بابەتەکە گرێدرا (فلیمەکەیشمان لە تەلەفزیۆندا بینی) خیانەتێکیان کردبوو کە بە هیچ شێوەیەك تەصەوری نەدەکرا: لە بری ئەو پێشنیارەی کە ئێمە دابوومانە ئەنجومەن، پێشنیارێکی دیکەیان هێنابوویە پێشەوە، لێژنەی شارەزایانی بێچارە، بێ ئاگا لەم پیلاننامەیە، وابیریان کردبوویەوە لەبەرئەوەی وشەگەلی وەك (بوونی ڕێزی تەواوەتی) دەستەواژەی تری بنەمای دوانزەهەم لەناوەکەدا گونجاندبوویان، حەتمەن بۆچوونی ئێمەش لەسەر ئەمەیە و ڕازیین پێی! تەنانەت هەندێك لە نوێنەرەکانی وەك (جەنابی بەنی صەدر) کە پێشتر لەگەڵ ئێمەدا لە دانیشتنی هاوبەشی کۆمیسیۆنەکاندا بەشدارنەبوون، پرسی بووی: ئایا ئەم دەربڕینە فلانە کەس (ئەحمەد موفتی زادە) پێیڕازییەو تەئیدی دەکات؟ دەسەڵاتدارانی ئەنجومەن بە یەك تەسدیقی چەورو نەرم

سەری هەموویانیان ماڵی بوو!کۆتاییەکەشی ئەم فیڵ و تەڵەکەبازییە جۆریك بوو کە هەمووەمان بینیمان"[٢٦].

لەم نووسینەی خۆیەوە دەردەکەوێت ئەوان فێڵیانکردووە! جۆرێك دەقی ئەوەی موفتی زادە پێشکەشی کردووەوزۆرینەی نوێنەران لە دانیشتنی هاوبەشی کۆمیسیۆنەکاندا لەگەڵیدا بوون و پێیڕازی بوون دەیگۆڕن ولە بری ئەوە بە دەربڕین و دەستەواژەگەلێکی دیکە ماددەکە دەخەنە دەنگدانەوەوڕایدەگەیەنن، بە جۆرێك خودی (بەنی سەدر)ی سەرۆك کۆماریش دەبێتە جێگەی پرسیاربۆی کە ئایا موفتی زادە بەم نوسخەی وبەم دەربڕینانە ڕازییە؟! چونکە بەنی سەدرباش لە مەبەست و ئامانجی سەردانەکەی موفتی زادە تێگەشتووەو زانیبووی ئەو پێداگریی لەسەرئەوە کردووە لەناودا باس لە مەزهەب نەکرێت و جیاکاری نەتەوایەتی زەق نەکرێتەوە. بەنی سەدرلەبارەی کەمە نەتەوەو ئاینەکانەوە لەناو ئێراندا بڕوای وایە «کەمینە ئاییتزاییەکان لە وڵاتی ئێمە هەمیشە وەك مریشکێك بوون هەم لە شایی و هەم لە شیوەن سەریان دەبڕین. واتە ڕژێمە ئیستبدادییەکان دەستەڵاتدارهەندێکجار خۆی بە پارێزەری مافی کەمینەکان دەناساند و هەندێکجاریش بۆڕاکێشانس سرنجی خەڵکیتاوانی نەکردەی دەخستە ئەستۆیان و بەردەبوویە گیانیان»[٢٧]. بۆیە دەزانێت جارێکی دیکە سەربڕینێك ڕوویداوە! دەپرسێت موفتی زادە بەمە ڕازی بووە؟! هەرچی پەیوەندی بە هێزە سیاسییەکانی دیکەوە هەیە ئەوا هەرلەسەرتاوە باسەکە جۆرێکی دیکە دەڕوات، قاسملۆ بڕیارە وەك نوێنەر بڕوات، بەڵام ئایەتوڵا خومەینی بەجۆرێك تەکفیرولەدین دەچوو باسی دەکات بۆهەمیشە لە ئێران قاچاغی دەکات! «لەدوای گشتپرسی، نوێنەران بۆ لیژنەی دامەزرێنەران (کە هەمان ئەنجومەنی شارەزایانە)— هەڵبژێران، بەمەبەستی نووسینەوەی نوێ. عەبدولرەحمان قاسملولە پارێزگای ورمێ بۆبەشداریکران لەم لیژنەیەدا هەڵبژێران. ئەووموقەدەم مراغای تەنها نوێنەری سیکۆلاربوون لەناو ئەنجومەنەکەدا. یەك شەو بەرلە کۆبوونەوەی لیژنەکە، خومەینی لە بەیاننامەیەکدا قاسملۆی وەك «موردتەر» لە دین هەڵگەڕاوە - باسکرد»[٢٨]. بەمشێوەیە ئەو نوێنەری کوردیش تواى ئامادەبوونی نابێت. کەواتە لەناو لیژنەی شارەزایاندا تەنها موفتی زادە ئامادە دەبێت ئەویش بە بانگهێشتکردن بۆکۆبوونەوەی کۆمسیۆنەکان نەك دانشتنی ڕەسمی و ئاشکرای لیژنەکە.

## زمان لە دەستوردا

هەرکاتێك باسی مانەوە و نەتوانەوەی نەتەوەیەك بێتە گۆڕێ زمان دەبێتە یەکێك لەسەرەکیترین ئامڕازەکانی بەشداریکردن لەم پرسەدا. زمان و مێژوو ئەو هێزەن هەرنەتەوەویەك بە زیندووی دەهێڵنەوە. مێژووپڕە لەوهەوڵانەی بۆسڕینەوەی نەتەوەیەك دراون ولە نێویشیاندا کورد. هەمیشە نەتەوە داگیرکەرەکان جەنگی زمانێکیان کردووە کە لەدوای زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی چوارەم گەورەترین زمانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا[٢٩]. و مێژوویان لەگەڵ کورددا تاوەکو ئاستی سڕینەوە بردووە! چونکە هەرکات هەستکرا زمانێك نییە و مێژوویەك تۆنابەستێتەوە بە هیچ پانتاییەکی جوگرافی و کلتورییەوە ئەوکاتە توانەوەت لەناو ئەوانی دیکەدا زۆرئاسان دەبێت.

نەتەوە بە بەبێ ناسنامە هیچ بەهایەکی نییە و ناسنامەش بەبێ زمان هیچ مانایەکی نییە! کاتێك کوردێکی ڕۆژهەڵاتی هەست بە نەبوونی زمانی خۆی دەکات لە چوارچێوەی ئێراندا ئەوکاتە هەستی بە قەیرانی ناسنامەی دەکات. ئەحمەدی گوڵمحەمەدی لە جۆرج هیربێت میدی باوکی تیۆریای شوناسی کۆمەڵایەتییەوە دەیگوازێتەوە،وێنایەك کە تاك دەربارەی خۆی دروستی دەکات و هەستی پێدەکات ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن و بۆچوونێکە کە ئەوانی دیکە دەربارەی ئەو هەیانە[٣٠]، واتە ئەوانی دیکە من و کولتور و زمانی من چۆن دەبینن دواجار ئەم بینینە کاریگەری لەسەر من دەبێت بەرامبەرامبەر بەخۆم و ناسنامە و کولتورەکەم، بۆیە بە بۆچوونی جۆرج هیربێت، ئەگەرزمان کوردی لەلایەن ئەوانی دیکەوە سەیرنەکرا و بایەخی نەدرایە ئەمە دەبێتە هۆئەوەی تاکی کوردی بەبایەخەوە لە زمانەکەی خۆی نەڕوانێت! جا ئێستا ئەگەربەم تیۆریا لە دەرستوری بنەڕەتی ئێران بڕوانین دەبینت زمان نەتەوەیەکی وەك کورد کە لەسەدا ١٠ی دانیشتوانی وڵاتەکەیە نەباسی کراوە و نە بە فەرمیش ناسێنراوە.

لە دەستوری ئێرانی دوای شۆڕشدا لە فەسڵی ١٥دا بە باشکرا باسی زامان کراوە وزمانی فاسی بە فەرمی ناسێراوە وەك زمانی دەوڵەتی ئێران. لە مادەکەدا هاتووە «زمان و خەتی نووسینی هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگەنامە و نووسراو تێکستەکان فەرمی و پەرتووکەکانی خوێندن دەبێت بەم زمانە بنووسرێت بەڵام زمانە ناوچەیی و نەتەوەییەکان لە چاپەمەنی و میدیا جەماوەری و وتنەوەی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانەکان لەپاڵ زمانی فارسیدا ئازادن»[٣١]. جا لەبەرئەوەی زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکی و گرنگەکانی ناسنامە وکلتوری هەرنەتەوەیەك بۆیە دەستور ئەوجێگەیەیە کە دەبێت باسی زمانی تێدا بکرێت، هەروەك چۆن لە ی عێراقیدا زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا بە ڕەسمی ناسێنراوە و عێراق خاوەنی دەوڵەتێکە کە دوو زمانی سەرەکی هەیە لەپاڵ وردە زمانەکانی دیکە، هەرلەبەرئەمەشە لەسەرپاسپۆرتی هەرعێراقییەك دوو زمانی سەرەکی کوردی و عەرەبی هەیە. بەڵام لە دەستوری ئێرانیدا جگە لە فارسی هیچ زمانێکی دیکە ئاماژەی بۆنەکراوە! ئەمە لەکاتێدایە باسی لەوەش نەکراوە کە زمانەکانی دیکە وەك کوردی وبەلوجی وعەرەبی قەدەغەکراون! بەڵکو لە گفتوگۆی نێوان عەبدولعەزیزی مەلازادە و ئایەتوڵا بەهەشتی ئەم باسە کراوە، کە مەلازادە لە بەهەشتی دەپرسێت «ئایا ئەگەرکەسێك بییەوێت زمانی عەرەبی بخوێنێت، دەوڵەت مامۆستای بۆ دەگرێت؟ یان ئەگەرکەسێك بییەوێت زمانی بەلوچی بخوێنێت ئایا دەوڵەت لەسەرییەتی مامۆستای بەلوچی بۆدابین بکات؟» لەوەڵامدا بەهەشتی دەڵێت «بەڵێ، دەوڵەت بەرپرسە، واتە کاتێك ئەوان مافیان هەبووئەم زمانە بخوێنن دەوڵەت بەرپرسە لەوەی شتێك کە مافی ئەوانە بۆیان ئامادە بکات»[٣٢]. وەڵامەکەی بەهەشتی ڕوونە، بەڵام لەبەرئەوەی خودی مادەکە روون نییە و ئاماژەی بە پرسی خوێندن بەڕوونی نەکردووە بۆیە دەبینیت بۆچوونەکان جیاواز وزۆرێك باوەڕیان وایە دەوڵەت لەوە بەرپرس نییە وزمانەکانی دیکە ئەو مافەی خوێندیان بە ڕەسمی نییە لە ناو خوێندنەگەکاندا. «لەبەرئەوەی بۆچوونەکانی بەهەشتی ناکرێت بە بنەمای مادەی ١٥، بۆیە هەندێك لە شارەزایانی بواری یاسا و بەرپرسانی دەوڵەت ڕازی نین بە هەڵنجاندنی

بەرپرسیاربوونی دەوڵەت لەم بورادا»[٣٣]. جا سەرکردایەتی کورد و لەناویاندا ئەحمەدی موفتی زدە لەبارەی بایەخی زمانی کوردی و چەسپاندنی لەناو دەستوری نوێی ئێراندا کاری زۆری کردووە و ڕونکردنەوە و پێداگری زۆریان کردووە، هەمیشە یەکێك ئاواتەکانی بیرمەند و نوسەرانی کورد پرسی زام بووە: موفتی زادە دەڵێت «ئاواتم بوو لەڕێگەی وتار و دیبەیتی ئاینی و ئەدەبی ورۆژنامەوە خزمەت بەزمانی سەرکوتکراوی کوردی بکەم»[٣٤]. جالەبەیاننامەی (٧ اسفند ١٣٥٧)-(١٩٧٩/٢/٢٦) کە لە تاران دەریکردووە، موفتی زادە بە کورتی و پوختی بە ئێرانییەکان دەڵێت، ئێمەی کورد سێ شتمان لە ئێوە دەوێت، ئەگەرئەم سێ خاڵەتان بەجێ گەیاند، ئەوا لە سەرخستنی ئەم حکومەتەدا هاوکاردەبین:

١. یەکسانی لە مافی نەتەوەیی، فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتی.
٢. یەکسانی سیاسی و یاسایی سوننەو شیعە.
٣. یەکسانی مافی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەموو تاکەکان.٣٥

هەروەها لەبەیاننامەی ژمارە ٧٢ی ٢٦ اسفند ١٣٥٧ (١٩٧٩/٣/١٧) بەچوار خاڵداواکارییەکان ڕوون دەکاتەوە، لە خاڵی دووەمی بەیاننامەکەیدا کە درێژترین خاڵی بەیاننامەکەیە باسی زمان و کلتوری نەتەوەکان دەکات زۆر درێژتر دەنووسێت و بە بەراورد بە سێ خاڵەکەی دیکە!بە ڕوونی باسی لەحکومەتێکی دادپەروەری سیستماتیکی کردووە! دەڵیت»نەتەوەی ئێرانلە چەندین نەتەوەو قەومی بچووك دروست بووە کە هەریەکەیان خاوەنی زمان و کولتووری خۆیەتی، ئەگەربێت و ئەم ئەسڵە لابدرێت و لەبەرچاو نەگیرێت و ڕۆژێك بویسترێت زمانی فارسی بکەنە ئەسڵ وەك لە ڕابردوودا کراوە، ئەوە هەرگیز نابینیت سەقامگیری دروست ببێت! مەگەر تەنها ئەوکاتەی مافی هەموو نەتەوەکان بە یەکسانی و بە فەرمی بناسرێت»[٣٦]. وەك دەبینیرێت موفتی زادە بە ئاشکرا مەترسییەکانی کەنارخستی زمانەکانی دیکە و بەتایبەتی زمانی کوردی خستۆتەڕوو، کەچی ئەم ئاگادارکردنەوەیە کارێکی ئەوتۆ ناکات و لە یاسای سەرەکی دەوڵەتدا تەنها زمانی فارسی دەناسێنرێت. وەك ئاماژەی بۆکرا بابەتی زمان بابەتێکی ناسنامەییەوە و هەر بابەتێکی ناسنامەش ڕاستەخۆی پەیوەندی هەیە بە مانادار بوونی ژیانی کەسەکانەوە، بەواتایەکی دیکە ئەگەرکۆمەڵێك ناسنامەی نەبێت، ئەوا ئەو کۆمەڵە بوونی نییە، چونکە بەنەبوونی ناسنامە بوونیش نامێنێت و مانایەك بۆ بوونی ژیانیان نییە! زمان وەك گرنگترین پێکهاتەی ناسنامە ڕۆڵیکی گرنگ دەبینێت و ئەگەربێت زمان بە ڕەسمی نەناسێنرا ئەوا ناسنامە نانسێراوە و لێرەشەوە دان بە بوونی کۆمەڵێك نەناراوە! «کەسەکان کاتێك خۆیان بە خاوەنی ناسنامە وژیانێکی مانادار دەزانن کە پێداویستییەکانیان بە بەردەوامی، جێگیری، جیاکاری، وهەستی پەیوەست بوون بە کۆمەڵەوە بوونی هەبێت»[٣٧]. واتە ئەوکاتە کورد لە ئێران دەتوانێت هەست بە بوونی خۆی بکات وژیان مانادار دەبێت کە لە دەستورەکەدا ئەم دڵنیاییەی بۆ دەستەبەرکرا بێت کە پێداویستییەکانی بەردەوام بوونی ناسنامەکەی کە بریتین لە بەردەوامی و جێگری و هەست بە جیاکاری لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. بەڵام کاتێك لە بنەمای ١٥دا ئەم دڵنیاییە نامێنێت بۆیە دەبینیت تاکی کورد هەستی پەیوەست بوونی لاواز دەبێت و هەموو ئەو مەترسیانەی موفتی زادە باسیان دەکات سەرهەڵدەدەن و ناسەقامگیری دەردەکەوێت.

هەندێك لە توێژەران و یاسادانانی ئێران تێگەیشتنیان بۆزمان و مافی زمانەکان جودایە و ئەم جیاواز بوونە دەبێتە هۆی ئەوەی مافی زمانی فارسی لەدەستوردا بدەن بەسەرزمانەکانی دیکە، [زمانی فارسی] بە ڕووکنی ناسنامەی ئێرانی ئەژماد دەکرێت و لە پلەی حوکمدایە نەك ماف، لە ڕووەشەوە بەشی کۆتایی مادەکە کەئاماژە بەزمانە ناوچەییەکان دەکات، وادەکەوێتە بەرچاو نابێت لە گۆشەنیگای مافەوە سەیربکرێت، چونکە ئەگەرلەگۆشەنیگای یاسادانەرانەوە وەك مافێك سەیربکرایە دەبوایە هیچ نەبێت لە بەشی دووی دا ئاماژەی بۆبکرایە. بەم تێگەشتنەش بێت «سود وەرگرتن لەزمانی ناوچەی و نەتەوەییەکان لەچاپکرا و میدیای گروپی و وانەی ئەدەبیاتی ئەوانەدا لە قوتابخانەکاندا ئازادییەکە نەك ماف، هەڵبەتە نەك ئەصڵ»[٣٨]. لەم تێگەشتنەوە دەردەکەوێت زمانی نەتەوەکانی دیکە وەك مافێکی سروشتی بە ڕەسمی نەناسێنراوە و ئەوەی دەتوانن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و لەناو ڕۆژنامە و میدیادا ناوچەییەکاندا بەکاری بهێنن ئازادییەکە لەلایەن فارسەکانەوە بەخشراوە پێیان. واتە خێرێکە کراوە نەك مافێك بێت و ڕەسمییەتی هەبێت. ئەمە لەکاتێکدا سەرکرادایەتی کوردی زمانیان وەك ماف داواکردووە و ئەحمەد موفتی زادە لە باسێکی تایبەتیدا لەبارەی زمانەوە ئەم ئەسڵە بۆ ئێرانییەکان ڕوون دەکاتەوە، بەجۆرێك ڕیشەی زمانەکە لە ڕیشە فارسییەکە بە قوڵتر دەزانێت و بڕوای وایە لەبەرئەوەی کورد لە دەورانێکەوە هێزو دەستەڵاتی نەماوە، زمانەکەشی وەك هەرشتێکی دیکەی سامانی نەتەوەی و کلتوری دزراوە و بە هەزاران وشە هەیە لە ناو فەرهەنگی فارسیدا ئەسڵ و ڕیشەکەی کوردییە، بەڵام لەبەرنەبوونی ئەوە هێزبراوە و ئێستا وەك وشەی فارسی لە فەرهەنگەکاندا ناسێنراوە ! لەم ڕوووەشەوە لێکۆڵەرەوانی کورد بڕوایان وایە کورد وەك نەوەتەوە و زمان کەشێکی گەورە و هێزێکی گرنگی ناو شۆڕشەکەیە نەناسێنراوە»[٣٩]. بەمشێوەیە کورد و هەموو نەتەوە نافارسەکان کە لە ئێراندا دەژین بە شێوەیکی ڕاستەخۆ و ڕوون نەناسێنران و دانیانپێدا نەنراوە“[40].

## دەستور و ئایینزا

ئەوەی زیاتر کورد لە لەگەڵ شۆڕشەکەدا پەیوەست دەکات ئەو بەڵێنە بەردەوامانەیە لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە بە سیاسییەکانی کورد و هاوڵاتیانی کورد دەگات «لە بارەی کاروباری ئێرانەوە چەندین جارڕاستەوخۆو ڕوبەڕووڕێککەوتنمان هەبووەو دانیشتنمان کردووە، لایەنە فەرمییەکان دەبێت یەکسان بن و جوداخوازیی ئیمتیازات لە نێوان ئەم دوو مەزهەبەدا نابێت هەبێت. یەکێك لە بنەماکانی دانیشتنەکان هەمیشە ئەمە بووە کە شیعەو سوننە لە و بابەتی جێبەجێکاری نەبن. کاسێتێکی تۆمارکراو لە بارەی دانیشتنی ١٨ی بەهمەنەوە هەیە، کە لەم کاسێتە دەنگییەدا ئیمام خومەینی ئەم نوکتەیە لە چوارچێوەی داواکارییە سەرەکییەکاندا حساب و تەئکید دەکاتەوە»[٤١]. لە هەمان دانیشتندا کە ئەحمەد ئەم خاڵە سەرەکییانە دەخاتە ڕوو، خومەینیش قسە دەکات و هاوڕای خۆی لەسەرقسەکانی ئەحمەد دەردەبڕێت، لەوەدا کە: بەڵێ ئەم مەزهەب و جیاوازی دروستکردن لە نێوان شیعەو سوننەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیسلام و لەم کاتەدا خولەفای ئومەوی و بە تایبەت عەباسی بۆمەرامی سیاسی خۆیان کاریان لەسەرکردووەو گەشەیان پێ داوە، دواجاربووە هۆی ئەوەی لەنێوان خەڵکی ئاسایی سوننەو شیعەشدا

ڕەنگبداتەوە. هەرلێرەدایە خومەینی دەڵێت «ئێمە هەمووماں یەکێکین و جیاوازنین. جیاوازی، جیاوازی دوو مەزهەبە، ئەم جیاوازییە نابێت ببێتە هۆی ئەمەی ئێمە لە بنەما و بنچینەی ئیسلامدا جیاوازی بکەین... ئێستا دەبینین کە ئیسلام لە خەتەردایە، بۆیە دەبێت دەست بدەینە دەستی یەك ولەو هەڵانەی کە پێشینانی ئێمە کردوویانە ئێمە دەست هەڵگرین، ئەودەستانەی کە دەیانەویت وەك ڕابردوو ئێمە لە یەکتر جیابکاتەوە، ئەودەستانە ببڕین "[٤٢].

لە (١٩٨٢/٠٨/٢٨) نامەیەك لە موفتی زادەوە دەنێرێت بۆ ڕابەری شۆڕشەکە،خۆی لە چوار خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، لە خاڵی سێیەمدا ڕادەگەیەنێت «دوای ئەوەی لە چەند مانگی دوای شۆڕش تێبینیم کرد کە حکومەت ئامادەی نییە (ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی) کە لە هەموو بیرمەندانی موسڵمانانی دونیا پێکبێت دابمەزرێنیت و ئێران بکاتە سەنتەری قورسایی دونیای ئیسلام و شۆڕش. هەموو هەوڵەکانم تا ماوەیەکی دوورو درێژ چڕکردەوە لەمەدا: بەلایەنی کەمەوە (دەستووری نوێ) لە هەندێك بابەتی گرنگدا هاوتەریبی شەریعەتی ئیسلام بێت و ئێمە جیاوازی نەخەینە ناوبرادەرانی سوننی و شیعەوە، جا کاتێك ئەم پێشنیارە بچوکەتان قبوڵ نەکردولەگەڵ ئەولێدوانانەی هەندێك لە نوێنەرانی ئەنجومەنی شارەزایان ، (وەك لێدوانی ئاغای خامنەای کە وتبووی: « بە ناسینی (دانىنان بە) یەکسانیی مافی سوننی شیعەدا ئیمکانی قبوڵکردنی نییە»، تێبینینیازناپاکیی هەندێك لە ئاغایانمکرد نیسبەت بە ئەهلی سوننە..»[٤٣]. ئەم تێبینییە دەبێتە سەرەتای گومانەکانی سوننە بەرامبەربە دەستور!

لێرەوە دەردەکەوێت، ئایینزا ئەوبابەتەیە براکانی سەنگەری شۆڕش دەکاتە دوژمنی یەکتر! لەبنەڕەتدا مەزهەب بۆ ئەوە دروست دەبێت جیاوازییەکان کەم بکاتەوە، بەڵام لە ئێراندا دەبێتە هەوێنی لێکترازانێکی هەمیشەی. لیبراڵەکان دژی دەوەستنەوە، چونکە ویلایەتی فەقیھ نەفەسی دیمکراسی دەبڕێت. سوننەکان قبوڵیان نییە، چونکە شیعە باڵادەستی سنوری نییە. ئەحمەدی موفتی زادە لە چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراودا بەشاکرا دەڵێت «من دوو بۆچوونم هەبوو، یەکیان لەبارەی نەبوونی ئیمتیازلە نێوان ئایینزاکاندا ... لە دانیشتنێکدا لەسەرئەوە ڕێکەوتین کە لەناودەستوردا دوو ئەسڵ هەبێت، یەکیان دەربارەی ئایین، کە ئیسلام بێت، دووەم دەربارەی مەزهەب: مەزهەبەکانی ئیسلام هەریەکەیان لە هەرناوچەیەك کە پەیڕەوانی زۆرترین دانپێدانانی هەبێت، ئەگەرپەیڕەوانی ئایینزاکانی دیکەش لەم ناوچانە هەن، ئەوانیش دەتوانن لە باسگەلی باریکەسێتی، زانیاری دینی و بابەتی بەرپرسیارێتی وەك ئایینزای خۆیان مامەڵە بکەن. لەسەرئەمە گەشتینە ڕێکەوتن و شتێك نەمابوو کە ئەم دوو ئەسڵە بنووسن، بەڵام نازانم دواتر چی بوو پێچەوانەی ڕێکەوتنەکە مامەڵەیانکرد و نادڵسۆزانە"[٤٤].

لە دەستووری کاتیی دەوڵەتدا لە پێنج مادەی سەرەکیدا، کە مادەکانی (١٣، ١٤، ٥٠، ٧٤، ١٠٦)ن باسی دین و ئایینزا و کەمایەتییە ئایینییەکان کراوەو مافەکانیان لە چوارچێوەی دا بۆدیاری کراوە، کە دەتوانین کورتەی ئەم بابەتە بەم شێوەیە ڕوون بکەینەوە: دینی فەرمیی ئێران ئیسلامەوئایینزای فەرمیش جەعفەریە، لەبەرئەوەی ئایینزای جەعفەری، ئایینزای زۆرینەی دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنیت.

جا هەربۆیە ئەحمەدی موفتی زادە ناوهێنانی مەزهەب وبەرەسمییەت ناساندنی مەزهەبێك بەكارەسات ولادان لە ڕێگەی ئاشتیانەی ئیسلام دەبینێت، ئەم ناڕەزاییەی موفتی زادە لە کاتێکدایە کە لە مادەی ١٣دا بە دەق هاتووە لەپاڵ ئایینزای جەعفەریدا مەزهەبەکانی وەك (زەیدی، حەنەفی، مالیکی، شافیعی و حەنبەلی) باوەڕپێکراوو بەڕێزن و لەو ناوچانەی کە دانیشتوانی پەیڕەوی ئەم مەزهەبانە دەکەن بڕیارە ناوچەییەکان کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی شورای ئەو ناوچانەدایە لە چوارچێوەو لەژێر ڕۆشنایی ئەو مەزهەبانەدا دەبێت، لە بابەتە کەسییەکان و زانست و پەروەردەشدا لە هەرناوچەیەکدا کاربە ئایینزای ئەو ناوچەیە دەکرێت، بۆچوونی دکتور موحسن کەدیڤەرئەم دەربڕینانە لە پێشینەکانی ئێراندا نابینرێت، بەڵام لای ئەحمەد ئەمەش ڕەتکرایەوە، چونکە ئەو بە ئاشکرا بە ڕابەری شۆڕشەکە وتارانی وتبوو کە دەبێت لە دا لە بەکارهێنان و دیاریکردنی مەزهەبێکی دیاریکراو خۆبپارێزین، دووەم لەم ڕەشنووسەدا کەمایەتییە دینییەکان زیاتر مافیان پێدراوە وەك جوو و زەردەشتی و مەسیحی بەوەی کە مافی خۆیانەو ئازادن لە ژیانی کەسی و بابەتی زانستی دیندا بە پێی ئایینی خۆیان مامەڵە بکەن و سروتە دینییەکانی خۆیان بە ئازادانە ئەنجام بدەن.هەروەها لەم دەستورەدا مەرجی شیعەبوونی سەرۆکی کۆماری لابردووەو تەنها مەرجی هەرکەسێك کە خۆی بۆ سەرۆك کۆماری ئێران بپاڵێوێت ئەوەیە موسڵمان بێت. مەسیحییەك و جوولەکەیەك ناتوانن ببنە وەزیر لە ئێراندا. ئەم مەرجەش بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری هەرڕاستە کە دەبێت وەزیر موسڵمان بێت، واتە هیچ کاتێك تا ئێرە کە باسمان کرد ئەحمەد لەگەڵ ئەم ەدا نەبووە.

بابەتی ویلایەتی فەقیھ وەك سیستەمی دەوڵەتەکە خاڵێکی دیکەی ناکۆکی نێوان سوننەو لیبراڵ و شیعەکانە. بەپێی دەستورەکە: لە ئەسڵەکانی (٥، ١٠٧، ١٠٩، و ١١٠)دا وەلی فەقیھ دیاریکراوە. «ویلایەت فەقیھ بڕبڕەی پشتی سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامییە. لەڕاستیدا خاڵی قورسایی وسەنتەری سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئەم ئەسڵی ویلایەتی فەقیە دیاریدەکات»[٤٥]. هەروەها بەپێی دەستور وەلی فەقیھ (١٦) دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی هەیە: وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە، هەڵبژاردنی شەش کەس لە دوانزە کەسەکەس شورای چاودێری، دەستەڵاتی هەیە لە دانان و لابردن و گۆڕینی بەرپرسانی زۆرێك لە پۆستە حوکمەییەکاندا. بەپێی دەستەڵاتی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستەم، لەسەرەوەی و یاساوە بڕیاردەربکات و سەرۆك کۆمار لەکاربخات. ئەو لەڕێگەی (هێزی جێبەجێکارەوە) دەستەڵاتی ئەوەی هەیە لەتاوانباران خۆش ببێت یان حوکمەکانیان بۆ کەم بکاتەوە. جا لەبەرئەوەی ئەو هەمووە دەستەڵاتە لای کەسێك کۆدەبێتەوە، ئەوا زۆر ئاسانە پارادۆکس و پێکدادانی دەستەڵاتەکان و بەرژەوەندییەکان ڕووبدەن، بۆیە یەکێك لە ڕەخنەکان لەم سیستەمە دەگیرێت ئەوەیە «بەپێی دەستور وەلی فەقیە دەستەڵاتی هەیە هەریەکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان لەکاربخات، هەروەها لیژنەی شارەزایان ئەو دەستەڵاتەیان هەیە کە وەلی فەقیە لەکاربخەن. لەکاتێکدا ئەم پرسیارە پێشدێت: ئەگەر ڕۆژێك هەردووکیان بیانەوێت یەکتری لەکاربخەن چی ڕوودەدات؟ ئەمە لەکاتێکدا ئەندامانی شورای چاودێریش پێشئەوەی هەڵبژێرێن دەبێت ڕێگەپێدراویان لەلایەن شورای چاودێرییەوە قوبڵبکرێت، هەروەها وەلی فەیقە خۆی نیوەی ئەندامانی شورای چاودێری هەڵدەبژێرێت، ئەگەر هەرکەسێکی بەدڵ نەبێت ناتوانێت بگاتە ئەنجومەنی شارەزایان،

لێرەشەوە دەردەکەوێت ئەنجومەنی شارەزایان ئەو دەستەڵاتەی نییە وەلی فەقیه لەکارخات»[٤٦]، بەهەشتی لە کتێبەکەیدا (مبانی قانون اساسی) هەمان ڕوونکردنەوەی هێناوە: ڕابەریان ئەندامانی شورای ڕابەری وەك تەواوی خەڵکی وڵات بەرامبەریاسا یەکسانن. لە ئەسڵی ١١٥ هاتووە کە هەرکات ڕابەریان یەکێك لە ئەندامانی شورای ڕابەری لەئەنجامدانی ئیشەکەیدا کەمی هێنا یان یەکێك لە مەرجەکانی ئەسڵی ١٠٩ تێدانەما لە پۆستەکەی دوردەخرێتەوە. ئەم ئەرکەش لەلایەن لیژنەی شارەزایانەوە ئەنجام دەدرێت کە لە ئەسڵی ١٠٨دا هاتووە کە (شارەزایان) هەڵبژێراوی خەڵکیکن[٤٧].

هەرچەندە لە دەستورەکەدا باسکراوە. ئەمەش ئەو خاڵەیە موفتی زادە قبوڵی نەبووە، کە زۆرێك لە دەستەڵاتەکان بۆ تەشریفاتین و تەنها وەك ناو دانراون ئەگەرنا هیچ هێزێکیان نییە.

هەرلەبارەی ئایینزاوە، ئەحمەدی موفتی زادە لە ڕۆژی دوو شەممە ١٨ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٩دا نامەیەکی کراوە ئاڕاستەی خومەینی دەکات. لەنامەکەدا بەئاشکرا دژی دیاریکردنی ئایینزایەك وبە ڕەسمییەت ناساندنی ڕەخنەی توندی لێ گرتن وبیری هێنانەوە کە ئێمە لە هەموو دانیشتن وپەیام گۆڕینەوەکاندا یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکان هەمیشە ئەمە بووە کە ئەم دوو ئایینزایە نابێت جیاوازی بخریتە نێوانیانەوە. جا لە ڕێگەی پێنج خاڵەوە باس لەوەدەکات چۆن دەست لەم جوداخوازی و (ئایینزا باڵا سەیرکردنە) هەڵبگرن. لە خاڵی یەکەمدا، دەڵیت: بە ئەوانەی لە دەوروبەرتن: تێیانبگەیەنە، جیهاد بریتیە لە (لە وازلەخۆهێنان) نەك وەرگرتنی پۆست و ئیمتیازات. خاڵی دووەمی دەڵیت: هیچ جێگەی شانازی نییە هەڵگرتنی ناوی شیعەو سوننە. ئیسلام ناوێکە خودا هەڵیبژاردووە و شیعەو سوننە بوون ئێمە دروستمان کردووە، بۆیە ئەگەرناوێك جێگەی شانازی بێت ئەوە ئیسلامە کە ناوی خودایە.لە خاڵی سێیەمدا ئاماژە دەکات بەو هەڵە مێژوویەی لە سەردەمی (ئومەویی)ەکانەوە دەستی پێکرد بە دەسەڵات گرتنە دەست و دوورکەوتنەوە لە شورا و پاشان دوبارە بوونەوەی لە ئێرانی سەردەمی (صەفەوی)دا ئەو هەموو کوشتارە ناڕەوایە لە جیاکاریی ئایینزاییدا دەردەکەوت. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە ئەمە تێپەڕێنین و بەرەو یەکیەتی ئایینزایی هەنگاو بنێین. چوارەم خاڵی باسی مەترسی ئەم دەرگای ئاشوبە دەکات لەسەرئاسایشی کۆمەڵایەتیی گەلانی ئێران بەوەی کە لەم کاتە هەستیارەدا دوژمنانی ناوخۆو دەرەوە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان شۆڕشەکە بەلاڕێدا بەرن و نفوز بکەن، جا ئێستا کە باسی ئایینزایی ئاوا زەق بکرێتەوە کاریگەری خراپی دەبێت لە ڕەوشەکە. لە خاڵیکی دیکەدا دەچێتە نێو باسی پەیوەندیی نیودەوڵەتییەوە. ئەو بڕوای وابوو کێشەی ئایینزا تەنها پەیوەندییە ناوخۆکانی ئێران تووشی قەیران ناکات، بەڵکو کاریگەری لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت، لەبەرئەوەی کاتێك تۆ ئایینزایەکی شیعە بە ڕەسمی دەناسی لە دەوڵەتەکانی دیکەدا یان شیعە نییە یان ئەگەر هەشبن کەمن، بەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی موسڵمانان لەناو دەوڵەتەکانی دیکەدا خراپ بکەیت و تا ئەندازەی بەرەوبەربوونە گیانی یەکتری وبراکوژیان ببەیت. دەڵێت: «وازهێنان لەم ئیمتیازە، سەرمەشقێکە بۆ بەجێگەیاندن و پەیوەستبوونی برایانەی موسڵمانان لە هەموو شوێنێك و شانازییەکە مێژوو بە ناوی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە تۆماری دەکات و پاداشتەکەی لەوە زیاترە کە حسابی بۆ دەکرێت»[٤٨]. لە کۆتاییدا

دەنووسێت»ئومێدەوارم کە ئەم ڕاستیە بەو کەمینە لە شیعەیدەوروبەرت بگەیەنیت تاوەکو ئەهلییەتی خۆت لە بەرامبەرخواوە بەباشترین شێوە بە کۆتا بگەیەنیت»[49]. هەروەها ئاماژەش بەوە دەکات: کەسێك کە دەچێتە ژێرباری ئەم بەرپرسیارییەتییەوە دەبێت بەهێزو بێباك و لەوانەبێت لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسن. ئەگەرئەم جیاکاری ئایینزایە کەنارنەخرێت جگە لەوەی لە ناوخۆو دەرەوەی ئێرانیش قابیلی قبوڵ نییە، ئەوا هەرچییەکیش ڕووبدات بەرپرسیارییەتیەکەی لە ئەستۆی ئەوانەیە کە ئەم تەفرەقەو جیاکارییە قبوڵ دەکەن. هەروەها موفتی زادە لە یەکەم دیدارو دانیشتنی خۆی و خومەینی دەکات لە(قوتابخانەی عەلەوی) کە چوار ڕۆژ پێش سەرکەوتنی شۆڕش ئەنجامدراوە لەسەر یەکسانی شیعەو سوننەو لابردن و نەمانی جیاکاریی ئایینزایی بەڵێنی لە خومەینی وەرگرتووە[50].

ئەوەش باسبکرێت لەبابەتی مەزهەب و پێگەی ڕۆحانییەت لەناو دەستوردار ئایەتوڵا مونتەزری دەستی باڵای هەبووە، ئەو یەکەم کەس بووەڕەخنەی لەڕەشنووسی گرتووە لە لیژنەی شارەزایاندا «ئەم دەستوورە کێشەی هەیە، چونکە خەڵکی بۆ پیاوانی ئاینی شیعە وویلایەتی فەقیە شۆڕشیانکرد، بەڵام لەم یاسایەدا هیچ ناوێکی رۆحانییەت نییە»[51]. ئەم بۆچوونە دەنگدانەوەیەکی خراپی لەناو ڕۆشنفکرادا هەبوو، ئەمەشە وادەکات موفتی زادە زیاتر بترسێنێت، جگەلەوەش مونتەزری لە دوو وتارلە ڕۆژەکانی (٢٣/٦ و ١٩٧٩/٧/٩) دەنووسێت و دواتر دەرکەوت لەم وتارانە بە جۆریك لە جۆرەکان وەڵامێك بووە بۆ نامەکراوەکەی ئەحمەدی موفتی زادە بۆ خومەینی، چونکە کە ناوەرۆکی وتارەکان دەخوێنیتەوە تێدەگەی کە مونتەزریڕوو دەکاتە برادەرانی سوننەو وەڵامیان دەداتەوە: بەڵێ دەبێت ئایینزا دیاری بکریت و ئەویش جەعفەری بێت، چونکە جەعفەری ئایینزای زۆرینەی ئێرانە. هەر لەو وتارەشدایە دەپرسێت: ئەوە بۆچی وڵاتانی وەك میسر، عەرەبستانی سعودییە، یەمەن، عومان، پاکستان، مەراکیش و ئەندۆنوسیا هەموویان بە پێی زۆرینە شوێنکەوتوانی ئایینزای فەرمی وڵاتیان دیاری کردووە کیشە نییە، بەڵام کە باس دەگاتە سەرئێران دونیا کاول دەبێت و هەموو بەردەبنە گیانی یەك؟ دیارەئەمەی لە وەڵامی ئەوەدا نووسیوە کە موفتی زادە دەڵێت: کاتێك ئێوە جەعفەری بە ئایینزای فەرمی بناسێنن ئەمە دەبێتە هۆی لە وڵاتانی دیکە کە شیعە کەمینەیە کێشە دروست بێت و تا براکوژیش بڕوات. هەروەها وەڵامی ئەوەش دەنووسێت کە شیعە و سوننە دروستکراوی خۆمان نین، بە تایبەت شیعە کە حەدیسی پیغەمبەر(درووودی خوای لەسەربێت) ئاماژەی بۆکراوە، ئەسڵی شیعە لەوێوە هاتووە، ئەمەش وەك وەڵامێك بۆموفتزا دەدە کەوتووتی شیعە و سوننە دروستکراوی خۆمانن.

کۆتا هەوڵی موفتی زادە بۆ ڕێگری کردن لە چەسپاندنی دەستوری بریتییە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ خومەینی لە (١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩)دا. ئەم دیدارە لە شاری (قم) بە هاوسەفەریی سەعدی قورەیشی و مەولەوی عەبدولعەزیز ملازادەو نزیکەی بیست کەس لە زانایانی سوننە ئەنجامدراوە. لە بارەی ئەم دانیشتنەوە موفتی زادە نووسینی هەیە، تێیدا وردەکاری دانیشتنەکە خراوەتە ڕوو. سەرەتا موفتی زادە بەوە دەستپێدەکات کە لە نووسینەوەی و ئەصلی دوانزەدا بەو شێوە ناشۆڕشیەی و جوداخوازی کاری خۆیان کردو شیعە وەك مەزهەب کرایە ئایینزای دەوڵەت. «دەزانم بە درێژایی مێژوو ئەوەی لەو دەوڵەتانەی

بە ناوی ئیسلامەوە خۆیان ڕاگەیاندووەو عەزیەت و ئازاری برادەرانی شیعەیان داوە، و برادەیانی شیعەش هەموو ئەوانەیان لەسەر سوننە حسابکردووە». «بەڵام دەبێت حسابی حکومەتی فعلی لە حسابی هەموو حکومەتەکانی دیکە جیابکرێتەوە. لە سەرەتاوە دەبێت فکرەکان، ئەخلاقەکان، و میتۆدەکان هەمووی شۆڕشی و ئیسلامی بن، گرنگترین هەنگاوی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەم حکومەتە دەبێت ئەوە بێت کە کۆتایی بێنێت بە ئاڕاستەی دژە ئیسلامی لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە تاوەکو ئێستا، و خیانەتی سەرەکیی ئەم ڕژێمانە بریتی بوو لە بەرپاکردنی جوداخوازی و ڕق و کینە لە نێوان موسڵماناندا ... لەبەرئەمە ئەرکی ئەم حکومەتە کۆتایی هێنانە بەم جوداخوازی ڕق و کینەو پەڕاگەندەبوونانە و تەنها لەم کاتەدایە دەکرێت کە ئەم حکومەتە بە ناوی حکومەتی ئینقلابی ئیسلامی بناسرێت"[٥٢].

لەم دانیشتەدا موفتی زادە زۆر بەتوندی قسە دەکات، دەڵێت» توڕەییەکەم بە ئەندازەیەك توند بوو کە بە دەستەواژەی توندو ڕەق قسەم کردو بڕیاری کەنارگیریم (لە کاری سیاسی و هاوکاری شۆڕش) ڕاگەیاند. هەرئەم توڕەییە توندەی من بوویە هۆی ئەوەی کە ئیمام بە سەراحەت وڕاستگۆیانە بیروباوەڕو حەسرەتگەلێك بەدەست ئەم قودرەت پەرستی عەمامە پۆشی دین فرۆشانەوە کە لە دڵیدایە بهێنیتە سەرزمانی، هەتا ناتوانایی وترسی قووڵی خۆی ئاشکرا کرد لەوەی بتوانێت پێچەوانەی ئارەزووەکانی ئەوانە دەستپێشخەرییەك بکات. خومەینی دەڵێت»من بە یەکسانی مافی ئەهلی سوننەو شیعە هاوڕام، بەڵام مەرجەع وزانایان بە داواکارییەکانی ئێوە موافیق نین، لە وەڵامدا موفتی زادە بە خومەینی دەڵێت «بە ئومێدی ئەوەی دەرهاویشتەی شۆڕش حکومەتی ئیسلامییە بۆیە هاوکاری شۆڕشم کرد، بەڵام ئێستا تێگەیشتم ئەوەی جێگیربووە حکومەتی شیعە یە، ئەویش لە جۆری دواکەوتوویەکەی، من ئیترئەم حکومەتە بە ئیسلامی ناناسم»[٥٣]. دانیشتنەکە بەردەوام دەبێت تادەگاتە ئەوەی ئەحمەد موفتی زادە دەپرسێت «گومانم دەکرد پەیوەندیت نییە لەگەڵ ئاخوندە کۆنەپەرستەکاندا، خەڵکی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی شۆڕشیانکرد نەك بۆ زیندوکردنەوەی سیستەمی صەفەوی، چۆنە تا ئەم ئەندازەیە کەمت هێنان؟! خومەینی لەوەڵامدا دەڵێت «مەرجەعە تەقلیدییەکانی وەك ئایەتوڵا شەرعەتمەداری و...، ڕێگرن و ناهێڵن کاربەو بەڵێنانە بکرێت کە دراون* "[٥٤].

دوای ئەم دانیشتنە دەستەیەك لە ئەهلی سوننە دەچنە لای (کازم شریعتمداری) کە ئەویش یەکێکە لە مەرجەعەکانی شیعەو لەو بارەیەوە لەگەڵی قسە دەکەن ئەویش هەمان قسەی خومەینی دەکات «من بە یەکسانی تەواوی مافی شیعەو سوننە لە دا هاوڕام، هەڵبەتە کارێك لە دەستی من نایەت»، بەمشێوەیە موفتی زادە و نوێنەرانی سوننە لەدەرگای شیعەدا بێ ئومێد دەکرێت. هەربۆیە دوای ئەم دیدارانە ئەحمەد موفتی زادە دەگەڕێتەوە لە (حسینیە ئیرشاد) وتارە مێژووییەکەی دەدات، لەوێدا بەتوندی ڕەخنەدەگرێت بەجۆرێك گوێگران توڕە دەکات بەپەلە موفتی زادە حوسەینییە بەجێدەهێڵێت:

لە دوای هاتنەکەناری ئەحمەد، نوێنەران وزانایانی ئەهلی سوننە لە سیستان و بلوجستان بەردەوام

دەبن لەوەی کێشەی سوننە لە ئێران چارەسەربکەن. لەگەڵ ئەوەی دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆرو دیداری بەردەوام (ئایەتوڵا خومەینی)بەڵێنی ئەوە دەدات کە چاکسازی لە مادەی ژمارە ١٢ی دا بکات! موحسین دەڵێت «ئەگەرئەم بەڵێنەی خومەینی بچوایەتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەوکاتە کەنارگیری موفتی زادەو بەردەوام نەبوون لە هەوڵەکانی دەکەوتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ئەو بەڵێنەش جێ بەجێ نەکرا...!

بەمشێوەیە کۆتا ئومێدی کورد و بەتایبەت سوننە بەرەو کەنار دێتەوە، لە بەیاننامەکەی (٢٩/٩/٧٩) دا نووسیویەتی «ئێستا ئەو بەرز فرینانەی (شۆڕشی ئێران، ئیسلام زیندوو بکاتەوەو بە ئازادکردنی ئەوانی دیکەش بگات) ئیتر بووەتە خەو و خەیاڵ»[٥٥]. لە بەیاننامەی ڕۆژی سێ شەممەی ٩/١٠/١٩٧٩یشدا بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت «ئەفسوس! ئەفسوس کە ئەم هەوڵە بێ بەرهەم بوو... ئەم کۆتا ئومێدەش گۆڕا بە یەئس (نائومیدی). بە ئاشکرا دەبینم ئەوەی وەك ئەصڵ و مۆدیل و بنەمای ئیسلامی نووسراوە نوسخەی مەرگە، کە زۆرینەی شارەزایان یان بێ خەبەریان بێ ئاگا لە بارودۆخی کۆمەڵگە بۆ میللەت و شۆڕشی میللەتی ئێرانی دەنووسن (خودا شایدە ئەم یاسایە جگە لەمە شتێکی دیکە نیە)... کارنامەی ئینقلاب خەریکە زاتی ئینقلاب بەرەو نابووتی و وێرانی دەبات..!» هەرلەبەرئەمەشە وا بیردەکاتەوە کارکردن لەگەڵ ئەم شۆڕش و سەرانی شۆڕشدا کات کوشتن وتەمەن بەهەدەردانە، و خۆی بەدووردەگرێت لە هەردانیشتن و ڕێککەوتنێك لەگەڵ بەرپرسان و سەرانی ئینقلابدا. هەروەها دەڵێت»خوایە تۆ شاید بە کە تا چی ئەندازەیەك خوێن و گیانی گەنجانی نیشتمان لە لام عەزیزبووە، وتا چ ئەندازەیەك هەوڵمدا کە ڕێگری بکەم لە ڕژانی خوێنی ئەم عەزیزانە، وتا چ ئەندازەیەك هەوڵمدا ئەم شۆڕشە - ئەم خوێنە بە بەهای دەیان هەزارشەهید- بە بەرهەم بگات ولەناونەچێت، وتا چ ئەندازە ئەم شۆڕشەم خۆشدەویست ولە پێناویدا بەرگەی ئەو فشارە ڕۆحی و نارەحەتیانەم گرت“.

## ئەنجام

دوای ئەو هەوڵ و ماندوو بوونە زۆرەی کورد و سوننە لەپێناو شورشێکدا کە دەستورەکەی مافەکان و ئازادییە سیاسی و کولتوریەکانیان فەراهەم بکات، بەڵام دەستور دەنووسرێتەوە و کورد لەبەرنەبوونی مافی زمان و سوننەش لەبەرنایەکسانیی ئایینزایی بۆهەمیشە لە دەستورەکە نائومێد دەبن. سەرکردە سیکۆلارە کوردەکان هەر زوو لە حوکمەتی دوای شۆڕش نائومێد دەبن و ڕایدەگەیێنن ئەوان بۆئاوا سیستەمێکی شۆڕشیان نەکردووە، بەڵام ئەحمەدی موفتی زادە وەك نوێنەری دیاری سوننەکان تا کۆتاییەکانی جێگیرکردنی دەستور تێدەکۆشێت بە ئومێدی یەکسانی نەتەوەی، ئایینزایی و کۆمەڵایەتی، چونکە نوێنەرو کەمینەیکی کەمی ناولیژنەکانی نووسینەوەی دەستورن پەیامەکانی بەهیچ شوێنێك ناگات و بێ ئاکام دەبێت، بەمجۆرەش دەستورێك دەبێتە کە تەنها زمانی فارسی بە فەرمی دەناسێنێت و جەعفەری شیعە بە ئایینزای وڵات و ویلایەتی فەقە بە سیستەمی حوکمڕانی. بەمەش لیبراڵ و سوننە دەکەونەوە کەناری دەوڵەتداری.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. Berger, Eric, 2019, Law School for Everyone: Constitutional Law, THE GREAT COURSES, United States of America, p.8.

٢. بڕوانە: عەبدوڵا سەروەت، کاک ئەحمەدی موفتی زادە، دەروازەیەک بۆ خەباتێکی نەناسێنراو، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، چاپخانەی سیما، سلێمانی، باشوری کوردستان.

٣. گفتوگۆی تۆمارکراوی دکتۆر عومەر عەبدولعەزیز و هاوڕێکانی لەگەڵ کاک ئەحمەدی موفتی زادە، کرماشان، ٢٥-٢٦/١٠/١٩٨١، تراکی یەک.

٤. بڕوانە: ١٢٨٧-١٢٦٧ : فصلنامه مطالعات حقوق عمومی، دورۀ ٥١ ، شمارۀ ٣، پایزی ١٤٠٠.

٥. بڕوانە: د. كديور، محسين: جفاي جمهوري اسلامي بة احمد مفتي زادة، متفكران نوانديش و مبارز كرد اهل سنت، ١٩ ارديبهشت ١٣٩٧ ، مقلة منتشر شدة اونلاين: https://kadivar.com/١٦٤٨٦/. ص٢٣.

٦. بڕوانە: پرووبهووبێر، کارۆل، ٢٠٠٩، خولیا و مەرگی قاسملۆی کورد، وە. فەتاح کاویان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەلێر، باشوری کوردستان، لا٨٣.

٧. بڕوانە: پرووبهووبێر، کارۆل، ٢٠٠٩، خولیا و مەرگی قاسملۆی کورد، وە. فەتاح کاویان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەلێر، باشوری کوردستان، لا٦٥.

٨. بڕوانە: بني صدر، ابولحسن، ١٣٦٠، خيانت به اميد، ناشر https://enghelabe-eslami.com/pdf/Banisadr-Khiyanat-be-Omid.pdf

٩. منظمي، علي، ١٣٩٢، انديشةهاي قاسملو دربارة دمكراسي براي ايران كثيرالملة، مترجم، كيهان يوسفي، ناشر، اتحاديةي دانشجويان دمكرات كردستان ايران، اربيل، ص٤٣

١٠. بڕوانە: پرووبهووبێر، کارۆل، ٢٠٠٩، خولیا و مەرگی قاسملۆی کورد، وە. فەتاح کاویان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەلێر، باشوری کوردستان، لا٨٦.

١١. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٨٦

١٢. بڕوانە: پرووبهووبێر، کارۆل، ٢٠٠٩، خولیاومەرگی قاسملۆی کورد، وە. فەتاح کاویان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەلێر، باشوری کوردستان، لا٨٣.

١٣. مهرپور، حسین، ، دادگاه حفاظ قانون اساسی شورای نگهبان قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، متن مقاله ارائه شده به کنفرانس بین المللی قصات دادگاها استیناف درکوالالامپور – مالیزیا، ٣١ فروردین – ٤ اردیبهشت ١٣٦٦، حق (مطلعات حقوقی و قچایی) بهار١٣٦٦ شماره ٩، ێ١١٦-١١٧.

١٤. بهشتي سرشت، محسن. صابر، حسن، تاريخضة تدوين قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامة ذرفاثذوة، سال دوم، شماره ٢ و٣، زمستان و بهار١٣٩٣-٩٤ص٣٧.

١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٧. بهشتي سرشت، محسن. صابر، حسن، تاريخضة تدوين قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامة ذرفاثذوة، سال دوم، شماره ٢ و٣، زمستان و بهار١٣٩٣-٩٤ص٤٠.

١٨. بهشتي، دكترسيد محمد حسني، ١٣٩٠، مباني نظري قانون اساسي، بنياد نشر اثارو انديشه دكترسيد محمد حسيني بهشتي، ايران، ص٢٩

١٩. بڕوانە: بهشتي، دكترسيد محمد حسني، ١٣٩٠، مباني نظري قانون اساسي، بنياد نشر اثارو انديشه دكترسيد محمد حسيني بهشتي، ايران.

٢٠. جعفري، محمد، ١٣٩٣، طروطان طيري و جانشينان انقلاب، ضاث دوم، نشر ئونلاين، https://enghelabe-eslami.com/pdf/Banisadr-Khiyanat-be-Omid.pdf

٢١. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٢. بڕوانە: بهشتي سرشت، محسن. صابر، حسن، تاريخضة تدوين قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامە ژرفاپژوة، سال دوم، شماره ٢ و٣، زمستان و بهار١٣٩٣-٩٤، ص٤٧-٥٠.
٢٣. هوشنگي، حميد: برداشتهاي سياسي و اجرايي از اصل ١٥ قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامە متالعات ملي، ٨٤، سال بيست و يكم، شماره ٤، زمستان ١٣٩٩، ص ١٠.
٢٤ * هەرلە بارەی کۆتا دیداری ئەحمەدی موفتی زادەو نوێنەرانی ئەهلی سوننی لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی لە قوم ڕووداوێک ڕوودەدات کە بەم شێوەیەیە: پێش دیدارەکە ئەحمەد داوا لە عبدالعزیزدەکات لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێکەوتنێک لەگەڵ خومەینی لە بارەی یەکسانی مافی سوننەو شیعە لە دەستووردا ئەوا دەبێت ئەویش لە نوێنەرایەتی ئەهلی سوننە لە (لیژنەی شارەزایان) وازبهێنیت، سەعدی قورەیشی دەڵێت»قەراری کاک ئەحمەد لەگەڵ عبدالعزیز ئەمە بووە: کە ئێمە بۆ ئیتمام حوجەت لە بارەی مافی ئەهلی سوننە لەدەستوور (قانون اساسی)ی دیدار لەگەڵ ئاغای خومەینی ساز دەکەین، ئەگەر ئەوان(یەکسانی لە مافی شیعەو سوونەدا)قبوڵیان نەکرد تۆوازلە لە ئەنجومەنی شارەزایان دەهێنیتو (تەرکی )دەکەیت» هەر لەم سەروبەندەدایە پرسی دەرچوون و وازهێنانی مەولەوی عبدالعزیز لە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی شارەزایان لە نێوانئیمام خومەینی و ئەحمەد خومەینیی کوڕیدا دروست دەبێت، بە شایەتی سەعیدی قورەیشی ئەحمەد خومەینی بە باوکی دەڵێت «عبدالعزیزبە نیازە ئەنجومەن جێبهێڵیت»، خومەینی لەوەڵامدا دەڵێت «نا بەجێی ناهێڵێت»، کوڕەکەی خومەینی درێژەی پێدەدات و دەڵێت «مەبەستی ئەوان جددییە»، باوکی بە توندی وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت»کاری ئاوا ناکات! عزەدین لە کوردستان خوێنڕێژی کرد، مەولەوی لە بلوجستان خوێنڕێژی ناکات. مەولەوی لەم وەڵامە توندەی ئیمام خومەینی بۆنی تەهدیدکردنی کردووە، بۆیە تەنها یەک ڕستە دەڵێت، ئەویش «ئەمری ئێوە موگاعە»[واتە گوێڕایەڵی داواکارییەکەی ئێوەم و جێیناهێڵم] و تەسلیمی بارودۆخەکە دەبێت و لەناو ئەنجومەنی شارەزایاندا دەمێنیتەوە. جا دوای دیدارەکە کاک ئەحمەدی موفتی زادە پرسیارلە مەولەوی دەکات کە بۆچی لەپای وەعدەکەی نەوەستاو وازی لە ئەنجومەنی شارەزایان نەهینا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش مەولەوی تەنها یەک ڕستە دەڵێت: «من ناتوانم وەک ئێوە ڕووبەڕوو ببمەوە».. بڕوانە: سەروەت عەبدوڵا، ٢٠٢٢، ئەحمەدی موفتی زادە سەرکردەیەکی کاریزما و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
بڕوانە: سەروەت عەبدوڵا، ٢٠٢٢، ئەحمەدی موفتی زادە سەرکردەیەکی کاریزما و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
٢٥. بڕوانە: د. کدیور، محسین: جفاي جمهوري اسلامي بة احمد مفتي زادة، متفكران نوانديش و مبارز كرد اهل سنت، ١٩ ارديبهشت ١٣٩٧، مقلة منتشر شدة اونلاين: https://kadivar.com/16486/.
٢٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٤١.
٢٧. بني صدر، ابولحسن، ١٣٦٠، خيانت بة اميد، ناشر-https://enghelabe-eslami.com/pdf/Banisadr-Khiyanat-be-Omid.pdf، س١٩٧.
٢٨. منظمي، علي، ١٣٩٢، انديشةهاي دكترقاسملو دربارة ديمكراسي براي ايران كثير المللة، مترجم، كيهان يوسفي، ناشر، اتحادية دانشجويان دمكرات كردستان ايران، اربيل.
٢٩. بڕوانە: بهشتي، دكترسيد محمد حسني، ١٣٩٠، مباني نظري قانون اساسي، بنياد نشر اثار و انديشە دكترسيد محمد حسيني بهشتي، ايران، ص١٠٩.
٣٠. بڕوانە: گل محمدي، احمد، ١٣٩١، جهاني شدن فرهنگ، هويت، چاپ ٥، چاپ اكسير، تهران، ايران، ص٢٢٣.
٣١. بڕوانە: اصل ١٥ فانون اساسي، پژوشكده شوراى نگهبان،
https://ccri.ac.ir/fa/news/1602/%D8%A7%D8%B5%D9%84-15-%D9%82%D8%A7%D9%86%D9%88%D9%86-%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D8%B3%DB%8C
٣٢. هوشنگي، حميد: برداشتهاي سياسي و اجرايي از اصل ١٥ قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامة متالعات ملي، ٨٤، سال بيست و يكم، شماره ٤، زمستان ١٣٩٩، ص ١٢.
٣٣.هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢.
34. Mofidi, Sabah, Religion and Politics in Eastern Kurdistan (With a Focus on Maktab Qur'an During Iranian Revolution, 1979), published online July 4, 2015, https://www.ccsenet.org/journal/index.php/jpl/article/view/50787

٣٥. بڕوانە: عەبدوڵا، سەروەت، ٢٠٢٢، ئەحمەدی موفتی زادە سەرکردەیەکی کاریزما و قوتابخانەکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی
٣٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣٧. بڕوانە: گل محمدی، احمد، ١٣٩١، جهاني شدن فرهنگ، هويت، چاپ ٥، چاپ اكسير، تهران، ايران، ص٢٤٤.
٣٨. بڕوانە: هوشنگی، حمید: برداشتهاي سياسي و اجرايي از اصل ١٥ قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامة متالعات ملي، ٨٤، سال بيست و يكم، شماره ٤، زمستان ١٣٩٩، ص ١١.
٣٩. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پەرتووکی: کاک ئەحمەدی موفتی زادە، دەروازەیەک بۆ خەباتێکی نەناشێنراو، سەروەت عەبدوڵا، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، چاپخانەی سیما، سلێمانی، کوردستانی باشور.
40. Yaldiz, Karim and Taysi, Tanyel B., 2007, The Kurds in Iran The past, Present and Future, First Publish, Pluto Press, London. P31.
٤١. بڕوانە: د. کدیور، محسین: جفاي جمهوري اسلامي به احمد مفتي زاده، متفكران نوانديش و مبارز كرد اهل سنت، ١٩ ارديبهشت ١٣٩٧، مقله منتشر شده اونلاين: https://kadivar.com/16486/.
٤٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤٣. بڕوانە: نگاهی گزر به زندگی و مبارزات علامه احمد مفتی زاده، تهیه و تنقیم جمعی از دانشجویان اهل سنت.
٤٤. موفتی زادە، ئەحمەد، چاوپێکەوتنی تۆکراو دەربارەی: اوچاع ایران و کردستان بعد از انقلاب ایران به ێورت سئوال و پاسخ، نوار شمار ٢٢٩، زبان، فارسی، www.chera٢chera.blogfa.com.
٤٥. گل افشان، محمدمهدي باباپور، مباني كلامي قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامه علمي – پژوهشي مطالعات انقلابي اسلامي، سال نهم، زمستان ١٣٩١، شماره ٣١ ،ص١٧٦
٤٦. منظمي، على، ١٣٩٢، انديشههاي دكتر قاسملو دربارة ديمكراسي براي ايران كثير الملله، مترجم، كيهان يوسفي، ناشر، اتحاديه دانشجويان دمكرات كردستان ايران، اربيل، ص٥١.
٤٧. بهشتي، دكتر سيد محمد حسني، ١٣٩٠، مباني نظرى قانون اساسى، بنياد نشر اثار و انديشه دكتر سيد محمد حسيني بهشتى، ايران، ص٤٩.
٤٨. بڕوانە: د. کدیور، محسین: جفاى جمهورى اسلامى به احمد مفتي زاده، متفكران نوانديش و مبارز كرد اهل سنت، ١٩ ارديبهشت ١٣٩٧، مقله منتشر شده اونلاين: https://kadivar.com/16486/.
٤٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٥٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٥١. بهشتى سرشت، محسن. صابر، حسن، تاريخضه تدوين قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامه ذرفاپژوة، سال دوم، شماره ٢ و٣، زمستان و بهار ١٣٩٣-٩٤، ص٤٨.
٥٢. بڕوانە: عەبدوڵا، سەروەت، ٢٠٢٢، ئەحمەدی موفتی زادە سەرکردەیەکی کاریزما و قوتابخانەیکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، باشوری کوردستان.
٥٣. بڕوانە: د. کدیور، محسین: جفاى جمهورى اسلامى به احمد مفتي زاده، متفكران نوانديش و مبارز كرد اهل سنت، ١٩ ارديبهشت ١٣٩٧، مقله منتشر شده اونلاين: https://kadivar.com/16486/.
٥٤ * دوای ئەم کۆبوونەوەی لەگەڵ خومەینی، موفتی زادە کۆبوونەوەیەکی دەبێت لەگەڵ شەریعەتمەداری، لەوێدا ڕاستەوخۆی لە شەریعەتمەداری دەپرسیت «ئایا تۆ ڕێگر و بەرد دەخەیتە سەر ڕێگە؟» لە وەڵامدا ئایەتوڵا شەریعەتمەداری دەڵێت: «نەخێر! بەهیچ شێوەیەک ئەم قسەیە ڕاستی تێدانییە» (نگاهی گزر به زندگی و مبارزات علامه احمد مفتی زاده، تهیه و تنظیم جمعی از دانشجویان اهل سنت، ل٨). دوای ئەم دانیشتنە کاک ئەحمەد دەچێتە (حوسەینییەی ئیرشاد) لەتاران و وتارە دوو کاتژمێرییەکەی پێشکەش دەکات.
٥٥. د. کدیور، محسین: جفاى جمهورى اسلامى به احمد مفتى زاده، متفكران نوانديش و مبارز كرد اهل سنت، ١٩ ارديبهشت ١٣٩٧، مقله منتشر شده اونلاين: https://kadivar.com/16486/، ل ٤٧.) بەیاننامەی ژمارە (٨٦)ی ١٩٧٩/١٠/٩.



# شۆڕشی سپی و
## بەرهەڵستیی پیاوانی ئایینیی

توێژەر: یاسین عزەم



## بەرایی

لە كۆتایی پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی بیری لەوە كردەوە كۆمەڵێك چاكسازی لە بوارەكانی كۆمەڵایەتی و ئابووری ئەنجام بدات، بۆ ئەو مەبەستە سەرۆك وەزیران و وەزیری كشتوكاڵی وڵاتەكەی ڕاسپارد بنەما سەرەكییەكانی پرۆژەكە ئامادە بكەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە دەنگی لەسەربدرێت، پرۆژەكە لە كۆتاییەكانی ساڵی ١٩٥٩ ئامادەكرا و بڕیاردرا بنێردرێت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام بەهۆكاری دژایەتی پیاوانی ئایینیی و ئەو خاوەن موڵكانەی كە زەرەرمەندی پرۆژە بڕیارەكە بوون، پرۆژەكە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بوویەوە، تەنانەت كارگەشتە ئەوەی كە خەریك بوو لە ڕێگەی خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفراوان پرۆژەكە پەك بخەن، بەڵام شای ئێران سووربوو لەسەرپرۆژە بڕیارەكە و ئەوەی دووپات كردەوە كە لەئەگەری شكستی پرۆژەكە ئەوا ئەو لەسەر دەسەڵات نامێنێت. پیاوانی ئایینی لە هەموو توێژەكانی دیكە زیاتر دژایەتی پرۆژەكەیان كرد، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی هەڵوێستی پیاوانی ئایینییە سەبارەت بە پرۆژە بڕیارەكانی شۆڕشی سپی.

## شۆڕشی سپی و بنەماكانی

لە ڕۆژی ٢٦ی كانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ دەنگدانی گشتی لەسەرپرۆژە بڕیاری شۆڕشی سپی (انقلاب سفید) ئەنجامدرا، ئەوە بۆ یەكەمین جاربوو ڕێگە درا بە ژنان شانبەشانی پیاوان بەشداری لەو دەنگدانە گشتییەدا بكەن، بەپێی ئامارە فەرمییەكان زیاتر لە شەش ملیۆن كەس بەشدارییان كردووە و ٨٩٪ی بەشداربووان بە ئەرێنی دەنگیان بە شەش بنەما گشتییەكەی شۆڕشی سپی دا.

ڕێژەی بەشداریكردن نزیكەی ٤١٪ بووە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە زۆرینەی كۆمەڵگەی ئێران لە گوندەكاندا دەژیان و دەستڕاگەیشتن بە هەندێک ناوچە ئەستەم بوو، ژمارەیەكی كەم نییە بۆ ئەو قۆناغە. (١)

**ئەو شەش بنەما سەرەكییەی كە خرایە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بكەوێتە بواری جێبەجێكردنەوە بریتیبوون لە:**

**بنەمای یەكەم - چاكسازی كشتوكاڵی و هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی ئاغا و دەست وپێوەن (دەرەبەگایەتی)**

گۆڕانكاری بنەڕەتی لە بڕوشێوازی خاوەندارێتی زەوی بەتایبەت زەوییە كشتوكاڵییەكان ولەوەڕگەكان، بە مەبەستی زیادكردنی بەرهەمی گشتی كۆمەڵگە. خاوەندارێتی زەوییە كشتوكاڵییەكان لە دەستی دەرەبەگ یان خاوەن زەوییە گەورەكانەوە گۆڕدرا بۆ خاوەندارێتی بچووک و دابەشكردنەوەی زەوی بەسەر جووتیاراندا. لە كاتی دابەشكردنی زەویدا نەک هەرجووتیارەكان دەبوون بە خاوەنی ئەوزەوییانەی كە كاریان لەسەردەكرد، بەڵكو لە هەرگوندێكدا كە دابەشكردنەكەی تێدا ئەنجامدەدرا، كۆمپانیایەكی هاوبەش دادەمەزرێت بۆ هەڵكەندنی بیری قووڵ و دابینكردنی ئاو و تۆو و پێداویستییەكانی دیكەی جووتیاران.

### بنەمای دووەم - بە نیشتمانیکردنی دارستان و لەوەڕگە

دارستانەکانی ئێران کە ناویان لێنرابوو کانگای زێڕی سەوز و لەوەڕگەکانی ئەو وڵاتە بە نیشتیمانی کران و لەگەڵ ئەمەشدا نزیکەی ١٢٠ ملیۆن هێکتار لە دارستان و لەوەڕگەی ئەو وڵاتە بۆ بەکارهێنانی نیشتمانی بۆ حکومەت دابینکرا. هەربە پێی پرۆژە بڕیارەکە دارستانی دەستکرد لە ڕووبەری نزیکەی ٢٨ هەزار هێکتار بڕیاری دروستکردنی لێدرا. زیاترلە ٥٠٠٠ هێکتار شوێنی سەوزایی لە دەوروبەری شارە گەورەکان لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە

### بنەمای سێیەم - فرۆشتنی پشکی کارگەکانی دەوڵەت وەک پاڵپشتییەک بۆ چاکسازی لە زەویدا

بەمەبەستی دابینکردنی سەرمایەی پێویست بۆ کڕینی موڵکی خاوەنماڵەکان و دابینکردنی زەوییە کڕدراوەکان بۆ جووتیاران، ئەم پرەنسیپە وەک بنەمای سێیەمی شۆڕش پێشنیارکرا، بەجۆرێک لەڕێگەی داهاتی فرۆشتنی پشکەکانی دەوڵەتەوە -کارگەکانی خاوەندارێتی، بەرنامەی چاکسازیی کشتوکاڵی دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت.لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپە، جگە لە پیشەسازییە نیشتیمانییەکانی وەک هێڵی ئاسن، کارەبا، دروستکردنی چەک و هتد، کە لە ژێر خاوەندارێتی حکومەتدا مایەوە، ٥٥ کارگەی شەکر، نیسک، قوماش، دار، چیمەنتۆ، خۆراک، پەتاتە، ئاوریشم و هتد، کە دەدرا بە کۆمپانیاکان هەندێک پشکیان گەڕاندەوە و کۆمپانیای پشکی هاوبەشی کارگەکانی ئێرانیان پێکهێنا، کە پشکەکانی لەلایەن بانکی کشتوکاڵییەوە فرۆشرا. ئەم کارە وایکرد هەموو خەڵکی خاوەن داهاتی مامناوەند و کەم بتوانن بیکڕن و بەشێکی زۆری کارگەکانی دەوڵەتی بە خەڵک فرۆشران.

### بنەمای چوارەم – پشکدارکردنی بەشداریپێکردنی کرێکاران لە قازانجی کارگەکاندا

لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە، کرێکاران و خاوەنکارەکان لە ڕێگەی سەندیکاکانیانەوە لە قازانجی یەکە پیشەسازییەکان، بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنی بەکۆمەڵی کرێکاران، بەبێ دەستێوەردانی حکومەت، هاوبەشن. جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە دەبووە هۆی ئەوەی کرێکاران مامەڵە لەگەڵ شوێنی کاروەک ماڵ و ئامێرە پیشەسازییەکانیان وەک منداڵی خۆیان بە نرخ بزانن و هانیان دەدات بۆکارکردن و هەوڵی زیاتر و بڕی بەرهەمی نیشتمانی بە کوالیتی بەرزتر زیاد دەکات.

### بنەمای پێنجەم - هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئێران بە مەبەستی پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان و یەکسانکردنی مافی سیاسی لەگەڵ پیاوان

بەپێی ماددەی ١٠ی یاسای هەڵبژاردنی پێش هاتنە سەردەسەڵاتی دەوڵەتی پەهلەوی، ژنان لە هەر مافێکی سیاسی بێبەش دەکران. بنەمای پێنجەم هەڵگری زنجیرەیەک چاکسازی بوو کە بە ئازادی ژنانی ئێرانی ناسرا دوای ئەوە لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣دا، یاسای هەڵبژاردن گۆڕانکاری بەسەردا هات و یەکێک لە دەستکەوتەکانی بەشداریکردنی ژنان بوو لە هەڵبژاردنەکاندا بە مەرجی یاسایی یەکسان لەگەڵ پیاوان. ژنانیش وەک پیاوان بۆ یەکەمجار توانیان ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و مافی دەنگدان و هەڵبژاردنیان بەدەستهێنا.

## بنەمای شەشەم - دروستکردنی سوپای زانست بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی یاسای فێرکردنی گشتی و ناچاری

بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە گوندەکاندا، سوپای زانست (سپاه دانش) لەلایەن محەمەد ڕەزا شا لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ پێشنیارکرا و دامەزرا، لە ساڵی ١٩٦٤ لە ژێر سەرۆکایەتی ئەسەدوڵڵا عەلەم، دەستی بە کارەکانی کرد. لەو سەردەمەدا ژمارەی دانیشتووانی ئێران ٢٢ ملیۆن کەس بووە، کە ٧٥٪یان لە گوندەکاندا دەژیان و زۆربەیان نەخوێندەوار بوون. جگە لەوەش پێداویستییەکانی خوێندن بە شێوەیەکی نایەکسان لە نێوان شار و گوندەکاندا دابەش کرابوو، بەجۆرێک کە ٢٤٪ی مامۆستایان لە گوندەکان و ٧٦٪ لە شارەکان وانەیان دەگوتەوە، لە دۆخێکی وەهادا پێکهێنانی سوپای زانست وەك چارەسەرێک دەبینرا. بەپێی ئەم بنەمایە بڕیاردرا کە ئەو گەنجە دەرچووانەی دەیانەوێت خزمەتی سەربازی بکەن، دوای دەرچوون لە خولێکی ڕاهێنان و فێربوونی چۆنیەتی فێرکردنی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی و گەورەساڵان، ڕەوانەی گوندەکان بکرێن. (٢)

### هەڵوێستی پیاوانی ئایینی سەبارەت بە شۆڕشی سپی

ڕاگەیاندنی شۆڕشی سپی و ئەو بنەما شەش خاڵیەی کە لە خۆی گرتبوو، هۆکاربوو بۆ دروستبوونی دەنگی ناڕەزایەتی لە لایەن ئەو چین و توێژانەی کە زیانمەند دەبوون، بۆیە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو لایەنانە ببێتەوە، محەمەد ڕەزا شا بڕیاریدا شەش بنەماکەی شۆڕشی سپی بخاتە بەردەم کۆمەڵگەی ئێرانی و بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دەنگدانێکی گشتییەوە ڕای خۆیانی لەسەر بدەن.

پەیوەندی نێوان شای ئێران و دامەزراوە ئایینییەکان چووە قۆناغێکی نوێوە، چونکە بڕیاردان لە شۆڕشی سپی بەمانای ڕاگەیاندنی شەڕ دەهات لە نێوانیاندا، لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا دامەزراوە ئایینییەکان ڕاستەوخۆ دژایەتی بەرنامە چاکسازییەکەی شایان نەکرد، چونکە لەسەرەتادا پێیان وابوو زەوی وزارەکانی تایبەت بە دامەزراوە ئایینییەکان، هەربە موڵکی ئەو جێگایانە دەمێنێتەوە و ناچێتە چوارچێوەی بنەماکانی شۆڕشی سپی(٣)، بەڵام وەزیری کشتوکاڵی ئێران، حەسەن ئەرسەنجانی ڕایگەیان کە زەوییەکانی ژێر دەسەڵاتی دامەزراوە ئایینییەکانیش کە بە «وقف» ناسراون دەچنە ناو چوارچێوەی بڕیاری چاکسازی لە زەوی و زار، بە هۆکاری ئەوەی لە ڕووی شەرعییەوە ئەو زەویانە کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێن بۆیە دەکرێت بەکرێ بدرێن بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ، بەتایبەتی ئەو زەویانەی کە «وەقفی گشتین»، بەڵام ئەو زەویانەی کە «وەقفی تایبەتین» بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ بەکرێ دەدرێن. ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ڕاگەیاندنی دژایەتی لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە، چونکە بە لای پیاوانی ئایینی و دامەزراوە ئایینییەکانەوە، محەمەد ڕەزاشا لەو بڕیارەدا نیازی ئەوەیە سەرچاوەی ئابووری دامەزراوە ئایینییەکان وشك بکات.(٤)چونکە ئەو ڕووبەرە بەرفراوانە کە لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانەوە خاوەندارێتی دەکرا، فاکتەرێکی باش بوو بۆ دەستکەوتنی پارە بۆئەودامەزراوانە(٥)، لە ڕاستیدا پێگەی دامەزراوە ئایینییەکان وگەورەیی هەژموونیان بەجۆرێك لە جۆرەکان وابەستە بوو بەو موڵک و زەویانەی کە هەیانبوو، تا بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی سپی ئەو دێهاتانەی

کە لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانەوە خاوەندارێتی دەکران بە نزیکەی شەش هەزار لادێ مەزەندە دەکرا، کە ئەوەش بەمانای ئەوە دەهات دامەزاوە ئایینییەکان موڵکێکی گەورەی کشتوکاڵی وڵاتیان لە ژێر دەستدا بوو، بۆ نموونە لە کۆی ٤٧٨ لادێی ناوچەی خۆراسان، بەنزیکەی ٤٣٠ لادێیان زەویەکانیان خاوەندارێتییەکەی دەگەڕایەوە بۆ دامەزراوەی ئایینی، بۆیە ئاسایی بوو پیاوانی ئایینی دژایەتی ئەو پرۆژەیە بکەن کە لە لایەن شای ئێرانەوە بە ناوی شۆڕشی سپی ڕاگەیەندرابوو. (٦)

بۆ دامەزراوە ئایینییەکان زەحمەت بوو ڕاستەخۆ دژایەتی پرۆژە بڕیارەکە بکەن، چونکە لەوەها حاڵێکدا دەکەوتنە بەرڕەخنەی ئەوەی کە ئەوان تەنها چاویان لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانە و گرنگی بە ژیانی خەڵکی هەژار و فەقیر نادەن، جگە لەوەش ئەستەم بوو بە ئاسانی بتوانن لە ڕێگەی دژایەتی پرۆژە بڕیاری چاکسازییەوە بەتایبەتی ئەو خاڵەی کە تایبەت بوو بە چاکسازی لە دابەشکردنی زەوی و زار بتوانن بڕوا بە جوتیارەکان بهێنن، کە ئەوان مەبەستیان لە پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نییە، چونکە ئەو جوتیارانە بە درێژایی چەندین ساڵ لە ژیانێکی ناڕەحەت و بارودۆخێکی سەختدا بوون. بۆیە کاتێك پیاوانی ئایینی ویستیان ئەو ڕێگەیە تاقی بکەنەوە شکستیان هێنا، ئەوەبوو جوتیارەکانیان سەرپشککرد لە نێوان وەرگرتنی زەوییەکان و ملکەچ بوون بۆ بڕیاری ئایینی، بەڵام جوتیارەکان ئەوەی یەکەمیان هەڵبژارد، ئەوەش بەمانای گورزێکی کوشندە دەهات لە بڕیار و ڕاسپاردەی دامەزراوە ئایینییەکان،(٧) بۆیە ناچاربوون بۆ ئەوەی بتوانن، ڕووبەڕووی محەمەد ڕەزا شاو بڕیارەکانی ببنەوە، بڕیاریان لەوە کردەوە ڕێگەی نوێ هەڵبژێرن،(٨) بۆ ئەو مەبەستەش دوای ئەوەی لە ناو پرۆژە بڕیارەکە ئەوەیان تێبینی کرد، لە یەکێك لە خاڵە بنەڕەتییەکان باس لە جیاوازی نەکردن لە نێوان نێر و مێ و ڕێگەدان بە ژنان بۆ ئەوەی هاوشانی پیاوان بەشداری بکەن لە کاری سیاسی، ئیترئەوە هەلی دایە دەست پیاوانی ئایینی بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە دژایەتی خۆیان بۆ پرۆژەکەی شا دەربڕن، چونکە بە بڕوای پیاوانی ئایینی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام یەکناگرێتەوە(٩).

جگە لەوەش بەلای دامەزراوە ئایینییەکانەوە یاسای چاکسازی لە زەوی و زار و بەشدارپێکردنی کرێکارەکان لە پشکی کارگەکان، ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چونکە لەسایەی ئەو گەندەڵییەی کە لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا هەیە پرۆسەکە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بە بڕوای پیاوانی ئاینی ئەوانەی کە لە دەرباری شاوە نزیکبوون خۆیان دەستیان گرتبوو بەسەرزۆرێك لە تواناکای دەوڵەتدا، هەر خۆشیان قەرزی گەورەیان لە دەوڵەت وەردەگرت، بەو شێوەیەش دەیانتوانی دەستبگرن بەسەرتەواوی شار و ناوچەکانی دەوروبەریدا (١٠).

حکومەتی ئێران هەستی بە مەترسی نارەزایەتییەکانی دامەزراوی ئایینی دەکرد، هەربۆیە زۆربە وریایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، بۆ ئەوەی پاساو بۆ ئەو بڕیارانە بهێنێتەوە کە دەریکردبوون، محەمەد ڕەزا شا چەند جارێك ئەوەی دووپات کردەوە بڕیارەکانیان بە هیچ شێوەیەك دژایەتی ئایین ناکات، بەڵکو بەتەواوی لەگەڵ ئیسلامی ڕاستەقینەدا یەکدەگرێتەوە، بۆ ئەوەی دامەزراوەی ئایینی تورە نەکات لەسەرەتای پرۆژە

بڕیارەکەیدا، ئەو زەوییانەی کە سەربەدامەزراوەی ئایینی بوون بەهۆکاری ئەوەی لەڕووی شەرعییەوە کڕین و فرۆشتنیان پێوە نەدەکرا، بڕیاریدا بەکرێ بدرێن، ئەوەش لە پێناو ئەوەی خۆی بەدوور بگرێت لە دژایەتی بڕیارێکی شەرعی. (١١)

بە ئامانجی گەیاندی پەیامی پیاوانی ئایینیی شاری قوم، ئایەتوڵڵا کەمالوەند،(١٢) لە شاری تاران چاوی کەوت بە محەمەد ڕەزا شا، لە دیدارەکەیاندا گفتووگۆ دەربارەی شەش بەندە بنەڕەتیەکەی شۆڕشی سپی کرا، کە لە لایەن شای ئێرانەوە ڕاگەیەندرابوو، کەمالوەند بە ڕاشکاوی ناڕەزایەتی پیاوانی ئایینی دەربارەی پرۆژە بڕیاری شۆڕشی سپی گەیاندە شای ئێران و ئەوەی دووپات کردەوە، ئەو پرۆژە بڕیارە دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئایینی ئیسلام، بەڵام لە بەرامبەردا محەمەد ڕەزا شا ڕایگەیاند: «پێویستە تەواوی ئەو شەش بنەڕەتەی چاکسازی وەك خۆی جێبەجێبکرێت، دوای ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئێرانی دەنگی لەسەر دەدات، ئەگەر زەوی و ئاسمانیش بەسەریەکدا بدەن، هەرگیز پاشەکشە ناکەم لە بڕیارەکەم، چونکە ئەگەر پاشەکشە لەو بڕیارە بکەم ئەوا ناچار دەبم دەست لەکار بکێشمەوە، دوای ئەوەش ئەوانەی کە جێگەی من دەگرنەوە دڵنیاتان دەکەمەوە کە حسابی مێروولەیەك بۆ ئێوە ناکەن، مزگەوتەکان بەسەرتاندا دەڕوخێنن و بە تەواوی لەناوتان دەبەن».(١٣) ئەو پەیامەی شای ئێران بۆ ئایەتوڵڵا کەمالوەند بەمانای هەڕەشەی ڕاستەوخۆی محەمەد ڕەزا شا دەهات لە پیاوانی ئایینی. لە درێژەی گفتووگۆکانیدا ئەوەشی بە کەمالوەند ڕاگەیاند:» دەبوایە پیاوانی ئایینی شیعە خۆشەویستی پادشایان لە پیاوانی ئایینی سوونەوە وەربگرتایە، وەك دەبینین دوای هەموو نوێژێك دوعای خێر بۆ پادشاکانیان دەکەن لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی، کەچی پیاوانی ئایینی ئێمە دژایەتیمان دەکەن»، لە بەرامبەروتەکانی محەمەد ڕەزا شا، ئایەتوڵڵا کەمالوەند ڕایگەیاند». پیاوانی ئاینی سوونە کارمەندی حکومەتن، دوعاکانیان بۆلێپرسراو دەسەڵاتدارەکانیان بەشێکە لە ئەرکی ئیداریان، بەڵام پیاوانی ئایینی شیعە ڕۆژێك لە ڕۆژان کارمەندی حکومەت نەبوون، بڕیاردان لە ڕیفراندۆم بۆ هەرپرسێکی لەو شێوەیە لە دەستوری وڵاتدا نەهاتووە، بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات لەو بانگەشەیەی کە لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە دژایەتی دەکرا، محەمەد ڕەزا شا ڕایگەیاند کە ئەو ڕیفراندۆم ئەنجام نادات بەڵکو گشتپرسی (همە پرسی) ئەنجام دەدات، دوای ئەو پەیامەی محەمەد ڕەزا شا ئیتر تەواوی ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵات وشەی «گشتپرسی جەماوەری»یان بەکارهێنا لە بری ڕیفراندۆم.(١٤)

دژایەتی دامەزراوە ئایینییەکان بۆ شۆڕشی سپی، بوو بە هۆکاری تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی ئێران، لە چەندین شاری وەك تاران و قوم و مەشهەد لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٢ پیاوانی ئایینی کۆبوونەوە و ئەوەیان ڕاگەیاند کە حکومەت شەرعییەتی نەماوە، هاوکات هەستان بە ڕێکخستنی ئەوانەی کە لە ناو بازاڕ کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی داخستنی بازاڕەوە فشار لە حکومەت بکەن تا لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە، ئەوە جگە لە دژایەتی چاکسازی زەوی لە لایەن خاوەن زەوییەکانەوە، هاوکات ئەو جووتیارانەی کە سوودمەند نەبوون لە بڕیارەکە بەشداری ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانیان کرد، ناڕەزایەتی ئەم جارە جیاواز بوو، ڕاستەوخۆ دروشمەکانیان دژ بە خودی محەمەد ڕەزا شا بەرز کردەوە.(١٥)

## سەردانی شا بۆ شاری قوم و پێشوازی نەکردنی لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە

دوای ڕاگەیاندنی دیاریکردنی ڕۆژی دەنگدان لەسەربەندەکانی شۆڕشی سپی، بارودۆخی وڵات بە تەواوی بەرەو تێکچوون ڕۆیشت، پیاوانی ئایینیی ئەوانەی کە داوای دژایەتی شۆڕشی سپیان دەکرد، کەوتنە پێش خەڵك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و داوایان لە خەڵك کرد بەشداری دەنگدانەکە نەکات، پیاوانی ئایینی لەشاری قوم، ڕژانە سەرشەقامەکان و دروشمی» ئێمە شوێنکەوتەی قورئانین، ڕازی نابین بە ڕیفراندۆم» یان بەرز کردەوە، دواتریش لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕاگەیەنراوەوە فەتواکانی خۆیان بڵاوکردەوە سەبارەت بە دژایەتی ڕیفراندۆمەکەی کە لە لایەن محەمەد ڕەزاشاوە ڕاگەیەندرا بوو.(١٦)

بۆ ئەوەی باودۆخەکە لەوە زیاتر ئاڵۆز نەبێت محەمەد ڕەزا شا بڕیاریدا خۆی سەردانی شاری قوم بکات و لەگەڵ پیاوانی ئایینیی کۆببێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاریدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ دامەزراوەی ئایینی کە بنکەی سەرەکی لە شاری قوم بوو، کۆببێتەوە تا لە نزیکەوە گوێ لە ڕاو بۆچوونی پیاوانی ئاینیی بگرێت، سەردانەکەی شا بۆ شاری قوم لەکاتێکدا بوو کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان دژ بە بەشداری لە ڕیفراندۆمە گشتییەکە سەبارەت بە شۆڕشی سپی لەوپەڕی بەهێزیدابوو. حکومەت هەموو هەوڵێکی خۆیان خستە گەڕبۆ ئەوەی لە بۆنەیەکی شایستەدا پیشوازی لە محەمەد ڕەزا شا بکەن، قایمقامی ناوەندی شاری قوم لەگەڵ پیاوانی ئایینیی و خوێندکارانی حەوزەی عیلمییەی شاری قوم کۆبوویەوە، بۆ ئەوەی ڕازییان بکات بچنە پێشوازی و دیداری شا، دڵنیای کردنەوە کە شا بۆ ئەوە هاتووە تا داواکارییەکانتان بۆ جێبەجێ بکات، بەڵام پیاوانی ئایینیی ڕەتیان کردەوە کە بچنە دیداری شا و ئەوەیان بە قایمقام ڕاگەیاند ئەوکارانەی کە لە ڕابردوودا ئەنجامیداوە دەرخەری ئەوەیە کە هیچ بوارێکی بۆ گفتووگۆو دانوستان نەهێشتۆتەوە، تەواوی دەرگاکانی بەڕوماندا داخستووە، بۆیە ناچینە دیدەنی شا تەنها لە حاڵێکدا نەبێت کە بڕیاربدات بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری گرتنی هاونیشتیمانیان و گەڕاندنەوەی پێگە بۆ دامەزراوە ئایینییەکان. (١٧)

محەمەد ڕەزا شا گەشتە شاری قوم، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانی نەدەکرد ڕویدا، هیچکام لە پیاوانی ئایینیی و خوێندکارانی خوێندنگە زانستییە ئایینییەکان نەچوونە پیشوازی، ئەوەش بووە هۆکاری توڕەبوونی شا و بڕیایدا نەچێتە مزگەوتی گەورەی شاری قم (فاطمه معصومه)، هەرچەندە پیشتروا بڕیاربوو لەناو حەرەمی مزگەوتەکە لەگەڵ پیاوانی ئایینیی کۆببێتەوە، دواترلە وتارێکدا لە بەردەم هەوادارانی خۆی پیاوانی ئایینیی بەوە تۆمەتبارکرد، دەیانەوێت ڕێگری بکەن لە پرۆسەی چاکسازی و خزمەتی کۆمەڵگەیان ناوێت، هاوکات پیاوانی ئایینیی بە « مێشك پوچ» ناوبرد، لە ئاماژەیەکیدا بۆسیاسەتەکانی باوکی ڕایگەیاند ئەگەرلە ڕابردوودا هێزیان بەرامبەربەکارنەهێندرایە ئەوا پێویستمان بە سی دەیە زیاترکات دەبوو بۆئەوەی بگەین بەوئاستەی کە لە ئێستادا پێی گەشتووین، محەمەد ڕەزا شا ئاماژەی بەوە کرد، ئیتربە هێزڕووبەڕووی ئەوانە دەبینەوە کە لەمپەرلەبەردەم پرۆسەی چاکسازی دروست دەکەن. (١٨)

ئەو دەستەواژانەی محەمەد ڕەزا شا بەکاری هێنا، بوو بە هۆکاری توڕە بوونی پیاوانی ئایینیی، لە لایەن نۆلە گەورەپیاوانی ئایینی شاری قوم بەیاننامەیەکی ناڕەزایەتی لە بڕیارەکانی شا و ئەو دەستەواژانەی کە

دژ بە پیاوانی ئایینی بەکاری هێنابوو بڵاوکرایەوە، لە بەیاننامەکەیاندا جەختیان لەوە کردەوە، شای ئێران و حکومەتیش لە چوارچێوەی دەستوری وڵاتدا کار ناکەن، هاوکات ئەوەشیان دووپات کردەوە ئەم پرۆژەیەی کە بەناوی چاکسازی لە زەوی و زارو بارودۆخی ئابووری بڵاوکراوەتەوە، لە ڕاستیدا دەبێتە هۆکاری دواکەتنی پرۆژە کشتوکاڵییەکان و گەندەڵی زیاتر لە وڵات پەرە دەستێنێت.(١٩) ڕوحوڵڵا موسەوی خومەینی یەکێك بوو لەوپیاوە ئایینیانەی شاری قوم کە زۆربە توندی دژی سیاسەتەکانی محەمەد ڕەزا شا وەستایەوە ڕایگەیاند:»لەمەودوا ڕووبەڕووبوونەوەمان ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی شا دەبێت، وەك ڕابردوو دژایەتی حکومەت ناکەین و ئەم جارە ڕاستەخۆ پەیامەکانمان ڕووبەڕووی شا دەکەینەوە»، خومەینی ئەوەشی دووپات کردەوە، شا لە توانایدا نییە ئەو پرۆژە بڕیارە ڕابگرێت، چونکە ڕاگرتنی پرۆژەکە بەمانای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەودێت،(٢٠) چونکە پرۆژەکە هی شا نییە، بەڵکو ئەوڕاسپێردراوە لە لایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو بڕیارەی کە پێی سپێردراوە، ئەوەشی خستە ڕوو، ئەولە لایەن ئەمریکاوە دەسەڵاتی تەواوی پێدراوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەی کە دژایەتی پرۆژەکە دەکەن، بۆیە خومەینی بۆ ئەوەی پەیامی خۆیان بگەیەنن بە دەسەڵاتدارانی وڵات داوای کرد هاونیشتیمانیان بەشداری مەراسیمی جەژنی نەورۆز نەکەن وەك ئاماژەیەك بۆ پیشاندانی ناڕەزایەتیان لە بڕیارەکانی شا،(٢١)لەبەرامبەر داواکاری خومەینی بۆ بەشداری نەکردن لە جەژنی نەورۆز، محەمەد ڕەزاشا وتی: «ئەوانە دەیانەوێت خەڵك تەنیا بەشداری لە مەراسیمی گریاندا بکات و نایانەوێت خەڵك بەشداری خۆشی و شادی بکات، بۆیە داوا دەکەن خەڵك بەشداری جەژنی نەورۆز نەکات».(٢٢)

دوای هەڵوێستی شا، خومەینی جارێکی دیکە دژایەتی خۆی بۆ شۆڕشی سپی دووبارە کردەوە وبە «شۆڕشی ڕەش» ناوی هێنا»،(٢٣) هاوکات هێرشێکی توندی کردە سەرحکومەت و شای ئێران، جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە حکومەت شەرعییەتی نەماوە و پێویستە هەڵبوەشێتەوە، چونکە لە دەستور لایداوە، پێویستە حکومەتێکی دیکە دابمەزرێت کە پابەند بێت بە دەستور و مافی خەڵك پێشێل نەکات.(٢٤)

## گەڕانەوەی شا بۆ تاران و توندبوونی ناڕەزایەتییەکان

سەردانەکەی محەمەد ڕەزا شا بۆ شاری قوم نەك بارودۆخەکەی هێور نەکردەوە، بەڵکو ئاڵۆزتری کرد، لە خوێندنگەی فەیزییەی شاری قوم، کە بنکەی سەرەکی کۆبوونەوەی پیاوانی ئایینی و خوێندکارانی خوێندنگە ئیسلامییەکانی شارەکە بوو، یادی ساڵوەگەڕی کوشتنی ئیمام جەعفەرسادقی ئیمامی شەشەمی شیعەکان کرایەوە، لە ناویادەکەدا سەرکۆنەی بڕیارەکانی حکومەت و شا کرا، هەربۆیە هێزەکانی پۆلیس هەڵیان کوتایە سەرخوێندنگاکە، ئەوەش بووبە هۆکاری کوشتن وبریندار بوونی ژمارەیەکی زۆرلە ئامادەبووان، هەرچەندە هێزەکانی سوپا دەستوەردانیان کرد بۆ بڵاوەپێکردنی ئەوانەی کە کۆبووبوونەوە بە بەکارهێنانی گازی فرمێسك ڕێژ، هاوکات هێرش کرایە سەر ژووری تایبەتی خوێندکارانی خوێندنگەکە و بەشێك لە کەلوپەلەکانیان سوتا، بەڵام هەموو ئەوانە نەبوونە هۆکاری کپبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی پیاوانی ئایینی و خوێندکارانی خوێندنگەی فەیزییە.(٢٥) جارێکی دیکە ولە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣، لە کاتی پیشکەشکردنی

وتارێکدا لە خوێندنگەی فەیزیە، ڕوحوڵڵا خومەینی هێرشێکی توندی کردە سەر ڕژێمی حوکمی شاهەنشاهی و تۆمەتباری کرد بە پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە، هاوکات لە شاری تارانیش محەمەد تەقی فەلسەفی لە یەکێك لە مزگەوتەکانی تاران هێرشێکی ڕاستەوخۆی کردە سەر حکومەت و ئەو کارانەی کە بەناوی چاکسازییەوە بەنیازن ئەنجامی بدەن. (٢٦)

لە بەرڕۆشنایی وتارەکانی خومەینی لە چەندین شاری ئێران خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەرپا بوو، سەبارەت بە بڕیارەکانی شا، تەنانەت لە شاری تاران خۆپیشاندەران هوتافیان دژبە شا و ئیسرائیل دەوتەوە، ئەوەش وەك ئاماژەیەك بۆ پەیوەندی نێوان شا و ئیسرائیل. (٢٧)

لە یادی چلەی کوژرانی خۆپیشاندەرانی خوێندنگەی فەیزیە، خومەینی وتارێکی پیشکەشکرد، ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی لە شا کرد، وتی: «گوێ لە ئامۆژگارییەکانم بگرە، گوێ لەوانە بگرە کە بەرژەوەندی کۆمەڵگەیان دەوێت بەشێوەیەکی ڕاستەقینە، گوێ بگرە ئەی پیسی نەخۆش، تا ئێستا چل و پێنج ساڵ ژیاویت، باشترە لەوە زیاترزیادەڕۆیی نەکەیت، ئەگینا دەبێت پەند لە چارەنووسی باوکت وەرگریت، تۆ ئێمە بە دواکەوتوو دەزانێت؟ لەڕاستیدا ئەوە تۆی دواکەوتوو و ڕەشبینی». ئەوەش هەلێکی باشی دایە دەست شای ئێران بۆ ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی خومەینی دەربکات.(٢٨)

لە ڕۆژی ٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣، بەهۆکاری وتارەکانییەوە هێزێکی ئاسایش لە شاری تارانەوە بۆ قوم چوون و خومەینیان لە ماڵەکەی خۆی لەو شارە دەستگیر کرد و بۆ تاران گواستیانەوە.(٢٩)دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستگیرکردنی خومەینی لە ڕۆژدواتر و لە ٥ی حوزەیران خۆپیشاندان لە زۆرێك لە شارو شارۆچکە گەورەکانی ئێران سەری هەڵدا و داواکاری سەرەکییان ئازادکردنی خومەینی بوو. پانتایی خۆپیشاندانان بەڕادەیەك گەورەبوون بەتەواوی حکومەتی هەراسان کرد، خۆپیشاندەران جەختیان لەوە دەکردەوە، دەستگیرکردنی خومەینی بەمانی دژایەتی حکومەت دێت بۆ دامەزراوە ئایینییەکان.(٣٠)

لەگەڵ ئەوەی بڕیاری حوکمی عورفی و قەدەغەی هاتووچۆ دەرکرا، بەڵام خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە بەشێك لە شارو شارۆچکەکان بەشێوەی پچڕپچڕ درێژەی کێشا، هاوکات بەشێك لە پیاوانی ئایینی لە بەیاننامەیەکیاندا کە لە شاری تاران بڵاویان کردەوە، جەختیان لەوە کردەوە، پێویستە خەڵك لە دژایەتی کردنی حکومەت بەردەوام بێت.(٣١)

نارەزایەتییەکانی پێنجی حوزەیران کە لە ئێران بە هەستانی پانزەی خورداد (قیام ١٥ خرداد) دەناسرێت، بەسەرەتای بەیەکدادانی خوێناوی لە نێوان ڕژێمی شاهەنشاهی و دامەزراوەی ئایینی دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەی خۆپێشاندانەکان نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت کە سەرەکیترینیان بریتیبوو لە پاشگەزکردنەوەی شا لە بڕیارەکانی شۆڕشی سپی، بەڵام بەجۆرێك گەورەبوو کە دەنگدانەوەی لە تەواوی ئێراندا هەبوو و بۆ ڕژێمی شاهەنشاهیش سەلمێندرا کە دامەزراوە ئایینییەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لە ناو کۆمەڵگەی ئێرانی. (٣٢)

بە هۆکاری بەندکردنی خومەینییەوە تادەهات دەنگی نارەزایەتییەکان زیاتر دەبوو، بۆیە حکومەت

بڕیاریدا بەندکردنەکەی بگۆڕێت بە مانەوەی ناچاری لە ماڵەوە، هاوکات چاودێریکردنیی لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، ئەو ڕێوشوێنانەش کاریگەریان نەبوو لە هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، چونکە ژمارەیەکی زۆرلە خەڵك بۆ بینینی خومەینی سەردانی ماڵەکەیان کرد، ئەوەش جارێکی دیکە خەریك بوو پێکدادان دروست بکات لە نێوان هاووڵاتیان و هێزە ئەمنییەکاندا، بۆڕازیکردنی خەڵکەکە هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە حکومەت و خومەینی ڕێکەوتوون، ئەو هەواڵەش لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە ڕەتکرایەوە. (٣٣)

لە ڕۆژی ٦ ی نیسانی ١٩٦٤ حکومەت بڕیاری ئازادکردنی خومەینی دەرکرد، دوای گەشتنی بە شاری قوم، خومەینی لە وتارێکیدا جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەرحکومەت و دەسەڵاتی شا، ئەوەشی دووپات کردەوە ئەو بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ حکومەت ڕێکنەکەوتووە، وەك لە ڕابردوودا بڵاوکراوەتەوە.(٣٤)

بەریەککەوتنی پیاوانی ئایینیی و محەمەد ڕەزا شا سەبارەت بە بڕیاری شۆڕشی سپی بەدرێژایی ماوەی نێوان سەرەتای شەستەکان تا ناوەڕاستی هەمان دەیە درێژەی کێشا، چونکە بەلای پیاوانی ئایینییەوە ئەو بڕیارە بەرژەوەندییە ئابورییەکانیانی دەخستە مەترسییەوە، بۆ محەمەد ڕەزا شا، پاشگەزبوونەوە لە بڕیارەکە بەمانای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دەهات، هەربۆیە ئامادە نەبوو لێی پاشگەزببێتەوە.

## ئەنجام

لەگەڵ ئەوەی پیاوانی ئایینیی هۆکاری ناڕەزایەتی خۆیان بۆ پرۆژەکەی شا بەستەوە بۆ نادەستووری پرۆسەکە، گوایە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر پرسێکی وا نادەستوورییە، بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی ناڕەزایەتییان پەیوەندی هەبوو بە لێسەندنەوەی موڵکیەتیی ئەوزەویانەی کە لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانەوە خاوەندارێتی دەکرا و دابەشکردنی بەسەرئەوکەسانەی کە لەسەرزەویەکە کاریان دەکرد، ئەوەش گورزێکی کوشندە بوو لە ئابووری دامەزراوە ئایینییەکان دەکەوت.

سەرباری ناڕەزایەتی خاوەن موڵکە گەورەکان سەبارەت بە دابەشکردنی ئەوزەویانەی کە خاوەندارێتییان دەکرد، بەڵام محەمەد ڕەزا شا سووربوو لەسەرپرۆژەکە و بڕیاریدا پاشگەزبوونەوە لە پرۆژەکە ببەستێتەوە بە وازهێنان لە دەسەڵات، ئەوەش وایکرد پرۆژەکە بخرێتە دەنگدانی گشتی وزۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنێت.

بۆیەکەمین جاربوو لە مێژووی نوێی ئێران کە ڕێگە درا بە ژن شان بەشانی پیاو بەشداری لە کایەیی سیاسی بکات و دەنگ بدات، ئەوەش لە خۆیدا گۆڕانکارییەکی نەوعیی بوو لە شێوازی بە ڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانەکە کەلە پێشتردا وێنەی نەبوو.

هەرچەندە محەمەد ڕەزا شا لە لایەن ناڕازییەکانەوە بەوە تۆمەتبارکرا، ئەوپرۆژەیە هی ئەو نییە، بەڵکو پرۆژەی ئەمریکایە و ئەوتەنها ڕاسپێردراوە ئەنجامی بدات، بەڵام بێ گوێدانە دەنگی ناڕازییەکان پرۆژەکەی خستە دەنگدان و دواتریش بە پلە بەندی بنەماکانی خستە بواری جێبەجێکردنەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. علی افشاری، انقلاب سفید؛ دریچه‌ای به روی چرایی و نافرجامی انقلاب ٥٧، تاریخ ٧/ بهمن ١٤٠٠، لینك مقال https://www.radiofarda.com/a/iran-white-revolution-after-6-decades/31674038.html.

٢. انقلاب شاه ومردم،درسایت، https://mashruteh.org/wiki/index.php?title، تاریخ ٨/ژانویه/٢٠٢٢.

٣. چاوپێکەوتنی توێژە لەگەڵ، روح الله حسینیان، بەڕێوەبەری ناوەندی بەڵگەنامەی ئیسلامی لە تاران، ٢٠١٤/٩/٢٣م.

٤.أمل عباس جبر البحراني، الثورة الإسلامية في إيران دراسة تاريخية في أسبابها ومقدماتها ووقائعها، رسالة دكتوراه، كلية التربية، الجامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠٠٧م ، ص ٢٣٤.

٥. نفس المرجع، ص ٢٣٥.

٦.- كمال مظهر أحمد، دراسات في تاريخ إيران الحديث والمعاصر، الأمانة العامة للثقافة والشباب، بغداد، ١٩٨٥م ص. ص١٨٨-١٨٩.

٧. بزهان جازني، الرأسمالية والثورة في إيران، ترجمة مركز البحوث والمعلومات، بغداد، ١٩٨٣م، ص ٣٩، آمال السبكي، تاريخ إيران السياسي بين ثورتين١٩٠٦-١٩٧٩م، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، د.ت ، ص ١٧٤ .

٨.شيماء محمد ظاهر عبد الرحمان، روح الله مصطفي الخميني حياته ودوره السياسي في إيران ١٩٠٢-١٩٨٩م، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة زاخو، ٢٠١١م ، ص٣٠.

٩. هنري حاماتي، سقوط الإمبراطورية الإيرانية، الكويت، ١٩٨٠م، ص ٢١.

١٠. بزهان جازني، مرجع سابق، ص ٤١.

١١. مروة فاضل كاظم الكعبي، الثورة البيضاء في إيران (١٩٦١-١٩٦٣م)،رسالة ماجستير غير منشورة،كلية الآداب، جامعة الكوفة، ٢٠١٣م، ص١٢٣ .

١٢. عەلی کەمالوەند، کوڕی حەبیبوڵلا (عين الملك)، لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی لە شاری بروجرد لەدایک بووە، لە قوتابخانەی فێردۆسی سەرەتایی، ناوەندی لە قوتابخانەی پەهلەوی لەهمەدان، خوێندنی باڵای لە زانکۆی تاران لە بواری ئەدەبیاتی فارسیدا خوێندووە، یەکێک بووە لە زانایانی پێشەنگی فیقە و فەلسەفە،. یەکێک بووە لە زانایانی خورەماباد، ئەدەبیاتی خوێندووە و بە خوێندنەوەی ئەدەبی و شیعریی ناسرابوو. بڕوانە، مروة الكعبي، نفس المرجع، ص١٢٤.

١٣.مركز باء للدراسات ، الإمام يقود الثورة ، دروس من الحياة السياسية للإمام الخميني ١٩٦٣ - ١٩٨٩ م، ط١ ، الدار الإسلامية ، بيروت ، ٢٠٠١ م ، ص ٩١ .

١٤.حميد الأنصاري، حديث الإنطلاق. نظرة إلى الحياة العلمية والسياسية للإمام الخميني، مؤسسة نشر تراث الإمام الخميني، طهران،٢٠٠٢م ، ص٦٦.

١٥. محمد رسن دمان السلطاني، موقف المؤسسة الدينية تجاه سياسة الشاه محمد رضا بهلوي الداخلية في إيران(١٩٦٢-١٩٦٤م)، مجلة كلية التربية الأساسية، جامعة بابل، العدد(١١)، مارس ٢٠١٣م، ص٦٦٢.

١٦. حسن كريم جاف، موسوعة تاريخ إيران السياسي، الدار العربية للموسوعات، بيروت،

٢٠٠٨م، ص. ص ٢٧٤-٢٧٥.
١٧.شيماء محمد ظاهر عبد الرحمان، روح الله مصطفي الخمينى حياته ودوره السياسي في إيران ١٩٠٢-١٩٨٩م، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة زاخو، ٢٠١١م ، ص٣٢.
١٨.- أمل عباس جبر البحرانى، الثورة الإسلامية في إيران دراسة تاريخية في أسبابها ومقدماتها ووقائعها، رسالة دكتوراه، كلية التربية، الجامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠٠٧م , ص ٢٣٧.
١٩.سيد جلال الدين المدني, تاريخ إيران السياسى المعاصر، ترجمة سالم مشكور، طهران،١٩٩٣م ص ٧٠.
٢٠. مؤسسة تنظيم نشروتراث الإمام الخميني، مرجع سابق، ص١٤٦.
٢١.مركزباء للدراسات ، الإمام يقود الثورة ، مرجع سابق، ص ٥٩ .
٢٢. أمل البحراني، مرجع سابق، ص ٢٣٩ .
٢٣. عبد الرحيم أبا ذري، انقلاب إسلامى وشهرستان ميانه,( الثورة الإسلامية في وسط المدينة) تهران, ١٣٨١ش،(٢٠٠٢م)، ص ١٠٢.
٢٤.العقيقي البخشايشي، كفاح علماء الإسلام في القرن العشرين، مؤسسة العلمي للمطبوعات، بيروت، ٢٠٠٢م ص ٤١١.
٢٥. مايكل فشر, إيران من الصراع الديني إلى الثورة، ترجمة مركز البحوث والمعلومات، بغداد, د.ت، ص١٣١؛ سيد جلال الدين المدني، مرجع سابق، ص٧٠.
٢٦ (٥) صابرى همداني، فيضية ١٣٤٢/ تا فيضية ١٣٥٧ش (حادثة حماسة آفرين فيضيه قم)،( من فيضية ١٩٦٣إلى فيضية ١٩٧٩م، الحدث الملحمي في مدينة قم)، مؤسسة فرهنكي، قم، ١٣٨١ ش،(٢٠٠٢م)، ص٦.
٢٧ (٦) العقيقي البخشايشي، مرجع سابق، ص٤١٨.
٢٨. بهرام أفراسيابي، أزكود تا إنقلاب،( من الانقلاب حتى الثورة)، ط١, تهران,١٣٦٤ش,(١٩٨٥م)، ص٣٩٧؛
Roy Mottahedeh, The Mantle of the Prophet, New York ١٩٨٥, P.٢٤٦.
٢٩. بهرام أفراسيابي، أزكود تا إنقلاب،( من الإنقلاب حتى الثورة)، ط١, تهران,١٣٦٤ش,(١٩٨٥م).، ص٤٠١
٣٠.جواد منصوري ، تاريخ قيام بانزدة خرداد به روايت إسناد ساواك،( إنتفاضة ٥ يونيو وفقا لوثائق السافاك)، ج١،ج٢، ط١،تهران،١٣٧٧ش(١٩٩٨م).ص٩ .
٣١. أمل البحراني، مرجع سابق، ص ٢٤٢ .
٣٢.بزهان جازني، الرأسمالية والثورة في إيران، ترجمة مركز البحوث والمعلومات ، بغداد، ١٩٨٣م ، ص١٨٣ .
٣٣.حميد الأنصاري، حديث الإنطلاق. نظرة إلى الحياة العلمية والسياسية للإمام الخميني، مؤسسة نشر تراث الإمام الخميني، طهران،٢٠٠٢م ، ص٩١.
٣٤. أمل البحراني، مرجع سابق، ص ٢٤٦ .

چاوپێکەوتن

ئێرانناسی



# پشکی خەڵکی کوردستان
# لە نارەزایەتییەکانی ئێران، فیشەك بوو!

## چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتنی دیدارنیوز سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئێران لەگەڵ دکتۆر کامیل دلپەسەند، دکتۆرا لە کۆمەڵناسی پەرەپێدان.



**گفتوگۆکەمان دەربارەی ڕووداوەکانی ئێرانە، دەمانەوێت دواین پێشهات و لێکدانەوەکانی بەڕێزتان لەوبارەیەوە بزانین، بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕووداوانە بە کوێ دەگەن؟**

ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە لە کێشەکە بڕوانین، جیا لەوەی کە کوردم، کۆمەڵناسانی پێشین دەڵێن کە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری کۆمەڵایەتی هەیە، ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانیش دەبێت لە ڕووداوەکانی پێش خۆی لەبەرچاو بگیردرێت، نەک ئەوەی ڕووداوەکانی داهاتوو چۆن دەبێت. بە دڵنیاییەوە ئێستا لە ئێران ئێمە لەگەڵ کێشەی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووین، کە هەریەک لە کاربەدەستانی ئێرانی، خەڵک، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئۆپۆزسیون ناوێکی لەسەردادەنێن، لە ئینقلابییەوە بگرە تا جووڵانەوەکان، بەڵام لە ڕاستیدا بنچینەی کێشەکە کۆمەڵایەتییە و دەبێت سەرچاوەی کێشەکان لە تەواوی ڕووداوەکان کە ڕوویانداوە ببینین.

کۆمەڵناسانی ئێرانی هەریەک بە جۆرێک هۆکارەکانیان باسکردووە، بەڵام لە ڕوانگەی منەوە گۆڕانی تەواوی ڕووداوەکانی ئەم دواییە کۆمەڵایەتین و بە دڵنیاییەوە ئەگەر پشت بە خوێندنەوەی مێژوویی لەسەر ئەم کێشەیە نەبەستین، ئەوکات بەهەڵەدا چووین، جگە لەوەش کەڵەکەبوونی تەواوی کێشە چارەسەر نەبووە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران دەبێت چارەسەر بکەین.

**بۆچی ئێمە لەگەڵ درێژخایەنترین ڕووداوی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووین، کە گەورەترینە و زۆرترین کوژراوی تێدابووە؟**

ئەگەر چاو لە ڕابردووی مێژووی ئێران لە دوای ڕاپەرینی ١٣٥٧ بکەین، تەواوی گرووپ و حیزبەکان، بە هێواشی توانەوە و حیزبێک نەما بێجگە لە حیزبی کۆماری ئیسلامی، دوای ساڵی ١٣٧٦ و هاتنی خاتەمی کەمێک دەرفەتی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و ئازادی مەدەنی هاتە پێشەوە، بۆیە دەبێت سەردەمی ئەحمەدی نەژادیش ببینین. لە مێژووی کۆمەڵایەتی، ناتوانین سەردەمی ڕۆحانی کە کۆتا دەرفەتی چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە ئێران بوو لەبەرچاو نەگرین، هەروەها ناتوانین خۆپێشاندانی ساڵی ٩٦ و ٩٨ نەبینین کە تێیدا لەسەر کێشەی بەنزین و ئابووری زۆر کەسی تێدا کوژرا. ناتوانین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئێستای ئێران نەبینین کە تەنیا بە ڕەتکردنەوەی بەشێکی زۆری کەسانی دی هەڵبژێردرا. دواجاریش دەرەنجامی یەکدەستبوونی دەسەڵات لە ئێران و لابردنی سیستماتیکی کاربەدەستانی دەسەڵاتی ئێران لە مێژووی ڕامیاریی ئێران نەبینین، ناکرێت لە نێو توێژینەوەکاندا خۆمان لەو دەنگە بدزینەوە کە گۆڕانکاری کردووە لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیدا بە تایبەت لاوان و ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا، لە هەمووی گرنگتر زیادبوونی چوارهێندەی ژمارەی دانیشتوان. ئەی سەبارەت بە لایەنی کولتووری؛ ئێمە ناکرێت لە ئاست گۆڕانکارییەکانی ئێران لە نێو جیهانیبوونی کولتوور لە نێو پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتیدا چاومان دابخەین، تەواوی ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاریانەی ئێران ئەگەر تام و بۆنی نەزانینی کاربەدەستان نەبینین نابێت شتێک بە نێوی خۆپیشاندەر نەقەومێت. بە کوردی ژیلەمۆی گۆڕان و خۆپیشاندان لە ئێران تەواوی ئەو ڕووداوانەی ڕابردوو، بەهۆی نەزانیی لە چارەسەرکردنی کاربەدەستانەوە کە هاوتەریب نەبوو لەگەڵ گۆڕانی ویستەکانی

هاوڵاتیانی ئێرانەوە. ژیلەمۆی کۆبووەوەی چل ساڵەی ئێران ئاگرەکەی لە ژیناوە هەڵکرا و چینی ژنان وەکو چینێک کە ئێستا زیاتر لە ٤٢ ملیۆن کەسە، کاتێک کە ڕاپەڕینی ٥٧ ڕوویدا، ئێران ٢٧ میلیون کەس بوو، دەبینین زیاتر لە یەک و نیو هێندەیە، کاربەدەستانی ئێرانی ئەو گۆڕانکاریانە نابینن و هەروا دەزانن کە ساڵی (١٣٥٧)ە و بەهەمان شێواز بیردەکەنەوە و بۆچۆن و لایەنگریی ئایدولۆژی لە شۆڕش دەکەن.

کەواتە دەبینین کەڵەکەبوونی تەواوی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی کاربەدەستانی ئێران و دەسەڵاتی ناوەندی و ناتێگەیشتوویان بۆتە ئاگری بن ژیلەمووی هەڵگیسراونی ڕووداوی کۆمەڵایەتی ژینا. ئەوشتەی کە قەوماوە، تێکەڵاوی تەواوی کێشەکانی ڕابردووە لەگەڵ نەزانینی دەستەی کارگێڕانی دەسەڵات لە ئێران. کارگێڕان لە ئێران لە هەموو ئاستێک هاتوونەتە سەرکار کە دەنگی کۆمەڵگە نابیستن و نابینن، کاربەدەستان وادەزانن کە دەزانن، بەڵام نازانن، کاربەدەستانی دەسەڵاتی ناتێگەیشتوو کۆمەڵگە بە دەستی خۆیان لەناو دەبەن، بۆیە تا دەنگ و ڕەنگی کۆمەڵگە نەبینرێت و نەبیسترێت، هەمیشە خۆپیشاندەری توندوتیژ ئەگەری سەرهەڵدانی هەیە.

**واتە پێتوایە کاربەدەستان ئەو هەمووە نارەزایەتیانە نابینن؟**

لە ڕاستیدا وا باس دەکرێت کە خۆپیشاندەران لە ئێران دنە دراون لە لایەن ئۆپۆزسیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوە. دەسەڵات وا بیردەکاتەوە کە تەنها ئێمە کێشەمان نییە، بۆنموونە لە خێزانێکدا، ئەگەر گەورەی ماڵ دەنگی گۆڕانی ماڵەکەی نەبیستێ و بە دەسەڵات و توندوتیژی بە هەرشێوازێک دایمرکێنێ، منداڵ کە دەسەڵات پەیدا بکات، ئەوکاتە ڕەواییەتی نامێنێ.

بە پێی توێژینەوەکانی ناو ئێران دابەزینی متمانەی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی، ڕێکخراوەیی و سیستمی دەسەڵات هەیە، چ ئاکارێک لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە کراوبێت کە هێمنی بڕەخسێنێت، بۆنموونە بەرجام وەکو داخوازی نەتەوەیی و جیهانی واژۆنەکردنی تا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ میلیارد دۆلاری زیانی لە ئابووری وڵات داوە، چارەسەرنەکرنی ئەو کێشەیە بووەتە ئەوەی ژیانی هاوڵاتی ئێرانی نەمێنێت، مەگەر داواکاری خەڵکانی ئێران جگە لە ژیانێکی ئاسایی چیدیکەیە، خەڵک لەم سەردەمەدا کۆمەڵگە و شێوازی ژیانی وڵاتانی دیکە دەبینن کە چۆن ژیان دەکەن، هاوڵاتی لە سەردەمی جیهانیبووندا ژیانی ئازاد دەبینێ و پرسیاری بۆ دروست دەبێت، کۆمەڵگە کاتێک پرسیار بکات و کاربەدەستیش ژیر و لێهاتوو و زانا نەبێت، بە دڵنیاییەوە لە نێوانیاندا کێشەی قورس و ناتێگەیشتوویی بەرپا دەبێت، کەواتە کاتێک کاربەدەست زانا نییە و ناشبیستێ و جگە لەوەش دەوەشێنێ و لێشتدەدا و دەشتکوژێ، چ ڕێکارێک بێجگە لە خۆپیشاندانی توندوتیژ چ بژاردەیەک بۆ هاووڵاتی دەمێنێتەوە؟

تا کاتێک نارەزایەتی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی ناوەندی کۆماری ئیسلامیی نەیبیستێ و کاریشی بۆ نەکات هەروا خۆپیشاندان بەردەوامی دەبێت و ڕەنگە ببێتە هەر شێوازێکی دی وەکو ڕاپەڕین!

لە هەر قۆناغێکی ئێراندا نارەزایەتی ئابووریی چینی چەوساوە یان نارەزایەتی ڕامیاریی هەبووە، بەڵام ئێستا شێوەی نارەزایەتییەکە کۆمەڵایەتییە، لە ناوچە کوردییەکان و کوردستان و بەلوچستان شێوازی

خۆپیشاندان و سەرکوتکردنیشی جیاوازە. ئەوشتەی لە کوردستان دەقەومێ دەسکەوتی چل ساڵ دووبەرەکی سیستماتیکی بە ئەنقەستە لە بەرامبەرکورد و سوووننە لە ئێران، بۆیە ڕەخنە و نارەزاییەکان زۆر تۆندترە و سەرکوتیش توندترە، ئەگەرلە ناوەند بە داری کارەبایی مامەڵە دەکەن، لە کوردستان بە فیشەکی گولە خەڵک دەکوژرێ و بڵاوەی پێدەکرێت، بۆیە بە کوشتنی هەر تاکەکەسێک هەزاران خۆپیشاندەر زیاد دەکات، دوای ئەویش خوێندنەوەی ناوەند بۆکورد خوێندنەوەیەکی هەڵە و لێبڵ لێدانە کە ئەوانە سەربەخۆخوازن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە کورد لە ئێران داواکاری سەربەخۆییان نەبووە و لە سەردەمی ڕاپەرینیش هەر ئەوە نەبوو، بەڵام ناوەند بەو بیانووە دەیەوێ زۆرتر سەرکوتیان بکات لە کوردستان و زەبروزەنگی زۆرتر بەکاربهێنێت.

**واتە جیاوازی سیاسی و دووبەرەکی بۆتە هۆکاری توندبوونی خۆپیشاندان لە کوردستان؟**

وابیر دەکەمەوە پێشکەوتوویی ڕامیاری لە کوردستان، لەنێو ئێران چل ساڵ لە گەلەکانی دی و لە ناوەندیش زۆرلە پێشترە، داخوازی لە کوردستان سەرچاوەی هەمان داخوازییە کە لە ڕاپەرینی ٥٧ بووە بەڵام پتەوترە، ئێستا بە سەربازیکردن و ئەمنیەتیکردن و پێشێلکردن زۆرترە، کۆمەڵگەی ئێرانی دەبێت بزانێت جگە لە تەواوی ناتێگەیشتوویی ناوەند لەسەرگۆڕانکاری پێشهاتوو، دووبەرەکی نێو کوردستان و بەلوچستان بە ئەنقەست و سیستماتیک کاری لەسەرکراوە، هاوڵاتی کورد بۆ سەرنجدانی ناوەند هەر کارێک دەکات کە ببیندرێ و ببیسترێ، هێشتا ناوەند متمانەی پێی نییە، خوێندەواران وزانایانی کورد لە نێو دەسەڵات نین، چ دەسەڵاتی ئابووری و چ دەسەڵاتی ڕامیاری.

جگە لەوەش بە ئەنقەست سەرمایەگوزاری لە کوردستان لە لایەن دەسەڵات ناکرێت، بە دڵنیاییەوە نەبوونی سەرمایەگوزاری و نەبوونی ئیش وکار....هتد، سەدان کێشەی تری کۆمەڵایەتی دروستدەکات بۆیە خۆپیشاندان توندوتیژتر دەبێت، ئەمە سەرەڕای جێبەجێ نەکردنی داخوازییە ڕەواکان، زۆڵم وزۆریشت لێ بکرێت، بێدەنگ بیت؟

کوردستان پڕە لە دەرفەتی ئابووری، بە هۆی پرسی کورد و سوووننەوە کەسانی لێهاتوو ناگەنە دەسەڵات، پێناسەی کورد بۆتە دووبەرەکی ئەنقەستی دواخستنی کوردستان، بە پێی یاسای ئێران ئەسڵی ١٥ و ١٩ داواکارییەکانی لانیکەم پێناسەی وزمانی تێدایە وچل ساڵە جێبەجێ نەبووە، کاتێک ڕێکخراوە مەدەنییە کوردییەکان، تازە لاوان، پسپۆڕانی کوردی بەهەند وەرناگیرێن، چ ڕێگە چارەیەک بێجگە لە هاوارکردن نییە. کورد لە هیچ شوێنێکی دەسەڵاتی ناوەند نییە، هاوڵاتی ئێران تەنانەت کورد بێت، لە چوارچێوەی یاساش دەرفەتی نییە، بۆیە هەستکردن بە زۆڵم و دووبەرەکی زۆرتری کردووە.

**پێتانوانییە دەبووایە خۆپیشاندان زووتر ڕوویدابا؟**

وابیردەکەمەوە کورد لە دەرفەتی هەڵبژاردنی خاتەمی و ئەحمەدی نەژاد و ڕۆحانی بیرۆکەی خۆیان هەبووە و دەربڕیوە، لە دوو خولی خاتەمی و ڕۆحانیدا کورد و سوووننە نەبان هەرنەدەبوونە سەرۆککۆمار.

کێشەی گەورە ئەوەیە کە دانیشتووی ناوەند نەک تەنها دەسەڵات بەش دەکات بۆکورد بەڵکو لە

ناوچە کوردنشینەکان مۆڵەتی کارگێڕی خۆسشی پێنادات، دەسەڵاتداری ناوند لێزانینی ناوچەیی نییە کە پێداویستییەکانی کورد چییە؟

ئەزموونی کوردبوون نازانێت چییە، نازانێت فەرهەنگی کوردیی چییە، دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە ناخ و دڵی کولتووری کوردی هاتۆتە دەرەوە و سەرچاوەکەی ژنانی کۆڵنەدەری کورد لە ڕاست داعیش بووە، کۆمەڵگەی کوردیی لە ناخی خۆی ئازادی تێدا هەڵدەقووڵێت، تەوەری پێشکەوتنی ڕامیاری کوردستان لە ئەزمونی ژیانییەوە هەڵقووڵاوە، بۆیە دەزانێت داواکاری مافخوازانە چییە. لە ناوچە کوردنشینەکان ساڵانێکە داواکاری لە سەر وشەکانی کولتووری کوردییە وەکو بەرخۆدان کە ژیانە، بۆیە لە ماوەی خۆپیشاندی کۆمەڵایەتی لە حاڵێکدا کە زیاتر لە سەد کەس گیانی خۆی لە دەستداوە، دیسان کورد ئازادیی لە منداڵەکانی خۆشتر دەوێت، بۆیە کورد بە سەرکوت و پێشێلکردن لە ئێران دەنگی بۆ مافە ڕەواکانی ناکەوێت، چونکە تەوەری ئازادی لە نێو کەلتووری کوردیدایە، بۆیە پێموایە تا دەستنەکەوێت تەنانەت زۆرتریش میلیتاریزە بکرێت، گەڕانەوە نییە. دەنگی خۆپیشاندان لە ئێران تەنانەت بۆ ژیانێکی ئاساییە، ژیان وەکو گەلانی دیکەی جیهان، تا کاتێک کارگێڕی دەوڵەت و ناوەند نەتوانێت بە پێی زانایی کێشەکان ببینێت و ببیستێ، ئەوا بەدەست نەزانی کارگێڕی خۆیەوە بناڵێنێت شتێك جگە لە لەناوچوون بەرهەم ناهێنێت.

کاتێک تەواوی پسپۆڕان دەڵێن ئەو شێوازە لە حکومەتدارییە ئەمنییەتییە وانابێت، لەگەڵ خۆپیشاندان هەزاران پسپۆڕ وزانا و دڵسۆز وژینگەپارێز و تەواوی کەسایەتی خەمخۆری کۆمەڵگە لە ئێران دەستبەسەر کراون کە دەبێتە هۆی نارەزایەتی قووڵتری زۆرتر و متمانەی کەمتر بە دەوڵەت و کاربەدەستان، دەبێت چاوەڕێی چی بکەین، بێگومان دیارە.

تەنها سەیرکردن لە ئەمنییەت حوکمڕانی بارودۆخەکە چاک نابێت و نامێنێتەوە، بۆیە پێموایە داواکاری لانیکەمی کورد لە ئێران حوکمڕانی زانستییانەیە لە سەربنەمای زانست و کارگێڕانی کوردە، بە پێی سەرمایەی مرۆیی کە لە نێو کارگێڕیی دەسەلات و ئابووری و ڕامیاری دانین، بۆیە تا کاتێک ئەو دەنگانە نەبیسرێ و تا کاتێک متمانەی لەدەستچووی بەدەست نەیێتەوە، کێشەکان لە ئێران چارەسەرنابن و قووڵتریش دەبنەوە. بۆچوونی جەنابتان چییە؟

خاڵی دواتر ئەوەیە کە هەموو ناڕاستییەك ڕۆژێك ڕوون دەبێتەوە و حوکمڕانی نادروستیش دەردەکەوێت، کۆمەڵگە دەستبەسەر ناکرێت، کۆمەڵگەی ئێرانیی ئازادیخواز بە ئایدۆلۆژی کۆ نابێتەوە، وڵاتێک کە فرەنەتەوەیە بە یەک ئایدۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، حکومەت لە ئێران دەبێت چارەسەری بیستن و بینین و نارەزایەتی هەبێ و بە نەزانیی خۆی نەمێنێتەوە، چونکە پرسەکە شتێک نییە هێندە سادە بێت، پرسێك کە تێیدا سەدان کەس کوژراوە. داخوازی گەلانی ئێران پرۆسەیەکی مێژوویە و لەسەریەک کەڵەکە بووە و هەرجارە و بە شتێک خۆی نیشاندەدات. گەلانی ئێران هەموو جارێک لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی خۆیان ڕاگەیاندووە، دەرەنجام ئەوەیە ئەگەر حوکمڕانی ناوەند بە درێژە بەم جۆرە لە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردن بدات، تەنانەت خۆپیشاندانیش نەبێت، هەر بە ڕێکار و حوکمڕانی هەڵە خۆی دەبێتە هۆکاری ڕووخانی زۆر

بناغەی ڕەسەنی ئەو کۆمەڵگەیە. بۆیە تا درەنگ نەبووە حکومەت بیسەرو بینەری ئەم نارەزایەتیانە بێت باشترە. کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە چاولێکردنی یەکسان لە حکومەتی ناوەند بۆ گەلانی ئێران هەیە بە تایبەت کورد کە زۆرترین قوربانی داوە.

**پەیوەندییەک هەیە لە نێوان پێشنەکەوتنی ئابووری لە ناوچە کوردییەکان و خۆپیشاندانەکاندا؟ یان مەهسا ئەمینی ئەگەر کورد نەبووایە ئەم بارودۆخە وای لێدەهات؟**

بە دڵنیاییەوە نەخێر. ژینا ئەمینی بە دەست گەشتی ئێرشاد وای لێهات، پێش ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەدان ڕووبەڕووبوونەوەی دژە مرۆییان دانابوو، هاوڵاتی ئاگادار هەم دەزانێت کاری دروستی حکومەت چۆنە، هەم ناکارامەییشی دەبینێت، بەڵام ئەو شتەی ئێستا دیارە ئەوەیە هیچ چەشنە گۆڕانێك لە بیروبۆچۆن و مامەڵەی دەوڵەتی ناوەند نابینرێت وەهەروا لە شوێنەوارە ئایدۆلۆژییەکان دەنگێک دەبیسترێت، بۆیە زۆربەی شارەزایان و پسپۆڕان لە گۆڕانی ڕوانگەی حکومەت نائومێد بوون و هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ داهاتوو نابینن. لە هەمانحاڵدا هیچ پاشەکشێیەك لە هەڵوێستی خەڵک نابینرێت وەهەروا لە هەمان باوەڕی تێکچوونی زۆرێک لە بنەماکانی ئایدۆلۆژی دەوڵەتی ناوەندن. بە دڵنیاییەوە گۆڕانکارییەکان وا بە ئاسانی ناکرێت و نرخی ئازادی لە زۆربواردا زۆر سەخت و قورستر دەبێت و درێژخایەنە و ئاگری ژیلەمۆی کۆمەڵایەتی ڕۆژبەڕۆژ خۆی نادیارترو بەردەوامتر دەکات. ڕێگەچارەی کێشەکان هەنگاوی کۆمەڵایەتییە، نە گرتن و نە درۆ لە سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ژیانی ئاسایی خەڵک چارەسەر ناکات، پێداویستیی کۆمەڵگەی ئێرانیی هیچ چارەسەرێکی جگە لە چاکسازی و وتووێژ نییە.

کۆمەڵناسان باسی وتووێژو چاکسازی دەکەن، جەنابت چ پێشنیازێکت هەیە؟

کۆمەڵناسانی کلاسیك دەڵێن کاتێک گۆڕانێک بەسەر کۆمەڵگەدا دێت، زانینی ئەو گۆڕانە و چارەسەرکردنی ڕێک لە ناو ناخی کۆمەڵگەدایە، پێموایە هاوڵاتیی ئێرانی زۆر دووڕوویی لە حکومەتی ناوەند دیوە و تەنیا وەکو کاسبکاران کە دەڵێن پارەی نەقد قسە دەکات، ئەویش دەبێت ئاوا چارەسەری کردارییان هەبێت. دواخستن و لەکەنان ڕێگە چارە نییە، حکومەتی ڕاستەقینە لە پرسیار ناترسێت و ڕیفراندۆم لانی کەمی داخوازی گەلانی ئێرانە بۆ پرسەکانی کۆمەڵگە. بۆ کوردیش ئۆتۆنۆمی ناوچەیی کە بەرپرسانی دڵسۆزی ناوچەکانی خۆیان بن لە چوارچێوەی حکومەتی ناوەندی، کە ئەوە لانی کەمەکەیەتی. دیموکراسی بۆ ئێران زۆر لەمێژە باسی هەیە و جێبەجێکردنی بێ کەم و کووڕی دەستوور لە ئێران، شتێکی کۆنیش نییە.

**ئەگەر وایە بۆ بەربەست هەیە؟**

حکومەتی ڕاست لە پرسیار و داواکردن ناترسێت. کاتێک سەرکوت هەیە، ترس هەیە، حکومەتی باش ترسی داهاتووی نییە. دڵنیام کە کورد لە ئێران وەکو گەلێک لە گەلانی نێو چوارچێوەی ئێران دەزانێت چی بکات، داواکاری ئازادی و یەکسانی لەسەر مافی خۆی داواکارییەکی کۆن و بەردەوام و ڕاستەقینەیە.

## توێژینەوەی وەرگێڕدراو


# ئێرانناسی

# ڕۆڵی فرەچەشنی ئایین لە دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی ئێران لە نیو سەدەی ڕابردوو[1]

سەید یاسین حوسینی[2]، حەسەن موحەمەدەسی گیلوایی[3]، محەمەد باقر تاج ئەلدین[4]

---

وەرگێڕانی: عەبدوڵا ڕەسولی



## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوە تاوتوێ کردنی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئایین لە نیو سەدەی ڕابردوو لە پارێزگای کوردستانە (سنە). ئاراستەی توێژینەوەکە چۆنایەتییە و کەڵك لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی گرنگ و ئاگادار وەرگیراوە. بیندراوەکان بەپێی پرژوبڵاوی جوگرافیایی و دابەشکردنی دژیەکییەکان لەنێو گرووپە جیاوازەکان فۆرمولیزە کراوە. حەوت شێواز لە دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئایین لە پارێزگای کوردستان (سنە). لە چوارچێوەی «ئایین وەك لەنێوبەری دژیەکییەکان»، «ئایین وەك پەردەپۆش کردن و شاردنەوەی دژیەکییەکان»، «ئایین وەك ڕەنگدانەوە و هەمدیس نوێینی دژیەکییەکان»، «ئایین وەك بەردەوامی پێدەری دژیەکییەکان»، «ئایین وەك بەهێزکەر و دووبارەکەرەوەی دژیەکییەکان»، «ئایین وەك سەرچاوەی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان» و «ئایین وەك لاوازکەری دژیەکییەکان» هەڵێنجراوە. هەریەك لە دژیەکییە ئاماژەپێدراوەکان، هەندێ کات لەنێو تاکەکان یان لە نێوان گرووپە فیکرییەکان بە سەلیقەی جیاوازی ئایینی یان گرووپی ئایینی، ئێنتمای فیکری سیکۆلاری هەبووە.

**چەمکە گرنگەکان:** دژیەکی کۆمەڵایەتی، ئایین، کوردستان

## بەرایی

کۆمەڵناسی لە ڕوانگەی بەدیهاتنی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵێك کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا هەیەتی، سەیری ئایین دەکات. لەم گۆشە نیگایەوە ئایین سیما و لایەنی جیاوازپەیدا دەکات و بەناچاری کۆمەڵناس هەوڵ دەدات بەدواداچوون بۆ هەموو ئەم لایەنانەی بەدیهاتنی کۆمەڵایەتی بکات. ئەو هەوڵ دەدات لە کاری توێژینەوەی خۆیدا دووری لە شەیدا بوون یان ڕق لێبوونەوە بگرێت و فرەچەشنی کارکردی ئایین ببینێت. بەردەوامبوون لەم بوارەوە کەم کەم ئەو دەرفەتەمان پێدەبەخشێت کە سیمایەك لە کارکرد و کاریگەریی دانانی ئایین ببینین، کە نیگای نووسەر ڕێگەی لە بینینی دەگرت. باسکردن لە پەیوەندی ئایین و دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان یەکێك لەو بابەتانەیە کە لە توێژینەوەی ئایینی وڵاتی ئێمەدا کەمتر سەرنجی پێدراوە. بەڵام خوێندنەوە لەبارەی هەندێ بەستێن و زەمینەی کۆمەڵایەتی سەرنجی ئێمەی بۆلای ئەم بابەتە کەمتر بیندراوە ڕادەکێشێت. کوردستانی ئێران بەستێنێکی کۆمەڵایەتی دەستکاری نەکراو بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵناسانە دەستەبەر دەکات. کاتێك لە خۆمان دەپرسین چ شتێك لە کوردستان دەتوانێت بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ

بێت و لە قوڵایی جیهانی کۆمەڵایەتی خۆی زانستێکی شایستەمان پێ ببەخشێت، دەگەینە پەیوەندی ئایین و دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان، بابەتێك کە لە هەموو لایەنێکەوە بۆ ئێمە سەرنجڕاکێش و بزوێنەری زێتەڵەیی بوو و دەیتوانی یارمەتی تێگەیشتنی کۆمەڵناسانەی ئێمە لە بەستێکی کۆمەڵایەتی کوردستان بدات.

کوردستان بۆ زۆربەی توێژەرانی ناوخۆیی و دەرەوە بابەتێکی سەرنجڕاکێش بۆ خوێندنەوە بووە. لێکۆڵەری جۆراوجۆر لەبارەی پرسەکانی کوردستان لێکۆڵینەوەیان کردووە و بەرهەمی جۆراوجۆریان بڵاوکردۆتەوە. بۆ لێکۆڵەری کۆمەڵناسی، کوردستان وەکو تاقیگەیەکی فرەیی ئایینی و کۆمەڵایەتییە. تاوتوێ کردنێکی بەپەلە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە مێژوویەکی دوورودرێژدا کوردستان شوێنی سەرهەڵدانی جۆرەکانی دژیەکی کۆمەڵایەتی بووە و لەم بەستێنە کۆمەڵایەتییە دیسان جۆرەکانی دژیەکی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن. سەرچاوەی ئەم هەمووە دژیەکییە کۆمەڵایەتییە لە کوردستاندا چییە؟ لە نیو سەدەی کۆتایی ئایین چ پشکێکی لە سەرهەڵدان، گەشەکردن، ڕوودان و لەنێوچوونی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا هەبووە؟ بە شێوەیەکی گشتی چلۆن دەتوانین ڕێژەی پەیوەندی ئایین و دژیەکییەکان لە کوردستانی ئێران فۆرمولیزە بکەین؟ ئێنتما بۆ سەنتەرسڕینەوە لە کۆمەڵناسی ئێران و ئاراستەکردنی لێکۆڵەران و زانستخوازان بۆ پرسە خۆجییەکان (موحدثی، ١٣٩٨:٧) هاوڕێ لەگەڵ ئەم زێتەڵەیی و پرسیارانە، ئێمەی ڕاکێشا بۆ لای پرسی ئایین و دژیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێران و ئەومان کردە ناوی لێکۆڵینەوەی خۆمان.

بەپێی ئەزموونی ژیانی یەکێك لە نووسەرانی ئەم وتارە، لە پارێزگای کوردستان گرووپی ئایینی (ئیسلامی) جۆراوجۆر بوونیان هەیە کە هەریەك لەوان، ئەوانیتر بە نائیسلامی (کافر) دەزانن و هەرئەم فرەچەشنییە لەگەڵ خۆیدا گومانی هێناوەتە ئاراوە و دڵنیایی ئایینی دەسووێت و هەندێ کات ژیانی ئایین وژیانی کۆمەڵایەتی تووشی تێکچوون و ئانۆمی٥ و نەبوونی ڕێککاری دەکات. ئەمە یەکێك لە دژیەکییە ناوخۆییەکانی ئایینە، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا دەبیندرێت و توێژینەوەی بەقاڵی (١٣٨٩)یش پشت ڕاستی دەکاتەوە، کە بۆ نموونە، پیرۆزکردنی توندوتیژی و دەستکاری کردنی هەقیقەت لە نێو گرووپە فیکری سەلەفییەکان باو و ڕێگەپێدراوە. بۆیە هەندێ لە ئایدیاکان بە تامی ئایین و ئایینزاوە لە کۆمەڵگادا دەتوانن شەرعیەت بە تاوان بدەن. لەلایەکی دیکەوە، کەلێنی جیدی لە نێوان ئێنتما ئایینیەکان بە ئێنتمای نائایینی، هەروەها کەلێنی ئێتنیکگەرایانە یان گرووپگەرایانە بووەتە هۆی دژیەکیی دوو بەرامبەر لە ئاستی کۆمەڵایەتی کە بە تایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (لە بابەتی کەناڵەکان، گرووپە مێدیاییەکان و لاپەڕەکان) دەتوانین بە شێوەیەکی بەرچاو و زەق بیبینین. جیا لەمە، هێزە ناوخۆییەکانی هەرقەڵەمڕەوێك هەوڵ دەدەن بەرگری و پارێزگاری لە چالاکی و ژینگەی کۆمەڵایەتی قەڵەمڕەوی پێناسەکراوی خۆیان بکەن و خەبات لە دژی ئەو هێزانە بکەن، کە ژیانی کۆمەڵایەتییان لەو قەڵەمڕەوە دەخەنە مەترسییەوە یان هەڕەشە لەسەرپێگەیان دەکەن و دەبنە مەترسی بۆ سەربەرژەوەندییان. بە سەرنجدان بەوەیی کە گرووپی ئایینی زۆر (سەلەفی، موفتی زادە، تەسەوف، نەقشبەندی، وەهابی، شیعە و...) لە کوردستاندا هەیە و هەروەها گرووپە سیکۆلارەکانیش هێدی هێدی بەهێزبوون (سراج زادە و همکاران ١٣٩٣: ٤.عظیمی و چلونگر ١٣٩١: ٨٢) وا هەست ئەکرێت

هەندێ کات ئایین دەتوانێت پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دژیەکییە کۆمەلایەتییەکان هەبێت و ڕەنگە لە داهاتووش ئەم دژیەکییانە زۆرتر ببن. بە سەرنجدان بە ئەنجامەکانی خوێندنەوەکە ئەو پرسیارەی کە پێشتر باسکرا بە شێوەیەکی جیدیتر بۆ ئێمە دێتە ئاراوە کە پەیوەندی ئایین و دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوو بە چ شێوەیەك بووە؟

## ئەدەبیاتی تیۆری و ئەزموونی توێژینەوە

زۆربەی کات لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا بینەری ئاراستەیەکی زاڵ لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی ئایین لە کۆمەڵگادا داین. بیرمەند و تیۆرڤانی زۆر لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە جەخت لەسەر ڕۆڵی یەکپارچەسازیی ئایین دەکەنەوە. ئەمیل دورکهایم، مێرتۆن و پارسۆنێز زۆرتر باوەڕیان بە ڕۆڵی یەکپارچەسازیی ئایین هەیە و پەیام و کارکردی ئایین بە پاسەوان و پاراستنی کۆمەڵگا دەزانن و چڕبوونەتەوە سەر ئۆتۆریتەی ئاکاری ئایین (دورکهایم، ١٣٨٣: ٢٨٥، همیلتون ١٣٨١: ١٧٥). لەم ئاراستەدا ئایین یارمەتی سیستەمی کۆمەلایەتی دەدات بۆ ئەوەی هاوبەند بمێنن و بە دابین کردنی «گوشاری ئاکاری» یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی بپارێزێت (سەرچاوەی پێشوو: ١٧٥). لە ڕوانگەی دورکهایمەوە ڕێوڕەسمیش «لە بنەمادا بۆ پاراستنی یەکبوونی گرووپن» (سەرچاوەی پیشوو: ١٧٨). لە ڕاستیدا، لە ڕێگەی ڕێوڕەسمی ئایینییەوە، یەکپارچەیی و یەکبوونی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، هەروەها کە دورکهایم لەو باوەڕە دایە، کە ڕێوڕەسمی ئایینی بۆ کارکردی دروستی ژیانی ئاکاری ئێمە بە هەمان ڕادە زەرورن، کە تاك بۆزیندووڕاگرتنی ژیانی جەستەیی هەموو هەوڵی خۆی بەکاردێنێت، لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەوەیە کە گرووپی خۆی پەسەند و دەپارێزێت ( همیلتون، ١٣٨٧: ٣٠٢). لەسەر بنەمای هەمان جۆری نیگا بۆ کارکردەکانی ئایین، زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ناوخۆی وڵات لەبارەی ئایینەوە ئەنجام دراون، لەسەربنەمای نیگایەکی بابەتیانە و بە میتۆدێکی چەندایەتی پەسەندی دەکەن، کە ئایین لە یەکگرتوو کردن و یەکپارچەیی کۆمەلایەتیدا ڕۆڵی گرنگ و بنەمایی هەیە ( تاتار و فتحی، ١٣٩٥، باغبان و همکاران، ١٣٩٤).

کارل مارکس کە لە ڕواڵەتدا سەربە ئۆردووگای دژە دورکهاییمە، هەڵویستێکی هاوشێوەی لەبارەی کارکردی ئایین دەگرێتەبەر. ئەو لەو دەگمەن نووسراوانەی کە لەبارەی ئایین ماوەتەوە، بە ئێمە دەڵێت، ئایین دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان پەردەپۆش دەکات. لە ڕوانگەی ئەوەوە ئایین بابەتێکی زەوینی دەکاتە ئاسمانی و میتافیزیایی و پەردە دەدات بە سەر دژیەکی بابەتی زەوینیدا، « لە کاتێکدا کە « بۆ نموونە کەشف دەبێت کە خێزانی زەوینی نەهێنی خێزانی پیرۆزە» ( مارکس، ١٩٧٣: ٢٢٨، نقل از سلسام و مارتل، ١٩٧٣). لە ڕوانگەی مارکسەوە ئایین «حیجابێکی پڕنەهێنی» دەدات بەسەر« پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا (سەرچاوەی پیشوو : ٢٢٩). مارکس لەو باوەڕەدایە، « ئایین بەدیهاتنی خەیاڵی خودی مرۆڤە، لەبەرئەوەی خودی مرۆڤ هیچ واقعیەتێکی ڕاستەقینەی نییە» (سەرچاوەی پێشوو: ٢٢٧). لەمڕووەوە لە ڕوانگەی مارکسەوە هەوڵدان لە دژی ئایین، بە نێوانگیری شەڕێکە لەدژی جیهانێکی دیکە، جیهانێك کە لەودا ئایین، بۆنی مەعنەوییە» (سەرچاوەی پێشوو: ٢٢٧). ئەمە هەمان ئەو جیهانەیە، کە ئایین ڕەنگدانەوەیەکی ئەوە.

لە ڕوانگەی مارکسەوە لانیکەم ئامانج لە ڕەخنەی ئایین، جیهانی ئایینی نییە، بەڵکوو جیهانی کۆمەڵایەتییە کە ئایین و ڕەنگدانەوەی ئایینی بەرهەمی ئەوە. لەم جیهانە نامۆبووە لە خود، ئایین «شادی وەهمی» خەڵکە. « لانیکەم بۆ شادی ڕاستەقینەی خەڵك، پێویستە ئایین وەك شادی وەهمی هەڵوەشێتەوە. ئەم بابەتە بەمانای دەستهەڵگرتن لە وەهم لەبارەی بارودۆخێکە کە پێویستی بوونی وەهم دروست دەکات. بەمشێوە ڕەخنەگرتن لە ئایین، لە گەوهەری خۆیدا ڕەخنەگرتن لە دۆڵی خەم و پەژارەیە، کە ئایین خەرمانەیەکی دەوری ئەوە» ( سەرچاوەی پێشوو: ٢٢٧). مارکس بە گوتنی ئەم وتە کە « ئایین، ئاخی خەڵکی چەوساوە، دڵی جیهانی دڵڕەقە، دروست بەهەمان شێوە کە ڕۆحی بارودۆخێکی بێڕۆحە. تلیاکی جەماوەری خەڵکە». جەخت لەسەرکارکردی سوکنایی بەخشی ئایین دەکاتەوە.

سەرنجڕاکێشە کاتێك هزری مارکس ودورکهایم لەبارەی ئایینەوە پێکەوە بەراورد دەکەین، بەپێچەوانەی جیاوازیی ڕواڵەتی، هاوشێوەبوونێکی جیدی لەواندا دەبینینەوە. لەبارەی کارکردی ئایین، دورکهایم بە زمانی ئەرێنی قسە دەکات و مارکس بە زمانی نەرێنی. بەڵام دورکهایمیش لە گرنگترین بەرهەمی خۆی لەبارەی ئایین، ئایین بە وڕێنە دەشوبهێنێت ( دورکهایم، ١٣٨٣: ١٠). لە ڕوانگەی ئەوەوە « ئایین بابەتێکی بەتەواوی کۆمەڵایەتییە» (سەرچاوەی پێشوو: ١٣) ئایین لە وەهمەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکوو ڕێشەی لە واقعیەتە کۆمەڵایەتییەکان دایە (سەرچاوەی پێشوو: ٩٥) « لە دەرەوەی خودی تاکی مرۆیی و جیهانی مادی، دەبێت واقعیەت بە شێوەیەکی دیکە بێت کە مانا و بەهای بابەتی ئەم جۆرە وڕێنانە کە بە مانایەك، لە هەر ئایینێك هەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت» (سەرچاوەی پێشوو: ١٢١). دورکهایم باسی ڕۆڵی « خەیاڵی ئایینی» دەکات (سەرچاوەی پێشوو: ٢٩٠). ئەویش پێمان دەڵێت « کۆمەڵگا بەردەوام لە حاڵی دروستکردنی شتە ئاسمانییەکان دایە» (سەرچاوەی پێشوو ٢٩١). «باوەڕە ئایینییەکان بوون کە لە جیاتی جیهان بە شێوەیەك کە ئێمە دەیبینین، جیهانێکی جیاوازی داناوە» ( سەرچاوەی پێشوو: ٣٢٤). ئەم نزیکایەتییە فیکریانە لە نێوان مارکس و دورکهایم لەبارەی ئایین شتێك نییە، کە لە بەرچاوان شاراوە بێت. ترنێردەڵێت: « جیاوازیی دانان لە نێوان لە نێوان چەمکی ددورکهایمی ئایین وەك چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و خوازەی مارکسیستی ئایین وەك تلیاکی کۆمەڵایەتی، زۆردژوارە» ( ترنر، ١٩١١: ٧٨ وەرگیراو لە همیلتون، ١٣٨٧: ١٧٩).

هەمیشە سەرنجدان بە کارکردەکانی ئایین سەرنجدان بە کۆمەڵناسانی ئایین بووە، بەڵام هەندێکیان زۆرتر چڕبوونەتەوە سەرکارکردە ئەرێنییەکان و هەندێکی دیکەش چڕبوونەتە سەرکارکردە نەرێنییەکان و هەندێ کات لەبارەی کارکردێکی دیاریکراوی ئایین بە زمانی جیاواز قسەیان کردووە. یەکێك لەو کۆمەڵناسانەی کە لەبارەی کارکردەکانی ئایین قسەکان کردووە ئۆدییە. ئەو باسی شەش کارکردی ئایین بۆ تاك و کۆمەڵگا دەکات:

١ .ئایین بۆمرۆڤ پشتیوانی وسوکنایی دێنێتە ئاراوە ولەم ڕێگایەوە پشتیوانی لە بەها وئامانجە جێگیربووەکان دەکات.

٢. ئایین لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەکانەوە، ئاسایشی سۆزداری و شوناس و خاڵی پشتیوانی نەگۆڕ لە گێژاوی ناسازگاریی بیروباوەڕەکان بۆ مرۆڤ دێنێتە ئاراوە. ئەمە هەمان کارکردی قەشەیی ئایینە و فێرکردنی وانە ئایینیەکان و جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی لە خۆدەگرێت. ئەم کارکردەی ئایین ڕێککاری کۆمەڵایەتی بەهێزدەکات و زۆربەی کات یارمەتی پاراستنی دۆخی ئارایی دەدات.

٣. ئایین نۆرمەکان پیرۆزدەکات و ئامانجە گروپیەکان لەسەرەوەی ئامانجە تاکەکەسیەکان دادەنێت. ئایین شەرعیەت بە ڕێککاری کۆمەڵایەتی دەدات.

٤. ئایین پێوەرگەلێك وەك بنەمای ڕەخنەگرانە لە سەرباشقە٦ کۆمەڵایەتییە ئاراییەکان دەستەبەردەکات. ئەمە هەمان کارکردی پێغمبەرانەی ئایینەی و دەتوانێت بنەمایەك بۆ ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەربکات.

٥. ئایین یارمەتی مرۆڤ دەدات خۆی بناسێت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە شوناس بکات.

٦. ئایین لە پرۆسەی گەشەکردنی مرۆڤدا گرنگییەکی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی لە قەیرانەکانی ژیان و قۆناغەکانی تێپەڕبوون لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە یارمەتی ئەو دەدات و لە ئەنجامدا بە بەشێك لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون دێتەئەژمار (همیلتون، ١٣٨١: ٢١١.٢١٠).

هەروەها کە دەبینین، لە لیستی ئەو کارکردانەی کە ئۆدی بۆ ئایین ئاماژەیان پێدەدات، تەنها بابەتی پێنجەمە، کە بە شێوەیەك دەتوانین ئەو پەیوەندیدار بە بابەتی دژیەکی کۆمەڵایەتی بزانین. لەنێو بیرمەندانی ئێرانی یەکێك لەو کەسانەی کە سەرنجی داوەتە پەیوەندی ئایین و دژیەکی کۆمەڵایەتی، عەلی شەریعەتییە. «شەریعەتی بە تایبەت بە خزمەتێك کە ئایین لە ئاراستەی پەردەپۆش کردنی دژیەکییەکان بۆ چینی دەسەڵاتدار ئەنجامی دەدات و پاساوێکی خوایی بۆ بارودۆخی نایەکسانی کۆمەڵایەتی دێنێتەوە، سەرنجی پێدەدات» ( موحدثی، ١٣٨١: ٧٠).

بەپێچەوانەی سەرنجی سنووورداری ژمارەیەك لە بیرمەندانی ئێرانی بۆ ئەم بابەتە، هەتا ئێستا توێژینەوە ئێرانییەکان زۆرتر چڕ بوونەتەوە سەر ڕۆڵی ئایین لە هاوبەندی، یەکپارچەیی و یەکبوونی کۆمەڵایەتی (مهدوی و همکاران، ١٣٨٩، عیوضی، ١٣٨٦، غلامی ١٣٨٦: ٥٦) و دەتوانین بڵێین کە لە ئێران ڕۆڵی ئایین لە دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسیدا پشت گوێ خراوە. لەو بەرهەمە دەگمەنانەی کە باسی دژیەکی کۆمەڵایەتییان کردووە، وتارێکە لە ژێر ناوی «دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە» ( شامحمدی بنی و هادوی کاشانی، ١٤٠٠) کە دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان وەك «گرفت» و بابەتێکی « تێکدەرانە» دەبینێت (سەرچاوەی پێشوو: ٣٢٢) و بانگەشەی ئەوە دەکات دەیەوێت ڕوانگەی ئیسلامی لەبارەی دژیەکی کۆمەلایەتی باس و شی بکاتەوە. لەم وتارەشدا باسی نەبوونی بەرهەمی لێکۆڵینەوەی سیستەماتیك و ڕاستەوخۆ لەبارەی دژیەکی کۆمەڵایەتی کراوە ( سەرچاوەی پێشوو: ٣٢٥).

چەمکی دژیەکی هاوتای وشەی "conflict" بە مانای بەریەککەوتن و خەبات کردن هاتووە. هەرکاتێك دوو یان چەند کەس یان گرووپێك لە ئاراستەی لادان لە هزر و بەرژەوەندی، لە حاڵی بەریەککەوتنی ئاشکرا

وڕێکنەکەوتنی تێکەڵ بە توندوتیژی بن، پێی دەڵێن دژیەکی ( بیرو ١٣٩٢: ٦٢). ماکس ڤێبەر(١٣٨٤: ٢٠٧) لەو باوەڕە دایە کاتێك پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بە دژیەکی خوڵقێن ناو دەبرێت، کە کردارە ئەنجامدراوەکان لەودا بە پراکتیك لە ئاراستەی پێش خستنی خواستی تاکێك بە پێچەوانەی خۆڕاگری ئەویتریان ئەوانیتر بێت. ئەو پانتایی دژیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕکابەری بەتەواوی ڕێکخراو هەتا شەڕ دەزانێت. بە باوەڕی بێرلسۆن و ستینێر، « دژیەکی بریتییە لە کەوتنە دووی ئامانجە دژیەکی خوڵقێن و ناسازگارەکان یان لانیکەم لە ڕواڵەت ناسازگار، بە شێوەیەك کە دەستڕاگەیشتنی یەکێك لە لایەنەکان بە نرخی لە دەستدانی بەرژەوەندی ئەویتر بێت» (وەرگیراو لە مسعودی و همکاران، ١٣٨٨: ١٣٤. ١٣٥). لویس کوزێر دژیەکی لەسەر بنەمای بەریەککەوتن لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە دەکات (کوزر، ١٣٨٤: ٩) و جیاوازی لەنێوان بکەرانی دژیەکی، ئامرازە بەکارهێنراوەکان لە دژیەکی و ئامانجەکانی دژیەکیدا دادەنێت ( سەرچاوەی پێشوو: ١١_١٨).

لە پێناسەی چەمکی ئایینیشدا گووتویانە: « بریتییە لە هەست، کردار و ئەزمونی تاکەکان لە کاتی تەنیایی، ئەو کاتەی کە خۆی لە بەرامبەر هەر شتێك کە بە خوا ناوی دێنن» ( رایشنباخ و همکاران، ١٣٩٠: ١٨). لە ڕوانگەی گێرتێزەوە (١٩٧٣)

ئایین برتییە لە سیستەمێکی هێماکان کە کار دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگای فۆرمولەکردنی چەمکەکانی پەیوەندیدار بە ڕێککاریی گشتی بوون و داپۆشینی ئەم چەمکانە بە خەرمانیەك لە واقعیەت کە بە شێوەیەکی دەگمەن ڕۆح و دەروون و پاڵنەرە مرۆییەکان بە واقیعی بێتە بەرچاوان. ئایین لە لای مرۆڤ ڕۆح و پاڵنەری بەهێز، گشتگیر و خۆڕاگر دروست دەکات ( وەرگیراو لە پالس، ١٣٩٢: ٣٣٥).

بەباوەڕی کارل مارکس، ئایین یەکێك لە ئایدیۆلۆژیا نەریتییەکانە کە دەبێت وشیاری مرۆڤ لەوڕزگاری بێت، لەبەرئەوەی ئەم ئایینە ئەنجامی دژیەکی چینایەتییە ولەم سیستەمەی دژیەکی چینایەتی ئایین سەردەر دێنێت، هەندێ کات ئاخ و نزای چەوساوەکانە و هەندێ کات شەمشێری ستەمکاران بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بە ئاسانی بەسەر چەوساوەکاندا حکومەت بکەن ( کوهن، ١٣٨٦، ١١٧). هەروەها لەم گۆشە نیگایەوە، ئایین لە پیرۆزکردن، شەیتانی کردنی هێز، توخم و دیاردەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی کۆمەڵگاکاندا گێڕاوە. هەروەها هەندێ کات کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و کەلێنە ئایینییەکان یەکتر دادەپۆشن و دیاردەی دووبارەبوونەوە و هاودەنگی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان ( ڕێزونانسی کەلێنەکان ) ڕوودەدات ( فورشت و رپستاد، ١٣٩٤، ٤٩١.٤٩٢). ریمت و کێترین (٢٠١٩) لە توێژینەوەیەکدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی نێوان مەسیحیەت و ئەمریکایی بوونی ڕاستەقینە و بوونی ڕوانگەی نەرێنی لە ئاست کۆچبەران دوای ڕووداوی ١١ سپتمبەر دووبارە بووەتەوە. ئەم واقعیەتە کە سەرچاوەی ئەم هەڕەشە، تێرۆریزمی ئیسلامی ڕادیکاڵ ناونراوە، دژیەکی نێوان ئایینەکانی دووبارە کردۆتەوە. ئەنجامی توێژینەوەکانی ستۆرم (٢٠١١) لەسەر بنەمای زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی کۆمەڵ لە ٢٠٠٨ لە بەریتانیای مەزن، هۆڵەندا، دانیمارك و ئەیرلەندا پێشانی دەدات، کە شوناس پەیداکردنی مەسیحی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ

بینینی کۆچبەران وەك هەڕەشەیەك بۆ شوناسی نەتەوەیی هەبووە، بەڵام ڕۆشتن بۆ کلێسا پەیوەندییەکی نەرێنی لەگەڵ ڕوانگە دژەکۆچبەرەکان هەبوو. هاوتەریب لەگەڵ توێژینەوە ئاماژەپێدراوەکان، ڕیچلێر (٢٠٠٧) لە توێژینەوەیەکدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێکخراوە ئایینییەکان کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر دەرگیرییە کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتییەکان هەیە. عیوەزی (١٣٨٦)یش لە توێژینەوەیەکدا باسی دەکات، کە یەکێك لە کێشە گەورە و بنەماییەکانی کۆمەڵگا و سیستەمی ئێمە لە هەمان شوێندا شاراوەیە، کە پرەنسیپی بنەمایی ئیسلام (پرەنسیپی یەکگرتوویی) لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە بیرکراوە و شوێنی خۆی داوە دوژمنایەتی، جووڵاندنی هەستیارییە سیاسی و ئێتنیکییەکان و دروستکردنی کەڵلەڕەقی و خستنەگەڕی شەڕ، توندوتیژی، ڕق و ئەمەش خەست کراوەتەوە.

لە بەرامبەرئەم ئاڕاستەدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەی لێژە (٢٠١٣) پێشانی دەدات کە ئایین لە توخمە سەرەکی و گرنگەکانی یەکپارچەیی و بەرفراوانی کرداری هەمبەری کۆمەڵگا و گرووپ لەگەڵ یەکترە. چەندە باوەڕی کۆمەڵگایەك و گرووپی ئایینی بەهێزتر بێت، ئەو کۆمەڵە یەکپارچەترە. لەم ئاڕاستەدا ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی ویلیام (٢٠١٦) لە وڵاتی نیجیریا پێشانی دەدات ئیسلام، بەهێزترین شوناس بۆ هەردوو گرووپ دەستەبەر دەکرد و لە لایەکەوە لە سەدا ٨٨ی وەڵامدەرەکان وەك یەکەمین هۆکاری شوناس بەخش هەڵبژێردرا. غولامی (١٣٨٦) لە توێژینەوەیەکدا دەگاتە ئەو ئەنجامە کە یەکبوون لە سەردەمی ئێستادا مەڵهەمی برینە کۆنەکانی جیهانی ئیسلامە و ئەگەر موسلمانان خوازیاری گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی خۆیان و هۆگری ژێدەربوونی زانستی لە جیهانن، دەبێت هەستی یەکبوون لە خۆیان دروست، بەهێز و گشتگیر بکەن. ئەنجامی توێژینەوەکانی بەهجەتی ئەسڵ و هاوکاران (١٢٩٣)یش پێشانی دەدات کە پەیوەندی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوەیی ئەرێنی بووە و چوارڕەهەندی ئایینداری، بە تایبەت ڕەهەندەکانی بیروباوەڕ و سۆزداری ئەو، هاوبەندی ئەرێنی و ڕاستەوخۆی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی وەڵامدەرەکاندا هەبووە.

موحەدەسی (١٣٩٩) لە وتاری خۆی بە سوودوەرگرتن لە باسەکانی فۆرشت و ڕپێستاد (١٣٩٤: ٤٦٨)، باسی ئاراستە جیاوازەکانی ئایین (هۆکاری یەکگرتوو کردن یان دژیەکی) کردووە. ئەو بە سەرنجدان بە بۆچوونی ئەم دوو کۆمەڵناسە ئایینیەی نورویجی، جۆرناسییەك لەبارەی پەیوەندی ئایین و دژیەکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی شەش جۆری جیاواز پێشکەش دەکات: ئایین وەك لە نێوبەری دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان (ئاراستەی کارکردگەرا)، ئایین وەك پەردەپۆش کردن و شاردنەوەی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان (ئاراستەی مارکسیستی)، ئایین وەك ڕەنگدانەوە و هەمدیس نوێنی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان، ئایین وەك بەردەوامی پێدان بە دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان، ئایین وەك بەهێزکەرو دووبارەکردنەوەی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان و ئایین وەك سەرچاوەی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم جۆرناسییە ڕێنمای سەرەتایی ئێمە بۆ خوێندنەوە و پۆلێن کردنی جۆرەکانی پەیوەندی ئایین و دژیەکی لە کوردستان بووە.

## میتۆدی توێژینەوە


ئاراستەی میۆدناسانەی ئەم توێژینەوە چۆنایەتییە. میتۆدی لێکۆڵینەوە زۆرتر لەسەر بنەمای چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی ئاگادارە و جیا لەوە سوودی لە بەڵگەنامەکانیش بۆ کۆکردنەوەی لێکۆڵنەوە لەبارەی بابەتەکە وەرگرتووە. « ئەم میتۆدەی لێکۆڵینەوە لە بواری مێژوویەوە لە ئێتنوگرافیا وەرگیراوە. کەسانی ئاگاداری گرنگ کەسانێکن کە خاوەنی زانیاری تایبەت یان پێگەیەکی تایبەتن و لێکۆڵەر لە ناسین و شارەزاییاندا بەشدار دەکەن» ( هیرمن و گودهویس، بی تا). ئەم لێکۆڵینەوە لە بەهار، هاوین و پاییزی ساڵی ١٤٠٠ ئەنجام دراوە. بە ئامانجی سەردانی کردنی کەسانی ئاگادار، هەر تاکێکی خاوەن بۆچوون دەتوانێت وەك نموونەی مەبەستمان بێت، بەو مەرجەی کە بکرێت لە ڕێگای ئەووەوە دەستمان بە ناسینی دژبەکییەکان ڕابگات. شێوازیی هەڵبژاردنی ئەم کەسانە لەسەر بنەمای نموونەگرتنگی تۆپەڵەی بەفر بووە، بەو مانایە کە سەرەتا لەگەڵ چەند کەس چاوپێکەوتن کراوە، کە لەبارەی ئەوان لە بواری بوونی زانیاری و ئەزموونی ئایینیان دڵنیا بووینەتەوە و دواتر داوا لەوان کرا کە چەند کەسی دیکە بناسێنن. ئەم سیکلە بەردەوامی هەبوو هەتا لە دواییدا بکرێت دەستمان بە دژبەکییەکانی پەیوەندیدار بە ئایین ڕابگات. نموونەگرتن لە ئامانجی ناسینی گرووپە جیاوازە ئایینەکان ئەنجام دراوە و دوایی ڕۆشتینە نێو کۆبوونەوە و ڕێورەسمەکانی ئەوانەوە. شێوازیی هەڵبژاردنی ئەم گرووپانە لەسەر بنەمای نموونەگرتنی ئامانجدار بووە. لەم نموونە وەرگرتنەدا، هەڵبژاردنی بابەتەکان (بۆ نموونە دەستەوتاقم و گرووپی ئایینی) وەك بەڵگەی ڕاستەقینەی چین یان بابەتێك لە بابەتەکان کە لێکۆڵەر هۆگری بۆیان هەبووە، ئەنجام دەدرێت، واتە ئەوان بە شێوەی ڕێکەوتی هەڵنابژێردرێن. بۆیە سەرەتا زانیاریی ورد لەوان کۆکراوەتەوە ودوایی هەوڵ درا کەڵك لە شێوازی بینین لە ڕێگەی بەشدارییەوە وەربگیریت و لە کۆبوونەوە و ڕێورەسمەکانی ئەواندا ئامادە بێت. لە هەڵبژاردنی ئەم دەستەوتاقم و گرووپە ئایینیانە مەرجی فرەچەشنی ڕەچاو کرا. لەسەر ئەم بنەمایە، لەم توێژینەوەدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیارییەکان، چاوپێکەوتنی قوڵ و نیوە پێکهاتە پەیداکردوو لەگەڵ ٥٤ کەس، بە شێوەی گفتوگۆی دوو کەسی، ئەنجام دراوە. چاوپێکەوتن بە شێوەی گێڕانەوە و ئێپیزودیك لە ماوەیەك لە نێوان ٤٠ هەتا ٩٠ خولەك ئەنجام دراوە. هەروەها لە باس و مشتومڕە سێ گرووپی ئایینی (سەلەفی، وەهابی و موفتی زادە) بەشدارییەکی چالاکانە ئەنجام دراوە. لەڕاستیدا، چاوپێکەوتن ووتارەکان چەندین جار گوێیان بۆ ڕاگیراوە و دەقی ئەو بە شێوەی وشە بە وشە نووسراوەتەوە. شیاوی گوتنە کە لە دوایین بایەخدارکردندا کەڵك لە پێوەرەکانی بایەخداری و توانایی دڵنیای وەرگیراوە. بۆ تاوتوێ کردنی بایەخداربوون، زانیارییەکانی هەر چاوپێکەوتنێك دوای شیکاری، تەسلیمی بەشداربووان کراوەتەوە و دەستکاری پێویست لەسەر بنەمای بۆچوونی ئەوان ئەنجام دراوە.

## تایبەتمەندی گشتی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە

ئەوکەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە بواری ڕەگەزییەوە زۆرتر پیاو بوون. بە شێوەی گشتی ١٠ کەس ژن و ٤٤ پیاوبوون. ١٦ کەس لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە سەڵت و ٤٠ کەسیان خێزانداربوون. تەمەنی کەسانێك چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە ٣٥ ساڵ هەتا ٧٨ ساڵ لە گۆڕاندا بووە. ئاستی نێوەنجی تەمەنی ئەوان ٤٦ ساڵ، نما ٤٠ ساڵ و میانە ٤٧ ساڵ بووە. ١٩ کەس لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە ئاستی دواناوەندی یان خوارەوەی دواناوەندی، ٢٩ کەسیان لە ئاستی بکالوریۆس و ١٧ کەس لە ئاستی ماستەر و دکتۆرادا بوون. لە بواری پیشەوە ١٢ کەس لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە مامۆستا، ٢ کەس مامۆستای زانکۆ، ١٥ کەس فەرمانبەری حکومی یان بەشە تایبەتەکان، ٢٣ کەس کاسب و ٢ کەس لە ژنان ماڵداربوون. هەروەها ئامادە بوون لە کۆبوونەوەی سێ گرووپی ئایینی سەلەفی (٤ کۆبوونەوە)، وەهابی (٢ کۆبوونەوە) و موفتی زادە (٢ کۆبوونەوە) ئەنجام دراوە. ژمارەی کەسانی بەشداربوو لەم کۆبوونەوانە لە ٤ کەس هەتا ١٥ کەس لە گۆڕاندا بووە. ئاستی نێوەندی بەشداری کەسەکان لەم کۆبوونەوانەدا ٨ کەس بووە.


## پرژوبڵاوی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان

بەڵگە و زانیارییە کۆکراوەکان بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن، لە کوردستان ئایینزای سونی باوتر و شوێنکەوتووی زۆرتری هەیە، هەرچەند لە سێ شاری قورە، بیجاڕ و تا ڕادەیەك کامیاران دانیشتوانی شیعەش نیشتەجێن. هەروەها گرووپە ئایینزایی زۆر بە تایبەت ئێخوان ئەلموسلمین، گرووپی سەلەفی، لایەنگرانی تەسەوفی نەقشبەندی، شوێنکەوتووانی تەریقەتی قادری (دەروێشەکان)، شوێنکەوتووانی کاك ئەحمەد موفتی زادە، لایەنگران و شوێنکەوتووانی پیرشالیا... لە کوردستاندا ئامادەییان هەیە و بە هۆی ئەم تایبەتمەندییەوە، دەبێت بڵێین کوردستان « هیندی جیهانی ئیسلام»ە (الیما، ١٣٧٨: ٢١، نبز، ٢٠١٤: ٢٢-٢٨).




**وێنەی١: پرژوبڵاوی ئایینزا و گرووپە ئایینزاکان لە کوردستان**

لەسەر بنەمای ئەوەی لە گەڕان لە ناوچەکانی کوردستان لە بارەی بڵاوبوونەوەی کوردستان بیندراوەتەوە، دەتوانین بڵێین دەستەوتاقم وگرووپی ئایینزای زۆردەبیندرێتەوە وبە شێوەی وێنەی ٢ شوێنی جوگرافیایی دژەکییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئایین لە کوردستان دابەش کراوە.




**وێنەی ژمارە ٢: پرژوبڵاوی دژەکییە ئایینییەکان لە کوردستان (لەگەڵ ڕێنمای نەخشە)**

لە هەندێ بابەت گرووپە سوننییەکان دژەکییان پێکەوە هەیە ولە کوردستان ئەم دژەکیانە لە ئاستی تاکە کەسی وگرووپی ولە چوارچێوەی هەڕەشە، سووکایەتی وشەڕی فیزیکی بیندراوە. جیا لەوە، ئەم گرووپانە دژەکییان لەگەڵ خەڵك وکەسانێك هەیە، کە سەربەوان نین وبەستراوەی فیکری وڕۆحییان لەگەڵیان نییە ولێبوردویی ئایین لە ئاست ئەوان بە ڕەوا نازانن. هەروەها شوێن پێی زۆربەی دژەکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دەستەوتاقمانە لەگەڵ دانیشتوانی شیعە لە شارەکانی قورە، بیجاڕ وکامیاران بیندراوەتەوە وهەروەها دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە ئەم دەستەوتاقمانە لەگەڵ حیزب و خەڵکی سێکۆلاری کوردستانیش دژەکییان بۆ دروست بووە. بۆیە ئەم دەستەوتاقمانە لە کوردستان بە ئاراستەگەلێکی فرەچەسنی ئێنتما ئایینی وناائایینییەکان، بوونەتە هۆی دژەکی کۆمەڵایەتی زۆر. ئەم دژەکیانە لە ناوی ژینگەی شاری زۆرترە و چەندە بە ناوچە سنورییەکان نزیکتردەبینەوە، ئەم دژەکیانە کەمترو نەرمونیانترە.

**١. ئایین وەك لەنێو بەری دژەکییە کۆمەڵایەتییەکان**

ڕەنگە لە نێوبردنی دژەکییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی جیاوازلەلایەن ئایینەوە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە تەفسیری ئایینزایی دەتوانێت لەنێوچوونی دژەکی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە ڕێوڕەسمی پرسەی مامۆستا عەبدولکەریم مودەرس٧ لە یەکێک لە مزگەوتەکانی مەریوان کە دەرگیری لێکەوتەوە کە

لە دواییدا بە تەفسیرگەلێکی ئایینی و خوێندنەوەی ئایینی، ئاشتی و ڕێککەوتنی لێکەوتەوە و دژیەکی لەنێوچوو. نێچیروان دەڵێت: دوای کۆچی مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕس، ڕێوڕەسمێکی گەورە بۆ پرسەی ناوبراو ڕێکخرا. گرووپێك هاتنە نێو ڕێوڕەسمەکە و لەدژی قسەیان کرد و بوونە هۆی شەڕێك کە لە هەمان کاتی پڕ لە ئاژاوەدا، بە نێوانگیری یەکێك لە گەورەپیاوان لە سەربنەمای ئەوەی کە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە کە دەبێت موسلمان دووری لە شەیتان بگرێت و ناکۆکییان لەگەڵ یەکتر نەبێت و دووری لێ بگرن... ( نێچیروان حوسینی، ٤٧ ساڵە کاسب).

هەندێ کات دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر خۆڕاگر و ئەزەلین یان تەنانەت ئەگەریش خۆڕاگر نەبن لەبەرئەوەی کە ئامرازە خۆڕاگرییەکانی لە نێوبردنی ئەوان بەلاوازی کاردەکەن، دژیەکی ئەزەلی دەبێت. بەڵام هەندێ کات دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕادەیەك لاوازن کە ئەگەر خۆڕاگری لە بەرامبەرئەم دژیەکیانەدا ئەنجام بدرێت، بە زووترین کات ئەم دژیەکیان لەنێو دەچن.

### ٢ . ئایین وەك پەردەپۆش کردن و شاردنەوەی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان

جەخت کردنەوەی زۆرلە سەرپرسێکی ئایین دەبێتە هۆی پشت کردنە هەندێ پرسی دیکەی ئایین و ڕەنگە لە ڕێگەی ئایینەوە ( ئایە، گێڕانەوە و حەدیسەکان و...) هەوڵ بدرێت بە پرسێکی کەم بایەخ پێشان بدرێت. بە تایبەت دەتوانین ئاماژە بە توانایی ئێنتمای فیکری تەسەوف و نەقشبەندی٨ لە نێو گرووپە ئایینزا جیاوازەکانی ئیسلام بدەین کە دژیەکی نێوان ئەوان پەردەپۆش دەکات و ئەو بە یەکگرتوویی و یەکبوون ناودەنێت. یەکێك لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا کە خۆی لە شوێنکەوتووانی تەریقەتی تەسەوفە، دەڵێت: « لە سەردەمی شا ئیسماعیل سەفەوییەوە (٩٠٧-٩٢٠ ك م) تەریقەت لەگەڵ ڕواڵەت و بیروباوەڕی سونی و شیعە تێکهەڵکێش بوو و« هەتا ئەمڕۆ شیخەکانی تەریقەت زۆربەی مزگەوتەکانیان لە ژێردەسەڵاتدا هەبووە و بەڕێوەبردنی ئەوانیان لە ئەستۆ گرتووە ولەم ڕێگایەوە هەرجۆرە دەرگیرییەکیان ئاشتی داوەتەوە، لەبەرئەوەی خەڵك ئەوانیان لا قەبوڵ بووە». فرەچەشنی تێگەیشتن لە جۆری پەیوەندی نێوان دوو بگۆڕی ئایینداری و ئێتنیکێتی لە کوردستانیش سەرنجی ئێمە بۆ لای کارکردی ئایین لە پەردەپۆش کردنی لانیکەم کاتی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان رادەکێشێت:

لە باسی پەیوەندی شوناسی کوردی و ئایینزای سونی، لە نێوان کەسانی ئایینی و نائایینی جیاوازییەکی گەورە هەیە، لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی کەسانی نائایینی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، کورد بوون و سونی بوون دوو بابەتی دژیەك دێنەئەژمارولەوباوەڕەدان، بە سەرنجدان بەوەی کە لە کوردستان ئایینزای جیاوازهەیە بۆیە ئایینزا یەکێک لە هۆکارەکانی دروستکردنی ناکۆکی لە کۆمەڵگای کوردی دێتە ئەژمار، بۆ نموونە دوو کەس لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، نائایینی بوون ولەمبارەیەوە دەڵێن: « ئێمە پێش ئەوەی سونی یان موسلمان بین کورد بووین و هیچ پەیوەندییەك لە نێوان کوردبوون و سونی بووندا نییە» ( پیاو، خوێندکار).

" بەڕای من یەکێك لەو گرنگترین پرسانەی کە بووەتە هۆی ئەوەی کوردەکان نەتوانن مافی خۆیان

دەستەبەربکەن، ئایینزا بووە. ناکۆکی ئایینزایی زۆرترین زەربەی لە یەکگرتوویی کوردەکان داوە» (پیاو، کاسب). بەڵام لە ڕوانگەی ئەو کەسانەوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و خاوەنی بیروباوەڕی ئایینی بوون، کورد بوون و سونی بوون دژیەکی لەگەڵ یەکتردا نییە و کوردەکان بە بوونی هەرئایینزایەك دەتوانن پابەندی شوناسی کوردبوونی خۆیان بن. ئەم کەسانە کە زۆرترین ژمارەیان لە نێوان ئەوکەسانەدا هەیە، کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، تەفسیرێکی تاکەکەسییان لە ئایین هەیە کە لە سەربنەمای ئەو ئایینزا زۆرترلە بواری ژیانی تایبەتی ئەواندا ڕۆڵ دەگێڕێت.

ئەوگرووپانەی کە ئێنتمای ئیسلامییان هەیە، دەیانەوێت لە نێوان کوردبوون و سونی بوون دژیەکی دروست بکەن، بەڵام بە گشتی لە ڕوانگەی منەوە کورد بوون لەگەڵ سونی بوون سازگارە، من باوەڕم بە ئایینزا هەیە و ئەرکە دینییەکانی خۆم بەجێ دێنم. لە هەمان کاتدا کوردبوون بۆم گرنگە، تەنانەت لە ئایینزاش گرنگترە لەبەرئەوەی کوردبوون بۆ من نەگۆڕە (پیاو، کاسب).

بە سەرنجدان بە وتەکانی سەرەوە لە ڕوانگەی کوردە سونییەکانەوە کە خاوەنی بیروباوەڕی ئایینین، کوردبوون وسونی بوون دوو بابەتی پێکەوە گونجاون (هەرچەند جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە کە کوردبوون لە بەراورد لەگەڵ ئایین بۆئەوان لە پێشترە) وئەم کەسانە لەوباوەڕەدان لە پاڵ پاراستنی شوناسی کوردی دەتوانن پابەندی ئایینزاش بن. لە ڕوانگەی بەشداربوونی کوردی سونییەوە، شوناسی ئێتنیکی گرنگترولە پێشترلە ئایینزایە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە هەموو ئەم کەسانە بەرهەڵستکاری تەفسیروخوێندنەوەی سیاسی لە ئایینن، لەبەرئەوەی لەم تەفسیرانەدا (ئیسلامی سیاسی) شوناسی ئایینزایی فەرز دەکرێت بەسەر شوناسی ئێتنیکی ولە ڕوانگەی ئەوانەوە گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی وکەڵێنی ئایینزای لە کوردستاندا. بۆیە دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی ئەوکەسانەوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە جەخت کردنەوە لەسەر پارامەتری ئێتنیکی دەتوانێت وەك هۆکاری هاوبەندی لە کۆمەڵگای کوردستان ڕۆڵ بگێڕێت (سراج زاده و همکاران، ١٣٩٣، ١٧-١٨).

ئەم باسە بەباشی پێشانی دەدات، کە چلۆن ئایین دەتوانێت ڕۆڵی پەردەپۆش کردنی دژیەکی لەنێوان ئێتنیك بگێڕێت و کاریگەری لەسەربگۆڕی ئێتنیکێتی دابنێت ولە ڕێگای دروستکردنی شوناسی ئایینییەوە، لانیکەم بە شێوەی کاتی یان تا ڕادەیەك ئەندامیەتی ئێتنیکی بخاتە ژێر سێبەری ئەندامیەتی ئایینییەوە.

### ٣. ئایین وەك ڕەنگدانەوە و هەمدیس نوێنی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان

ڕەنگە ڕۆڵی ڕەنگدانەوە و هەمدیس نوێنی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوازی جیاواز بێت. هەندێ کات ئایین دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئایین و هەندێ کات دژیەکییەکانی دەرەوەی ئایین پێشان دەدات. یەکێك لە دیاردە ئایینییەکانی شیاوسەرنج پێدان لە کوردستتان ئێنتما بۆ سەلەفیگەرییە، بەڵام ژمارەیەك لە لێکۆڵینەوەکان پیشانی دەدەن کە پەنا بردنە بەرڕەوتی سەلەفی لە کوردسنتتان ڕیشە لە نادادپەروەری و هەڵاواردن دایە و بەریەککەوتنی ڕەوتە سەلەفییەکان لەگەڵ هێزە حکومییەکان و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە کانیاوی جۆرێك هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێراو دەبێت. بە واتایەکی دیکە، لە ژێر سێبەی

دژیەکی سەلەفییەکان/ کارگوزارانی حکومی و سەلەفییەکان/ شیعەکان جۆرێکی دیکە لە دژیەکی لە ئارا دایە و لە ڕاستیدا ئەم دژیەکیانە دەربڕی دژیەکی کۆمەڵایەتی بنەماییترن:

وا هەست ئەکرێ کە بوونی سەلەفیگەری بووەتە بەشێك لە گوتاری ئایینی لە دەڤی کوردستاندا. بەهەمان شێوە کە گەنجەکانی بەشدار لە چاوپێکەوتنەکان ئاماژەیان پێداوە، ئێستا ئێمە دەتوانین ئەم گرووپە لە کۆمەڵگا، مزگەوتەکان و پانتایی گشتیدا ببینین. زۆربەی کات ئەوان بە شێوەی جیهادی و تەبلیغی کاردەکەن و پابەندی شوێنێکی تایبەت نین. دەکرێت بڵێین کە گرووپێکی گەڕۆکن کە هاوکات لەگەڵ هەست کردن بە مەترسی لە شوێنێك کۆچ دەکەن و ناڕەزایەتی دالی سەنتەری ئەوان پێك دێنێت، واتە ناڕەزایەتی لەبارەی دۆخی ئێستا. لەبەر ئەوەی کە یەکێك لە بارودۆخەکان یان هۆکارەکانی بیچمگرتنی ئەم گرووپانە ناڕەزایەتی لە ئاست دۆخ و بارودۆخی ئێستا لە کۆمەڵگا و نادادپەروەییە ئاراییەکانە، لە ئەنجامدا ئەوان لە هەرشوێنێکی کۆمەڵگا نادادپەروەری ببینن، لە ئاست ئەو دۆخە ناڕەزایەتی دەردەبڕن (سراج زاده و همکاران، ١٣٩٥: ١٠٤).

ئەگەر تێگەیشتنێکی وەها دروست بێت، ئەو کات دەبێت دوو جەمسەری بونیادگەرا/ سێکۆلار بە بابەتێکی لاوەکی لە ئاست پرسی هەڵاواردن و نایەکسانی پراکتیزەکراو لەلایەن حکومەتەوە لە کوردستان بزانین. بە واتایەکی دیکە، دژیەکییەکی بنەماییتر هەیە، کە بریتییە لە ئەوانەی کە لە قازانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان سوودمەند بوون و بێبەشان و ئەوانەی لەم قازانجانە سوودمەند نەبوون. هەڵبەتە بەیانی و سەراج زادە (١٤٠٠) شیکاری جیاواز لە زانیاریی جیاواز لە بارەی هۆکاری بیچمگرتنی بونیادگەرایی ئیسلامی لە کوردستان پێشکەش کردووە.

**٤. ئایین وەك بەردەوامی پێدان بەدژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان**

هەندێ کات ئایین دژیەکی دروست دەکات و هەندێ کاتیش دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی دژیەکی. ئەمانە جیاوازی زەقیان پێکەوە هەیە. نموونەیەك لەم ڕۆڵەی ئایین، ئۆمید وەك یەکێك لەوکەسانەی کامیاران کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە لەبارەی جیاوازی و دەرگیری لە سەرڕازاندنەوەی گۆڕ باسکردووە کە:

یەکێك لە جیاوازە بەردەوامەکانی نیو سەدەی ڕابردووە. ئەم جیاوازی و دژیەکیانە، لە کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەی باسی هەمیشەیی گرووپە جیاوازەکان بە تایبەت ئاییندارەکان بووە و لە کۆبوونەوە و ئەنجومەنی جیاواز ئەم باسە گشتگیر بووە و هەریەك لە لایەنەکانی دژ، لە هەوڵی قەناعەت هێنان بەویترن (امید فتوحی، ٤١ ساڵە، کارمند اداره جهاد).

نموونەی دیکە لە بەستێن سازی ئایین بۆبەردەوامی پێدان بە دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان، نەدانی ئێژنی زانایانی ئایینی دوو لایەنی سونی و شیعە بۆ هاوسەرگیری کردن لە نێوان دوو ئایینزایە. لە کاتێکدا کە دەزانین بەدرێژایی مێژوو یەکێك لە کارکردەکانی هاوسەرگیری دروستکردنی یەکگرتوویی لە نێوان دوو گرووپ لە ڕێگای خزمایەتییە، چەندین جار بینیومانە کە زانایانی شیعە و سونی هەندێ شێوازی هاوسەرگیری لە نێوان ئایینزاکانیان بە شێوەیەك قەدەغە کردووە. ئەم جۆرە سنووردارکردنەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان دوو گرووپی ئایینزایی لە هۆکارەکانی بەردەوامی پێدان بە دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکانە.

### ٥. ئایین وەك دووبارەکەرەوەی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان

دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای هۆکاریان هۆکاری جیاوازەوە بەهێزدەبن. هەندێ کات ئەم دژیەکیانە تەنها لە ڕێگای ئایینەوە بەهێزدەبن و هەندێ کات هۆکاری سیاسی، ئابووری، سەربازی و هتد لەگەڵ ئایین یەك دەگرن و پشکداری دووبارەکردنەوەی دژیەکییەکانن. هەندێ کات ئایین وەك تەنها هۆکار لە بەهێزکردنی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵ دەگێڕێت. هەندێ کات ئایین تەنها هۆکاری دژیەکی کۆمەڵایەتی نییە و هۆکاری دیکەش یارمەتی بەهێزکردنی دژیەکییەکان دەدەن. لەمبارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە تەفسیری دژیەك لە بومەلەرزەی کرماشان بدەین. لەبارەی ئەم بومەلەرزەوە دوو ڕوانگەی ئایینی و ئێتنیکی سەریهەڵدا و بووە هۆی دەرگیری لە نێوان دوو گرووپ: گرووپێك لەو باوەڕەدا بوون لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی کرماشان ئەهلی هەق یان شیعەن، پەرەیان بە فیکری یارمەتی نەدانی خەڵکی بومەلەرزە لێدراوی کرماشان لە نێو خەڵك دا و پێداگیرییان لەسەرباوەڕی خۆیان کرد. گرووپی دیکەش کە نیگایەکی دیکەیان لەسەربنەمای ئەرکی ئاکاری و مرۆیی و هەڵبەتە ئێتنیکی هێنا ئاراوە و شێلگیرانە هەوڵی پشتیوانی ئەوانیان دا، لەبەرامبەر ئەم گرووپەی یەکەم ڕاوەستان و هەرئەم نیگا و تێڕوانینە دژیەکانەی ئایینی و ئێتنیکی، لە ئاستی شاری سنە دەرگیری لێکەوتەوە. لەبەرئەوەی ئایین و تەفسیرە ئایینیەکان لە پاڵ ئێتیکێتی پەرەیان بە بەهێزکردنی ئەم دژیەکانە داوە، دەتوانین بڵێین لێرەدا بەهێزکەری دژیەکی کۆمەڵایەتی دوو هۆکاری بووە.

### ٦. ئایین وەك سەرچاوە و چاوگەی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان

ئایین توانایییەکی بەرچاوی بۆ ئافراندنی دژیەکی هەیە. ئایین لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەتوانێت ئافرینەری دژیەکی بێت. لە بوارەکانی مەعریفەیی، ئامرازی و نۆرماتیك. لە کوردستان نموونەی زۆر لە ئافراندنی دژیەکی ئایینی دەبیندرێت. هەندێ کات ئەم دژیەکیانە لە ناوخۆی ئایین دان و لە نێوان ئایینداران ڕوودەدەن و هەندێ کاتیش لە دەرەوەی ئایین و لە نێوان هێزە ئایینەکان و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕوودەدەن. لە کوردستان شوێن پێی ئایین لە زۆربەی ئەم دژیەکیانە دەبیندرێت. هەندێ کات لەسەرکردار و ڕێوڕەسم دژیەکی ڕوودەدات و هەندێ کات لەسەر بیروباوەڕ و فتوا و هەندێ کات لەسەر تەفسیری بابەت و کاروبارەکان. عەباس باسی ناکۆکی و دوایی دژیەکییەك دەکات کە لەمەڕ خوێندنی فاتیحە لە گۆڕستانی گوندی ژنێن ڕوویداوە:

دوای کۆتایی هاتنی کارێم باش بوو سەردانی گۆڕستان بکەم و فاتیحەیەك بخوێنم، لە نیوەی ڕێگا چەند کەس پرسیاریان کرد بۆ کوێ دەڕۆی... دوای ئەوەی زانییان کە بۆ سەرگۆڕ دەڕۆم، گاڵتەیان بە من و ڕەفتاری کەسانی وەك من کرد لەسەربنەمای ئەوەی کە فاتیحە و خوێندنی لە ئایە وگێڕانەوەکاندا نییە. وتار و کتێبی زۆریان پێ ناساندم کە لەم بوارەوە بیخوێنم. لە قەدغەکردنی سەردانی کردنی گۆڕەکانیان پشتیان بە سەید قوتب دەبەست. منیش گوتم خوێندەوارییەکی وام نییە و نازانم ئێنتەرنێت و کتێب ... کە دیسان دەستیان کردەوە گاڵتەکردن بە من و هاوڕێیانم هەتا ئەوەی کە دەرگیری ڕوویدا و ماوەیەك ئەم بابەتە هۆکاری ناکۆکی و دژیەکی بوو... ( عباس شریفی، ٥٧ ساله، کتاب فروش).

هەندێ کات ڕووداوێك لەسەر پەیکەرێك ڕوودەدات، لەبەرئەوەی لە هەندێ ڕوانگەی ئایینییەوە

پەیکەرەوەکو بت دێتە ئەژمار. لە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاح ئەلدین لەبارەی «دەرگیری و ناکۆکی لە گوندی مەلقەرنی سەربە سەقزلە بارەی پرسی گواستنەوەی پەیکەری مەولەوی کورد» ئەو گوتی:

"گرووپێکی ئایینی تایبەت پەیکەربە هێمای بتپەرستی زانی و شوێیان لێ هەڵکێشا بە هەرشێوەیەك بووە دەبێت پەیکەرەکە یا بشکێت یان لە گوندەکە بیبەنە دەرەوە» (صلاح الدین کریمی، ٢٨ سالە، بازاری).

لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان پەیکەری شاعیران، فەیلەسوفان و گەورەپیاوانی ناوچەی خۆیان لە شوێنی تایبەت بە نیشانەی رێزدادەنن، بەڵام ئەم ئایینە ( جۆرێك تەفسیری ئایینی) تایبەتە، کە لەبەرامبەر ئەودا ڕادەوەستێت و ڕێگەی پێنادات.

هەندێ کاتیش فتوایەکی ئایینی پەرە بە دژیەکی کۆمەڵایەتی دەدات. نموونەیەکی گرنگی ئەولە کوردستان فتوای مردنی شێرکۆ بێکەس شاعیری ناوداری کوردە، شاعیرێك کە زۆربەی کات شیعرە نوێ و ڕەخنەگرانەی دەنووسی. ئەولەلایەن ئایینداراناەوە وەك شاعیرێکی کافر وبێ ئایین ناسرا ولە ساڵی ١٩٧٦ بڕیاری ئێرتداد وفتوای کوشتنیان دا. لەبەرئەوەی ئەم شاعیرە لەنێو کوردەکان بایەخ و ڕێزێکی زۆری هەبوو، دژیەکی لەنێوان دوو لایەن ڕوویدا. نموونەی دیکەی ئەم فتوایانە دژیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان گرووپی ئەدەبی مەریوان بە چاپ کردنی کتێبی دیوان نفرەت ودینداران ڕوویدا. ئەم کتێبە لە پشتیوانی لە مافی ژنان نووسراوە، بەڵام فتوای کوشتنی نووسەری ئەو (یاسین حوسینی) دراوە ودیسانیش دژیەکی کۆمەلایەتی ڕوویدا ( فرانك استادی، ٦٤ سالە، بازنشستە فرهنگی).

هەندێ کاتیش دژیەکی لە سەرتێگەیشتنی ئایینی لەنێوان لایەنگرانی تێگەیشتنی جیاوازلە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی فرەچەشن لە کۆمەڵگایەکی لە حاڵی مۆدێرن بووندا ڕوودەدات. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە دەقی چاوپێکەوتنی مەسعود لەبارەی ناکۆکی لە نێوان گرووپێك لە مامۆستایانی شاری سەقزلەگەڵ کەسانی ئاکادێمیك لە بواری ئایین بدەین:

لە مزگەوتی ئێمەدا هەمیشە کۆبوونەوەگەلێك ڕێکدەخرا کە گرووپێك ئاکادێمی تێدا بەشداردەبوون. کەسانێك کە کۆمەڵناسی و مێژووی ئیسلام... خوێندبوو وئاراستە جیاوازەکان و جەخت کردنەوە لەسەر سەرچاوە جیاوازەکان دەبووە هۆی ناکۆکی لە نێوان ئەوان. لەلایەکەوە مامۆستاکان لەسەربنەمای حەدیس وئایەکان هەوڵیان دەدا قەناعەت بە لایەنەکان بێنن، بەڵام کەسانێك کە لە زانکۆ خوێندنی باڵایان هەبوو پابەندی نموونە و سەرچاوەی مێژوویی دەبوون و پشت بەستن بە حەدیس وگێڕانەوەیان بە کامڵ وتەواو نەدەزانی. هەر ئەم سەرچاوەی پشت بەستنە خۆی بووە جۆرێك ناکۆکی لە نێوان لایەنەکان و دەرگیری نێوانیان توند بوو... لە کۆبوونەوەیەك کە ١٤ فەقێی گەنج مۆڵەتیان وەردەگرت، واتە ڕێورەسمێك کە لەودا مۆڵەتێك لەلایەن گەورەپیاوانی ئایینی بەوان دەدرا، کە بە شێوەی ڕەسمی وەك پیاوی ئایینی بناسرێن، نزیك بە ٣٥ کەس لەکاتی ئەوپرۆگرامەدا هاتنە نێو مزگەوتەوە ولەگەڵ ئەوان دەرگیرییەکی توندیان پەیدا کرد و نزیك بە ٢٠ کەس بە سەختی بریندار بوون (مسعود امین پور، ٥٧ سالە، ماموستا).

گێڕانەوەیەك کە هاورێ باسی دەکات، بەڵگەیەکی دیکە لەم دیاردە دەناسێنێت: « مامۆستای تازەی گوند لەبارەی بەردی مەزاری پیرشالیاربە قوتابیانی گوتبوو ئەمە خورافاتە کە بەردەکان گەشە دەکەن و

خێزانەکان ئاگاداربوونەوە و مامۆستاکەیان لە گوند بەدەرنا» (هاوری صالحی، ٣٣ ساڵە، فرهنگی).

هەندێ کاتیش ڕێوڕەسم و کرداری پەرستن دەبنە سەرچاوە و سەرەتای دژیەکی. دەتوانین نموونەیەک لەم دژیەکیانە کە دلێرلەبارەی شێفا پەیدا کردن لە شوێنە پیرۆزەکان باسی کردووە، ئاماژەیە بۆ ئەو بابەتە:

"گرووپێک جەختیان لەسەرئەوە دەکردەوە ئەمە جۆرێك بت پەرستییە و کەسەکان (شوێنە پیرۆزەکان) ناتوانن یارمەتیدەری باشتربوونی بارودۆخ و تەندروستی بن و گرووپێك بەرهەڵستکاری ئەو بوون، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم ناکۆکییانە زۆرتر دەبوو...» ( دلێرڕشیدی، ٦٦ ساڵە، بازنشستە اداری).

لە نموونەکانی دیکە دەتوانین ئاماژە بە دەرگیری ڕێوشوێن لەبارەی چۆنیەتی ڕاوەستان لە ریزی نوێژ لە نێوان وەهابییەکان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی (هاوڕێ لەگەڵ مامۆستا) لە مزگەوت بدەین ( فرانك استادی، ٦٤ ساڵە، بازنشستە فرهنگی). موختارئیسلامیش باسی ڕووداوێکی هاوشێوە دەکات کە لە دەوروبەری دوو یان سێ ساڵ پێش لە مزگەوتی مەولەی کورد لە مەریوان لە گەڕەکی موسکی ٢ ڕوویدا و لەودا زیاتر لە پەنجا ناکۆکی و دەرگیری تەنانەت بە شێوەی فیزیکی لەسەر چۆنیەتی ڕاوەستانی نوێژ لە مزگەوت ڕوویداوە. ڕێوڕەسمی جیاوازوەکو چۆنیەتی ئەنجامدان و ڕەفتار لە کاتی پەرستن، هەندێ کات پەرەیان بەم دژیەکیانە داوە. ئەمڕۆ هەندێ کات ئەوەندە لەم ڕێوڕەسمانەدا ورد دەبنەوە، کە بچوکترین ڕەفتار و جوولە، خۆی دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان گرووپە ئایینییە جیاوازەکان.

هەندێ کات لە کوردستان لە نێوان دوو گرووپی ئایینی جیاواز دژیەکی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات. نموونەیەکی گرنگ لەم جۆرە دژیەکیانە لە نێوان موسڵمانان و زەردەشتییەکان ڕوویداوە. دەگێڕنەوە کە « ڕێوڕەسمی کۆمسای پیرشالیاری هەورامان لە دژیەکی لەگەڵ لایەنی گەشتیاری بیانی»یە ( ڕوژمان حسینی، ٣٩ ساڵە، کارمند اداره اب). گێڕانەوەی ئەم کەسە کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە دەربڕی ئەوەیە کە نزیکەی ٨ هەزار گەشتیار (بەتایبەت زەردەشتییەکان) لە سەرتاسەری جیهانەوە بۆ ڕێوڕەسمی پیرشالیار بۆ هەورامان هاتبوون و مامۆستایەکی ئایینی لە وتاری خۆی ئەوەی ڕەت کردەوە و لەو باوەڕەدا بوو پیرشالیار موسڵمان بووە و زەردەشتی نییە و گەشەکردنی هەموو ساڵەی بەردەکەیشی درۆیە. ئەم بابەتە بووە سەرچاوەی دژیەکییەکی نوێ لە نێوان گرووپە جیاوازەکان کە هەتا ئەمڕۆ ماونەتەوە.

هەمیشە دژیەکییەکان لەسەر کاروباری ئایینی نێوان باوەڕداران نییە، بەڵکوو هەندێ کات لەسەر تێگەیشتنی ئایینی و نائایینی لەبارەی کاروبارەکانە. لەم بارەیەوە دەتوانین باسی دژیەکی دەروێشەکانی تەریقەتی قادری لەگەڵ پزیشکی مۆدێرن بکەین. پۆلیسی هەرێمی کوردستانی عێراق بە هۆی کۆرۆناوە جەختی لەسەر ڕەچاوکردنی پێوەرە پزیشکی و تەندروستییەکان دەکردەوە، بەڵام لە بەهاری ساڵی ١٣٩٩ شێخ محەمەد کەسنزانی لە کاتێکدا کۆرونا لە لوتکەدا بوو، کۆچی دوایی کرد. ئەولە گەورەپیاوانی شوێنکەوتووی تەریقەتی قادری بوو و شوێنکەوتووانی ئەو بۆ ئامادەبوون لە ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمەکەی کە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچوو، هەوڵێکی زۆریان دا کە بە هۆی سنووردارکردنی هاتووچۆ بە بۆنەی کۆرۆناوە لە سنوور، هەوڵی شوێنکەوتووان بۆ پەڕینە لە سنوور، کێشەیەکی زۆری لێکەوتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی

کۆرونا، داخراوبوونی سنووری باشماخ و ڕەوچاوکردنی پرۆتۆکولە تەندروستییەکان، ئەگەری ئامادەبوونی دەروێشەکان و شوێنکەوتووانی شێخ محەمەد کەسنەزانی، پیری تەریقەتی قادری، بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمەکەی لە هەرێمی کوردستان نەڕەخسا. هێزەکانی پاسەوانی سنووری هەرێمی کوردستانیش ئێزنیان نەدەدا هیچ کەسێك بڕواتە نێو خاکی عێراقەوە، لەبەرئەوەی بە پێی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەبوو سنوورەکان سنووردار بکرایەن. بەڵام دەروێشەکانی تەریقەتی قادری لەگەڵ پاسەوانانی سنوور دەرگیر و ڕۆشتنە نێو هەرێمی کوردستانەوە.

هەندێ کاتیش دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئایین لایەنی سیاسییان هەیە. بۆ نموونە، ڕەوتی ئایینی جوندئیسلام (ئەنسار ئیسلام) کە دوای شەڕ لەگەڵ ئەمریکا لەدژی تالیبان بۆ ئەم ناوچە هاتبوون، ناوچەی هەورامان بووە یەکەمین بنکەی جێگیربوونی عەرەب. ئەفغانەکان لە کوردستان و یاسا سەختگیرانەکانی ئایینیان، بە وردی بە شێوازی حکومەتی ئیسلامی تالیبان، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان جێبەجێ کرد (گروه بحران بین المللی، ١٣٨٥). ئەوان یەکەمین هێرشیان بۆ سەر ڕەوتی تەسەوف، لە چوارچێوەی تێکدانی گۆڕ و زیارتگەی شێخەکان و هەروەها هێرشکردنە سەر کتێبفرۆشەکان، تەکفیرکردنی نووسەران، ڕۆشنبیران و هاووڵاتیان ئاسایی و ئازاردانی کەمایەتییە ئایینیەکانی ناوچەکە جێبەجێ کرد. هەروەها ئەوان فرانسوا حەریری، سەرۆك وەزیری سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، و زیاتر لە سەد کەسی دیکەیان لە ساڵی ٢٠٠١ لە کارێکی خۆکوژی لە جەژنی ڕەمەزان ئەنجام دا ( دلاویز، ١٣٨٥).

هەندێ کاتیش کەشف کردنی هەقیقەت و یان بانگەشەکردن بۆ گوتنی هەقیقەت، دەبێتە سەرچاوگەی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان. لەبەر ئەوەی ئایینیش هەقیقەت لای خۆی دەبینێتەوە و هەر شتێك لە کتێبی پیرۆز یان گێڕانەوە یان حەدیسەکاندا هاتووە، وەك هەقیقەت دێنێتە ئەژمار، بۆیە هەمیشە دەتوانێت سەرەتا و سەرچاوگەی دژیەکییە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بێت. لەم بارەیەوە تەفسیری جۆراوجۆر لە ئایە و حەدیسەکان بۆ دروستکردنی دژیەکی کارێکە ئێنکار ناکرێت، وەکو ناکۆکیگەلێك کە دوای کۆچ کردنی موفتی زادە لە ساڵی ١٣٧١ لە نێوان شوێنکەوتووانی ئەو لە مەکتەبی قورئان ڕوویدا و لە ساڵی ١٣٧٥ جیابوونەوە دابەشکردنی ئەو بە سێ لقی لێکەوتەوە:

١. لقی مەکتەب قورئان بە شێوازی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری بە چاودێری سەعدی قوریشی

٢ . مەکتەب قورئانی کوردستان بە ڕابەری حەسەن ئەمینی

٣ . و گرووپێکی دیکە کە پەیڕەوییان لە هیچ یەك لەم گرووپانە نەکرد و بە پراکتێك دووریان لە چالاکی گرت و بە شێوازی کۆمەڵایەتی و مەدەنی سەرقاڵی بانگەشەکردن بۆ پرەنسیپ و ستراتیژییەکانی ئەحمەدی موفتی زادە بوون ( دلاویز، ١٣٨٥).

٧، ئایین وەك لاوازکردنی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان

ئایین کارکردی فرەچەشن و هەندێ کات دژیەکی هەیە. هەم دەتوانێت دژیەکی دروست بکات و هەمیش دەتوانێت ئەو چارەسەریان لاواز بکات. بۆیە، ئەگەر لێکۆڵەری کۆمەڵناسی بیەوێت بێلایەنی لە کاری زانستی خۆی

ڕەچاو بکات، دەبێت هەموو لایەنەکانی کارکردی ئایینی ئەوەندەی دەلوێت لە چوارچێوەی خوێندنەوەی خۆی لەبەرچاو بگرێت. کارکردی پیاوێکی ئایینی ناسراو لە کوردستان لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩) دەتوانێت نموونەیەك لە لاوازکردنی دژبەکی کۆمەڵایەتی بێتە ئەژمار. دووریگرتنی حیزبەکان و لایەنگرانی موفتی زادە لە دەرگیرییەك کە ئەگەری ڕوودانی هەبوو، نموونەیەکی گرنگ لەم دیاردەیە. گرنگترین هۆکاری بەجێهێشتی کوردستان و کۆچ کردن بۆ کرماشان، چەکداربوونی گرووپە نائیسلامییەکان لە کوردستان بوو. موفتی زادە دەیگووت: « بەداخەوە ئەوان ( گرووپە ناسیۆنالیستەکان) زۆربەی ئێمەیان کردۆتە ئامانجی خۆیان». موفتی زادە وەك وتاربێژ لە دوایین وتاری هەینی، پێش لە بەجێهێشتی کوردستان گوتی: کۆچکردنی ئێمە بە بۆنەی ئەوەی لە نێو خەڵکی کورد و بە ناوی ئیسلام و نائیسلامەوە براکوژی ڕوونەدات و لە کاتێکدا کە گرووپەکان و کەسانی کوردی ناموسلمان و لایەنگری ئێمەی موسلمان، هێشتا حوجەتیان بۆ کامڵ نەبووە، ئێمە ناچار دەبین شەڕ بکەین. ئێستا من کوردستان بە جێ دەهێڵم و هەرکەسێکیش لەگەڵم دەبێتە هاوڕێ ئەم کارە بکات. لەبەر ئەوەی هەرچەندە ئێمە نەمانەوێت ئەوان بکوژین، ئەوان ئێمە دەکوژن ( هەمان، ١٣٨٤: ٣٧).

لاوازکەرە ئایینیەکانی دژبەکی کۆمەڵایەتی هەندێ کات بە شێوەی بیروباوەڕیان ڕێورەسم بەدەردەکەون. هەرچەندە ئەم دووە پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بەڵام هەندێ کات بە تەواوی دابڕاو لە یەکترن. ڕەهەندی بیروباوەڕی لاوازکردنی دژبەکییە کۆمەڵایەتییەکان بەم مانایەیە کە تاك لەسەر بنەمای باوەڕ و ئێمانێك کە هەیەتی، هەوڵ بۆ برادەری و دروستکردنی پەیوەندی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئەوانیتر دەدات، کە ڕەنگە لەژێر سێبەری وانەگەلێکی جیاوازوەك واجب، ڕێنمایی بۆ چاکە، کوفرو.... بێت. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە ناکۆکی خەلیفە ئێبراهیم (تەریقەتی قادری) و ئەنجوومەنی پیاوانی ئایینی (دەسەڵاتدار) لە گوندی نسڵ و گۆشخانی بدەین. شوێنکەوتووانی ئەم ڕێبازە باوەڕیان بە یەکبوونی بوون هەیە و بە موحیبەت و خزمەت بەناوبانگن. هەرچەندە لە ئەسڵدا لە نێو حەنبەلییەکان سەریانهەڵدا، تا ڕادەیەکی زۆر سەر بە لێبوردەیی بوون. لەم ڕێبازەدا جەخت لەسەرپاراستنی نەریت و ڕێورەسمەکان دەکرێتەوە. بەڵام ڕەهەندی ڕێورەسمی بە مانای ئایین و ڕێورەسمێکە کە تاك بە پاساوی ئایینی جێبەجێی دەکات. هەڵبەتە ڕەنگە لە بواری بیروباوەڕییەوە سست و لاواز بێت، بەڵام لە بواری ڕێورەسمەوە زۆر توخ بێت. هەندێ کات ڕەهەندی ڕێورەسمی ئایینیش دژبەکییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز و کەم دەکاتەوە. جێبەجێ کردنی ڕێورەسم دەتوانێت مرۆڤەکان بە یەکتربەستێتەوە و دژبەکییەکان کەم بکاتەوە. ڕەنگە ئەم ڕێورەسمە لە چوارچێوەی ڕۆشتن بۆ حەج، جەژن، عاشورا و هتد بێت. بۆ نموونە ڕەسوڵ ئەمینی باسێک لەبارەی جەژنی ڕەمەزان دەگێڕێتەوە:

جەژنی ڕەمەزان بوو و زۆربەی دانیشتوان ( بەساڵاکەوتووان و ڕیش سپییەکان) لە گرووپە ئایینی و نائایینییەکان سەردانی ماڵی یەکتر دەکەن و نێوانگیرەکان هەوڵ دەدەن ئەوان ئاشت بکەنەوە و جەژن دەکەین. بۆیە هەرچەندە هەندێ کات ڕێورەسم سەرچاوەی دژبەکییە کۆمەڵایەتییەکان ( بە بۆنەی جیاوازی لە چۆنیەتی بەڕێوەچوون)ن، بەڵام هەندێ کاتیش ئەم ڕێورەسمانە کارکردی لاوازکردنی دژبەکییەکان دەگێڕن ( رسول امینی، ٦١ سالە، کارمند).

## ئەنجام

وا هەست ئەکرێ دەتوانین کارکردی ئایین لە کوردستان لە ئاست دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان بە لەبەرچاوگرتنی بیندراوەکانی توێژینەوە بەشێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

**خشتەی١: پەیوەندی ئایین و دژیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێران**

| | |
|---|---|
| دروستبوونی دژیەکی | لە نێوبردنی دژیەکی |
| دوبارەکردنەوەی دژیەکی | لاوازکردنی دژیەکی |
| شاردنەوەی دژیەکی | ڕەنگدانەوەی دژیەکی |
| بەردەوامی پێدانی دژیەکی | بەردەوامی پێنەدانی دژیەکی |

لە سەربنەمای بیندراوەکانی ئەم توێژینەوە، ناتوانین بڵێین ئایین تەنها دژیەکییەکانی ئافراندووە و یان تەنها دووبارەی دەکاتەوە، بەڵکوو هەندێ کات ڕووبەڕووی دژیەکییەکان دەبێتەوە و هەندێ کات دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی ئەو. ڕووبەڕووبوونەوەی ئایین لەگەڵ دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان زۆر ئاڵۆز و فرە سیمایە. ئەگەر بارودۆخی ئایین لە کوردستان لەسەرتەوەری چەندایەتی وێنا بکەین، دەتوانین بڵێین سەرێکی ئەم هێڵە لوتکەی یەکگرتوو کردن (لەنێوبەری دژیەکییەکان)ە و سەری دیکەی ئەم هێڵە ئافراندنی دژیەکییە و لە میانەی ئەم هێڵەشدا ئایین سیماگەلێکی جۆراوجۆری لەگەڵ دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە. هەندێ کات ئایین لاوازکەری دژیەکییەکان، هەندێ کات توندکەرەوەی ئەو و هەندێ کاتیش پەردەپۆشکەری دژیەکییەکانە و هەندێ کاتیش هەمدیس نوێینی و ڕەنگدانەوەی دژیەکییەکانە. هەندێ کات کارکردی بەردەوامی پێدان بە دژیەکییەکان ئەنجام دەدات و هەندێ کات بەردەوامی پێدەری دژیەکییەکان نییە. لەڕاستیدا ئەم جۆرە لە دژیەکییەکان لە کوردستان هەندێ کات لەنێوان تاکەکەسەکان و هەندێ کات لەنێوان دەستەوتاقمەکان و یان گرووپە ئایینیەکان پێکەوە و هەندێ کات لەنێوان گرووپە ئایینییەکان و گرووپە سێکۆلارەکان بووە. هەندێ کات ئەم دژیەکیانە سەرچاوگەیەکی فیکری هەبووە و لە چوارچێوەی کێشمەکێش لە بیروباوەڕ و باوەڕەکاندا بەدەرکەوتووە و هەندێ کاتیش دژیەکییەکان ڕیشەیان لە کاروباری دیکەدا هەبووە.

هەندێ کات ئەم دژیەکیانە تەنها لەلایەن ئایینەوە لاوازیان بەهێز کراوە و لە هەندێ کاتیش ئایینی لەگەڵ بوارەکانی ئابووری، کولتوری و سیاسی و سیاسی پێکەوە زیادیان کردووە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە موحەدسی (١٣٩٩) لە دابەشکردنێك کە لە جۆرناسی لە ئاست ئایین و دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەشی کردووە، باسی شەش جۆری کردووە و شەش جۆری ئاماژەپێدراو لە کوردستان بیندراوەتەوە.

بەڵام لە کوردستان جۆرێك لە پەیوەندی ئایین و دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان بیندراوەتەوە، کە لە دابەشکردنی موحەدسی (١٣٩٩) ئاماژەی پێ نەدراوە و ئەویش هەمان ئایین لە ڕۆڵی لاوازکردنی دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکانە. بیندراوەکانی ئەم جۆرە لە ئاست ئایین و دژیەکییە کۆمەلایەتییەکان هاوتەریب لەگەڵ بۆچوونەکانی هێرویولێژە (٢٠١٣) دایە. ئەوگەیشتە ئەوئەنجامەی کە ئایین لە توخمە سەرەکی وگرنگەکانی یەکپارچەیی و بەرفراوان کردنی کارلێکی ئەندامانی کۆمەڵگا وگرووپ پێکەوەیە ولە لاوازکردنی دژیەکییە کۆمەلایەتییەکاندا ڕۆڵێکی توخ وکاریگەری هەبووە. بە واتایەکی دیکە، ڕەنگە هەندێ کات دژیەکی لە نێو نەبات، بەڵام ڕۆڵی کاریگەر لە لاوازکردنی ئەو بگێڕێت.

## سەرچاوەکان


١. باغبان، مرتضي؛ آقاحسيني، عليرضا؛ جمعه زاده، سيدجواد (١٣٩٤)» بررسي تأثير ديـنداري دروني وبيروني بر انسجام ملي«، فصلنامة راهبرد اجتماعي فرهنگي، شمارة .١٨٣-١٦٣ :١٤

٢. بقالي، هاوژين (١٣٩٨)» بررسي سازوكارهاي تأثيرگذار دين بر هويت اجتماعي كردها )مطالعة موردي:سلفيسم دركردستان(«، پاياننامة كارشناسي ارشد جامعهشناسي. دانشكدة علوم اجتماعي و اقتصاد دانشگاه الزهرا.

٣. بياني، فرهاد؛ سراجزاده، سيدحسين (١٤٠٠)» درجستجوي رستگاري: تبيين جامعهشناختي بنيادگرايي اسلامي دركردستان ايران«، مسائل اجتماعي ايران، شمارة ٩ :٢..٣٣

٤. پالس، دانيل(١٣٩٢ ) هفت نظريه در باب دين، ترجمة محمدعزيز بختيارى، قم: مؤسسة آموزشى وپژوهشى امام خمينى.

٥. تاتار، حسنعلي؛ فتحي، سروش (١٣٩٥)» بررسي نقش دين برهمبستگي اجتماعي دربين شهروندان شهر تهران«، پژوهش اجتماعي، شمارة .٦٤-٣١ :٣٠

٦. تامسون، كنت و ديگران (١٣٩٥) «دين و ساختار اجتماعي، ترجمة علي بهرامپور؛ حسن محدثي، تهران:كوير.

٧. دلاويز، علي (١٣٨٥) «احزاب وسازمانهاي اسلامي دركردستان ) ،»(١٩٧٨-٢٠٠٦ زريبار، شمارة:٦٢,١١٥ .٩٩

٨. دوركيم، اميل (١٣٨٣) صور بنياني حيات ديني، ترجمة باقرپرهام، تهران: نشرمركز.

٩. رايشنباخ، بروس؛ پترسون، مايكل تاد؛ بازينجر، ديويد؛ هاسكر، ويليام (١٣٩٠)، عقل واعتقاد دين: درآمدي برفلسفة دين، ترجمة احمد نراقي؛ ابراهيم سلطاني، تهران، طرح نو.

١٠. سايت همشهري آنلاين (١٣٩٩)» تجمع درواويش قادريه درمرز باشماق به دليل درگذشت شيخ محمد كسنزاني، پيرطريقت قادريه.«

١١. سراجزاده، سيدحسين؛ قادرزاده، اميد؛ رحماني، جميل (١٣٩٣)» مطالعة كيفي مذهب وقومگرايي درميان كُردهاي شيعه وسني«، مجلة جامعهشناسي ايران، شمارة .٢٩-٣ :٤

١٢. سراجزاده، سيدحسين؛ شريعتي، سارا؛ صفري، كيهان (١٣٩٥)» چالشهاي زيست ديني (مورد مطالعه جوانان شهرسنندج)«، مجلة جامعهشناسي ايران، شمارة ١و٢:٩٦..١٢٠نقش چندگانه دين درتضادهاي

اجتماعي كردستان ... ٧٦
١٣. شامحمدي بني، مهدي؛ هادوي كاشاني، اصغر (١٤٠٠)» تضادهاي اجتماعي از ديدگاه اسلامي«، مطالعات انديشة معاصر مسلمين، شمارة ٣٢١ :١٤..٣٥٩
١٤. عظيمي، كيومرث؛ چلونگر، محمدعلي (١٣٩١)» پراكندگي فرق و مذاهب تشيع در كردستان«، شيعه شناسي، شمارة .١٠٠-٨١ :٣٩
١٥. عيوضي، محمدرحيم (١٣٨٦ )» اتحاد و انسجام؛ زمينه‌هاي شكلگيري«، زمانه، شمارة .١٩-٣ :١٧
١٦. غلامی، نجفعلی(١٣٨٦ )» موانع پويايي اتحاد و انسجام«، زمانه، شماره .٦٤-٣٩ :١٧
١٧. فورشت، اينگر؛ پل، رپستاد (١٣٩٤) درآمدي بر جامعه‌شناسي دين: چشم‌اندازهاي كلاسيك و معاصر، ترجمة مجيد جعفريان، ويراستة حسن محدثي گيلوايي، قم: دانشگاه اديان و مذاهب
١٨. قهاري، كيواندخت (١٣٨٨)» به نقل از دوهفته‌نامة كردي روژهه لات (اعتراض علماي ديني مهاباد به نقض استقلال حوزه‌هاي ديني اهل سنت)«، وبسايت دويچه وله.
١٩. قهاري، كيواندخت (١٣٩٢) درگيري اخير در كردستان و نقش گروه سلفي در آن، وبسايت دويچه وله.
٢٠. كوزر، لوئيس آ. (١٣٨٤ ) نظرية تقابلهاي اجتماعي، ترجمة عبدالرضا نواح، تهران: رسش.
٢١. كوهن، استانفورد آلوين (١٣٨٦) تئوريهاي انقلاب، ترجمة عليرضا طيب، تهران: قومس.
٢٢. محدثي، حسن (١٣٨١) زير سقف اعتقاد: بنيانهاي ماقبل انتقادي انديشة شريعتي، تهران: فرهنگ و انديشه.
٢٣. محدثي گيلوايي، حسن (١٣٩٨)» نيمرخ عمودي؛ سرزميني حاشيهاي و ستمديده« در مباركي،
٢٤. داريوش، قشربندي اجتماعي در بلوچستان: از دورة قاجاريه تا پس از انقلاب ،١٣٥٧ زير نظر و با مقدمة حسن محدثي گيلوايي. تهران: نويد صبح.
٢٥. محدثي گيلوايي، حسن (١٣٩٩)» خطر انسداد معرفتي در اجتماع شيعي: تفسيق در نفي وقوع تكفير«،
٢٦. /https://www.dinonline.com/٢١٩٤٠ :، آدرس سايت١٣٩٩ مهر ٣٠ ،وبسايت دين آنلاين
٢٧. مسعودي، عصمت؛ ميرزايي، فرشته (١٣٨٨)» بررسي تعارض از منظر مكتب اسلام و تئوريهاي مديريت«، انديشة مديريت، شمارة .١٦٤-١٣٣ :١
٢٨. مفتيزاده، احمد (١٣٥٨) من و انقلاب، تهران: بينا.
٢٩. مفتيزاده، احمد(١٣٥٩الف) كردستان، بيجا: انتشارات كميتة تبليغات سازمان مسلمانان متعهد كردستان.
٣٠. مفتيزاده، احمد (١٣٥٩ب) بحثي كوتاه دربارة حكومت اسلامي، سنندج: بينا.
٣١. مفتيزاده، احمد (١٣٦١)» كنكاشي در زندگي سياسي مفتيزاده«، مجلة جوان، شمارة .٩١-٨٧ :٢٣
٣٢. موحد، مجيد؛ حميديزاده ، احسان(١٣٨٨ )» علم و دين در آراي علوم اجتماعي: از تعارض تا تعامل«،فصلنامة انديشة ديني، شمارة .٧٤-٤٣ :٣٢
٣٣. مهدوي، سيد محمدصادق؛ ادريسي، افسانه؛ رحماني خليلي، احسان (١٣٨٩)» شناسايي ميزان دينداري و مقايسة آن در گروههاي متفاوت شهروندان تهراني«، مطالعات فرهنگ ارتباطات )نامة پژوهش
٣٤. فرهنگي سابق(، شمارة ١١٢ :١١..١٤٠مجلة مطالعات اجتماعي ايران، دورة شانزدهم، شمارة ،١بهار١٤٠١٧٧
٣٥. هميلتون، ملكلم (١٣٨١) جامعه‌شناسي دين، ترجمة محسن ثلاثي، تهران: تبيان.
٣٦. هميلتون، ملكم (١٣٨٧) جامعه‌شناسي دين، ترجمة محسن ثلاثي، تهران: ثالث.
٣٧. ئينتسار، نادر (٢٠٠٣) نەتەوايەتي كوردي، وەرگيراني عەتا قەرەداغي، سليماني، چاپخانة قانع.

38. Heyrman, J.; Goedhuys, J. (n.d) “The Multiple Key Informant Survey: a
39. method for the comparison of international qualitative data”,
40. https://euract.woncaeurope.org/sites/euractdev/files/documents/resources/
41. documents/themultiplekeyinformantsurveyamethodforthecomparisonofinternationalqualitativedata-jan-heyrmanand.pdf.
42. Leger, D. H. (2013) “The Role of Religion in Establishing Social Cohesion”
43. in K. Michalski (Ed), Conditions of European Solidarity, vol II:
44. Religion in the New Europe Central European University Press,
45. Budapest.
46. Reychler, L. (2007) “Religion and conflict”, International Journal of Peace
47. Studies, No. 2(1): 19-38.
48. Selsam, H.; Martel, H. (Selected and Edited) (1973) Reader in Marxist
49. Philosophy: from the writings of Marx, Engels, and Lenin, New York,
50. International Publishers.
51. Storm, I. (2011) Secular Christianity as National Identity: Religion,
52. Nationality and Attitudes to Immigration in Western Europe”, A PhD
53. Thesis OF Social Sciences at Manchester University.
54. William, F. S. M.; David, A. R. (2016) “Nationalism versus Ethnic Identity
55. in Sub- Saharan Africa”, The American Political Science Review, No.
56. 85(2): 393- 403

## پەراوێزەکان

١ - نقش چندگانه دین درتضاد های اجتماعی کردستان ایران درنیم مقرن اخیر، سید یاسین حسيني 1، حسن محدثي گيلوايي 2، محمدباقر تاج الدين. http://dx.doi.org/١٠,٢٢٠٣٤/jss.٢٠٢٢,٥٣٠٨١٩,١٥٣٧

٢ - خوێندکاری دکتۆرای کۆمەڵناسی کولتوری، بەشی کۆمەڵناسی، یەکەی ناوەندی تاران، زانکۆی ئازادی ئێسلامی، تاران، ئێران.

٣ - پرۆفسۆری یاریدەدەر، گرووپی کۆمەڵناسی، یەکەی ناوەندی تاران، زانکۆی ئازادی ئێسلامی، تاران، ئێران (نووسەری بەرپرس).

٤ - پرۆفسۆری یاریدەدەر، گرووپی کۆمەڵناسی، یەکەی ناوەندی تاران، زانکۆی ئازادی ئێسلامی، تاران، ئێران

٥ - چەمکێکە دورکهایم باسی دەکات، بە مانای تێکجوونی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە. واتە نەریتە کۆنەکان بێبایەخ بوون و نەریتە نوێیەکان جێگیر نەبوون.

٦ - الگو. سەرباشقە و نموونە یەکیک نین. بۆیە مثال یا نمونە فارسی دەبێتە هەمان نموونەی کوردی و الگو دەبێتە سەرباشقە.

٧ - مامۆستا عەبدولکەریم مودەرس (١٩٠٥ – ٢٠٠٥) بە نازناوی شاعیری «نامی»، زانا، موفەسر. لێکۆلەر. وەرگێڕ و شاعیری کوردە.

٨ - لە بنەمادا تەریقەتی نەقشبندی بەردەوامی تەریقەتی خەسێندراوەکانە کە عەبدولخالق غەجدەوانی (٥٧٥-٦١٧ ک.م) بنیاتی نا و لە جیهانی ئێسلامی ( سونی) باوە.

# خوزستان و هەڕەشە دەستکردەکانی شوناسی ئیتنیکی و ئایینزایی ناکۆک[1]

ئیبراهیم بەرزەگەر[2]
غولام ڕەزا مەهنی زادە فەلاحیە[3]

■ وەرگێڕانی: وەرزنامەی ئێرانناسی



## بەرایی

پێویستیی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان وەهابیەت و جوداییخوازیی لەنێوان ژمارەیەك لە خەڵکی عەرەبی خوزستان لە دوای شەڕ، بە سەرنجدان بە گرنگی بابەتەکە و جیاوازبوونی بارودۆخی ئێتنیکی و ئایینزایی زاڵ بەسەر خوزستان، پاڵنەری پێویستی بە لێکۆڵەران دا بۆ ئەوەی بە میتۆدی شیکاریی لێك تێگەیشتنی ڤێبەر، کار بۆ تێگەیشتنی پێکەوەیی گۆڕانکاریی دیاردەکان و بارودۆخی وەسف کراو بە ڕێتچوونی تەفسیری و ستراتیژی چۆنایەتی و کەڵك وەرگرتن لە تیۆری بەستێنێك لە سەر بنەمای مۆدێلی پارادایمی شتراوس. کوربین بکات کە پێکهاتووە لە بارودۆخی هۆکاری، هۆکاری بەستێنی، هۆکاری دەستێوەردەر، ستراتیژییەکان و دەرکەوتەکان و لەم ڕێگایەوە بۆشایی تیۆری ئارایی چارەسەر بکات. ئەوێش بە کۆکردنەوەی ئامانجداری زانیارییەکان لە ڕێگای ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی قوڵ لەگەڵ ٣٤ کەس لە کەسانێك کە ئایینزایان گۆڕیوە و بوونەتە وەهابی و خاوەنی بیروبۆچوونی تەبلیغی و سەلەفین و ٦ کەسی شارەزا و ئاگادار و خاوەن بۆچوون.

بارودۆخی جیاوازی گۆڕینی شوناسی ئێتنیکی و ئایینزایی خەڵکی عەرەبی خوزستان دەریخست، گۆڕینی ئایینزای هەندێ کەسی عەرەبی خوزستان لە ئێزدواجیەتی «وەهابی . شیعە» دایە، نەك « سونی . شیعە» و بەتەواوی جیاوازە لە گەڵ سەرباشقە باوەکان لە تەکفیری بوونی سونییەکان. ئەمەش لە چوار توێژاڵ و لە بازنەیەکی زەمەنی ٦ مانگە هەتا ٣ ساڵە ڕوودەدات، کە لێکۆڵەران بە وێناکردنی هەرەمێك لە چوار ئاست لە بارەی ئەوەوە تەعبیریان لە « شوناسی فرەتوێژاڵی خۆدەرخەر» کردووە. شوناسی دەستکرد لەم توێژاڵانە بە جوولە لە داوێنەوە بەرەو لوتکەی هەرەم ئالۆزتر و قوڵتر بووە و پێکهاتووە لە چوار قۆناغی «دوودڵ لە ئاست شیعە»، « بەوەهابی بوو»، « تەبلیغی . تەکفیری» و «سەلەفی . جیهادی».

وشە گرنگەکان» شوناسی ئێتنیکی، شوناسی ئایینزایی، خوزستان، وەهابیەت، شوناسی فرەتوێژاڵی خۆدەرخەر.

## پێشەکی و خستنەبەرباسی پرسەکە

گرنگی بابەتی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان وەهابیەت لەگەڵ بەستێنە ناشیاوەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچە عەرەب نشینەکانی خوزستانی دوای شەڕ و ڕکابەری ئایدیۆلۆژیکی وەهابیەت لەگەڵ شیعە لە ناوچەکە و جیاوازبوونی بارودۆخی ئێتنیکی و ئایینزایی زاڵ بەسەر خوزستان، پاڵنەری پێویستی بە لێکۆڵەران دا بۆ ئەوەی بە شێوازیی شیکاریی لێك تێگەیشتنی ڤێبەر بۆ تێگەیشتنی پێکەوەیی گۆڕانکارییەکانی دیاردە و بارودۆخی وەسف کراو لەگەڵ ڕێتیچوونی تەفسیری و ستراتیژی چۆنایەتی و کەڵك وەرگرتن لە تیۆری بەستێنی و دانانی چەمك لەسەر بنەمای ئەو لەسەر بنچینەی مۆدێلی پارادایمی شتراوس. کوربین بۆشایی تیۆرییەکە چارەسەر بکەن. ئەم بابەتە بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ٣٤ کەس لە کەسانێك کە ئایینزایان گۆڕیوە و ٦ کەس لە کەسانی شارەزا و خاوەن بۆچوون لە پرۆسەی بە وەهابی بوونی خەڵکی عەرەبی خوزستان ئەنجام

دراوە. بۆیە بەدەرکەوت بارودۆخی جیاوازی گۆڕینی شوناسی ئێتنیکی و ئایینزایی خەڵکی عەرەبی خوزستان لە ئێزدواجیەتی «وەهابی .شیعە» دایە نەك «سونی .شیعە"و بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ سەرباشقە باوەکان لە تەکفیری بوونی دانیشتوانی سونی و پرۆسەی گۆڕینی ئایینزا لەژێرکاریگەری نائارامییەکان و دژەنۆرمییەکانی باردۆخی کولتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ناوچە عەرەب نشینەکان و هەست کردن بە پەراوێزخستن و پشت گوێ خستن بە هۆی بوونی شوناسی جیاوازی ئێتنیکی (عەرەب بوون) لەبەرامبەرشوناسی نەتەوەیی دەستی پێکردووە. ئەوان بە دوودڵییەوە لە ئاست بەها شیعییەکان، لە ڕێگای برادەران و خزم و کەسەوە ئایینزایان گۆڕیوە و لە کەناڵە ئاسمانییەکان وەڵامێك بۆ گومانەکانی خۆیان دەبیننەوە، لە ئەنجامدا بە ڕەشکردنەوە و دەست هەڵگرتن لە جێبەجێ کردنی کرداری ئاسایی بە شیوازی شیعە بە ئێنتما بۆوەهابیەت تێگەیشتنێکی جیاوازلە گۆڕانکارییەکانی دەوروبەریان دەستەبەردەکەن و لە ئاست شوناسی ئایینزای نوێ دەبنە دەمارگرژ و بە دانانی سنووری جیاوازلەنێوان خۆیان و ئەوانیترهەڵێنجانێکی وەها دەکەن، کە دەبێت ئەوانیتربە تایبەت عەرەبەکانی پارێزگاکە بانگهێشت بکەن و بیانخەنە سەرڕێگا. ئەم کەسانە لە دوایین قۆناغدا پرۆسەی گۆڕینی شوناسی ئێتنیکی و ئایینزایی، بە کەوتنە ژێرکاریگەری فیکری تەکفیری وەك داعش، ئاراستەی جیهادییان هەڵبژاردووە و لەو باوەڕەدان لە حاڵەتی دەستەبەرنەبوونی ئەگەری جیهاد لە ناوخۆ، دبێت لە بیلادی کوفر (کۆماری ئیسلامی ئێران) کۆچ بکەن. ژمارەیەکیشان باوەڕیان بە تەبلیغی فیکری تەکفیری و بوارڕەخساندن بۆجێگیرکردنی حکومەتی ئیسلامی و سەربەخۆیی خوزستان و بنیاتنانی بە ناووڵاتی عەرەبی وەهابی الاحوازهەیە. لەم لێکۆڵینەوەدا هاوکات لەگەڵ باسکردنی پێنج قۆناغی تیۆری، بنیاتی پرۆسەی بە وەهابی بوونی ژمارەیەك لە خەڵکی خوزستان پێشان دراوە.

ڕووداوەکان و کردارەکانی چواردەیەی کۆتایی لە ناوچە عەرەب نشینەکانی خوزستان پێشانی دەدات، کە جیا لە ڕۆڵی وڵاتانی بێگانە و هۆکاری جوداییخوازیی و کەس و گرووپە بە وەهابی بووەکان، بێبەش بوون، کەمتەرخەمی و ناکارامەیی بەڕێوەبەری، بەستێنی پێویستی بۆ ئەم جۆرە هەنگاوانە دەستەبەرکردووە و بەردەوامی ئەویشی بە دواوە بووە. بارودۆخی دژواری عەرەبەکان لەم ناوچانە بە بوونی تواناییە ئارایەکان لە کەرتەکانی نەوت، بازرگانی، سنووری، دەریایی، کشتوکاڵ و.... جێگای ڕەزایەت و هیوابەخش نەبووە و بەردەوامی بارودۆخی ناڕەزایەتی و دەرکەوتەکانی دروستبوو لە گوشارە دەروونی و ئابوورییەکان لە کەشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکانی شەڕ، شەپۆلی دابڕانی هەندێ لە عەرەبەکانی پارێزگای لە شوناسی ئاییزای خۆیان ئاسانترکردووە. لەمڕووەوە، بە هۆی بەردەوامی بەستێنە نالەبارەکان و نائارامی ئارایی بەتایبەت هەژاری و بێکاری، داهاتی کەم، زۆربوونی مەودای چینایەتی، بێبەش بوون، پەراوێزنشینی، هەستی بێبەشبوون و هەستی هەڵاواردن لە ناوچە ئامانجەکان بە تەبلیغ بۆوەهابیەت، ڕادیکاڵتربوونی ڕەوتی ئێنتماکە خێراتر بووە و لە ئەنجامدا کەسانی بە وەهابی بوو لایەنگرانی شوناسی نەتەوەیی و بەرهەڵستکارانی جیابوونەوەی خوزستانیان تەکفیرکردووە و بە هەرشێوە و ئامرازێك کە بلوێت (تەبلیعی،

تەکفیری و سەلەفی جیهادی) خەباتیان لەدژیان کردووە و بە توندترکردنی هەنگاوە پرژوبڵاوەکان توخم و ڕەوتە جوداییخوازە عەرەبەکان، بەرفراوان بوونی کاریگەریی وەهابیەت، زۆربوونی شوێنکەوتووان و ژمارەی سەلەفییە جیهادییەکان لە خوزستان، بەو پێیە دەبێت لە لایەکەوە بینەری دووبارەبوونەوەی بەریەککەوتنی کەسانێك لە شوناسی ئێتنیکی ئایینزایی نوێ لەژێر ناویی «عەرەبی وەهابی الاحوازی»لەگەڵ کەسانێك بە « عەرەبی شیعەی ئێرانی» بین و لە لایەکی دیکەوە زۆربوونی هەنگاوە تێرۆریستییەکان لەبەرامبەر شوناسی ئێرانی و ئیسلامی بین و گۆڕانکارییەکانی شوناسی ئەم بوارە لەگەڵ ئێنتمای توندوتیژ زۆرتر بەردەوام دەبێت، بۆیە ڕێگەگرتن لە گۆڕینی شوناسی خەڵکی عەرەبی پارێزگا لە شیعەوە بۆ وەهابیەت بە سوودوەرگرتن لە هەموو توانایە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات زەرورییە و دەبێت بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی دروست و بەدوور لە باسکردنی زانیارییەکان و شیکاریی ناڕاستەقینە لە پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ بەدەنەی کۆمەڵایەتی خەڵك ڕێگە لە دروستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکبوونی ئێرانییەکان بگرین.

گرنگی پێنەدان و کەمتەرخەمی لە ئاست پرسە جۆراوجۆرەکان و یەکتر داپۆشینی شوناسی ئێتنیکی و ئایینزایی خەڵکی عەرەبی خوزستان و تێنەگەیشتن لە هەستیاری کولتوری و کۆمەڵایەتی ئەوان کاریگەری تێکدەرانەی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی بەجێ هێشتووە و دەبێتە هۆی لاوازبوونی هاوبەندی نەتەوەیی.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوە لە سەر بنەمای ستراتیژی توێژینەوەی دانانی تیۆری لەسەر بنەمای زانیاریی، سەرقاڵی کۆکردنەوە و شیکاری زانیارییەکان دەبێت. دانانی تیۆری لەسەربنەمای زانیاریی جۆرێك میتۆدی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتییە، کە بە دووی دروستکردنی تیۆرییەك، مۆدێل و سەرباشقەیەکە کە توانایی ئەوە بە توێژەر دەدات لەبارەی دیاردەی شاراوەی نێو زانیارییە جۆراوجۆرەکان تیۆری دابنێت (فرتوك زادە و دیگران، ١٣٨٨: ٧٧) و ئامانجی ئەو تۆخکردنەوەی ئاراستەی ئێستقرایی لە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیارییەکانە، نەك لە ڕێگای تاوتوێ کردنی ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی تیۆری، بۆیە شوێنکەوتووی تێڕامان و دیسان بیرکردنەوەی تیۆریك بووە و لەسەربنەمای پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی خۆی دەبێت بگاتە ئاستی توانایی دادوەری کردن (دانایی فرد، ١٣٨٦: ٦٧). کە قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی ئەویش بەمشێوەی خوارەوەیە:

### ١. کۆکردنەوەی زانیارییەکان

پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بەوەسفکردنی بارودۆخی دروستبوو لەبارەی کەڵەکەبوونی بیندراوە تێڕامان لەسەرکراوەکانەوە دەست پێدەکات و دەبێت لە ناساندنی شوێن، بارودۆخ، مرۆڤ و کردار و پەرچەکردارەکانیان بە شێوەی لانی زۆری بە دوو مەرج جێبەجێ بکرێت: یەکەم ئەوەی کە بەدوور لە چوارچێوە، بەدواداچوون بۆ جۆرێکی تایبەت لە سەرباشقە بکرێت و دووەم ئەوەیە کە لەبارەی ئەوانەوەش دادوەرییەکی تایبەت ئەنجام نەدرێت. وێناکراوە ئەنجام دراوەکان وەك بەستێنی سەرەتایی زانیارییەکان دەبێت

بە ژمارەیەکی زۆر لە بیندراوەکان، چاوپێکەوتنەکان، بەڵگەنامە، فیلمەکان، وێنەکان، یادداشتەکان و تێڕامانی لێکۆڵەر و گفتوگۆکانی پەیوەندیدار دەوڵەمەند بکرێت (کرسول، ٢٠٠٥: ٤٠٢) کە بە پرسیارگەلێکی سادە وەکو چ، چلۆن، چەندە، جیادەکرێنەوە و دوایی بەراود دەکرێن و ڕووداوی هاوشێوەی یەکتر گرووپەبەندی و ناوی هاوشێوەیان بۆ دادەنرێت (دانایی فرد و همکاران، ١٣٨٣، ٤٧). بۆ ئەوەی لێکۆڵەر بێتوانێت بە یارمەتی تیۆری دیزاین کراوی خۆی گریمانەیەك دارێژێت، کە لێکۆڵینەوەکانی دواتر تاقی بکەنەوە (کرسول ٢٠٠٥: ٤٠٥). کرسول وەك پێوەرێکی تا ڕادەیەك گشتی نزیکەی ٢٠-٣٠ چاوپێکەوتنی بەمەبەستی تێرکردنی بابەتەکان و وردەکاری تیۆری بەستێنی بە پێویست دەزانێت (محەمەد پور، ١٣٩٠: ١١٥).

### ٢. دانانی ژمارە بۆ زانیارییەکان لە سێ قۆناغ (کراوە، مێحوەری و هەڵبژاردەی)

مانابەخشین بە زانیارییەکان یەکەمین هەنگاو لە شیکارییە. لە شیکاریی زانیارییەکان کەڵك لە سێ جۆر دانانی ژمارە بە شێوەی کراوە، مێحوەری و هەڵبژاردەیی وەردەگیریت. لە دانانی ژمارە بە شێوەی کراوە، دوای هەر چاوپێکەوتنێك و نووسینی دەقی چاوپێکەوتن، دەبێت دوو یان سێ جار بخوێندرێتەوە و بۆ دڵنیا بوون لە مەحەك دانی هەموو زانیارییەکان بە کەڵك وەرگرتن لە شێوازیی لانی زۆری دەقەکانی هەر چاوپێکەوتنێك خەت بە خەت تاوتوێ کراوە، بە هەر یەك لە ڕووداوەکان، ئایدیا و هزرەکان، بارودۆخەکان، ناوێك کە نیشانەی ئەو دیاردە و جێگرەوەیەك بۆ ئەو بێت بەو بدرێت و بە تێکەڵکردنی ژمارە هاوشێوەکان ژمارەیان کەم بکرێتەوە (لی ٢٠٠١:١٢٧). دەبێت ژمارەکە پێشاندەری ناوەڕۆك بێت، بە شێوەیەك کە بکرێت بە بینینی ئەم ناوە تا ڕادەیەکی زۆر لە مانای ڕستەکان تێبگەین (میلز، ٢٠٠٢: ٥١). لە قۆناغی دواتر بە گرووپبەندی و تێکەڵکردنی چەمکەکان کە هاومانییەکیان پێکەوە هەیە، ژمارەیەك بابەتی مێحوەری هەڵدەنجرێت و لە دانانی ژمارەی هەڵبژاردە بابەتگەلێك دەست نیشان کراوە، ژێرکۆمەڵەی ژمارەیەکی سنووردار لە بابەتەی سەرەکی دەبن (کوربین و همکاران، ٢٠٠٨: ٦٢).

### ٣. نووسینی یادداشتە شیکارییەکان و ڕاڤەی زانیارییەکان

بەپێچەوانەی مێتۆدە چەندایەتییەکان، شیکاریی هاوکات لەگەڵ قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاریی و پێکەوە ئەنجام دەدرێت (غفوریان ١٣٨١: ٣١٩) و هەتا کاتێك درێژە پەیدا دەکات، کە لێکۆڵەر دڵنیا بێت بەردەوامی کۆکردنەوەی سوودێکی بۆ بەرفراوانکردنی زانیارییەکانی نابێت، بۆیە بەناچاری کۆکردنەوەی زانیاری هەتا گەیشتن بە خاڵی سەرڕێژبوون درێژە پێدەدات. ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ زانیارییە دووبارە بووەکان یەکێك لە نیشانەکانی گەیشتن بە خاڵی سەرڕێژبوونە (گلاسر و همکاران، ١٩٦٧: ٦١). لێکۆڵەر دەتوانێت لە ڕێگای بەڵگاندنی بەراوردکاری و ئێستقرایی، نموونە وەرگرتن و شوبهاندن، بینینەوەی نیشانە، دەست نیشان کردنی جیاوازیی، بەراوردکردن و... هەڵسەنگاندن و شیکاری بۆ زانیارییە کۆکراوەکانی بکات و بە زەینی وردبینی خۆی بگاتە ئەنجام (حافظ نیا، ١٣٨٨: ٥٤).

### ٤.دارشتنی تیۆری

قۆناغی کۆتایی لە شیکاریی زانیارییەکان، نووسین و دارشتنی کۆتایی تیۆریی دەستەبەر بووە. لەم قۆناغەدا وێنەی لێکۆڵینەوە ڕوونتر بووە و دوایین ئەرکی توێژەر ئەوەیە، ئەو شتەی لەم وێنەدا دەبینێت، بۆ بەربێژی ڕاڤە بکات. ڕەنگە لێکۆڵەر چەندین جار وێنەی دەستەبەربوو دیسان بخوێنێتەوە و بینووسێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت فیکری خۆی بە شێوەیەکی ورد شیکاری و باس بکات (کوربین و همکاران، ٢٠٠٨: ١٤٨).

تیۆری زانیاری بنیات پێشاندەری ئەوەیە، کە هەرتیۆری وتێزێك کە لە سەربنەمای ئەم شێوازە دابرژرێت لە سەربەستێنێکی دیکۆمێنتاری لە زانیاریە ڕاستەقینەکان بنیات نراوە و بۆ ناسینی بابەتی خوێندنەوەکە یان بابەتگەلێك بەکار دێت کە پێشتر لە بارەی ئەوانەوە توێژینەوەی گشتگیر و گەورە نەکراوە و زانیاری ئارایی لەو بوارەوە سنووردارە (دانایی فرد و همکاران، ١٣٨٦: ٧٣) و لەودا لێکۆڵەر بابەتی سەرەکی لە سەنتەری پرۆسەیەك دادەنێت، کە لە حاڵی تاوتوێ کردنی ئەو دایە و بابەتەکانی دیکە بەتایبەت بارودۆخی هۆکاری، ستراتیژی، بارودۆخی بەستێنی، بارودۆخی دەستێوەردر و دەرکەوتەکانی بەو دەبەستێتەوە. لەم سەرباشقەدا شەش بابەت لە زانیارییەکان هەیە:

ناوکی سەرەکی (هۆکاری مێحوەری): ڕووداوێکی سەرەکییە کە چەمکەکانی دیکە لە دەوری ئەو ڕێکخراون و زەنجیرەیەك کردار بۆ کۆنترۆڵ یان بەڕێوەبردنی ئەو هەیە و پەیوەندی بە ئەووە هەیە (کوربین و همکاران، ٢٠٠٨: ٦٨).

بارودۆخی بەستێنی: کۆمەڵێك ڕووداوە کە بارودۆخەکان، پرسەکان و کاروباری پەیوەندیدار بە دیاردەیەك دەئافرێنن وتا ڕادەیەکی دیاریکراو، چۆنیەتی و بۆچیەتی وەڵامی کەسەکان و گرووپەکان لە ئاست ئەو بارودۆخە شی دەکەنەوە (کوربین و همکاران، ٢٠٠٨: ٧١).

بارودۆخی هۆکاری: بریتییە لە بارودۆخێك کە هۆکاری سەرەکی دروستکەری دیاردەیەکە کە خوێندنەوەی بۆدەکرێت (کوربین وهمکاران، ٢٠٠٨: ٦٨).

ستراتیژی: دەربڕی ئەو گرووپە لە کارلیك و کردارانەیە، کە بکەرەکان لەبەرامبەر ئەو بارودۆخە (دیاردەی سەنتەری) لە خۆیان پێشانیان داوە (کوربین و همکاران، ٢٠٠٨: ٧٠).

دەرئەنجام: بەرهەمی دەستەبەربوو لە بەکارهێنانی ستراتیژییەکان بووە و دەربڕی ئەنجامی ئەم کارلێکانە و لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی پەیوەندیدار بە ئەوانە و لە ڕاستیدا، ئەنجامەکانی دیاردەی ئاماژەپێدراو پێشان دەدەن (کوربین و همکاران، ٢٠٠٨: ٧٤).

بارودۆخی دەستێوەردەر: بارودۆخی بەستێنێکی گشتییە کە کاریگەری لەسەر ستراتیژییەکان دادەنێت. بەم بۆنەوە داوا دەکرێت توێژەر ئەوەندەی دەلوێت ئایدیا و فیکری خۆی بە لاوە بنێت (کرسول، ٢٠٠٥: ٩٢).

## میتۆدناسی لێك تێگەیشتنی ڤێبەر

ڕێبازی لێك تێگەیشتن لەبەرامبەر ڕێبازگەلێك وەکو پوزتیڤیزمی سەریهەڵدا، کە باوەڕی بە هاوشێوەبوونی ڕواڵەتی لەنێوان زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆییەکان و نەبوونی جیاوازی مێتۆدی لێکۆڵینەوە لەوان دایە. شوێنکەوتووانی باوەڕیان بە تێگەیشتنی مانای زەینی کرداری کۆمەڵایەتی و تێڕامان لە گەوهەری ئەوکاروبارانە هەیە و ڕیشەی لە هزرەکانی ڤێلهێلم دیلتای و هانریس ڕێکرێت دایە. ماکس ڤێبەرکە لە برەوپێدەرانی ئەم ڕێبازەیە لەژێر کاریگەری ئەم دوو کەسەدا بووە. لەڕاستیدا تێگەیشتن بریتییە لە تێگەیشتن لە مانای کردارێك یان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و یان شێوازێك کە بەو ئالۆزییە دەروونییەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لێ تێ بگەن (شرفی ١٣٩٠: ٨٣). لە ڕوانگەی ڤێبەرەوە، تێگەیشتن بریتییە لەمە کە «دەبێت خۆت لە شوێنی بکەریان بکەرانی لە مێژوو یان کۆمەڵگا دابنێیت و لەم ڕێگایەوە، کرداری مێژوویی یان کۆمەڵایەتی لە ناخەوە هەست پێ بکەی» (هیوز ١٣٩٧: ٢٧٦). ڤێبەرلەوباوەڕەدا بوو، کە بەپێچەوانەی زانستە سروشتییەکان کە لەودا شتێکی سروشتی لە پرۆسەیەکی زانیاری زانستی دروست دەگرێت، لە شێوازی تێگەیشتن «شت دێتە ئاسۆی بینینی ئێمەوە» (کاپلستۆن، ١٩٧٨: ١٤٥) و کردار وەك بەشێك لە بارودۆخێکی شیاوی تێگەیشتن دێتە ئەژمار. شرۆڤە پێویستی بە تێگەیشتنی پێکهاتەیی مانایی هەیە، کە لە چوارچێوەی ئەودا کردار ڕوودەدات. لەسەر ئەم بنەمایە، مانای زەینی کە لە پێکهاتەی مانایی پەیوەندیدار بەودا هەیە وەك مانای ئامانجی کردار دەناسرێت (ڤێبەر١٣٦٨: ٤٥).

فروند لەوباوەڕە دایە کاتێك ڤێبەرکۆمەڵناسی لێك تێگەیشتنی بەکاردەهێنا، بە هیچ شێوەیەك مەبەستی ئەوە نەبوو کە بۆ تێگەیشتن، لە ئاست شرۆڤە، بەهای زۆرترلەبەرچاو بگیرێت، بەڵکوو دەیەوێت ناتەواوبوونی ئەو، کە هەندێ کات بە ئەنقەستە، پێشان بدات و بەرتەسك بوونی هەندێ لە ڕوانگەکان ئاشکرا بکات (فروند، ١٣٦٨:٢١٤). بە کورتی، دەتوانین ڕوانگەی ڤێبەربەمشێوە باس بکەین: هزر و پاڵنەرەکان ویست و کرداری لێدەکەوێتەوە و کردارەکان هۆکاری دروستکردنی بەرهەمی زەینی و بابەتی، تاکەکەسی و کۆمەڵ وەك پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتورین، بەڵام لە پراکتیکدا پێکهاتە و بارودۆخی کاریگەرهۆکاری ژمارەیی یان هۆکاری موعەدەدن، واتە هەمان هۆکاری ئاسانکاری خوڵقێن کە ڤێبەرجەختی لەسەردەکاتەوە (صدیق اورعی و همکاران، ١٣٩٢: ١١٣). ڕەوتی کاربەم شێوەیە کە توێژە هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ بکەروپاڵنەرەکانی ئەوبە یەکێك بکات و ڕەوتی ڕەفتارەکە لە دیدی بکەرەوە ببینێت نەك لە دیدی خۆیەوە (ارون، ١٣٧٧: ٥٧٠).

## چوارچێوەی چەمکی

پارێزگای هەستیار و ستراتیژی خوزستان بە دانیشتوانی ٤٧١٠٥٠٦ کەس وەك پێنجەمین پارێزگاری چڕی لە بواری دانیشتوانی وڵاتەوە دێتە ئەژمار (سرشماری عمومی نفوس و مسکن، ١٣٩٦:٣٤). خەڵکی عەرەبی خوزستان پەیڕەوی ئایینی ئیسلام و شیعەی دوانزە ئیمامین (سیادت، ١٣٧٤: ٢٦٢). ئایینزای شیعە هەمیشە هۆکاری بنەمایی هاوبەندی و پێکەوەبوونی ئەوان لەگەڵ ئێران بە درێژایی چەندین سەدە بووە و کاریگەریی بەها و دابونەریتی ئایینزایی لەسەرژیانیان دەبیندرێت و ڕێوڕەسمی ئیسلامی وەکو تازیەباربوونی مانگەکانی موحەرەم و سەفەرپێگەیەکی تایبەتی لەلایان هەیە (اکوانی، ١٣٨٧: ١١٠). بەمشێوە ئایین و ئایینزا کارکردی کۆمەڵایەتی جیاوازوەکو بە کۆمەڵایەتی کردنی ئەندامانی کۆمەڵگا، کەمکردنەوەی کێشمەکێش، پتەوکردنی بەها هاوبەشەکان، یەکپارچە کردنی کۆمەڵگا و پاراستنی ئارامی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی سەرچاوەکان و بەهێزکردنی چاودێری کۆمەڵایەتییان لە ئەستۆ بووە (اشرفی، ١٣٧٧:٩). لە بنەمادا ئایینزا سەرچاوەی مەعریفی، ئایدیۆلۆژیك، کۆمەڵناسانە و مەعنەوی بۆ شوناس دەئافرێنێت (فورو، ٢٠٠٤: ٨٤). شوناسی ئایینزایی شوناسێکی جەمعییە کە بریتییە لە ئەندامیەتی لە گرووپە ئایینزاکان، پەسەندکردنی سیستەمی بیروباوەڕی ئەو، جەخت کردنەوە لەسەر گرنگی بەها ئایینزاکان، دەروەست بوون لە ئاست گرووپە ئایینزاکان و کردارەکانی پەیوەندیدار بەو ئایینزایەیە (سئول، ٢٠١٠: ١١٩).

ئەزموونی سەدەی بیست پێشانی دەدات، کە شوناسە وردەکان و بەتایبەت شوناسی ئێتنیکی ناسڕێتەوە و دوو سەرچاوەی بەهێزی بابەتی کۆمەڵایەتی و بابەتی ئێتنیکی هەمیشە سەرچاوەی زۆربەی کاروباری ژیانی مرۆڤەکان دێنە ئەژمار (برتون، ١٣٨٠: ٢٥).

لە پێناسەکردنی شوناسی ئێتنیکیدا هاوڕاییەك نییە و هەر زانا و بیرمەندێك بە بەرجەستەکردنی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شوناس، پێناسەی کردووە. گوڵ محەمەدی لەوباوەڕە دایە ئەوەی لە تاوتوێ کردنی ئەم جیاوازیانە دەستەبەردەبێت، ئەمەیە کە پرسی مێحوەرلەم پێناسانە پارامەتروتوخمی شوناسی ئێتنیکین، بۆیە شوناسی ئێتنیکی لەسەربەستێنی نیشانە کولتورییەکان وەکو زمان، ئایینزا، دابونەریت و پێشینەی مێژوویی پێناسە دەکرێت، کە بەوتاکەکان پەیوەندی لەگەڵ هەموو یان ژمارەیەك لە لایەنەکانی شوناسی گرووپێك دەگرن. هەڵبەتە خودی ئەم پارامەتروتوخمانەش یەکسان نەبووە ولە شوناس پێدان بە ئێتنیکەکان ڕۆڵێکی جیاوازیان هەیە (گل محمدی، ١٣٨١: ١٥٩).

گرنگترین پێویستی شوناس لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا، جۆرێك مێژوو (ڕاستەقینە یان ئەفسانەیی) یە، کە زیاتر لە هەمووی یادگەی جەمعی ئەندامانی ئەو ئێتنیکەی بیچم داوە و بابەتێکی سنووردار بە ڕابردوو نییە، بەڵکوو دەربڕی بەشێك لە ئەزموونەکانی سەردەمی ژیانی کۆمەڵایەتی گرووپێك بووە، کە هەتا ئەمرۆ بەردەوام بووە و لە توخمە سەرەکییەکانی مێژووی هاوچەرخە. بەواتایەکی دیکە، یادگەی جەمعی

و وشیاری مێژوویی ئیتنیکێك و سیستەمێکی شوناسی دەربڕی هەمدیس نوێنی هێمایی بەسەرهاتی دوێنی و ئەمڕۆ و ڕەنگە چارنووسی داهاتووی ئەو ئێتنیکەیە (گودرزی، ١٣٨٥: ٣٢). شوناسی ئێتنیکی، نەریتی کولتوری هاوبەش و هەستی شوناسێکە، کە ئێتنیك وەك گرووپێکی لاوەکی لە کۆمەڵگایەکی گەورەتر دەست نیشان دەکات و ئەندامانی هەر گرووپێکی ئێتنیکی لە بواری تایبەتمەندییە کولتورییەکان لە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا خۆیان بە جیاوازدەزانن (داوری، ١٣٧٦: ٤٤).

لە تاوتوێ کردنی پرۆسەی گۆڕینی ئایینزای شیعەکانی عەرەبی خوزستان بۆوەهابیەت پرۆسەیەکی چوار قۆناغی لەلایەن لێکۆڵەرەوە دەست نیشان کراوە کە لەودا تاکەکان سەرەتا تووشی دوودڵی لە بیروباوەڕی شیعە دەبن، لە قۆناغی دووەم بە لادانی شیعەگەری، وەك ئایینزای سەرتر، ئێنتما بۆ وەهابیەت پەیدا دەکەن و لە قۆناغی سێیەم، وەك وەهابی تەکفیری سەرقاڵی تەبلیغ دەبن و لە دوایین قۆناغدا بە باوەڕهێنان بە ئاراستەی سەلەفی جیهادی و پەنا بردنە بەرخەباتی چەکداری وکرداری تێرۆریستی، بە دووی جیاکردنەوەی خوزستان و بە ناوی سەربەخۆیی الاحوازدەبن و لە ڕێگەی ئەویترسازی شوناسی ئێتنیکی و ئایینزایی خۆیان وەك « وەهابی الاحوازی» لەبەرامبەر عەرەبی « شیعەی ئێرانی» دەست لە شیعەگەری هەڵدەگرن و لەبەرامبەرشوناسی ئێرانی ئیسلامی خۆیان نۆژەن و دەناسنەوە. لەم پرۆسەدا سنوورو کاتێکی دیاریکراو بۆ هەرقۆناغێك لە پرۆسەی گۆڕینی ئایینزا بوونی نییە و بەم بۆنەوە خێرایی بڵاوبوونەوەی وەهابیەت و سەیال بوونی بابەت و پەیوەندی ئەولەگەڵ ئێنیکگەرایی جوداییخوازانە لە نێو هەندێ کەسی عەرەبی خوزستان شرۆڤەی بارودۆخی ئەم کەسانە لەگەڵ سەرباشقە باوەکان لە تەکفیری بوونی سوننییەکانی دانیشووی ناوچەکە، بەتەواوی جیاوازبووە و وەك ئێزدواجیەتی «وەهابی. شیعە» (کەسێکی وەهابی کە پێشترشیعە بووە) نەك « سونی. شیعە» (کەسێکی سونی کە پێشترشیعە بووە) خراوەتە بەرباس و لە ئاستی خۆیدا دەگمەن بووە، کە دەربڕی شوناسێکی جیاوازلەژێرناویی «شوناسی فرەتوێژاڵی خۆدەرخەر»ە، واتە کەسێکی ئێتنیکگەرا کە بە وەهابی بووە و بە گۆڕینی ئایینزای خۆی لە چەند قوناغدا، توێژاڵە جیاوازەکانی شوناس بۆ خۆی پەیدا دەکات.

## بیندراوە وێناییەکان

بە شێوەی گشتی ئاماری ورد و دیکۆمێنتاری لە ژمارە و ڕێژەی سەدی دانیشتوانی عەرەبی ئێران وژمارەی ئێنتما پەیداکردوو بۆوەهابیەت بوونی نییە. بەمەیشەوە لەم توێژینەوەدا ژمارەی ٣٤ کەس لەوکەسانەی ئایینزای خۆیان گۆڕیوە لە ماوەی دوو ساڵی ١٣٩٩ و ١٤٠٠ لە سەد و دە کۆبوونەوەی سێ کاتژمێری باس و گفتوگۆ و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە. کەسانی هەڵبژێردراو لە هەندێ ناوچەی پەراوێزنشین لە ناوەندی پارێزگا و شارەکانی زۆرتر عەرەب نشین بە تایبەت باوی، کوت عەبدوڵڵا، حەمیدیە، شادگان، ماهشار، خورەمشار، شادگان و سوسەنگرد بوون. لەمبارەیەوە لەگەڵ شەش کەس لە کەسانی شارەزای ناوچەکەن بە شێوەی تایبەت چاوپێکەوتن کراوە. بیندراوەکانی خوارەوە لە شیکاری بەمشێوەیە دەستەبەربووە:

.ڕێژەی ئێنتما بۆوەهابیەت لە نێوان گەنجانی ژێر ٣٠ ساڵ لە سەدا ٥٢، لە نێوان تەمەنی ٢٠ هەتا ٣٠ ساڵ نزیکەی لە سەدا ٤٠ و لە نێوان کەسانی سەرەوەی ٤٠ ساڵ لە سەدا ٨ بووە.

.ئاستی خوێندەواری لە سەدا ٥٠ی ئەوان لە خوارەوەی دواناوەندی بووە و لە سەدا ٣٨یش بڕوانامەی دواناوەندییان هەبووە. کەمتر لە سەدا ١٠ ئەوان خاوەنی بڕوانامەی بکالۆریۆس بوون وتەنها لە سەدا ١یان بڕوانامەی ماستەریان هەبووە.

لەم نێوەندەدا لە سەدا ٥٣یان بێکار، لە سەدا ٢٦ کرێکار، لە سەدا ١٥ چەرچی و لە سەدا ٦ فەرمانبەربوون.

## بیندراوەکانی لێکۆڵینەوە

١ .پرۆسەی گۆڕینی ئایینزا لە شیعەوە بۆوەهابیەت لە ناوچەکانی شەڕ و عەرەب نشینی خوزستان

پێش لە دەست پێکردنی شەڕ، گوندەکانی ناوچەی عەرەب نشینی خوزستان، بەتایبەت گوندەکانی دەوروبەری سنوور، تا ڕادەیەك سیستەمی خۆبژێوی و پشت بەستوو بە ئابووری بژێوییان هەبووە. دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری سنوور لە هور (تالاب) وەك سەرچاوەی گەورەی ئابووری کەڵکیان لێ وەردەگرت و گوندنیشگەلێك کە مەودایان لە سنوور هەبوو زۆربەی کات سەرقاڵی کێڵانی جۆ و گەنم و باخەوانی و ئاژەڵداری بوون. بە دەست پێکردنی شەڕ، گوندەکانی نزیك سنوور و ناوچەکانی دەوروبەری، هەموویان بوونە ناوچەی شەڕ و بەناچاری گوندنشینەکان ئەو ناوچانەیان بەجێهێشت وبەسەر گوند و شار وپارێزگاکانی دیکەدا بڵاوەیان کرد، کە زۆربەی ئەم گوندنشیانە دوای ساڵەکانی یەکەم شەڕ لە گوندەکانی دەوروبەر و هەروەها دەوروبەری شاری ئەهواز نیشتەجێ بوون. بۆیە بە کۆچکردنی گوندنشینەکان و بەجێهێشتنی زێدی خۆیان، سیستەمی خۆبژێوی ئابووری و بژێوی ئەوان لەبەر یەك هەڵوەشایەوە و بە جێگیربوون لە پەراوێزی شارەکان، زیانێکی زۆریان بە ناوچە ئاماژەپێدراوەکان گەیاند. نەبوونی ئامادەیی بۆ قەبوڵ کردنی ڕۆڵەکانی ژینگەی نوێ بووە هۆی ئەوەی هەندێ لەوان پەنا بەرنە بەرپیشەی ڕەش وتەنانەت نایاسایی و ژمارەیەکی دیکەش گرفتاری جۆرێك پەریشانی و نایەکبوونی کۆمەڵایەتی بن، بە شێوەیەك کە هاوکات لەگەڵ پاراستنی هەندێ تایبەتمەندی کولتوری خۆیان، ناچار بە پەسەندکردنی بەها و نەریتەکانی ژینگەی نوێ بوون و لە ئەنجامدا بە ئەزموونی جۆرێك لە دیسان بە کولتوری بوون، بەشێك لە شوناسی کولتوری خۆیان لە دەست دا. لە شوناسی کۆمەڵایەتی نوێدا کولتوری ئێزدواجی بە نۆرمگەلێکی جیاوازو هەندێ کات دژیەك و ناکۆك سەریهەڵدابوو، بۆیە شوناسی ئەم کەسانە لە بارودۆخی ژینگەی نوێ گرفتاری گۆڕانکاری زۆری کولتوری و کۆمەڵایەتی بوو.

سەپاندنی شەڕی هەشت ساڵەی حکومەتی بەعسی عێراق و شکستی ئەو لە جیاکردنەوەی خوزستان، جیا لە زیانی مادی و کاوڵکردنی ناوچە باسکراوەکان، گۆڕانکاری گەورەی لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و کولتوری لەم ناوچانەدا دروست کرد. بارودۆخی دوای

شەڕلە خوزستان بەتایبەت « هەڵاوسانی زۆر» ،» ئابووری و نەبوونی چالاکییەکانی بەرهەمهێنان»، «لێپرسراویەتی لە ڕادەبەدەری حکومەت»، « جێگۆڕکێی دانیشتوان لە گوندەوە بۆ شار» ، « گەشەکردنی قەراخ شارنشینی»، « زۆربوونی دەڵاڵی و چالاکییە نابەرهەمهێنەرەکان» و « نەبوونی دەرفەتی کاریی لە ڕادەبەدەر» بووە هۆی ڕوودانی دژەنۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی بەستێکی چالاکی گرووپەکان و گرووپی قاچاخی مادە هۆشبەرو دزی و شەڕانگێزی و لات و خوێڕییە شارییەکان و دەستەگەلێکی تاوانکاری لە ناوچەکانی شەڕکە بە کۆتایی شەڕو گەڕانەوەی خەڵك بۆ ماڵ و حاڵی خۆیان، کێشە و نائارامییەکانی سەردەمی ئاوەدانی دوو بەرامبەرگوشاری لەسەرشانی خەڵکی عەرەبی پارێزگا دروست کرد و بە گۆڕینی ئایدیۆلۆژیا خەباتی هەندێ بژاردەی ئێتنیگەرای عەرەبی خوزستان بە پشتیوانی وڵاتانی سەلەفی بە ڕابەری عەرەبستانی سعودی (کە هەتا پێش ئەمە سەرقاڵی پشتیوانی لە عەرەبە ئێتنیکگەرا شیعەکان نەبوون) و پەیوەندی ئێنتما ئێتنیکگەرا و جوداییخوازی لەگەڵ وەهابیگەری و سەلەفیەتی تەکفیری بووە هۆی بیچم گرتنی پرۆسەی گۆڕینی ئایینزای کەسانی ئێتنیکگەرا و جوداییخوازی عەرەبی خوزستان لە شیعەوە بۆ وەهابیەت (هاشمی نژاد، ١٣٩١: ٢٢).

لە کۆتاییەکانی ساڵەکانی ٦٠ و سەرەتای ساڵەکانی ٧٠ کەسێك بە ناوی سەید عەبد نزاری یەکەمین گرووپی تەکفیری لە خوزستان و ناوچە گوندنشینەکانی ئەهواز پێك هێنا و لەژێر کاریگەری ئەودا، ناوکی فیکری و کولتوریی جۆراوجۆر لە گوندەکانی ناوچەی عەرەب نشین دروست بوو و ڕەوتێکی نوێ بە ناوی « حرکە السنی» بیچمی گرت (هاشمی نژاد، ١٣٩٣:٢٤). خوێندنەوە لە بوارەکانی جوداییخوازی و سەلەفیگەری پێشانی دا گۆڕینی ئایینزا لە ناوکی سەرەتاییەوە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە توخمە ئێتنیگەگەرا و جوادییخوازی عەرەبی خوزستان، بیروباوەڕی ئایینزای شیعی خۆیان بە لاوە بنێن و بە ئێنتما بۆوەهابیەت، بەبێ ئەوەی کە خۆیان بە وەهابی بناسێنن، کەڵك لە وشەکانی « موسڵمان»، « سونی»، « موەحد» و « ناموقەلد» وەربگرن. بەم واتایە کە ئەوان پێش ئەوەی، نەك موسلمانێکی شیعە بەڵکوو موشرکێک بوون. دوای ئەوە بە دروستکردنی هەندێ گومان لەبارەی ڕێورەسمی شیعی، جەختیان لەسەرناکۆکییە ئایینزا و ئێتنیکیەکان و تەرخان کردنی بودجەی زۆرو لە هەندێ حاڵەت، دانی پارەی نەخت لە گوندەکان و ناوچەگەلێك کە خەڵکی ئەولە بواری ئابووری، کولتوری و ئایینزاییەوە لە ئاستێکی نزمدان بە شێوەی نەهێنی و ئەنجومەنی و گرووپی چالاکی تەبلیغی خۆیان بەرفراوان کردووە (مصاحبە با محرابی، ١٤٠٠).

نیگەرانی لە دوورخستنەوە لەلایەن کۆمەڵگا وە سەپاندنی تێچووی مەعنەوی بە تایبەت بچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ویان ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمنی لەگەڵ ئەوانەی ئێنتمایان پەیدا کردووە و خێزانەکانی ئەوان لە نێونەوەی یەکەمی بە وەهابی بووەکان، بووە هۆی پێشکەش نەکردنی شیکاری ورد لە بارودۆخی ئارایی وەهابیەت و سەلفیەتی تەکفیری لە خوزستاندا و ئاماری ورد و ڕەسمی لە ئاستی ئێنتما بۆوەهابیەت

و ژمارەی کەسانێك کە ئایینزای خۆیان گۆڕیوە، بوونی نییە، بەڵام دوای خۆپێشاندان و نائارامییەکانی خاکەلێوەی ١٣٨٤ بە بەهانەی بڵاوکردنەوەی نامەیەك کە درابووە پاڵ ئەبتەحی، سەرۆکی نووسینگەی سەرکۆماری ئەو کات لەبارەی گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچە ئاماژەپێدراوەکان . لە سەروبەندی هەشتامین ساڵیادی دەستگیرکردنی شێخ خەزعەل لەلایەن ڕەزا شاوە، کە ڕەوتی جوداییخوازئەوبە ڕاپەڕینی میسان ناو دێنێت . دیاردەی وێناکراو لە کۆمەڵگادا ڕووی خۆی پێشان دەدات و ڕەوتی زۆربوونی ڕووداوە تێرۆریستییەکان و بازادانی تەساعودی بیچم گرتنی ئەم دیاردە لە سەرەتاوە هەتا ئێستا پێشان دەدات، کە کەسانێك کە ئایینزای خۆیان گۆڕیوە لە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی فیکری وەهابی کاری تیرۆریستی و تێکدەرانەی جۆراوجۆریان لە خوزستان ئەنجام داوە و سیستەمی سیاسی وڵاتیان ڕووبەڕووی دیاردەیەکی یەکتربڕ، فرەلایەن و ئالۆز کردۆتەوە.

دەرکەوتنی بابەتی و ئاشکرای ئەم پرۆسە، دوژمنی پراکتیکی تاك لەگەڵ فیکری ڕابردووی خۆی و باوەڕداران بەوە کە بە باوەڕی خۆی بە بەجێهێشتی بیروباوەڕی کوفر، بووە موەحد و دوایی لەژێر ناویی جنوداللە متعال، شانازی کوشتنی شیعەکان و خەبات لەدژی حکومەتی تاغوت، واتە کۆماری ئیسلامی ئێرانی پەیدا کردووە، واتە ئەوان پێش لەمەش نەك موسلمانی شیعە، بەڵکو موشرکێک بوون. هەتا پێش لە ساڵی ١٣٨٤ لە ژمارەی ئەو شیعانەی ئایینزای خۆیان گۆڕیوە زانیاری بابەتی و ئاشکرا تۆمارنەکراوە، تەبلیغی وەهابیەت ئەوەندە ئاشکرا نەبووە و بابەتی ئێنتما بۆوەهابیەت لە کۆمەڵگادا ئاشکرا نەبووە و ڕەوتی گۆڕانکاری ئایینزا بە شێوەیەکی تاکەکەسی ولە نێوتوخمە ئێتنیکی وزۆرترلە گوندەکان وناوچەکانی هەژارلە بواری ئابووری، کولتوری و ئایینزای لە حاڵی بیچم گرتندا بوو.

" بانگەشەی فەیس تو فەیس» و« پشتیوانی میدیای کەناڵە ئاسمانییەکانی ڕەوتی سەلەفیەتی سەربە عەرەبستانی سعودی» لەم قۆناغەدا ئێنتما بۆوەهابیەتی بردۆتە نێوقۆناغێکی نوێیەوە. وەهابییەکان بە دروستکردنی هەندێ گومان لەبارەی ڕێوڕەسمی شیعەگەری سەرقاڵی بانگەشە بۆهزرەکانی خۆیان دەبن و بە تایبەت جەختی زۆرلە سەرجیاوازیی ئێتنیکی و ئایینزایی دەکەنەوە. بانگخوازانی وەهابی بۆگەیشتن بە ئامانجەکەیان بودجەی زۆریان خەرج کردووە ولە هەندێ حاڵەت، بە شێوەی نەختی بەسەرخەڵکی خوزستاندا پارەیان دابەش دەکرد، کە ئەم بابەتە بووە هۆی دروستبوونی جیاوازیی ئایینزایی لە نێوان عەرەبە شیعەکانی خوزستان لەگەڵ سیستەمی شیعەی کۆماری ئیسلامی ئێران. کەسانی بەرچاوی ڕەوتی جوداییخوازدوای گۆڕینی ئایینزا چڕبوونەتە سەربەهێزکردنی وێنەکانی ئەویترسازی شوناس و قوڵ کردنەوەی کەلێن لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی لە ڕێگەی پۆمپاژکردنی هەواڵی نەرێنی لە چوارچێوەی وشە سەرەکییەکانی هەڵاواردنی ڕێکخراو، نەبوونی ئازادی ئایینزایی، بێبەش بوونی بەئەنقسەتی ناوچە عەرەب نشینەکان، سنووردارکردنی عەرەبەکان و بە خەساردانی مافی ئەوان لە ئێراندا.

## هۆکارەکان، بەسێتن و پاڵنەرەکانی گۆڕینی ئاییزا لە خوزستان

### ١. هۆکارەکان

نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییە کەڵەکە بووەکان، خواستی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستەبەر نەبوو و جێبەجێ کردنی ناسەرکەوتووانەی پرۆژەی پەرەسەندنی خوزستان و بەکارهێنانی ژمارەیەك بەڕێوەبەری ناسەرکەوتوو لە ناوچە عەرەب نشینەکانی پارێزگا لەلایەك و لەبەر دەست نەبوونی سەرباشقەکانی تەکفیری وەك ئایدیایەك بۆ ئامرازی بەرهەڵستکاری و نارەزایەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی و ئێنتمای توخمە جوداییخوازەکان بۆ بینینەوەی سەرباشقەکانی شوناس بەخشی ڕادیکاڵانەی پەسەند کراو لەلایەن وڵاتانی سونی ناوچە بە ڕابەری عەرەبستان سعودیا لەلایەکی دیکەوە، لە هۆکارە سەرەکی و بنچینییەکانی گۆڕینی ئاییزا لە خوزستانە کە بە کورتی بریتین لە:

. بێبەشبوونە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان: بە هۆی بوونی ئەگەری بەراوردکردنی ئاستی سوودوەرگرتنی خەڵکی وڵاتانی ناوچەی کەنداو، بێبەش بوونی ڕێژەیی و هەست کردن بە بێبەشیی رۆڵی لە ئێنتما بۆ جوداییخوازی و فیکری ناهاوسازو ناکۆك لەنێو ئێتنیکی عەرەب هەیە (مصاحبە با شفیعی، ١٣٩٩)

.هەست کردن بە هەڵاواردن: لە بەڵگەکانی هەڵاواردنی ئێتنێکێتی، نەبوونی ئەگەری دەستڕاگەیشتن بە بەرپرسیاریەتییە باڵاکانی پارێزگا لەلایەن عەرەبەکانە کە لەوپەڕی شایستە بوون، تەنها بە هۆی ئێتنیکیان و لە سەربنەمای ئاراستە نەنووسراوو دەستکردەکان بۆ هەندێ کەس، ئامادە نەبوون بەرپرسیاریەتی بەوان بدرێت (مصاحبە با مجدمی، ١٤٠٠).

.ڕکابەری ئایدیۆلۆژیا: بە سوودوەرگرتن لە هەندێ پارامەتری شوناسی هاوبەش وەك نزیکایەتی زمانی و هەندێ هاوبەشی کولتوری و دەمارگرژی ئێتنیکی و هەندێ بێبەش بوون و نائارامی کولتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ئارایی لە ناوچە عەرەب نشینەکانی وڵات بە تایبەت هەژاری، بێکاری، کاولکارییەکانی دوای شەڕ، بە وەهابی بوون بە دووی گێڕانی ڕۆڵ لە گۆڕانکارییەکانی شوناسی ئێتنیکی و ئاییزایی خەڵکی شیعەی عەرەبی پارێزگا بووە و بە ئامانجی جیاکردنەوەی عەرەبستان و بنیاتنانی وڵاتی عەرەبی الاحواز لەسەر دەستکرد بوونی شونای دژیەك و جیاواز لە گەڵ شوناسی نەتەوەیی ئیسلامی ئێرانی کار دەکەن. لەبەرامبەردا پشتیوانی سیاسی، دارایی و میدیایی سعودییەکان، ڕەوتی جوداییخوازی عەرەبی خوزستانیش پابەندی توندترکردنی شوناسی ئێتینکی و گۆڕینی شوناسی ئاییزای هاووڵاتیان عەرەبی خوزستان بووە و بە جێبەجێکردنی هەنگاوی تێرۆریستی وەك هێرشکردنە سەرڕێوڕەسمی ڕێژەی ٣١ شەهریوەری ١٣٩٧ لە ئەهوازبە دووی دەستەبەرکردنی ئەوئامانجانەوەن، کە مەبەستیانە.

.بوونی ئێنتمای ئێتنیکی

### ٢ .بەستێنەکان

جیا لە هۆکارە باسکراوەکان، ژینگەی نالەباری خێزان، کەوتنە ژێر کاریگەری هاورێیانێك کە ئێنتمایان بۆ پرسە ئێتنیکییەکان پەیدا کردووە، کەوتنە ژێر کاریگەری کەناڵە ئاسمانییەکان و گرووپەکانی چالاك لە فەزای مەجازی، هەستی دوورخستنەوە و پەسەند نەکردن وکەڵك وەرگرتنی ئامرازی لە ئێتنکێتی عەرەب و پەراوێزنشینی لە بەستێنەکانی هۆکارسازی دزەکردن، گەشەکردن و بەرفراوانبوونی وەهابیەت لە ناوچە ئاماژەپێدراوەکان بووە (مصاحبە با شفیعی، ١٣٩٩).

### ٣ .پاڵنەرەکان (بارودۆخی دەستێوەردەر)

دەستڕاگەیشتنی ئاسان بە چەك (مصاحبە با محرابی، ١٤٠٠)، بە ئاسانی پەڕینەوەی نایاسایی لە سنوور (مصاحبە با حزباوی، ١٤٠٠)، بۆشایی یاسایی وڕێنەگرتنی یاساکان بەپێچەوانەی ڕەفتاری توندوتیژی چەندین ساڵی ڕابردوو لەگەڵ توخمە سەرەکییەکان بانگخوازی وەهابیەت، سووکایەتی وڕق لێبوونەوەی ئێتنیکی، ئێنتما بۆ شێوازە نایاساییەکانی نارەزایەتی، لاوازیی ئاشنابوون و زاڵبوون بەسەر زمانی فارسی، گرنگی پێدانی عەرەبستان لە بواری ئێتنیکێتی عەرەب بە جەخت کردنەوە و کەموکۆڕییە ئاراییەکانەوە (مصاحبە با شفیعی، ١٣٩٩)، پشتیوانی دەرەکی و ئاسانکاری بۆ بارودۆخی پەنابەری و ناکارامەیی و بێتوانایی ژێدەرە کاریگەرییە نەریتییەکان (بەتایبەت پیاوانی ئایینی کە لەبەرامبەرهەجمەی پڕوپاگەندەی وەهابییەکان لەم ناوچانەدا نەگونجاو بووە) وەك پاڵنەرەکانی گۆڕینی ئایینزا لە خوزستان بە دەستێوەردان لەم پرۆسە، جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی ئاسان و خێراتر کردووە.

## ستراتیژییەکانی گۆڕینی ئایینزا لە خوزستان

کەسانی وەهابی بە ستراتیژییەکانی خوارەوە بە دووی بەرجەستەکردنەوەی جیاوازییە ئێتنیکییەکان بوون بۆ ئەوەی بەکبوونی کۆمەڵایەتی و شوناسی نەتەوەیی لاواز بکەن.

١ . بانگهێشت و تەبلیغ: هەموو ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوەو جەختیان لەسەر زەرورەتی بانگهێشت و تەبلیغ و ئەوەی کە « دەبێت هەمووان بۆ ئایینی دروست ڕێنمایی بکەن» کردۆتەوە. فێرکردنی شێوازەکانی ڕاکێشان لە نێو خێزان، خێڵ و برادەران بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخ و نارەزایەتییە ئاراییە ئابوورییەکان هەتا دروستکردنی گرووپی تایبەتی تەمەنی منداڵ و مێرمنداڵ وکچان، بە دانانی پۆلی فێرکردنی لەبەرخوێندنەوە، خوێندن و لەبەرکردنی قورئان و عەرەبی پاراو لە حاڵی جێبەجێکردندا بووە و کەسانی بە وەهابی بوو لە بەندیخانەش لە خۆدەگرێت (مصاحبە با باقر، ١٤٠٠). ئەم هەنگاوە بە لە پێشتر بوونی ڕاکێشان لە نێو دەستبژێرە خۆجیی و لۆکاڵییەکان لە دەستووری کاردایە.

٢ .نائەمن کردن و دروستکردنی نائارامی، ئاژاوە و دەرگیری چەکداری: وا هەست ئەکرێت بەکارهێنانی هۆکاری توندوتیژی بۆ بزاوتنی هەستی ئێتنیکگەرایانە بە سەرنجدان بە ڕۆحیەتی شەڕانگێزی لە نێو عەشایر

و دانیشتوانی سنووری عەرەبی پارێزگا لە ستراتیژیی کەسانی بەوەهابی بووی پارێزگاکە دایە.

٣. دروستکردنی تۆڕ و بەرفراوانکردنی پەیوەندی تاکەکەسی و گرووپ لەگەڵ ناوەندەکانی وەهابیگەری بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی.

٤. کەڵك وەرگرتن لە هێما و ئامرازە کولتورییەکان: ڕەتکردنەوەی پێویستی بوونی زمانێکی هاوبەش و خواستی خوێندن بە زمانی دایکی لە چالاکییەکانی دیکەی کەسانی بە وەهابی بوو بە کەڵك وەرگرتنی خراپ لە هەستی هاووڵاتیان و گواستنەوەی پرژوبڵاوی شوناسە و جیا لە بڕەوپێدان بە زمان و ئەدەبی ئێتنیکی زۆرتر لە زمانی شیعر، کە گوتاری باوی چالاکییە ئەدەبییەکانی خەڵکی عەرەبی خوزستانە، بۆ باسکردنی خواستەکانی خۆیان سوودی لێ وەردەگرن (مصاحبه با دبیری، ١٤٠٠). ژمارەیەك لە شاعیرانی ئێتنیکگەرا کە پێشینەی هۆنینەوەی شیعریان بۆ بنەماڵەی ئال سعودیش هەیە، بە ئامادەبوون لە پرسەکان و خوێندنەوەی شیعر بە کەڵک وەرگرتن لە وشەگەلێك وەک « داگیرکەر»، «دوژمن»، « مافی من» و... بە زمانی شیعر هەستی ئێتنیکی بەرێژەکانی خۆیان دەبزوێنن (مصاحبه با نادر، ١٣٩٩). لەسەرنانی چەفیەی سوور کە هێمای وەهابییەکانی سعودیە لە ناوچەکەیە لەلایەن ئەم کەسانەوە لە ناوچە عەرەب نشینەکانی خوزستان جەختی لەسەردەکرێتەوە. دروستکردنی ئالای ساختەی الاحوازیش وەك هێمایەکی شوناس پێدەرو ناڕەزایەتی هەمیشە جەختی لەسەردەکرێتەوە و بەشێك لە سیاسەتە دژە نەتەوەییەکانی ئەم ڕەوتەیە.

٥. دەستکاری کردنی مێژوو بۆ دروستکردنی شوناس

شوێنکەوتووانی وەهابیەت لە خوزستان لە چوارچێوەی چالاکییە کولتورییەکان بە دووی توخکردنەوەی جیاوازییە ئێتنیکی وزمانییەکان بوون و هەوڵ دەدەن بە ناوی نووسینی مێژوو، ژینگە بۆ چالاکییە دژە نەتەوەییەکان بڕەخسێنن. ئەم هەوڵانە زۆرتر چڕبووەتەوە سەردەستکاری کردنی شوناسی ئێرانی خوزستان و ئافراندنی شوناسی عەرەبی بۆی، بۆ ئەوەی پێشان بدرێت خوزستان سەرزەمینێکی عەرەبییە. ئەوان شوناسی عەرەبی خۆیان لە چوارچێوەی شوناسی گەورەتر کە بریتییە لە شوناسی عەرەبی وڵاتانی کەنداو پێناسە کردووە و وای پێشان دەدەن کە لەگەڵ شوناسی ئێرانیدا نامۆن و هەر ئەم بابەتە جودابیخوازی و سەربەخۆیی خوازی ئەوانی بە دواوەیە. گۆڤاری الوطن الاحوازیە هاوکات لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر عەرەبی بوون و سەربەخۆبوونی الاحواز و باسکردنی هەندێ کێشەی کۆمەلایەتی و کەسانێك کە بە ناوگیانی خۆیان بە بۆنەی خەڵکی اهواز و لە بەرامبەر دوژمنی ئێرانی فارس بەخت کردووە، هەندی وتاری بڵاوکردۆتەوە (الوطن الاحوازیە، ٢٠١٩: ١٤).

## دەرئەنجامەکانی ئێنتما بۆوەهابیەت لە خوزستان

بەتێپەڕبوونی کات، بابەتی بەرفراوانبوونی وەهابیەت لە نێوهەندێ لە خەڵکی عەرەبی پارێزگای خوزستان، ڕەهەند و ئەنجامی جۆراوجۆری پەیدا کردووە و شیکاری بابەتەکەی ئالۆزتر کردووە. دەتوانین گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئێنتما بۆوەهابیەت لە ناوچە عەرەب نشینەکانی خوزستان بەمشێوەی خوارەوە باس بکەین:

### ١. توندتربوونی کەلێنی ئێتنیک

" هەوڵدان بۆدروستکردنی ترس لەنێو خێزانە عەرەبەکان وڕێگەگرتن لە چالاکی کچانیان لە بەسیج و حەوزەی علمیە» و«جەخت کردنەوە لەسەرنەبوونی متمانە بە خێزانە بەسیجییەکان، حەوزەیی وهاوڕێ لە سیستەم ودوورکردنەوەی خێزانە عەرەبەکان لە خزمایەتی لەگەڵ ئەوان» دوو ئاراستەی کەسانی بەوەهابی بوو بۆتوندترکردنی کەلێنی ئێتنیکی لە پارێزگای خوزستانە. « لەگەڵ گرووپی کێشانی ئاڵا لەسەردیواری ماڵان وقوتابخانە، نووسینی دروشم، هەڕەشە وهێرشکردنە سەربنکەی بەسیج وکاروانی ڕاهیان نور لە بەرنامەی کاریاندا بووە» (مصاحبە با ناجی، ١٣٩٩).

### ٢. «ئەویترسازی» شوناسی ئایینزایی

پێکهێنانی کۆبوونەوە وپۆلی فێرکاری لەژێر چەتری فێرکردنی قورئان، ڕاکێشانی خێزانەکانی خۆیان بۆ نێو فیکری تەکفیری، وەبەرهێنان لەسەرگەنجانی عەرەبی خوێندەوار، ئامادەکردن ودابەشکردنی بەرهەمی کولتوری وەهابیەت، نوێژکردن بە جەماعەت، هەیْنی، جەژنی قوربان، جەژنی ڕەمەزان وتەراوێح بە شێوازی وەهابییەکان، چالاکی تەبلیغی بەرفراوان لە فەزای مەجازی لەدژی ئایینزای شیعە، پەیوەندی گرتن لەگەڵ توخم وزانایانی سونی ڕەسمی وڵات وتوخمە وەهابییەکان لە شارە جیاوازەکانی پارێزگا، پەیوەندی گرتن لەگەڵ زانایانی وەهابی سعودیا لە فەزای مەجازی و... بووەتە هۆی ئێنتمای ئەوان بۆوەهابیەت و چالاکییەکانی ئەم ڕەوتە لەگەڵ هیچ یەك لە ئایینزاکانی سونی لە پەیوەندیدا نەبووە وبە وەهابی بووەکان لە خوزستان تا ڕادەیەك هیچ مەعریفەیەکیان لە چوارئایینزاکە نییە. هەروەها ئەوان بە پێکهێنانی گرووپی چەند کەسی لەگەڵ گرووپەکانی دیکە لە ناوچەکانی دیکە پەیوەندی دەگرن وبەشداری لە پرۆگرامەکانی یەکتردا دەکەن.


### ٣. زۆربوونی توخمە سەلەفی. جیهادییەکان وبەرفراوانبوونی کرداری تیرۆریستی

زۆربوونی ئێنتمای بەوەهابی بووەکان بۆکۆچ کردن ودەرچوون لە وڵات وبەدەستهێنانی پەنابەری سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی بۆبیچم پێدان بە ژیانێکی ئایینی دوای زۆربوونی بوارەکانی دەستڕاگەیشتن، فێرکردن و شارەزاییە تاکەکەسییەکان و کۆمەڵەکانی تەکفیری بۆ خەبات، زۆربوونی ژمارەی توخمە تەکفیرییەکانی ئامادەی جێبەجێ کردنی کرداری تێرۆریستی بە تەقلید لە داعش وەکوهێرشی چەکدارانەی ٣١ی شەهریوەری ٩٧ و شەهید کردنی ٢٦ کەس لە هاووڵاتیانی خوزستانی دەبێتە هۆی زۆربوونی کردارە تیرۆریستییەکان. لە هەنگاوێکی سەلەفی ئاسا لەدژی کافرەکان (خەڵکی شیعەی ئێران) جیهادیان ڕاگەیاند ولە ڕاگەیندراوی

جیهادی خۆیاندا، شیعەکانیان تەکفیرکردووە و داوایان لە سونییەکان کردووە لەدژی ئەوان شەڕبکەن و بەڵێنی شەڕو خوێنڕشتن فی سبیل اللەیان دا کە ئەم بابەتە دەرئەنجامی قەرەبوونەبووی بە تایبەت زۆربوونی توخمە سەلەفییە. جیهادییەکان و کرداری تیرۆریستی بە دواوە دەبێت.

### ٤. جیاکردنەوەی خوزستان و سەربەخۆیی بە ناوولاتی الاحواز

لە شیکاریی سەرباشقەی پرۆسەی ئێنتما بۆ وەهابیەت لە خوزستان بەدەردەکەوێت کە کەسانی ئێتنیکگەرای ناڕازی لە دۆخی ئارایی لە نێو خەڵکی عەرەبی پارێزگا وەك بەستێنی سەرەتایی بڕەوپێدان بە جودایخوازی لە دوو بواری خەباتی نەرم و زبربەکارهێنراوە بۆ ئەوەی بە دەستکرد بوونی شوناسی ئێتنیکی و ئایینزایی نوێ لە دواییدا بوار بۆ جیابوونەوە بڕەخسێنن. بە شێوەیەك کە لە بەشی نەرم ژمارەیەکی کەم لە کەسانێك بە بێ گۆڕینی شوناسی ئایینزای خۆیان بە دووی بەدیهێنانی شوناسی ئێتینکی و لە دواییدا جیابوونەوە دان وهەندێ کەسیش بە دەستەبەرکردنی بەستێنی پشتیوانی مادی و مەعنەوی ڕەوتی وەهابییەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری وتاری جودایخوازانەوە و بە گۆڕینی شوناسی ئایینزایی خۆیان لە شیعەوە بۆ وەهابیەت لەم بوارەوە هەنگاو دەنن. لە قۆناغی خەباتی چەکدارانەش گۆڕینی ئایینزا بۆ خێراترکردن لە پرۆسەی جیابوونەوەی خوزستان و بە ناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی الاحواز ڕوویداوە و بە باوەڕ بە خەباتی چەکداری و هەنگاونانی تێرۆریستی بە شێوازی داعش، دەکەونە دووی ئەو جودایخوازییە، کە لە هێلکاری خوارەوە وێنا کراوە.




**وێنەی ژمارە١: پرۆسەی ئێنتما بۆ وەهابیت لە خوزستان**

بە هەنگاوە میدیاییەکان، دیپلۆماسی، کرداری سیاسی و کولتوری و کرداری سەربازی بە هەرشێوەیەکی لواو، گۆڕینی ئایینزا و ئێتنما بۆ وەهابیەت بە ئامانجی جیاکردنەوەی خوزستان و بە ناوی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی وڵاتی الاحوازبەدواداچوونی بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی لەسەربنەمای دەستکردبوونی شوناسی ئێتنیکی و ئایینزایی جیاوازی ئێتنیکی عەرەبی خوزستان لە ژێرناویی عەرەبی وەهابی ئەهوازی لەبەرامبەر شوناسی ئێرانی ئیسلامی لە ژێرناوی شوناسی « ئەویتر“ و «ئەویترسازی» ئەم بابەتە ئاسانکاری بۆبکرێت. جوولە لەم پرۆسەدا لە چوارتوێژاڵ و بە شێوەی خوارەوە بیچم دەگرێت:

توێژاڵی یەکەم: ئێتنیك گەرا ناڕازییەکان لە دۆخی نالەباری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئارایی لە ناوچە پەراوێزنشینەکانی عەرەبی پارێزگا، لەژێرکاریگەری دەوروبەری خۆیان و کەناڵە ئاسمانییەکانی سەر بە ڕەوتی وەهابیەت « تووشی وەهم بووە» و لە ئاست لەسەرهەق بوون و باڵادەستی شیعە لەبەرامبەر سونییەکان دوودڵ بووە و لە ماوەیەکی زەمەنی شەش مانگ هەتا سێ ساڵی ڕەنگە تاکەکان دەرگیربکەن.

توێژاڵی دووەم: « ئەوانەی ئایینزایان گۆڕیوە»، بەتاکەکەسی چالاکی دەکەن و تەنها وا پێشان دەدەن کە هەندێ کات ئەم قۆناغە لە سێ هەتا یەك ساڵ ڕەنگە درێژە بکێشێت و تاکەکان لە ئاستی دووەمی هەرەمی شوناسی فرەتوێژاڵی خۆدەرخەرپشت لە شوناسی ئێرانی ئیسلامی بکەن.

توێژاڵی سێیەم: « تەکفیری .تەبلیغی «ییەکان زۆرترین ژمارە لە بەدەنەی سەرەکی ڕەوتی وەهابیەت لە پارێزگا دێنە ئەژمارو بە ئاراستەی تەبلیغی بە دووی ڕاکێشان و بانگهێشت کردنی ئەوانیتربۆ ئایینزای نوێن. لەم ئاستەدا کەسەکان زۆربەی کات لە شەش مانگ هەتا دوو ساڵ سەرقاڵی جێگیرکردنی شوناسی نوێی ئێتنیکی و ئایینزایی خۆیان دەبن.

توێژاڵی چوارەم: « تەکفیرییە جیهادییەکان» خاوەنی فیکری تەکفیری بە ئاراستەی سەلەفیەتی جیهادی بووە و بە « باوەڕبە جیهان» و « باوەڕبە کۆچ» بەیعەتیان بە داعش داوە ووەك موفتی پشتیوانی دارایی و چەك و تەقەمەنی لە گرووپە وەهابییەکان و نادرنی کەسانی تەکفیری بۆ دەرەوەی وڵات کاردەکەن. ڕاوەستان لەم ئاستە وەك دوایین قۆناغی شوناسی فرەتوێژاڵی خۆدەرخەر، ڕەنگە لە دوو هەتا چوارساڵ درێژە بکێشێت.

## دەرئەنجام

بەهەمان شێوە کە ئامارێکی ورد لە پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگا و ڕێژەی سەدی عەرەبی ئێران پێشکەش نەکراوە و لەبەر دەستدا نییە، مەزەندەکردنێکی ورد لە ئاماری شیعەکانی بە وەهابی بوو لە پارێزگای خوزستانیش لەبەردەستدا نییە. هەرچەندە کە بە سەرنجدان بە فرەچەشنی کۆمەڵگای ئاماری (لە کرێکارانی سادەوە هەتا مامۆستایانی پەروەردە، لە کەسانی کەم خوێندەوار و نەخوێندەوار هەتا خوێندەوارەکان، لە چالاکانی بواری کولتوری و کۆمەڵایەتی هەتا بازارییەکان، لە کچانەوە هەتا باوك و دایکان و هەروەها عەشایری عەرەبی خوزستان)، ئەوەی سەلماوە تێکەڵکردنی شوناسی ئایینزایی (ئێنتما بۆوەهابیەت) و شوناسی ئێتنیکی (ئێنتما بۆ جیابوونەوە) بووە هۆی گەشەکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی ئێنتمایان بۆوەهابیەت پەیدا کردووە و گەشەکردنی ڕوانگەی تەکفیری لە ناوچە عەرەب نشینەکانی پارێزگاکەدا.

زەرورەتی دروستکردنی چەمکە نوێیەکان و کەشفی پەیوەندی نێوان ئێتنیکگەرایی و جوداییخوازیی لەگەڵ وەهابیگەری لە نێو ژمارەیەك لە خەڵکی عەرەبی پارێزگا بە سەرنجدان بە تایبەت بوونی پارێزگای خوزستان و جیاواز بوونی بارودۆخی ئێتنیکی و ئایینزای زاڵ بەسەر ئەودا هەستیار دەبوو، بەڵام بە هۆی نەبوونی ئاماری ورد و ڕەسمی لە ئاستی ئێنتما بۆوەهابیەت و ژمارەی شیعە عەرەبە بە وەهابی بووەکان لە خوزستان و گرنگتر لەویش شاردنەوەی هەندێ لە ئێنتما پەیدا کردووەکان بە هۆی لۆمەکردنی کەسانی نزیکیانەوە، برادەران و یان ڕووبەڕووبونەوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی و یان لەگەڵ خێزانەکانیان و ڕەچاوکردن و بەکارهێنانی هەندێ تێبینی سیاسی و ئەمنی پاڵنەری تەواوی بە لێکۆڵەران دا بۆ ئەوەی بە چاوپێکەوتن لەگەڵ ٣٤ کەس لە کەسانێك کە ئایینزایان گۆڕیبوو و بە وەهابی ببوون و خاوەنی فیکری تەبلیغی و سەلەفی بوون و هەروەها ٦ کەس لە دەستبژێرە ئاگادار و خاوەن بۆچوونەکان بۆشایی تیۆری ئارایی چارەسەربکات و شرۆڤەی پرۆسەی بەوەهابی بوونی ژمارەیەك لە خەڵکی عەرەبی پارێزگاکە بکات کە دەست نیشان کرا پەیوەندی ئێتنیکگەرایی و وەهابیەت دوای شەڕ لە چوار ئاست ئەم کەسانەی دەرگیر کردووە.

لە ئاستی یەکەم، ئێتنیکە گەرا نارازییەکان لە دۆخی ناشیاوی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە لە ژێر کاریگەری دەوروبەریان و کەناڵە ئاسمانییەکانی سەربە ڕەوتی وەهابیەت « تووشی وەهم بوون» و لە ئاست لەسەر هەق بوون و باڵادەستی شیعە لەبەرامبەر سونی دووڵ بوون و لە ئاستی دووەم، دوای ماوەیەك چالاکی تاکەکەسی « کەسی ئایینزا گۆڕاو» و بە خۆنوێنی و ئەنجامدانی کرداری پەرستن بە شێوازی وەهابییەکان بە پشت کردن لە شوناسی ئێرانی .ئیسلامی سەرقاڵ بووە و بە ئاراستەی تەبلیغی بە دووی ڕاکێشان و بانگهێشت کردنی ئەوانیتر بۆ ئایینزای نوێ دەبن. لە ئاستی سێیەم، دەچنە قۆناعی « تەکفیری .تەبلیغی» کە زۆرترین ژمارە لە بەدەنەی سەرەکی وەهابیەت لە پارێزگا لەم ئاستەدا دەبن و لەم قوناغەدا ئەوان سەرقاڵی جێگیرکردنی شوناسی نوێی ئێتنیکی و ئایینزایی خۆیان دەبن. ژمارەیەك لەوان بە« باوەڕهێنان بە جیهاد» و « باوەڕ بە کۆچکردن» لە ژێر ناوی « تەکفیری جیهادی» خاوەنی فیکری تەکفیری بە ئاراستەی

سەلەفیەتی جیهادین و بەیعەت بە داعش دەدەن و دەچنە ئاستی چوارەمەوە. چەمکی « شوناسی فرەتوێژاڵی خۆدەرخەر" بۆشایی تیۆری ئارایی چارەسەرکردووە و تێگەیشتن لە پرۆسەی دروستکردنی شوناسی دژ لەگەڵ شوناسی ئێران و ئیسلامی لەنێو کۆمەڵگای نموونەمان ئاسان کردووە، لەبەرئەوەی کە بە ڕوونی ئاستی جیاوازیی شوناس لە نێو ئەوانەی ئێنتمایان بۆ وەهابیەت پەیدا کردوو، پێشان دەدات و دیاری دەکات کە چلۆن توخمێکی ئێتنیکگەرای ناڕازی لە دۆخی ئارایی، دەبێتە سەلەفییەکی جیهادی، بۆیە، دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەم چەمکە توانایی شرۆڤەکردنی جیاکردنەوەی خوزستان و بە دەستهێنانی بە ناوسەربەخۆیی ئەهوازلەلایەن توخمە ئێتنیکی بە وەهابی بوو لە بەستێنی نالەباری ناوخۆ و پشتیوانی ئەل سعود بۆ دروستکردنی ئەم شوناسە هەیە.

## پێشنیارە جێبەجێکارییەکان

بەسەرنجدان بەوەی کە دوایین ئامانجی ئێتنیکگەرایانی وەهابی، جیاکردنەوەی خوزستان ودروستکردنی پرسیارلە یەکپارچەیی وڵات بە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت هەنگاوی دیپلۆماسی لە ئاستی نێودەوڵەتی، هەنگاوی میدیایی، هەنگاوی کولتوری و کۆمەلایەتی و هەنگاوی سەربازییە، بۆیە بۆ تێپەڕبوون لەم بارودۆخە پێش لە هەرشتێك پەرەسەندن و دابەشکردنی هاوسەنگی دەرفەت و ئێمکانات و سامانی نەتەوەیی لە نێوان ناوچەکە دەبێت پێکەوە، بەبێ خەساردانی ئایین و بە دانەوەی قەرز بە ناوچەکانی شەڕ و پەرەنەگرتووی خوزستان بەدواداچوونی بۆبکرێت. بۆیە هاوکات دووریگرتن لە ئاراستەی ئەمنی بۆ ناوچە عەرەب نشینەکانی پارێزگا و دانە پاڵی خواستی هاووڵاتی بە خواستی ئێتنیکی، چارەسەر پێکەوەیی «بێبەشبوون» و « هەڵاواردن» کە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی « هەستی بێبەشبوون» و « هەستی هەڵاواردن»، مەرجی سەرکەوتنی سیاسەتە جێبەجێکارییەکانی حکومەت دەبێت، کە لەم حاڵەتەدا ڕاکێشانی هێزبۆ ڕەوتی جودابیخواز و وەهابیتی سەلەفی جیهادی بە دی نایت.

## یادداشتەکان

١ .عوسمان ڕایگەیاندووە: « ئەوان حەزیان بوو لە چۆنیەتی بەرگری کردنی من لە بیروباوەڕی سونی و ڕەفزکردنی شیعە و داوایان لەمن کرد بۆئەوەی لە ئیمارەت ئەوان ببینم بۆئەوەی بەکەڵك وەرگرتنی زۆرتر و باشترلە بارەی من لە پرۆگرامەکان قسە بکەن» (مصاحبە با عصمان، ١٣٩٩).

٢ .ئەبووەسام بە ئاماژە بە ئێنتمای ئێتنیکی خۆیان پێش لە ئێنتما بۆ وەهابیەت لە شیکاری هۆکاری وەهابی بوون خۆی گوتوویەتی: « بە کەوتنە ژێرکاریگەری هاوڕێنام لە لجنە الوفاق گرووپی ئێتنیکی عەرەبی چالاك لە ساڵەکانی هەشتا لە ناوچە عەرەب نشینەکانی خوزستان (بەدووی هەندێ لە مافی خەڵکی عەرەب لە حکومەت بووین» (مصاحبە با ابووسام، ١٣٩٩). ئەبو جویدێریش دەڵێت: « پێشتر خاوەنی فیکری ئێتنیکی و عەرەبی بووە بەڵام بە گۆڕینی بیروباوەڕم لە ئاست سیستەم ڕەشبین بووم و بە ئاشکرا

بانگەشەم بۆ ئەمە دەکرد» (مصاحبه با ابوجویدر، ١٤٠٠). عاشوریش گووتوویەتی: « دەبێت بە شێوەیەکی جیدی بەدواداچوون بۆ جیابوونەوەی خوزستان بکرێت. لە ساڵیانی ڕاپەڕینی میسان (نائارامی خاکەلێوەی ٨٤) دەموویست بە دەرگیری چەکدارانە دەست بگرین بەسەربنکەکەدا کە دەستگیربووین» (مصاحبه با عاشور، ١٤٠٠).

٣. زۆربەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووە بە ئاسانی لە چوونەدەرلە وڵات و نیشتەجێ بوون لە وڵاتانی عەرەبی یان ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەوروپایی قسەیان دەکرد کە حەزباوی بە ئاماژەپێدان بەم بابەتە دەڵێت: « بۆ دەرچوون لە وڵات و وەرگرتنی پەنابەری لە سوریا کارم کرد و لە یەکێك لە کەسانی چالاکی الاحوازیش داوام کرد بواربۆ مانەوەم لە ئیمارەت برەخسێنێت بۆ ئەوەی بتوانم لەوێوە بۆ دانیمارك گەشت بکەم".

٤. ڕەفتاری ناشیاو و کەڵك وەرگرتنی خراپ لە ئێمکانیاتی حکومەتی و دامەزراندنی نارێکوپێك لە پشتیوانی لە ئامانجی خێڵایەتی و گرووپی ژمارەیەك لە ئێتنیکەکان لە خوزستان بە تایبەت دزفولییەکان و هەندێ کات بەختیارییەکان و نیگای هاوڕێ لەگەڵ سووکایەتی بە عەرەبەکانی پارێزگا بووەتە هۆی توندتربوونی هەستی هەڵاواردن و بە سەرچاوەی چالاکی پرژوبڵاوی لە بەدەنەی کۆمەڵایەتی ئەم ئێتنیکە وەك پەرچەکردارێکی جەبری گۆڕاوە، لەلایەکی دیکەوە، بۆچوونی ئێتنیك تەوەرانە بەشێك لە دەستبژێرەکان و سیما بەرچاوە سیاسی، ئایینییەکان و... لە پەرەپێدان بە قەیرانی ئاراییش کاریگەرە.

٥. بە هۆی نەبوونی هەژمۆنی و ئێنتما بۆ قسەکردن بە زمانی فارسی، وەك بەریەککەوتن لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی و زمانی ڕەسمی وڵات، لە حاڵی دیسان بەرهەمهێنانەوەی ئەویترسازی شوناسی ئێتنیکی بووە و هیچ یەك لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ئامادە نەبوون بە زمانی فارسی قسە بکەن و هەموو چاوپێکەوتنەکان بۆ تێگەیشتنی پێکەوەی باشتر بە زمانی عەرەبی ئەنجام دراوە.

٦. لە نێو قسەی زۆربەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ئاماژەگەلێك بۆ «وەبەرهێنان بە مەبەستی دروستکردنی ئاژاوەی ئێتنیکی لە پارێزگای خوزستان بە تایبەت لە بواری ئابووری و نارەزایەتییەکان» و « هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی شیخەکان، کەسانی دەسترۆشتوو و گەورەپیاوانی ئێتنیکی عەرەب بۆ بەرفراوانتر کردنی بەستێنی بەرهەڵستکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی» لەلایەن عەرەبستانەوە بوونی هەبووە.

٧. ئەبو موسلم لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لەم بارەیەوە دەڵێت: « براکەم لە هولەندا توانیویەتی لەگەڵ منداڵەکانی المقاومه الشعبیه بەدواداچوون بۆ خواستی منداڵەکانی الاحوازبکات. لە ساڵی ٨٤ خوشکم و مێردەکەی بۆ سوید کۆچیان کرد. برای دیکەم هەواڵی بۆم دەنارد و ئەویش بە هولەند ڕۆشت و چووە ڕیزی کورەکانەوە» (مصاحبه با ابو مسلم، ١٣٩٩).

٨. موقماس لە کەسانێك کە لەئاست بیروباوەڕی شیعە تووشی دوودڵی بووە دەڵێت: « من پێشتر

خزمەتکاری ئەهلی بەیت (ع) بووم و تا ڕادەیەك هەموو نوێژەکانی خۆم لە مزگەوت و بە جەماعەت دەخوێند، بەڵام ئێستا ناڕۆم بۆ مزگەوت لەبەر ئەوەی ناتوانن وەڵامی گومانە باسکراوەکان لەدژی ئایینزای شیعە بدەنەوە» (مصاحبه با مقماس، ١٣٩٩).

٩. ئەبو نەبیل گوتوویەتی: « کەڵك وەرگرتن لە توانایی پیشەکان، مامۆستایان و سەندیکاکان بۆ دروستکردنی کۆبوونەوەی نارشەزایەتی بە ئێمەیان گوتبوو» (مصاحبه با ابونبیل، ١٣٩٩).

١٠.ئەبوزەید دەڵێت: « چەندین جارکارەبای شارمان بڕی، سەیارەیەکی سەربازی کە لە سەرشەقام ڕاگیرابوو تێکمان دا و بەردەمان گرتە بنکەی پۆلیس، دواییش دزیمان لە بانکەکان کرد. ویستمان بەرەو سوپا بڕۆین کە بە تەقەکردنی سوپا یەکێك لە هاوڕێیەکانمان کوژرا و چەند کەسی دیکەش بریندار بوون» (مصاحبه با ابوزید، ١٤٠٠). ئەبوعوسمانیش دەڵێت: « هاوڕێ لەگەڵ هاوڕێیان ژمارەیەك بۆمبی دەنگیمان بە ئامانجی ترساندنی هاوولاتیانی حیزب ئوڵڵاهی ئامادە کرد» (مصاحبه با ابوعثمان، ١٣٩٩). ئەبو نەبیل بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ گرووپە جوداییخوازەکانی دەرەوە ولات هەبووە و لەوبارەیەوە دەڵێت: « بۆناردنی هێزبۆ عەرەبستان بۆ فێربوونی کاروباری سەربازو پێکهێنانی سوپای عەرەبەکانی ئەهواز پلانمان هەبوو... لەو باوەڕەداین کە دەبێت دوژمن (کۆماری ئیسلامی ئێران) گەمارۆ بدەین بۆ ئەوەی ناچاری بکەین بگەڕێتەوە و دورشمەکانمان بگاتە هەرشارو گوندێك» (مصاحبه با ابونبیل، ١٣٩٩). جاسم لەوانەی کە بووە وەهابی دەڵێت: « ئەگەر ئاژاوەیەك لەلایەن عەرەبەکانەوە ئەنجام بدرێت، لە پشتیوانی لەوبە تریلی دەچمە نێو بینای قایمماقمییەوە. بەڕای من توندی دەرگیرییەکان لەبارەی کێشەکان و ئەگەری هێرشی ئێمە زیاد دەبێت و دەبێ زەربەی لێ بدەین و سەری عەحەمەکان پان بکەینەوە و ئەمە ئاواتی هەمووی ئێمەیە. لە لەنێوبردنی کامڵ و کۆتایی هێنانی بە حکومەت کات بەخەسار نادەین. ئەمڕۆ ئێمە شەڕی ئاشکرامان لەدژی دوژمنی فارس دەست پێکردووە و بڕیاری سەرکەوتن و شەهید بوونمان داوە و لەم ڕێگایە ناگەڕێنەوە و تەسلیم نابین. خوا بۆبراکانمان لە شارەکانی ئەهوازمەرگێکی بۆنیشمان ناردووە بۆئەوەی منداڵەکانمان بەڵێن بدەن کە ئەهواز ببێتە دەوڵەتزدەبێ ویستێکی شیرانەمان هەبێت و بە لهیب و تووڕەیی و ئیمان، حکومەتی بتە فارسە مەجوسییەکان بروخێنین و نیشتمانی خۆمان لە دەستی ئەوان ئازاد بکەین» (مصاحبه با جاسم، ١٣٩٩).

١١ . لەم بارەیەوە ئەبو وەلید گووتوویەتی کە « لەگەڵ چەند کەس لە منداڵەکانی گرووپ بۆ گرتنی پەیوەندی، چاوپێکەوتن لەگەڵ سوننییەکان و ئاشنا بوون لەگەڵ ئەوان بۆ پارێزگارکانی باشوور وڵات بە تایبەت بەندەرعەباس و بوشەهر گەشتمان کرد» (مصاحبه با ابوولید، ١٤٠٠). حەسون لەوکەسانی کە لە شادگان بووەتە وەهابی دەڵێت: « دوای گۆڕینی ئایینزا و بانگەشە بۆ سونی بۆ چارەسەرکردنی گومانە ئایینزاکان لەگەڵ زانایان و جەماعەتی تەبلیغی سونی لە پارێزگاکانی باشووری وڵات پەیوەندیمان گرت بۆ ئەوەی لە وانە تەبلیغییەکاندا توانیمان وەك ڕاهێنەرئامادەیی و چالاکی بەردەوامان هەبێت» (مصاحبه با حسون، ١٣٩٩).

١٢ . لەمبارەیەوە تاتورە دەڵێت: « کوڕەکەم بە دانانی جامانەی سوورو دشداشەی کورت خۆی کردبووە هاوشێوەی کەسانی سەلەفی سعودیا» (مصاحبە با تاتورە، ١٤٠٠). ئەوان لە هێماسازی خۆیان پەنایان دەبردە بەرهەموو ئامرازێك و بە دووی پێناسەی شوناسی سەربەخۆی خۆیان لە ڕێگای هێما دیارەکانەوەن. بۆنموونە، ئەبونەبیل لەوبارەیەوە دەڵێت: « لەگەڵ هاوڕێیانم دامەزراوەی کولتوری ئەلهیلالمان ڕێکخست و بە خستنەبەرباسی باسە مێژوویی وکولتورسازی بە ئامادەکردنی ڕۆژمێر، پۆستەر، لەزگە بۆئامانجەکەمان و بڵاوکردنەوەی لە پارێزگا توانایەکی باشمان هەبوو کە لە دامەزراوەیی پەیگیری ئامادەکردنی ٢٠٠٠ دشداشە بۆلەبەرکردنی قوتابیان لە ڕۆژی یەکەمی ساڵی خوێندین بووین» (مصاحبە با ابونبیل، ١٣٩٩).

١٣ . ئارماشی لەوکەسانەی کە بە وەهابی بووە بە لادەرهێنانە ئەژماری ئایینزای شیعە، دەڵێت: « ئایینی دروست هەمان ئەوشتەیە کە کەناڵەکانی وەسال و سەفا باسی دەکەن و شیعە ئایینزایەکی لادەرانەیە و ڕێگەم لەوە گرت ئەندامانی خێزانەکەم ئەرکە ئایینیەکانیان بە شێوەی شیعەکان بەجێ بێنن و لە شەوانی یەکەمی موحەرەم هاوکات لەگەڵ ڕێگە گرتن لە ڕەش پۆش بوونی دایك و خوشکم، ڕێگەم لەوە گرت بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئیمان حوسین بکەن و خۆراکی نەزی کە بۆمانیان دەنارد دەمرِشت» (مصاحبە با ارماشی، ١٤٠٠). تاتورەش بە ئاشکرا باسی کردووە: « بۆچی دەبێت ئیچمە ئایینێك بپەرستین کە دەستکرد بێت» (مصاحبە با تاتورە، ١٤٠٠).

١٤. شێخ سەعید بە ئاماژەپێدان بەم پرسە دەڵێت: «لە کۆبوونەوەی گرووپەکانی دیکەی سونی لە ناوچە جیاوازەکانی شاری ئەهوازبۆڕاکێشان وبەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی تەبلیغی ئامادە بووم» (مصاحبە با شیخ سعید، ١٤٠٠). یەکێکی دیکە لەوشیعانەی بووەتە وەهابی لە خوزستان لەوبوارەوە دەڵێ:» بە دووی ئەوەوەین بەستێن خۆش بکەین بۆ ئەوەی خاتوونەکانیش ڕاکێشین بۆ ئەوەی ئەوانیش لەگەڵ خۆمان هاوڕێ بکەین» (مصاحبە با ابن السید، ١٤٠٠).

١٥. سەعد دەڵێت: « لەگەڵ هاوڕێیانم لەوباوەڕەداین کە دەبێت حکومەتی داعش لە خوزستان بە سەنتەربوونی ئەهوازپێك بێت» (مصاحبە با سعد، ١٤٠٠). سەید جەواد لەوانەی لە خوزستان بوونەتە وەهابی دەڵێت: « دەموویست لە ئەهوازئاگرێك بکەمەوە، کە ببێتە هۆی ڕاپەڕین ولەدژی شیعەکان بانگەشە بکەین کە ئەوان موشرکن و ئەوان بە خراپ پێشان بدەین و بە ناردی فیلم بەیعەت بدەین و بۆ داعشی بنێرین و دروستکردنی ئێمارەتی ئیسلامی لە ئەهوازدەبێت شوێنکەوتووی خەلافەت بێت و شەریعەتێك کە لە سوریا و عێراقدا هەیە لە ئەهوازیش جێبەجێی بکەین بە هەمان یاسایەوە کە هەیانە» (مصاحبە با سید جواد، ١٤٠٠). شێخ عەبدولحەمیدیش دەڵێت: « دوای ماوەیەك لە هاوکاری کردنی ئەلقاعیدە لەگەڵ زەرقاوی و دوای ئەو ئەلبەغدادیش بەیعەتم دا. دوای تزیکە، بۆ ماوەی شەش مانك پەروەردەی تایبەتی سەربازیم وەرگرت و توانیم بەشداری لە چەند ئۆپراسیۆندا بکەم» (مصاحبە با عبدالحمید، ١٣٩٩).

## پەراوێز

١. خوزستان و تهديدات برساخت هويت قومی و مذهبی متغاير، فصلنامەی مطالعات ملی ؛ ي ٩٢ ، سال بيستوسوم، شمارهی ٤ ، ١٤٠١ ، زمستان، صص ١٠٩ -٨٥.

٢ . مامۆستای زانستە سیاسییەکانی، زانکۆی عەلامە تەباتەبایی، تاران، ئێران

٣. خوێندکاری دکتۆرای زانستە سیاسییەکان، زانکۆی تەباتەبایی (نووسەری بەرپرس)

## سەرچاوەکان


–استنفورد، مايكل(١٣٨٧)؛ درآمدی بر تاريخ پژوهي، ترجمه: مسعود صادقی، چاپ سوم، تهران: انتشارات دانشگاه امام صادق.

–اشرفی، ابوايفضال (١٣٧٧) ؛بي‌هويتي اجتماعي وگرايش به غرب، بررسي عوامل اجتماعي فرهنگي مؤثربر گرايش نوجوانان به الگوهای فرهنگ غربي (رپ و هوی متال) درتهران، پايان نامه كارشناسی ارشد، دانشكده علوم انسانی، دانشگاه تربيت مدرس، دانشكده علوم انسانی.

–اكوانی، سيدحمدالله (١٣٨٧)؛ «گرايش به هويت ملی و قومی درعربهای خوزستان»، فصلنامه مطالعات ملی ٩(٣٦):١٢٦-٩٩

–آرون، ريمون (١٣٧٧)؛ مراحل اساسي سيراندیشه درجامعه‌شناسي، ترجمه: باقرپرهام، انتشارات علمی وفرهنگی، چاپ چهارم.

–احمديو، حبی (١٣٨١)؛ بررسي رابطه ميزان هويت ملي وهويت قومي دربين جوانان تبريز، پايان نامه كارشناسی ارشد، تهران: دانشكده علوم انسانی دانشگاه تربيت مدرس.

–الوطن الاحوازيه، ٢٤غسطس ،٢٠١٩ مركزدراسات دورانتاش(DUSC )عدد الثالث، .١٠-٢٥

–برتون، رو ن (١٣٨٠)؛ قوم‌شناسي سياسي، ترجمه: ناصرفكوهی، تهران: نشرنی.

–حافظ نيا، محمدرضا (١٣٨٨)؛ مقدمه‌ای برروش تحقيق درعلوم انساني، تهران: سازمان مطالعه وتدوين كتب علوم انسانی دانشگاه‌ها (سمت.)

–داوری، رضا ()١٣٧٦؛ ناسيوناليسم و انقلاب، چاپ اول، تهران: دفترپژوهش و برنامه‌ريزی فرهنگی

. –دانايي فرد، حسان، الوانی، سيدمهدی، آذر، عادل (١٣٨٣)؛ روشنا سي پژوهش كيفي درمديريت، رويكردی جامع، تهران: صفار

. –دانايي‌فرد، حسن؛ امامی، سيد مجتبی (١٣٨٦)؛ استراتژی‌های پژوهش كيفی: تاملی برنظريه پردازی داده بنياد، انديشه مديريت،.١(٢)، ٩٧-٦٩.

–زرجينی، رسول (١٣٩٤)؛ تفهم ازديدگاه ديلتای ووبر، اولين كنفرانس بين المللي علوم اجتماعي وجامعه شناسي، آباده.

–سالنامه آماری كشور، سرشماری عمومي نفوس و مسكن (١٣٩٦)؛ تهران: مركزآمارايران.

–سيادت، موسی (١٣٧٤)؛ تاريخ و جغرافيای عرب خوزستان، تهران: نشرآنزان.

-شرفی، محبوبه (۱۳۹۰)؛ «نگرشی بر مکتب تفهمی و کاربرد آن در تحقیقات تاریخی»، مجله پژوهش‌های تاريخي ايران و اسلام، ۹. (۲)، ٣٦-١٢.

صادق، سیدشمس الدین (۱۳۹۳)؛ انقلاب اسلامی و هویت سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه مطالعات انقلاب اسلامي، ١٣(٤): ١٣١-١١٠.

-صدیق اورعی غلامرضا، طلوع برکاتی محمدصادق (۱۳۹۲)؛ بررسی و نقد کتاب اخلاق پروتستان و روح سرمایه داری، پژوهشنامه انتقادی متون وبرنامه های علوم انساني، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی ١٣(٤): ١٣١-١١٠.

-غفاریان، وفا، علی احمدی، علیرضا (۱۳۸۱)؛ «بررسی علل شکست برنامه ریزی های استراتژی و ارائه دو یافته جدید»، فصلنامه مدرس، ٦.(٣).

-فرتوک زاده، حمیدرضا و جواد وزیری (۱۳۸۸)؛ «شایستگی دستیابی به سامانه‌های دفاعی، یک نظریه داده بنیان»، فصلنامه سیاست علم و فناوری، ٢.(٢).

-فروند، ژولین (۱۳٦۸)؛ جامعه‌شناسي ماكس وبر، ترجمه عبدالحسين نيک گهر، چاپ دوم، نشر ایران

. -گل محمدی، احمد (۱۳۸۱)؛ جهاني شدن فرهنگ هويت، تهران: نشر نی.

-گودرزی، حسین (١٣٨٥)؛ مفاهيم بنيادين درمطالعات قومي، تهران: انتشارات تمدن ایرانی

. -محمدپور، احمد (۱۳۹۰)؛ روش تحقیق کیفي، ضدروش، منطق و طرح در روش شناسي کيفي، تهران: انتشارات جامعه شناسان

. -وبر، ماکس (١٣٩٥)؛ مفاهيم اساسي جامعه‌شناسي، ترجمه صدارتی، احمد، نشر مرکز.

-هاشمی‌نژاد، سیدمحمدجواد و همکاران (۱۳۹۱)؛ «پان عربسیم و تجزیه‌طلبی»، راهنما: ماهنامه مطالعات بين المللي تروريسم، ٢ (٨): ٣٧-٢١.

-هیوز استوارت (١٣٩٧)؛ آگاهي و جامعه، مترجم عزت الله فو دوند، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.

– Creswell, J. W. (2005); Educational Research: Planning, Conducting, and Evalu ting Quantitative and Qualitative Research (2nd edition).

– Furrow, J.L., King, P.E. & White, K. (2004); "Religion and Positive Youth Development: Identity, Meaning, and Prosocial Concerns", Applied Developmental Science, No. 8.

– Fredrick Copleston; A History of Philosophy; N. Y.: Anchor: 1978, vol. 7, pp. II, 140-147.

– Glaser, Barney G., & Strauss, Anselm L.(1967); The Discovery of Grounded Theory: The Strategies for Qualitative Research.

– Lee, J (2001); A Grounded Theory: Integration and Internalization in ERP Adoption and Use,Unpublished Doctoral Dissertation, University of Nebreska, In Proquest UMI Database.

– Strauss, Anselm L., & Corbin, Juliet (2008); Basics of Qualitative Research: Techniques and aProcedures for Developing Grounded Theory, 2nd Ed., Sage.

– Seul, J.R. (2010); "Religion, Identity and Integration Conflict", Psychological Issues, Vol. 36,No. 5.

– Miles, M. and Huberman,A. (2002); Qualitative data analysis: a sourcebook ofnew methods, Sage London; Beverly Hills.

## مصاحبه‌ها

–مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/٨/ ٢٣) ؛ مصاحبه با سیدمحسن شفیعی
. –مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٤/١١)؛ مصاحبه با ایوب مجدمی.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠ /١١/١٧)؛ مصاحبه با سید امیر موسوی.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠ /٢/ ٢)؛ مصاحبه با علی دبیری
. –مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٤/١١(؛ مصاحبه با علیرضا محرابی.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٩/٢٣)؛ مصاحبه با علی داوودی
. –مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/١/٥)؛ مصاحبه با ابووسام.
–مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/٢/٧)؛ مصاحبه با ابومسلم. –
مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/٣/١٠)؛ مصاحبه با ابونبیل.
–مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/٤/١٤)؛ مصاحبه با ابوعثمان
–مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/٥/١٧)؛ مصاحبه با مقماس.
–مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/٦/١٠)؛ مصاحبه با حسون
–مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/٦/١٦)؛ مصاحبه با جاسم.
–مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/٧/٥)؛ مصاحبه با شیخ عبدالحمید.
–مهی زاده، غلامرضا (١٣٩٩/٧/٢٣)؛ مصاحبه با نادر.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/١/١١)؛ مصاحبه با ابوجویدر.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/١/٢٣)؛ مصاحبه با ابوزید.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/١/٣١)؛ مصاحبه با ابوولید. –
مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٢/١٣)؛ مصاحبه با باقر.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٢/١٦)؛ مصاحبه با تاتوره. –
مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٢/٣٠)؛ مصاحبه با رسول عاشور.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٣/١)؛ مصاحبه با حزباوی.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٤/٨)؛ مصاحبه با ابن السید.
–مصاحبه مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٤/١٥)؛ مصاحبه با سیدجواد
. –مصاحبه مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٥/٢٩)؛ مصاحبه با عثمان.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٥/٣١)؛ مصاحبه با سعد. –
مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٦/٣)؛ مصاحبه با شیخ سعید.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٦/١٣)؛ مصاحبه با ارماشی
. –مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٧/١)؛ مصاحبه با عبدالحکیم.
–مهی زاده، غلامرضا (١٤٠٠/٧/١٧)؛ مصاحبه با ناجی

# گوتاری میدیایی ئێران:

## دروستکردنی کاریگەری و هەژموون لە جیهانی عەرەبیدا[١]

بوشوار یاسین

■ وەرگێڕانی: بارام سوبحی



## بەرایی

ئەم توێژنەوەیە هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە لە کێشەیەکی ناوەندی بکات، دەیەوێت لە ئامادەگی شێوەکانی گوتاری سیاسی و ئایدۆلۆژی ئێران لەڕێگای ئامرازە میدیاییە جۆراجۆرەکانەوە تێبگات، ئەوانەی لە تارانەوە یان لەڕێگەی بریکارەکانییەوە لە ناوچەکەدا پەخش دەکرێن، هەروەها پێوانەی ڕادەی هەژموون و کاریگەرییەکەی لەسەرڕای گشتی عەرەبی بکات. توێژینەوەکە لە گریمانەیەکی بنەڕەتیەوە دەستپێدەکات کە میدیا دەکاتە دیارترین ئامرازی ستراتیژی کە ئێران لە جێبەجێکردنی پرۆژە سیاسی و تائیفەکەیدا پشتی پێدەبەستێت. ئامرازگەلێك کە دەتوانرێت لە بیرۆکەیەکی پڕوپاگەندەییدا پوخت بکرێتەوە کە بریتیە لە: «هەناردەکردنی شۆڕش و ڕاگرتنی هێزە باڵادەستەکان و هاوپەیمانەکانیان»، لەگەڵ هەوڵی دەستوەردان لە ناوچەکە و کۆنترۆڵکردنی کاریگەریی هێزە چالاکەکانی ناوچەکە لەڕووی سیاسی و ئایینییەوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە بەبێ تێگەیشتن لە شێوازی کارکردنی باڵی پڕوپاگەندەی میدیایی خۆی بەهەموو نەخش و ستراتیژ و سەرچاوەکانیانەوە، تێگەیشتن لە دینامیکیەتی بوونی ئێران لەناوچەکەدا بە هەموو قورسایی و هەژموون و فرەچەشنی سیاسی، سەربازی، عەقیدەیی و کلتورییەوە، کارێکی زەحمەت دەبێت.

ئێران لەڕووی مێژوو، شێوازی کارکردن، قەبارەو ئەنجامەکانیەوە، مۆدێلێکی ناوازەی پڕوپاگەندەی میدیایی پێشکەشکردووە. ئەوەش لە زۆربەی ڕووداوە گەورەکانی ناوچەکەدا دەبینرێت، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕووداوەکانی شۆڕشەوە، تا شەڕی یەکەم و دووەمی کەنداو و شەڕی لوبنان لە ساڵی (٢٠٠٠) و (٢٠٠٦) تا دەگات بەو قۆناغەی کە بە «بەهاری عەرەبی» دەناسرێت، ئێران لەو ڕێگەیەوە هەوڵیداوە کار لە ڕای گشتی بکات و هەژموونی خۆی قووڵتر بکاتەوە، لەبەرامبەردا ئامادەگی هێزە کاریگەرەکان لە ناوچەکە لاواز بکات و ڕکابەرە هەرێمییەکانی لە قاڵب بدات، هەموو ئەمانەش بەشێکن لەو سیاسەتی بەرەنگارییەی «موقاوەمە» کە ئێران وەك ستراتیژێکی نەرم بۆ دروستکردنی کاریگەری دەیگرێتەبەر.

لە ڕوانگەی ئەم پێشەکییەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە وەڵامدانەوەی دوو پرسیاری سەرەکییە: بنەماو ڕوانگەکانی پڕوپاگەندەی سیاسی و تائیفی ئێران لە ناوچەی عەرەبیدا چین؟ تا چ ڕادەیەك لێکۆڵینەوە لە گوتاری میدیایی ئێران وامانلێدەکات لە عەقڵیەتی فراوانخوازی ئێران تێبگەین؟

## یەکەم: پڕوپاگەندەی ئێرانی.. هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمەکانی دروستکردنی کاریگەری

لەڕاستیدا باسکردن لە پڕوپاگەندەی ئێرانی، لە ناسنامەو مێژووی ئێران لەدوای شۆڕشی (١٩٧٩) جیاناکرێتەوە، کە دەتوانرێت بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە:

### ١. شۆڕشێك بۆ هەموو موسڵمانان دەستپێکرد:

لە سەرەتای ڕووداوەکانی شۆڕشی ئێرانەوە، تاوەکو پێش گەیشتنە دەسەڵاتو دامەرزاندنی کۆماری نوێ، تۆڕی شۆڕش بە ئامانجی بەدەستهێنانی کاریگەری و ئاراستەکردنی ڕای گشتی ناوخۆیی و دەرەکی بەرەو ئامانجە چاوەڕوانکراوەکانی، مۆدێلێکی پڕوپاگەندەیی تۆکمەی دامەزراند کە کۆمەڵێکی بەرفراوانی گۆڕاو لەخۆدەگرێت. شۆڕش توانی ئامانجەکانی خۆی بەدیبهێنێت، بەو پێیەی مۆدێلی پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕانەی لەسەر دوو ئاراستەی سەرەکی دارشت: یەکەمیان بریتی بوو لە پەیڕەوکردنی «تیۆری تیۆکراسی» کە خۆی لە زیندووکردنەوەی ویلایەتی فەقیهدا دەبینیەوە، کە لە چوارچێوەی پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گریمانەکراودا دەهات کە دەسەڵاتی پاشایەتی لەدوای خۆی بەجێیدەهێشت. دووەم: بەرهەمهێنانی گوتارێکی شۆڕشگێڕانەی پۆپۆلیستی بوو لەسەربنەمای بیرۆکەی بە شەیتانکردنی ئەوانیترو بێتاوانکردنی شۆڕشگێڕان، پاشان دروستکردنی میحوەرێکی بەرخۆدان کە نوێنەرایەتی «میحوەری چاکە« دەکات لە بەرامبەر میحوەری تەسلیمبوون کە «میحوەری خراپە« بەرجەستە دەکات.

دەستبەجێ لەگەڵ ڕووخاندنی ڕژێمی شادا، خومەینی درێغی نەکرد لە بەکارهێنانی هەموو ئەو ئامرازانەی لەبەردەستیدان، بەمەبەستی چەسپاندنی بنکەی دەسەڵاتەکەی و بەدەستهێنانی شەرعیەت لەناوخۆ و بەدەستهێنانی پشتیوانی زیاتر لە دەرەوەی وڵات، لە چاوەڕوانی دەرفەتێکدا بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ هەموو کونجێکی جیهانی ئیسلامی، بە بەکارهێنانی دروشمە پۆپۆلیستیەکانی وەکو «مەرگ بۆ ئەمریکا، مەرگ بۆ ئیسرائیل»، «خودا تەنهایە.. خومەینی سەرکردەیە«، هەروەها دروشمی دیکەش بە ئامانجی کاریگەری دانان لەسەرڕای گشتی ئیسلامی و کردنی شۆڕشی ئێران بە شۆڕشێك بۆ هەموو موسڵمانان، دژ بە هەژموونی ئەمریکاو دژی ئەو ڕژێمانەی ملکەچی ڕۆژئاوان.

ئەوپڕوپاگەندەیەی کە گوایە شۆڕشی خومەینی شۆڕشێکی ئیسلامییە، خۆی لەخۆیدا پڕوپاگەندەیەکی تەواو بوو، هەروەك چۆن شۆڕشی موسڵمانانە، نەوەکو تەنیا شۆڕشی ئێرانییە «پارێزگارەکان»١. ئامانجی ئەم گوتارە بە قۆستنەوەی هەلومەرجی سیاسی ئەودەمەی وڵاتانی عەرەبی، دروستکردنی بناغەیەکی پڕوپاگەندەیی بوو کە لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە لەگەڵ تەواوی بزاڤە ئیسلامییە سوونییەکاندا هاوئاوازبێت، بەتایبەتی ئەو بزووتنەوە ئیسلامیانەی کە شۆڕشی ئێرانیان بە دەرفەتێك دەبینی بۆبەدیهێنانی پێشبینیی "ئیسلام چارەسەرە"و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی دەستەخوشکە ئێرانییەکەی، کە بووە هۆی ئەوەی زۆرێك لە پێشەنگ و سەرکردەکانی بزووتنەوە ئیسلامییە سوونەکان شۆڕشەکە پیرۆزبکەن

و تا ڕادەی سەرسامبوون و دۆستایەتی هاوسۆزی لەگەڵیدا دەربڕن، لە نموونەی عەبدولسەلام یاسین دامەزرێنەری کۆمەڵەی «دادپەروەری و چاکەخوازی»ی مەغریبی، کە ڕاستەوخۆ لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە گۆڤاری «الجماعە»ی دەرکرد و بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی ژمارەی یەکەمی تەرخانکردبوو بۆ ناساندنی کتێبەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی بەناونیشانی «حکومەتی ئیسلامی»٢، هەر لە ژمارە یەکدا عەبدولسەلام یاسین ڕەخنەیەکی توندی لە زانایانی سوننە گرتبوو بە «خەوتووەکان» ناوی بردبوون٣.

هەرچی هەڵوێستی دەستەبژێری فەرمی ئایینی بوو لە مەغریب، پشتیوانیکردن بوو لە سیماکانی شۆڕش. لە مانگی شوباتی (١٩٧٩)دا ڕابەڵەی زانایانی مەغریب نامەیەکیان بە واژوی ئەمینداری گشتی عەبدوڵڵا کەنون بۆ خومەینی نارد، تیایدا سڵاویان ناردبوو بۆ «سەرکەوتنی بزاڤی ئیسلامیی لە ئێران» وەکو ناوزەدیان کردبوو، لە نامەکەدا دەڵێن «هەر ئەم بزوتنەوە پڕ بەرەکەتەیە کە ئێوە بە داناییو بەرچاوڕوونی لە چوارچێوەی بووژانەوەی ئیسلامییدا سەرکردایەتی دەکەن، ئازادبوونە لە هەژموونی بیانی کە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بەسەر سیاسەتکارانو گەلانی عەرەبی و ئیسلامیدا سەپاندویانە«، بەڵام دواتر لەو هەڵوێستی پشتیوانییە پاشگەزبوونەوە، بەڕادەیەك لە مانگی ئابی (١٩٨٠)دا فەتوای کافربوونی خومەینیان دەرکرد٤.

هەمان شت بەسەر «بزاڤی ئاڕاستەی ئیسلامی: بزوتنەوەی نەهزەی ئێستادا» بە سەرۆکایەتی ڕاشد غەنوشی هات، کە ژمارە سێی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری «مەعریفە« (یەکەم ڕوانگەی میدیایی بزاڤی ئیسلامی تونسی) بۆ شۆڕشی ئێران تەرخانکرد. لەسەربەرگەکەی وێنەیەکی خومەینی هەبوو کە دەستی بەرز کردۆتەوە و نزا دەکات، لەگەڵ وێنەکەشدا بە مانشێتێکی گەورە بە ڕەنگی سوور نووسرابوو «ئیسلام سەرکەوتنی بەدەستهێنا»٥. لە ژمارە هەشتی هەمان ساڵدا لەسەربەرگەکەی ئەم ناونیشانە هاتبوو «پێشبینییەکان هاتنەدی: پێغەمبەر، ئێران بۆ سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێت». دەکرێت هەمان شت لەبارەی «بزوتنەوەی برایانی موسڵمان: الاخوان المسلمین» لە میسر بڵێین، کە لەڕێگەی گۆڤارە بەناوبانگەکەیانەوە «الدعوە« پێشوازییان لە سەرکەوتنی شۆڕشەکە کرد، هاوزەمان لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا، هەندێك لە ژمارەکانی تەرخانکردبوو بۆ دەربڕینی خۆشی بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە، وەکو بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی خومەینی لەسەربەرگی گۆڤارەکە لەگەڵ مانشێتی «خومەینی لەنێوان هیوای موسڵمانانو پلانگێڕی خاچپەرستانو شیوعییەکاندا».

لە ڕوانگەی ئەو هەڵوێستانەوە، ئاستی ئەو کاریگەرییە دەردەکەوێت کە شۆڕشی ئێران بەسەر عەقڵیەتی شۆڕشگێڕی و سیاسی ئایینی سوونەدا هێناویەتی. شۆڕشی ئێرانی هەستێکی گشتی نموونەیی سەبارەت بە ڕزگاری بەناوی ئایینەوە بەرهەمهێنا، هەروەها لە سەرهەڵدانەوەی کەسایەتی ئیسلامیو بووژانەوەی خەلافەت دوای ڕوخاندنی خەلافەتی عوسمانی، بۆیە جۆش و خرۆشی کاراکتەرو دەستەبژێری ئایینی سوونەی ورووژاند، بەبێ گوێدانە جیاوازییە سۆسیۆلۆجیو مێژوویی و ئایینییەکانی نێوان ئەو دوو مەزهەبە.

ئەوەی لەم ئاماژەیەدا جێگەی سەرنجمانە، ئەو هەڵوێستانە نییە کە دەربڕدراون، بەڵکو مەبەستمان کاریگەری دەزگای پڕوپاگەندەی ئێرانە، کە شۆڕشەکەی کردووە بە "ئیسلامی"، واتە یەکخستنی هەستەکان و کۆکردنەوەی ڕای گشتی ئیسلامی لەسەریەك وتە، هەروەکو بینیمان بە ڕاشکاوی لەلایەن نوخبە ئایینییە سوننەکانەوە دەربڕدرا، هاوتەریب لەگەڵ بانگەوازەکانی ڕزگاربوون لە کۆت و بەندەکانی هەژموونی ڕۆژئاواو ستەمی دەسەڵاتداران و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی.

لەو سەردەمەدا پڕوپاگەندەی ئێران لە ڕاکێشانی بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا سەرکەوتوو بوو، بەڵام ئامرازو دەزگایەکی پڕوپاگەندەیی بوو بۆ کرانەوەی جیهانی هاوچەرخی سوننە بەرووی ئەزموونی عەقیدەی شیعەدا، کە لەڕاستیدا لە بڵاوبوونەوە و بووژانەوەی مەزهەبی شیعەدا هەنگاوێکی سەرەکی بوو. لە ڕوانگەیەکی تائیفی سیاسی بەجۆش و خرۆشەوە کە ملکەچبوون و سەرشۆڕی ڕەتدەکاتەوە و هاندەرە بەرەو دژایەتی و بەرخۆدان، بازاڕسازی کرد بۆ ئەو ساتەوەختە سیاسییەی کە کۆماری نوێ پێیدا تێدەپەڕی و دەرگای زیندووکردنەوەی کردەی گۆڕینی ئایینی بەرەو مەزهەبی شیعە کردەوە.

هێزێکی دیکەی بزوێنەربۆپڕوپاگەندە، وەبەرهێنانی هەموو هێزە نەرمەکان بوو کە لەبەردەستیدا بوون بۆبەهێزکردنی بوونی خۆی لە ناوچەکەدا، هەروەها هەناردەکردنی مۆدێلی شۆڕشگێڕانەی خۆی بۆوڵاتانی ئیسلامی، جگە لە بەگەڕخستنی دەستەبژێرە ئایینییە سوننەکان و دامەزراوە میدیاییەکانیان وەکو ناوەندێك بۆگواستنەوەی هاوسۆزی و برەودان بە ڕۆحی شۆڕش لە جیهانی ئیسلامیدا.

لەم پرۆسەی پڕوپاگەندەیەدا، بیرۆکەی وەبەرهێنان لە هێما و یادەوەرییە ئایینییەکاندا، دەروازەیەکی هاوبەش بوو، چونکە خومەینی درێغی نەدەکرد خۆی وەك یەکێك لە ئەهلی بەیت پیشانبدات، واتە لە بنەماڵەی پێغەمبەر محەمەد (د.خ)، بەمەبەستی بەدەستهێنانی هاوسۆزی زیاتر لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عەرەبی و ئیسلامی بە گشتی، لەو ڕێگەیەشەوە بەهێزکردنی شەرعیەتی ئایینی خۆی وەك ڕێبەری ڕۆحی باڵا بۆکۆمارە نوێیەکەی.

هەروەها ئێرانیش لە هیچ هەوڵێك بۆ دەربڕینی خۆی وەك وڵاتێکی ستەملێکراوی ئیسلامی نەپرینگایەوە، لە ساتی دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ، گوتاری قوربانی بوون وەك یەکێك لە پایەکانی گوتاری ئایینی و سیاسی ئێران ماوەتەوە. بۆزیاتر بەهێزکردنی پێگەی خۆی و بەدەستهێنانی هاوسۆزی زیاتر، دۆزی فەڵەستین بووەتە چەقی ئەم پرۆسەی پڕوپاگەندەیە، ئیدی لەڕێگای دوژمنایەتی ئیسرائیل و ئەمریکاوە بێت وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، یان لە ڕێگای بریکارەکانیەوە بێت لە ناوچەکەدا وەکو «حیزبوڵڵا»، کە بەلای ئێرانەوە بووەتە بازرگانییەکی قازانج بەخش، پاش ئەوەی لە قۆناغی پێشوودا ئایکۆنێکی بەرخۆدانی ئیسلامی بوو، بەتایبەتی دوای زنجیرەیەك سەرکەوتنی مەیدانی و میدیایی کە لە دژی ئیسرائیل بەدەستهێنا، بە تایبەتی لە ساڵانی (٢٠٠٠) و(٢٠٠٦)دا.

## ٢. دروستکردنی ئایکۆن: مۆدێلی پۆستەری سیاسی

دۆخەکە لەئاستێکدایە کە کەسانی بیرکەرەوە لە ساتەوەختی لە دایکبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەبێ هەوڵێکی زۆر تێبینی ئەوە دەکات کە دامەزراندنی دەوڵەتەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کاریگەریی دەزگای پڕوپاگەندەیی دەگەڕێتەوە، چونکە لە دروستکردنی وێنەی کۆماری نوێدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو، ئەوەش بەڕوونی لە شیکردنەوەی میدیا و پۆستەرەکانی دیواردا دەردەکەوێت کە دیدگای شۆڕشیان ئاشکرا کردووەو بە وردبینییەکی زۆرەوە داڕێژراون، تاوەکو کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی ناوخۆیی و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە دەرەوە و بەدەستهێنانی پشتیوانی و داکۆکیی زیاتر هەبێت.

بەم مانایە، بەبێ ڕامان لە پۆستەری سیاسی وەك بەڵگەنامەیەکی میدیایی مێژوویی کە پرۆسەی دروستکردنی کاریگەریی پڕوپاگەندەیی پوخت دەکاتەوە، سەرنجدان لە گوتاری پڕوپاگەندەیی لە سەردەمی شۆڕش و تێگەیشتن لێی بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، چونکە کاریگەرییەکانی تائێستا لە کارە پڕوپاگەندەییە هاوچەرخەکانی ئێراندا بەردەوامە، وەکو دواتر دەبینین.

کاتێك هەژموون دەگاتە بەرزترین ئاستی خۆی، لە باشترین حاڵەتدا کۆمەڵگە بۆ دەربڕینی هیواو خواستەکانی، خەریکی بەرهەمهێنانی گوزارشتی نوێ دەبێت. گوزارشتە هونەرییەکانیش بە یەکێك لەو ئامرازانە دادەنرێن کە کۆمەڵگە گوزارشتی لەخۆی پێدەکات، چونکە هونەر سەرقاڵی بنیاتنانی هێما و دژە ئەفسانە نوێیەکان دەبێت، بەم شێوەیە مانای نوێ بەرهەم دەهێنێت. ئەو پۆستەرە سیاسیانەی کە لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا، لەلایەن هونەرمەندانو داهێنەرانو ئەوانەی پابەندبوون بە ڕۆحی شۆڕشەکەوە بەرهەم دەهێنرا و بڵاودەکرایەوە، بەڕوونی ئەو بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتیانەی پێناسە کردۆتەوە کە دەبێت بڕوایان پێ بهێنرێت٦. پۆستەرەکان لەمێژە وەك ئامرازێکی کاریگەر بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئایدیۆلۆژی جیاواز بە شێوەیەکی بەرفراوان لە قۆناغەکانی شۆڕش و شەڕدا بەکاردەهێنرێن، پەیامەکان نیگەرانییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکان لەخۆدەگرن، زۆرجار لە ڕێگەی دەق و وێنەوە دەردەبڕدرێن. ئەم پۆستەر و گرافیکانە دەریدەخەن کە چۆن ئەم تەکنیکە وەك میکانیزمێکی کاریگەر بۆ کۆکردنەوە و پەیوەندیکردن لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا کاریکردووە٧. بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی پۆستەر، نەخشێکی پڕوپاگەندەییە کە بەوردی بیری لێکراوەتەوە، بەو پێیەی «خومەینی پاڵەوان» هەموو جۆرەکانی پەیوەندیکردنی داگیرکرد، چونکە لە فەزای گشتیدا لەڕێگەی پۆستەرو دیواربەندەکانەوە بەچڕی بڵاودەکرایەوە٨. پۆستەرە سیاسییەکان لە کاتی شۆڕشی ئێراندا بەرهەم دەهێنران و بڵاودەکرانەوە ڕێزپەڕ نەبوون، بەڵکو لەو کاتەدا تایبەتمەندییەکی ئەو سەردەمە بوون.

پڕوپاگەندەی ئێرانی هەوڵیداوە لەڕێگەی بەرهەمهێنانی تۆڕێکی کارلێککاریی بەرفراوانی کە لە «ئێمەو ئەوان (نەیارەکان)» پێکهاتووە، وێنایەکی دەروونی هەمەلایەنە بۆ چەمکەکانی چاکە و خراپە دروست بکات،

کە بە تەواوی سەرنجی لەسەر بە شەیتانکردنی نەیاران بووە، لەوانەش: محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی، ئەمریکا و ئیسرائیل، سەدام حسێن سەرۆکی پێشووتری عێراق، کەسانی دیکەش. لەلایەکی دیکەوە ئەم پڕوپاگەندەیە کاریکردووە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی ئایکۆنی بۆ «خومەینی» ڕابەری شۆڕشەکە، کە لە هەموو کاتەکاندا لە وێنەی «سوپەرمانێك»دا دەردەکەوێت.

خۆدیارە کە پڕوپاگەندەی ئێران گوزارشت لە ئاراستە سیاسیە گشتییەکانی ئەم شۆڕشە دەکات، بۆیە ئامانجی پشت ئەم تۆڕە کارلێککارە، نمایشکردنی ڕاستەوخۆی نەیارانی ئێران بوو بە شێوەیەك کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بتوانن لێی تێبگەن. بەکورتی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە داڕشتنی بیروڕای گشتی بە شێوەیەك کە گرەنتی دڵسۆزی جەماوەر بۆ بەهاکانی کۆماری نوێ بکات، هەروەها گرەنتی پشتیوانی بۆ بڕیار و هەڵبژاردنە سیاسی و ئایینییەکانی بکات.

بەکارهێنانی وێنەی ڕیتۆریکی لە شێوەی پۆستەری سیاسیدا لە داڕشتنی عەقڵیەتەکان و کۆکردنەوەی پشتیوانی زیاتردا، دەرئەنجامی گەورەی هەبوو، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا. جەختکردنەوەی پڕوپاگەندە لەسەر یەك کەسایەتی، تەنها لەگەڵ ئەو دۆخە دەروونییە گرژەدا دەگونجا کە کۆمەڵگەی ئێرانی پێ دەناسرێتەوە، چونکە ئامادەبوون لەپشتی کەسایەتییەك کە توانای سەرکردایەتیکردنی یاخیبوونی لە دژی سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبوو، کۆببنەوە و پشتیوانی بکەن، بە هیوای دەرچوون لەو حاڵەتە بێچالاکی و شکستەی تیایدا دەژیان. بەم شێوەیە ئەو وێنە ئایکۆنییەی کە بەهۆی بەسەنتەرکردنی خومەینی دروستکرابوو، لەگەڵ بەستێنی گشتی و سروشتی کۆمەڵگەی ئێراندا دەگونجا، کە لە مێژە چاوەڕێی بەدیهێنانی هیوا دواخراوەکانی دەکات.

لەڕاستیدا ئەم پۆستەرانە تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی لاوەکیی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکە نەبوون، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگیان لە خەبات بۆ دەربڕین و داڕشتنی ئایدۆلۆژیا و بیرۆکەی دەستەجەمعیدا هەبوو٩. بەکارهێنانی پۆستەر و دیواربەندە سیاسییەکان، ئامرازەکانی میدیا و پەیوەندییکردن لە کاتی قۆناغی یەکەمی شۆڕشەکەدا بەردەست بوون، بەڕێکەوت نەبوو، بەڵکو بەکارهێنانێك بوو کە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا دەگونجا، چونکە نەخوێندەواری و هەژاری باڵی بەسەردا کێشابوو. ئەو شێوازی پڕوپاگەندەیە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گەیاندنی هەستی شۆڕشگێڕانە بە کۆمەڵگەی ئێرانی و لەوێشەوە بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی، چونکە کۆمەڵگەکە لەسایەی نەبوونی سەرچاوەی بەدیلی زانیاری و پرۆسەی لە قاڵبدان و یەك ڕەنگ کردندا، لە چوارچێوەی «یەك میدیا و تاکە ڕاستی»دا، نەخوێندەواری و کەمی هۆشیاری سیاسی باڵی بەسەردا کێشابوو.

لە بەرامبەر ئەم بارودۆخانەدا، ئەرکی دەزگای پڕوپاگەندە، یەکخستنی هەستی شۆڕشگێڕانە و گەیاندنی بوو بە جەماوەر بە وردبینییەکی زۆرەوە، بەبێ ئەوەی هیچ گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەدەر بکات، هەروەها بۆ بە شیعەکردنی ڕۆحی شۆڕش بوو لەنێو خەڵکیدا، بەبێ گوێدانە پێگەی کۆمەڵایەتی و مەعریفیان. بۆیە

لەو سەردەمەدا پۆستەری سیاسی لە یەکخستنی هەستەکان و گەیاندنی بە خوێندەوار و نەخوێندەواران، بەبێ هیچ جیاوازییەك لەنێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا ئامرازێکی کاریگەربوو. شۆڕش بۆ بەرەوپێشبردنی بیرۆکە نوێیەکانی هەرلە ویلایەتی فەقیهەوە تا هەناردەکردنی شۆڕش، لە بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی بەردەستی، وەکو: بڵاوکراوە، پۆستەر، گۆڤاری ڕۆشنبیری و هەموو میدیاکان، درێغی نەکرد.

دوای سەرکەوتنی پڕوپاگەندەی ئێرانی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتدا، پاشان ئێران هەوڵی هەناردەکردنی شۆڕشی دا بۆ تەواوی وڵاتانی ئیسلامیی، بە پاساوی ئەوەی هەروەکو خومەینی بانگەشەی بۆ دەکرد، دامەرزاندنی حکومەتی ئیسلامیی لە ئێران تەنها هەنگاوی یەکەمە بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی جیهانی ١٠. ئەم دیدە فراوانخوازییە بووە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ ورکابەری ودووبەرەکی گەورە لەنێوان وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدان، کە جەنگی یەکەمی کەنداو (شەڕی ئێران و عێراق) یەکێك لە ئەنجامەکانی بوو١١. ئەم دیدە فراوانخوازییە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کەناڵە ئاسمانییە سنووربەزێنەکاندا لەناوەندی سەدەی بیست ویەکدا بەشێوەیەکی چڕدەرکەوت، کە ئێران وەکو ئامرازێك بۆبەدیهێنانی ئامانجی فراوانخوازی خۆی و درێژکردنەوەی هەژموونی ئایدۆلۆژی خۆی لە ناوچەکەدا بەکاریدەهێنا. ئەم کەناڵانە بۆ بردنەوەی گرەوی کاریگەری و دروستکردنی هۆشیاری ئایینی و سیاسی بەکۆمەڵ، شاهێدی کێبڕکێیەکی توندی نێوان وڵاتانی جۆربەجۆر وبلۆکی ناوچەیی وڕێکخراوەکانن، ئەمەش وایکردووە ئەم کەناڵانە ببنە گۆڕەپانێکی نوێ بۆ شەڕە نەرمەکان، کە ئامانجەکانیان بەپێی چوارچێوە و بەرژەوەندییەکان دەگۆڕێت.

کۆماری ئیسلامیی هەوڵی سنووردارکردنی کاریگەری بەرهەمی میدیایی دەرەکی داوە، بۆیە تەلەفزیۆنی حکومەت لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکاندا دەستیکرد بە پەخشکردنی پرۆگرامی ئیسلامیی کە ئامانجی سەرەکی بەهێزکردنی شەرعیەتی ئایینی سەرکردایەتی ئێران بوو، تا ئەوڕادەیەی بینەرانی ناڕازی ناوخۆ بەهۆی دووبارەبوونەوەی ناوەڕۆکەکەیەوە ناویان نابوو «مەلافزیۆن». کاتێك لە ساڵی (١٩٩٣) خزمەتگوزاری مانگی دەستکرد هاتە ئاراوە، لەسەرەتادا پرۆگرامە بیانییەکان لەلای بینەرانی ئێرانی زۆر جێی بایەخ بوون. لە وەڵامی ئەوەداو بۆ پاراستنیان لە «گەندەڵی ڕەوشتی» چاوەڕوانکراوی پەخشی کەناڵە بیانییەکان، حکومەتی ئێرانی لە ساڵی (١٩٩٥)دا سەتەلایتی قەدەغەکرد (ئەم یاسایە تائێستاش کاری پێدەکرێت)، بەڵام ئێرانییەکان بۆ خۆدزینەوە لەو قەدەغەکردنە، بەخێرایی ستراتیژی نوێیان داهێنا ١٢.

لە سایەی ئەو کێبڕکێیەدا، دەسەڵاتدارانی ئێران کاردەکەن بۆ پەرەپێدانی میدیا وکردنی بە پایەیەکی بنەڕەتی لەناو بنکەو دەزگای پڕوپاگەندەی ئێرانیدا، بەتایبەتی کە مردنی «خومەینی» زۆر لە ئاڕاستەکانی پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕانەی «ڕۆحی شۆڕش»هکەی نەگۆڕی، بەڵکو عەلی خامنەیی جێگرەوەی درێژەی دا بە ڕێگای سەپاندنی کۆنترۆڵ و بەهێزکردنی شەرعیەت و درێژکردنەوەی هەژموونی ئێران، بە ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕش، تاران لە دامەزراندنی دەزگای ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر و فراوانکردنی تۆڕی پڕوپاگەندەی خۆی درێغی نەکرد.

## دووەم: هەژموون و قۆرخکردنی گوتاری میدیایی و ڕۆژنامەوانی

دامەزراوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕاستەوخۆ بە ڕێبەری باڵاوە پەیوەستن. ئەم پەیوەندییە بەرجەستەکردنی سەرەتای ترسی ڕژێمی شۆڕشگێڕ بوو لە بەکارهێنانی میدیا لەلایەن هێزە دژە شۆڕشەکانەوە، بەڵام بەردەوامبوونی ئەم پەیوەندییە لەنێوان دامەزراوەی ڕاگەیاندنی فەرمی و باڵاترین دەسەڵاتی سیاسی وڵاتدا، وایکرد کە دواتر ئەم دامەزراوەیە و دەزگاکانی ببنە گوزارشتکەری سەرەکی ئاراستە سیاسییەکانی دەوڵەتی ئێران، هەروەك گرنگی ئەم دامەزراوەیەی لە بنیاتنانی بیروڕای گشتی، ناوخۆیی و دەرەکی ئاشکرا کرد، بە تایبەتی کە ئەو دامەزراوەیە لە پێکهاتە و ئاراستەکانیدا فراوانبوونی گەورەی بەخۆوە بینیوە، هەروەها ئەو فەرمانگانەی سەر بەم دامەزراوەیەن، لە داڕشتنی گوتاری ئێران لەبەرامبەر پرسە ستراتیژییەکاندا گرنگییەکی زۆریان هەیە ١٣.

سەپاندنی کۆنترۆڵ بەسەر تۆڕی ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی سەتەلایت، هەروەها توندکردنەوەی چاودێری لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، تەنیا وەڵامێکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە پراکتیزەکردنی کاری ڕۆژنامەوانی لە کۆماری ئێراندا چۆنە، وەکو لە ماددەی (٤٤)ی دەستووردا هاتووە دەوڵەت قۆرخکاری پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە. هەر لە هەمان ئاراستەدا، لە ماددەی (١٧٥) دەستووردا هاتووە کە دامەزراندن و لابردنی سەرۆکی دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن (IRIB) لە دەسەڵاتی ڕێبەری باڵادایە. میدیا لە سایەی ئەم دۆخە سیاسییە کۆت و بەند کراوەدا، وایکردووە تەنها ببێتە ئامرازێکی سیاسی سەرەکی بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵ و بەدیهێنانی خواستەکانی ڕێبەری باڵا و هاوپەیمانەکانی.

بەشێوەیەکی گشتی میدیا بۆ نەهێشتنی ئۆپۆزسیۆن بەهەموو شێوەکانیەوە، یان بۆ شێواندنی ناوبانگیان و ناوبانگی هەندێك لە گەورە بەرپرسان بەکاردەهێنرێت، بە نموونە لە ساڵی (٢٠٠٩) لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، خامنەیی داوایەکی سەرۆکی پێشووتر عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی ڕەتکردەوە کە دەیویست لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە وەڵامی تۆمەتبارکردنی خۆی و خێزانەکەی بە گەندەڵی بداتەوە، کە لەکاتی دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەلایەن کاندیدی سەرۆکایەتی ئەوکاتە مەحمودی ئەحمەدی نەژادەوە ورووژێنرابوو (دواتر بووە سەرۆك کۆمار). مانگێك دوای هەڵبژاردنەکە، پەخشکردنی وتاری هەینی ڕەفسنجانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە قەدەغەکرا، کە تیایدا ڕەخنەی لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان گرتبوو، داوای بەدیهێنانی ئاشتەوایی سیاسی کردبوو لەپێناو تێپەڕاندنی ئەوەی بە قەیران ناوزەدی کردبوو١٤.

هاوتەریب لەگەڵ دەسەڵاتی ڕێبەری باڵا بەسەر حکومەت و لەوێوە بەسەر میدیادا، دوای خۆماڵیکردن و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی لەلایەن دەوڵەتەوە، وایکردووە میدیا لەژێر کاریگەریی ژێردەستەیی و ملکەچبووندا بژی، بەو هۆیەوە میدیا گۆڕاوە بۆ ئامرازێك بۆ پاساو هێنانەوە بۆ سەرکوتکردن و توندوتیژی

دژی ئۆپۆزسیۆن، ئەو دۆخەش ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لەسەرژینگەی میدیایی و ئازادییەکانی ڕادەربڕین و بیرو بۆچوون هەبووە. لە ئەنجامدا سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار قەدەغە کران، کە هێڵی نووسینیان لەگەڵ ئەو ئاراستە سیاسی و مەزهەبییانەدا نەدەگونجا کە کۆماری نوێی ئێران گرتبوویەبەر، پاساوەکەش ئەوەبوو لەگەڵ ئامانج و ڕۆحی شۆڕشدا ناگونجێن.

ئەم شێوازە سەروەرییە کە میدیاکان و ناوەندەکانی پەیوەندیکردنی پێ ڕووپۆش کراوە، ئەوپەڕی گرنگی ئەم دامەزراوانە لە سیاسەتە ستراتیژییەکانی ئێراندا دەردەخات. ڕەنگە گرێدانی ئەم ناوەندانە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ڕێبەری باڵاوە، ئاماژەبێت بەوەی کە میدیاکان گرنگییان لە تەواوی دامەزراوە سیادییەکانی دیکە کەمتر نییە، وەکو دامەزراوەی سەربازی و ئایینی لە کۆماری ئێراندا.

تائێستاش کۆت و بەندەکان لەسەر میدیاکان بەردەوامن، ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسان دووچاری چەوساندنەوەو دەستگیرکردنی هەڕەمەکیانەو سزای قورس دەبنەوە. ئێران لە ڕیزبەندی خراپترین دەوڵەتەکاندایە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی. بەگوێرەی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتی پێوەرەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری جیهانی کە ڕێکخراوی «پەیامنێرانی بێ سنوور» بڵاوی دەکاتەوە، ئێران لەکۆی (١٨٠) دەوڵەت پلەی سێیەمی پێش کۆتایی وەرگرتووە، تەنها پێشی هەریەکە لە کۆریای باکورو ئەریتریا کەوتووە، ئەم ڕیزبەندییەش ڕەنگدانەوەی دۆخی ڕاگەیاندن وڕۆژنامەوانییە لە تاران، لەئێستادا ژمارەی ڕۆژنامەنووسە دەستگیرکراوەکان لە زیندانەکانی ئێراندا گەیشتۆتە (٥١٢) ڕۆژنامەنووس لە هەردوو ڕەگەزەکە١٥.

بەردەوامبوونی هەراسانکردنی ڕۆژنامەنووسان و تۆقاندن و دەستگیرکردنی هەڕەمەکیانەیان، قۆرخکردنی سەرچاوەکانی هەواڵ لەلایەن دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە (IRIB)، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی وێنەی ئایدۆلۆژی فەرمی دەوڵەتە، کە بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆسەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر مەرجەکانی بەرهەمهێنانی پرۆسەکانی پەیوەندیکردندا، لەوانەش کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی بڵاوبوونەوەی زانیاری.

وەك ئاماژەمان پێدا، ئەو بارودۆخە سیاسیە بەرتەسکە، هەروەها سەختی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و بڵاوکردنەوەی لە غیابی گرەنتی مەیدانیدا بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لە هەراسانکردن و هەڕەشەکان، تارادەیەکی زۆر ئێرانی لە هەموو جیهان دابڕاندووە، هەروەها بەشداری کردووە لە فراوانکردنی ئەو بۆشاییەی لەنێوان واقیعی ئازادییەکانی تاران و باقی جیهاندا هەیە.

لە ساڵی (١٩٧٩) تا ئەمڕۆ، نزیکەی هەزار ڕۆژنامەنووس لەسەر دەستی حکومەتی ئێرانی دووچاری دەستگیرکردن، دەستبەسەرکردن، یان لەسێدارەدان هاتوون. هەڵمەتی توندی دژ بە ئازادی میدیایی تەنها ڕۆژنامەوانی ناوخۆی نەگرتۆتەوە، بەڵکو سەرکوتکردن ئەو پەیامنێرە ئێرانیانەشی گرتۆتەوە کە بۆ میدیا بیانیەکان کاردەکەن، ئەوانیش لە فشارو تەنگ پێهەڵچنین دەربازیان نەبووە١٦. هەموو ئەوانەش

بە پاساوی پێشێلکردنی بنەماکانی کۆمارە، لە ماددەی (٢٤)ی دەستوری ئێراندا دەقنووس کراوە: «ئازادی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکراوەکان مسۆگەرو دانپێدانراوە، بەمەرجێك پێشێلی ڕێسا ئیسلامییەکان و نەزمی گشتی نەکات». هەروەك لە دیباجەی دەستوریشدا جەختی لێکراوەتەوە، کە ئەرکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی گشتی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کورتکردۆتەوە لە: «بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامیی، هاوتەریب لەگەڵ ڕێبازی تەواوەتی شۆڕشی ئیسلامی».

ئەم سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردنەی دەزگای ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە یاسای ڕۆژنامەوانی ئێراندا بە ڕوونتر دەقنووس کراوە، کە لە بەرامبەردا قەیرانێکی ڕاستەقینەی لێکدانەوە دروست دەکات، ڕێگە بە دەزگای چاودێری ڕۆژنامەوانی دەدات هەڵوێست و بڕیارەکانی خۆی بەرامبەر بە دەزگا ڕۆژنامەوانیەکان بەشێوەی میزاجی سیاسی بدات.

یەکێك لە لایەنەکانی ئەو قەیرانە، دەرکردنی بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی بوو بەناوی «کلید»، بە پاساوی بەدڕەفتاری بەرانبەر بە دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت، کە گرێدانی هێڵی هەژاری بوو بە ڕابەری باڵاوە، ڕۆژنامەکە وێنەیەکی کاریکاتێری لەبارەی هێڵی هەژاری بڵاوکردبوویەوە، لە تەنیشتی دەست و قەڵەمێك هەبوو کە ئاماژە بەوە دەکات نامەنووسی خامنەییە١٧. ئەم بڕیارەش ڕەوایەتی لە دەقی ماددەی (٢٧) لە یاسای ڕۆژنامەگەری وەرگرتبوو، کە تێیدا هاتووە: لە ئەگەری سوکایەتیکردن بە ڕابەری باڵا، مۆڵەتی بڵاوکردنەوە وەردەگیرێتەوەو هەڵدەوەشێنرێتەوە. هەروەها بەڕێوبەری گشتی و سەرنووسەریش دەخرێنە بەردەم لێپێچینەوەی دادوەرییەوە، ئەمەش بەبێ ئەوەی سروشت و شێوەی ئەم سووکایەتییە ئاشکرابکرێت، ئایا بەنموونە دەکرێت ڕەخنەیەکی بەم جۆرە بە سووکایەتی هەژماربکرێت؟ کەی ڕەخنە دەبێتە ڕەخنە و کەی دەبێتە سوکایەتی؟

لەکاتێکدا ڕژێم کاری ڕۆژنامەوانی لە ناوخۆدا قۆرخکردوە، بە ڕابەرایەتی چالاکوان و ڕۆژنامەنووسان و نەیارانی ڕژێمی ئێران لە دەرەوەی وڵات، فەزای نوێی میدیایی لە ئێران سەریهەڵداوە. ئەم کەناڵە میدیایانە ئاڵەنگاری گەورەیان بۆ پڕوپاگەندەی فەرمی ئێران دروستکردووە، بەتایبەتی لە سایەی بەردەوامبوونی دۆخی شڵەژاو و گرژی کۆمەڵایەتیدا. لەبەرئەوە ڕژێم هیچ هەوڵێك بەزایە نادات بۆ شێواندن یان بە شەیتانکردن و تۆمەتبارکردنیان بە بەکرێگیراوی دەرەکی.

لە سایەی دابەزینی ئاستی متمانەکردن بە میدیای گشتی ناوخۆیی، خواستی ئێرانییەکان لەسەرکەناڵە بیانییەکان و کەناڵەکانی نەیاری گوتاری فەرمی زیادیکردوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پەسەندکردنی گوتاری میدیای دەرەکی ئێرانی بەسەر گوتاری ناوخۆییدا، بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئەو ڕۆژنامەنووس و پەیامنێرە نێودەوڵەتیانە ئەزموونیان کردووە، لەوانە ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مافی مرۆڤ کە ناچاربوون وڵاتەکەیان بەجێبهێڵن.

بەگوێرەی ڕاپرسی ناوەندێکی توێژینەوەی سەربەخۆ کە بارەگاکەی لە هۆڵەندایە، ئەویش «ئاژانسی گامان»ی پسپۆڕە لە شیکردنەوەو پێوانەکردنی هەڵوێستەکان لە ئێران، لە ماوەی نێوان (١٧ – ٢٦/ شوبات/٢٠٢١) لەگەڵ نموونەیەکی نوێنەرایەتی کە ژمارەیان لە (٢٧) هەزار کەس زیاتر بووە، لەبارەی ئاراستەکانی ڕای گشتی لە ئێراندا، لەنێویاندا سەرچاوەکانی وەرگرتنی هەواڵ، دەرکەوتووە هەریەکە لە کەناڵەکانی «ئێران ئینتەرناشناڵ، من و تۆ، بی بی سی فارسی، دەنگی ئەمریکا»، لە جەماوەریترین و کاریگەرترین سەرچاوەکانی هەواڵن لە ئێراندا، زیاتر لە نیوەی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە متمانەی خۆیان بە کەناڵی «ئێران ئینتەرناشناڵ و من و تۆ» پیشانداوە، لەکاتێکدا کەناڵی «بی بی سی فارسی» متمانەی (٢٧٪) بەشداربووانی بەدەستهێناوە، تەلەفزیۆنی فەرمی حکومەتی ئێرانیش ڕێژەی (١٤٪) دەنگی بەشداربووانی ڕاپرسیەکەی بەرکەوتووە. هەر لەو میانەیەدا (٤٧٪) بەشداربووان ڕایانگەیاندووە هەرگیز متمانە بە تەلەفزیۆنی فەرمی حکومەتی ئێران ناکەن. بەگوێرەی ئەنجامەکان (٣٣٪) بەشداربووان دەڵێن بەشێوەیەکی ڕۆژانە تەماشای کەناڵی «ئێران ئینتەرناشناڵ» دەکەن، ئەمەش وایکردووە ئەم کەناڵە هەواڵییە بیانییە کە بە زمانی فارسی بەرنامەکانی پەخش دەکات پڕ جەماوەرترین کەناڵ بێت لە ئێراندا١٨.

هەندێك لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییە ناوخۆییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەمبوونەوەی ئارەزوو بۆ میدیای گشتی ئێرانی دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی فشارە سیاسیەکان لەسەر میدیا سەربەخۆکان، هەر ئەوەش زۆرێکیانی ناچارکردووە وڵات بەجێبهێڵن. لەوبارەیەوە ڕۆژنامەی «شەرق١٩»ی ئێرانی هاتنی کەناڵی «ئێران ئینتەرناشناڵ» لەسەرووی لیستی کاریگەرترین کەناڵەکان لە ڕای گشتی ئێرانیدا، بەشێوەیەکی سەرەکی دەگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارە بەتوانایانەی کە لەو دامەزراوە نێودەوڵەتییەدا دامەزراون و ڕۆڵ دەگێڕن، دوای ئەوەی وڵاتەکەیان بەجێهێشت، بەهۆی ئەو بارودۆخە دژوارەی کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی پیشەییانەی خۆیان هانیان نادات.

سەرەڕای بەجێهێشتنی وڵات، بەڵام هەڵمەتەکانی پەلاماردان و تەخوینکردن و تۆقاندن ڕانەوەستاوە، لە ساڵی (٢٠١٧) دەسەڵاتدارانی ئێران لێکۆڵینەوەی تاوانکارییان لەگەڵ (١٥٠) کارمەند لە «بی بی سی» دەستپێکرد، بە تۆمەتی «پلانگێڕی دژی ئاسایشی نیشتیمانی»، هەموو سامانەکانیان لەناوخۆی وڵاتدا بلۆك کرا٢٠، میدیاکانی سەربە حکومەتی ئێران وێنەی چەند ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانیان بڵاوکردەوە کە لە لەندەن دەژیان و تەنها بە «باندێکی مافیا٢١» وەسفیان کردن. بەهەرحاڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانە تەنانەت لە دەرەوەی تارانیش لە ڕاوەدوونانی ڕژێم ڕزگاریان نەبووە. لە ڕاپۆرتێکدا کە ڕۆژنامەی «تایمز»ی بەریتانی لە کانوونی یەکەمی (٢٠١٩) بڵاویکردەوە، دەڵێت: دەسەڵاتدارانی ئێران هەڵمەتێکی تۆقاندنیان لەدژی ڕۆژنامەنووسان و فەرمانبەرانی کەناڵی «ئێران ئینتەرناشناڵ» دەستپێکردوە کە بارەگاکەی لە لەندەنە، لێپێچینەوە لە کەسوکارەکانیان کراوە و دەست بەسەر موڵك و ماڵیاندا گیراوە، هەروەها هەڕەشەی ڕفاندنیان لە شەقامەکانی بەریتانیا لێکراوە، ئەگەر بێتو واز لە کارەکانیان لەو کەناڵە نەهێنن. چونکە

کەناڵەکە چەند دیمەنێکی خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی شەقامەکانی ئێرانی پەخشکرد، کە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینەوە ئەنجامدرابوون٢٢.

دەیان ڕۆژنامەنووس لە کەناڵی «بی بی سی» دووچاری هەمان مامەڵە هاتن، ئەم کەناڵەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەرکۆنەی ئەو پەلاماردانە بەکۆمەڵە بێ وێنەیەی کرد، بەڕادەیەك هەڕەشەکان گەیشتە ڕادەی لێسەندنەوەی پاسپۆرتەکانیان، هەروەها قەدەغەکردنی کڕین یان فرۆشتنی موڵك و ماڵەکانیان. بەگوێرەی ڕاپرسیەکی ناوخۆیی ڕادیۆی «بی بی سی» بەریتانی (٤٥) فەرمانبەر لە «بی بی سی فارسی» ڕایانگەیاندوە کە دەسەڵاتدارانی ئێران لێپێچنەوەیان لەگەڵ باوکیاندا کردووە، چل فەرمانبەری دیکەش ڕایانگەیاندوە لێپێچینەوە لەگەڵ خوشك و براکانیاندا کراوە٢٣. گومانی تێدا نییە ئەم جۆرە کارانەی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی زانیاری، وایکردووە کاری ڕۆژنامەگەری لە ئێران لە مەحاڵ نزیك ببێتەوە.

بەدرێژایی چل ساڵ، میدیاکانی ئێران تەنها بۆ گواستنەوەی زانیارییە دڵخوازەکانی ڕژێمی ئێران نەبووە، بەڵکو بۆ تۆقاندنی ڕۆژنامەنووسان و نەیاران و بێدەنگکردنیان لە ناوخۆی تاران یان دەرەوە بەکارهێنراوە. دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێران لەڕێگەی چاوپێکەوتن و بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی تایبەتمەند بە ناوزڕاندن و چەواشەکاری، هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی دەروونی و ناوزڕاندن و دانپێدانانی بەزۆرو پێشێلکردنی تایبەتمەندییەکانی نەیاران و خێزانەکانیانی پراکتیزە کردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ (FIDH) کە لە ساڵی (٢٠٢٠) بەناونیشانی «میدیای ئێرانی وەك ئامرازێك بۆ سەرکوتکردنی بەکۆمەڵ» بڵاوکراوەتەوە، دیمەن و شێوازەکانی بەکارهێنانی میدیای بۆ سەرکوتکردنی نەیاران تۆمارکردووە، ڕاپۆرتەکە خوێندنەوەیەکی شیکاری چڕوپڕی بۆ (١٥١) بەرنامە لەخۆگرتووە، کە لەماوەی دەیەی ڕابردوودا لە دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بڵاوکراونەتەوە، لەنێویاندا دانپێدانانی (٣٥٥) کەسایەتی-قوربانی، جگە لە ناواخنی ناوزڕاندن لەدژی (٥٠٥) کەس. بەگوێرەی لێدوانی قوربانیان ئەو جۆرە ڕەفتارە میدیاییە سەرکوتکارانە جۆرێکە لە ئەشکەنجەدانی دەروونی و کاریگەری درێژخایەنی هەبووە، جەختیان لەوە کردۆتەوە کە کاریگەری ئەو بەرنامانە لە ژیانی خێزانی و ناوبانگیاندا بە ئاسانی تێناپەڕێت، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری بینەران ناتوانن دەستیان بە سەرچاوەی زانیاری سەربەخۆ بگات، بۆیە وا بڕوا دەکەن ئەو تۆمەتی ناوزڕاندنانە ڕاستن کە لەو جۆرە بەرنامانەدا پەخشدەکرێن.

هیچ گومانی تێدانییە کە ژینگەی میدیای ئێران سنووردارە، تەنانەت سەرکوتکەر و ڕێگریشە لە پراکتیزەکردنی کاری میدیایی و ڕۆژنامەوانی. بەگوێرەی وەسفی ڕێکخراوی «پەیامنێرانی بێ سنوور»، تائێستا ئێران یەکێکە لە پێنج گەورەترین زیندانەکانی جیهان بۆ چالاکوان و کارمەندان لە بواری میدیادا. سەرباری ئەم دۆخە قەیراناوییە و هەموو ئەوانەی پێشتر باسکران، هێشتا کاربەدەستانی ئێران میدیا وەك ئامرازێك بۆ دزەکردنە ناو ناوچەکە و پشتیوانیکردن لە تێزە تائیفی و سیاسیەکانیان دەبینن.

لەپێناوی ئەوەدا، ئێران پارەکانی بەشێوەیەکی زۆر لە بواری پیشەسازی میدیادا وەبەردەهێنێت، هەروەها هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی میدیایەکی دیبلۆماسی ڕکابەرخستۆتەگەڕ(وەکو هەندێك لە دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکە ئەنجامی دەدەن)، بەناوی ڕژێمی ئێرانیەوە دەدوێت و بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ دەسازێنێت، جا لەڕێگەی بریکارەکانیەوە بێت یان لەڕێگەی فەرمانبەرە فەرمییەکانی ڕژێمەوە بێت، بەڵام ئامانجی کۆتایی لە هەموو ئەمانەدا دروستکردنی بۆچونێکی گشتی ناوخۆییە کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی ڕژێمەکەدا بگونجێت، لەوانەش دەستەبەرکردنی ئەو دەروازە دەرەکیانەی کە گوزارشت لە دیدگای تاران لەبارەی جیهانەوە دەکەن، هەروەها بڵاوکردنەوەی ئەوەی بە «بەها-هەناردەکردنی شۆڕش» دەناسرێت، لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی ناوچەیی بۆ خزمەتکردن بە پەرەسەندنی ئامادەگیی ئێران لە ناوچەکەدا وەکو زلهێزێکی ناوچەیی، جگە لە دەستەبەرکردنی فراوانبوونی بازنەی هەژموونی لە دەرەوەی سنوورە ناوچەییە نەریتییەکاندا.

## سێیەم: میدیای ئێران و مەیلی کۆنترۆڵکردن.. گرەوی گواستنەوە لە کاریگەرییەوە بۆ دروستکردنی هەژموون

ڕەنگە چاودێرانی دۆخی ئێران جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبێت لەبارەی ئەو ڕۆڵە پێشەنگانەی کە میدیا لە ژیانی سیاسی ئێراندا دەیگێڕێت. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، پڕوپاگەندەی میدیایی بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی کۆماری ئێران. پڕوپاگەندە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی زەبەلاحدا ئامادەدەکرێت کە خۆی لە «دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن»دا دەبینێتەوە، کە گوزارشت لە هێڵی نووسینی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەی ئێران دەکات کە لەسەر بیرۆکەی بەرخۆدان وپێشخستنی لە ئاست و بوارە جیاوازە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەندە. ئەم ڕێبازە خۆی لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا لەگەڵ دامەزراوە گەورەکاندا دەخاتەڕوو، هەر لە دامەزراوەی ڕێبەری باڵاو «پاسداران»ەوە تا دەگات بە دەستە ئابووری و دیبلۆماسییە فەرمییەکان و بریکارەکانی ئێران لەهەموو چین و توێژەکاندا، لە دەوڵەت و دامەزراوە و ڕێکخراو و میلیشیا هاوتەریبەکاندا. لەوانەیە یەکێك لە لایەنەکانی ئەمەش، بانگەوازێکی ئەم دوایەی خامنەیی بێت بۆ «جیهادی میدیایی» بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری میدیایی، هەروەکو ناوی لێنابوو٢٥.

ئێران لەبەردەم هەوڵەکانیدا بۆ پەلهاویشتن و فراوانخوازی لە ناوچەکەدا گرەو لەسەر میدیاکان دەکات، بەمەبەستی دروستکردنی سیماکان و شێوەکانی ئامادەبوونی لە فەزای گشتیدا، جا ناوخۆیی بن یان دەرەکی. تێبینی ئەوەش دەکرێت وەبەرهێنانی تاران لە پیشەسازی میدیاییدا بایەخی کەمتر نەبێت لە تەواوی پیشەسازییە ستراتیژییەکانی دیکەی وەکو سەربازی و ئەمنی، بۆیە لە سەپاندنی باسکی میدیایی خۆی لە ناوچەکەدا هیچ درێغییەك ناکات، ئەمەش بە ئەنجامی ژمارەیەك ڕاپۆرتی چڕوپڕ لەبارەی دیمەنی میدیای ئێرانییەوە پشتڕاست دەکرێتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی توێژینەوەکانی پەرلەمانی ئێران، داهاتی دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەگاتە نزیکەی (١٤٠) تریلیۆن ڕیاڵ کە دەکاتە (٥٦٠) ملیۆن دۆلار، ئەمە بەبێ گوێدانە پشکەکەی لە بودجەی حکومەتدا، کە یەکسانە بەکۆی باجی مووچەی ساڵانەی سەرجەم فەرمانبەرانی حکومەت و دەگاتە (٥٠) تریلیۆن ڕیاڵ کە دەکاتە (٢٠٠) ملیۆن دۆلارلە بودجەی حکومەت٢٦، جگە لەوەی حکومەتی تاران لە بودجەی ساڵی (٢٠٢١)دا بڕی (٧١,٤) ملیۆن دۆلاری دیکەی بۆ بەرنامەکانی فەزای ئەلیکترۆنی تەرخانکردووە کە دەستەی ڕادیۆ وتەلەفزیۆن بە پشکی (٦٣) ملیۆن دۆلارسوودی لێ دەبینێت، لەکاتێکدا بەشی سایبەر لە «ڕێکخراوی پڕوپاگەندەی ئیسلامیIDO» بڕی ئەو (٨,٤) ملیۆن دۆلارەی ماوەتەوە وەردەگرێت.

ڕاپۆرتێکی «ڕوانگەی دیمەنی میدیایی»ی سەر بە «سەنتەری ڕۆژنامەوانی ئەوروپی (EJC)»، مۆنۆگرافیایەکی گشتی دیمەنی میدیای ئێرانی دەخاتەڕوو، دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە گرنگترین دامەزراوەی میدیایی لە ناوچەی ئاسیاو زەریای ئارام‌و تەنانەت لە جیهانیشدا دادەنێت، بەهۆی بوونی توانایەکی وەبەرهێنانی مرۆیی گەورە، چونکە زیاتر لە چل هەزار فەرمانبەر لە سەرانسەری جیهاندا لەخۆدەگرێت، لە زیاترلە بیست دەوڵەتدا لقی هەیە، خزمەتگوزارییەکانی بە چەندین زمان پێشکەش دەکات، هەروەك حەڤدە کەناڵی نیشتیمانی، سی کەناڵی هەرێمی، نۆکەناڵی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەبات. لە گرنگترینی ئەوکەناڵانەش: کەناڵی (العالم) بە زمانی عەرەبی، کە ساڵی (٢٠٠٣) دەستی بە پەخش کرد، بە شێوازێکی هاوشێوەی کەناڵە عەرەبییە هەواڵییە گەورەکانی دیکەی وەکو (الجزیرە) و (العربیە). هەروەها کەناڵی «پرێس تیڤی» کە ساڵی (٢٠٠٧) بە زمانی ئینگلیزی دەستی بە پەخش کرد، کەناڵی «سەحەر» بە چەندین زمان، ساڵی (١٩٩٠) دەستی بە پەخش کرد و بەرنامەکانی بە زمانەکانی: کوردی، ئۆردی، ئازەری، بۆسنی، فەرەنسی پەخش دەکات٢٨، زمانەکانی دیکەی وەك زمانە ئەفریقییەکان لە نموونەی هاوساو سواحیلی٢٩، جگە لە تۆڕی میدیایی «ئیسپان تیڤی» بە زمانی ئیسپانی، کە بەگوێرەی توێژینەوەك کە پەیمانگەی پۆڵەندی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی ئەنجامیداوە، بە یەکێك لە جەماوەریترین تۆڕەکان لە ئەمریکای لاتین دادەنرێت٣٠.

لەلایەکی دیکەوە، ئاژانسە هەواڵییەکانی ئێران لە چالاکترین ئاژانسەکانن لە جیهاندا، لەپێشی هەموویانەوە «ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامیی» کە بە ناوە کورتکراوەکەی «ئێرنا: IRNA» دەناسرێت، وەك تاکە ئاژانسی فەرمی لە کۆماردا خزمەت دەکات، سەرباری «ئاژانسی هەواڵی فارس» کە خۆی بە ئاژانسێکی سەربەخۆ دەناسێنێت (لقێکی نیمچە فەرمی سوپای پاسدارانە)، لە ئاژانسە گرنگەکانە چونکە هەواڵەکانی بە چەندین زمان پەخش دەکات. لە گرنگترین ئاژانسە نافەرمییەکانیش ئاژانسی «میهر: MEHR» کە تایبەتە بە هەواڵە سیاسیە دەرەکییەکانی ئێران، لە ساڵی (٢٠٠٣) دامەزرێنراوە، ڕووماڵی ڕووداوە سیاسی و ئابووری و کلتوری و ئایینیەکان بە چەندین زمانی جۆراوجۆر دەکات، وەکو: عەرەبی،

ئینگلیزی، تورکی، ڕووسی، فارسی، ئەڵمانی، زیاتر لە (٣٠٠) پەیامنێری هەیە، پێنج نووسینگەی هەرێمی هەیە، ڕێککەوتننامەی هاوکاری لەگەڵ زیاتر لە حەڤدە ئاژانسی بیانی لە ئاسیا و ئەوروپادا هەیە. جگە لەم ئاژانسە گەورانە کە خزمەتگوزارییەکانیان لە کەرتە جۆراجۆرەکاندا پێشکەش دەکەن، ژمارەیەك ئاژانسی هەواڵی تایبەتمەند هەن کە جەخت لە چەند دۆزێکی دیاریکراوی ناوخۆیی و دەرەکی دەکەنەوە، گرنگترینیان ئاژانسی هەواڵەکانی «قودس»ە کە ئاژانسێکی تایبەتە بە کاروباری فەلەستین، هەروەك ئاژانسەکانی «ئاژانسی هەواڵی خوێندکاران»، «ئاژانسی هەواڵی ژنان»و«ئاژانسی هەواڵی قورئان» هەن٣١.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم دیمەنە، دەتوانین بگەینە ئەنجامێکی پوخت ئەویش ئەوەیە پەلهاویشتنی ئێران لەناوچەکەدا بەکتوپڕی نەهاتووە، یاخود دەرەنجامی ڕاستەوخۆی شکستی ڕژێمە عەرەبییەکان و هەژموونی ئەمریکا و ئیسرائیل بەسەرناوچەکەدا نەبووە وەکو پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت، بەڵکو بەشێکی گەورەی بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە، جگە لە کۆمەڵێك فاکتەری یەکانگیر، هەروەك بۆ هۆشیاری تاران دەگەڕێتەوە لەبارەی ئەو ڕۆڵە ستراتیژییەی کە پڕوپاگەندەی میدیایی لە بەهێزکردنی هەڵوێستەکانی و بەرەوپێشبردنیان لە ئاستێکی بەرفراواندا دەیگێڕێت، لەوانەش کاریگەری لەسەرڕای گشتی ولەوێوە فشار خستنە سەر حکومەتەکان.

ماوەی زیاتر لە چوار دەیەیە ئێران کار بۆ گەشەپێدانی تۆڕە میدیاییەکانی دەکات، بەڕادەیەك ئاستی کاریگەری هەژموونەکەی سنووری ناوخۆیی و ناوچەیی تێپەڕاندوە و گەیشتۆتە ئاستی نێودەوڵەتی، بەجۆرێك پێشتر ئەمریکا کۆمەڵێك ماڵپەڕی سەر بە ژمارەیەك دەزگای ڕاگەیاندنی ئێرانی داخست، هەندێکیان فەرمی و هەندێکی دیکەشیان هی گرووپەکانی سەربە ئێران بوون، چونکە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و بەشداریکردن لە هەڵمەتی چەواشەکاری ئاڕاستەکراودا تێوەگلابوون. بۆ نموونە کەناڵی (المسيره) کە حوسییەکان بەڕێوەیان دەبرد، کەناڵەکانی (العالم، الكوثر، الفلسطين اليوم، اللؤلؤه)و چەندین کەناڵی دیکە. ئێرانیش ئەوەی قبووڵ نەکرد، چونکە بە پێشێلکردنی ئازادی ڕادەربڕینی دادەنێت، هەروەها نەیهێشت ئەم دەرفەتە بەبێ باسکردن لە «میحوەری بەرخۆدان لە بەرامبەر میحوەری تەسلیمبوون» تێپەڕێت. دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانی لە ماڵپەڕەکەیدا ڕوونیکردۆتەوە «لەکاتێکدا حکومەتی دیموکراسی ویلایەتە یەکگرتووەکان جەخت لە پشتیوانیکردنی ئازادی ڕادەربڕین دەکاتەوە، بەڵام بە پاڵپشتی دوو هاوپەیمانە مێژوییەکەی واشنتۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: ئیسرائیل و سعودییە، بەکرداری چەندین کەناڵ دادەخات»٣٢.

لەوانەیە لەنێو ئەو شتانەی کە سەرنج ڕادەکێشن هەوڵی تاران بێت بۆ بە شەیتانکردنی هەندێك دەوڵەتی نادۆست لە ناوچەکەدا، هەروەکو بینیمان چۆن لەگەڵ شانشینی عەرەبی سعودییەدا کردی، کە لەدیدگای تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی هاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا لەنێوان بلۆکی سوونی و شیعیدا دادەنرێت.

ساڵانێکی زۆرە کەناڵەکانی دەنگوباسی ئێران خۆیان خزاندۆتە ناو بازاڕی میدیای عەرەبیەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگەی کەشتی سەرەکی سەتەلایت هەڵگری عەرەبی «عەرەبسات»و «نایلسات» بە پلەیەکی کەمتر، ئێرانیش کەوتۆتە شەڕێکی ستراتیژییەوە لەسەر دڵ و میشکی جیهانی عەرەبیی. بۆیە ئێران هەوڵی شێواندنی ناوبانگی ڕکابەرە سەرەکییەکانی لە ناوچەکە و کەناڵە میدیاییەکانیان دەدات، لەڕێگەی بانگەشەکردن بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە میدیا ڕکابەرە نزیکەکان لە کۆشکی سپی، متمانەی ئەو لەناوچەکەدا تێکدەدات. زۆرجار میدیاکانی ئێران میدیاکانی کەنداو بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لایەنگری زایۆنیزمن، ئەمەش گەمەکردنی «پڕوپاگەندەی ئێرانە» لەسەر ژێی قەیرانەکەو قۆستنەوەی هەستی دژە ئەمریکایە لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا، بەمەبەستی بەهێزکردنی هەژموون و برەودان بە مۆدێلە پڕوپاگەندەییەکەی. لەمبارەیەوە قەیرانی یەمەن بە نموونەیەکی ڕوون دادەنرێت، کە لەڕێگەی ئەو گوتارە میدیایەی پێوەی گرێدراوە دەردەکەوێت، بۆیە هەموو هەوڵێکی عەرەبی بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بە ئامانج دەگیرێت. بۆ نموونە زۆرجار دەبینین لە میدیاکانی لایەنگری تاراندا بە کەناڵی بیانی ئاماژە بە هێزە ئەمریکییەکان دەکرێت، کەناڵەکانی کەنداویش بەکرێگیراو ناودەبەن، ئەم وێناکردنەش یارمەتیدەرە لە شێواندنی ناوبانگی ئەو دەوڵەتانە و هاوپەیمانە سیاسی و سەربازییەکانیاندا، شەرعیەتیش دەبەخشێت بە هەر کۆمەکێکی سەربازی یان لۆجیستی گریمانەکراو کە ئێران پێشکەش بە حوسییەکانی بکات٣٣. هەروەها چەندین مامەڵەی میدیایی دیکە کە ئێران بەبێ گوێدانە ئاستی ڕاستگۆیی و بێلایەنی، بۆ گەیاندنی دیدگای خۆی بەجیهان بەکاریاندەهێنێت.

ئەگەرئێران توانیبێتی مۆدێلی میدیای پاوانخوازی خۆی بنیات بنێت، ئەوا ڕەنگە گۆڕەپانی میدیای عەرەبی بە ڕادەی پێویست لە گرنگی دەزگای ڕاگەیاندن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ گەلانی دیکەدا تێنەگەیشتبێت، بە ئامانجی کارتێکردن لە بیروبۆچوونیان و لەکۆتاییدا لە حکومەتەکانیان، ئەمەش لەڕێگەی دەرەنجامی پرۆسەی چاودێری و ئەوەی لەبەردەست و لەبەر چاودایە دەردەکەوێت، بەڵگەش نەبوونی دامەزراوەی میدیایی عەرەبییە کە بەرنامەکانی بە زیاتر لە دە زمان پەخش بکات، هەروەکو چۆن لە پەخشی نێودەوڵەتی ئێراندا هەیە. بۆیە بەڕێکەوت نییە کە تێبینی فراوانبوونی چالاکی پڕوپاگەندەی ئێران لە دەرەوەی سنوورە نەریتییەکان بکرێت، کە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئەمریکاو ئەفریقاو ئاسیای بە ئامانج گرتووە.

لەکاتێکدا هەر یەکێك لە کەناڵە عەرەبییە گەورەکان، جا لەلایەن قەتەر، سعودییە، ئیمارات یان دەوڵەتانی دیکەوە کۆمەك بکرێت، لە دروستکردنی ڕای گشتی ناوخۆیی و جیهانیدا مۆدێلێکی میدیای دیبلۆماسی کاریگەریان چێکردووە، بوونەتە ڕکابەرێکی بەهێزی میدیای ئێرانی، بەڵام نەبوونی تۆڕێکی هەماهەنگی ڕوون لە ئاستی دیدگاکاندا، کاریگەری بێ ئەندازەی لەسەر سەروەریی میدیایی لە ناوچەکەدا دەبێت، بوارێکی زیاتر دەکاتەوە تاوەکو گێڕانەوەی ئێرانی زیاتر بچێتە ناوەوە، چونکە لەبارەی ئەو دۆزانەی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەخرێنەڕوو، هەر لایەنێك کەناڵەکانی خۆی وەك میکانیزمێك بۆ

بەرەو پێشبردنی دیدگای تایبەتی خۆی تەیار دەکات.

پێدەچێت ئەم کێبڕکێیە کاریگەری لەسەر هەژموونی تاران لە ناوچەکەدا هەبێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت. کە دەڵێین کاریگەری ڕێژەیی لەبنەڕەتدا هۆکارەکەی بۆ دۆخی گرژی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ نەیارە یەك لەدوای یەکەکانی نێوان وڵاتە جیاوازەکانی ناوچەکە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاراستەی ئەو دامەزراوە میدیاییانە دەبێت، هەروەها لەسەر کاریگەریان لە فەزای گشتیدا دەبێت. لەکاتێکدا پڕوپاگەندەی ئێرانی بەدیاریکراوی سەرقاڵی شێواندنی وێنەی دەوڵەتانی ناوچەکەو بەهێزکردنی هەژموونی خۆیەتی، لەڕێگەی دروستکردنی ئایکۆنی ئایینی و سیاسی و ئابوری کاریگەرەوە، بەڵام میدیای عەرەبی زیاتر سەرقاڵی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و ململانێ هاوبەشەکانە.

لە باسکردنی ئەم ڕاستییانەدا دەتوانین هەندێك دەرکەوتەی ئەوکاریگەرییانە ببینین، کە پڕوپاگەندەی ئێرانی لەناوچەکەدا لە ئاست جیاجیاکاندا دروستیکردووە. سەرباری ئەو زنجیرە قەیرانە ناوخۆییانەی کە تاران تیایدا دەژی، هەروەها بەردەوامبوونی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی هێزە کاریگەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ سنووردارکردنی ڕۆڵی گەشەکردوانەی ئێران لە ناوچەکەدا، توانیویەتی پێگەی خۆی وەك زلهێزێکی ناوچەیی بچەسپێنێت، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی «بەهاری عەرەبی» لە ساڵی (٢٠١١)دا. ئێران لە سیاسەتی پەلهاویشتن لە ناوچەکەدا، بەڕێژەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بووەو هەنگاوی گەورەی ناوە، بەڕادەیەك چوار پایتەختی عەرەبی کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی تارانەوە، کە بریتین لە: دیمەشق، بەغدا، بەیروت، سەنعا، جگە لە هەژموونی پاوانخوازانەی لە هەندێك لە دەوڵەتانی کیشوەری ئەفریقادا.

بونیاد لەسەر ئەو واقیعە، میدیای ئێرانی بەنزیکەیی لە هەموو شوێنێکدا هەیە، ئاراستەی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و تەمەنە جیاوازەکان دەکرێت، بۆ نموونە دەبینین لە پیشەسازی سینەمادا بەهەموو جۆرەکانیەوە، بە بەراورد لەگەڵ هاوتا عەرەبەکانیدا، پێشکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە. هەموو ساڵێك کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵاتە نێودەوڵەتییەکانی وەکو «ئۆسکار» دەکات، بەجۆرێك لە دوو بۆنەی پێشوودا لە بەشی فیلمە بیانییەکان توانیویەتی ئەو خەڵاتە بەدەستبهێنێت. یەکەمیان لە ساڵی (٢٠١٢) بوو بۆ فیلمی «جیابوونەوە»، دووەمیان لە ساڵی (٢٠١٧) بوو بۆ فیلمی «فرۆشیارەکە» کە لە دەرهێنانی ئەسغەر فەرهادی بوو، فەرهادی وەکو نارەزاییەك لەدژی بڕیارەکەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ، کە ڕێگەی بە هاووڵاتیانی هەندێك وڵات نەدەدا بچنە ناو ئەمریکاوە، لەنێویاندا ئێرانییەکان، بایکۆتی ئاهەنگی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکاری کرد٣٤. هەمان شت بۆ ئەو کەناڵانەش دەگونجێت کە ئاراستەی منداڵان دەکرێن، بەو پێیەی فیلمی ئەنیمەیشنی ئێرانی «ئەوە من گورگم و مەڕەکان دەخۆم» لە ساڵی (٢٠٢١) لە لیستی فیلمە کارتۆنییە پاڵێوراوەکانی خەڵاتی ئۆسکاردا بوو٣٥. ئەم بایەخدانە بە فیلمی منداڵان ڕەنگدانەوەی بەسەرتۆڕی میدیای ئێرانی یان شیعەکاندا هەبووە کە ئاراستەی منداڵان

دەکرێن، کە لە هەردوو مانگی دەستکردنی «عەرەبسات»و«نایلسات»دا بەفراوانی بڵاوبوونەتەوەو خاوەنی جەماوەرێکی نەوعین لە ناوچەکەدا، وەکو کەناڵەکانی «هودهود» و «تەها».

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پڕوپاگەندەی ئێرانی تەنها وەکو بابەتێکی خۆش و کات بەسەربردن مامەڵە لەگەڵ فیلمە ئەنیمەیشنەکاندا ناکات، بەڵکو لە چەقی کارە پڕوپاگەندەییەکانێتی، پێشتریش کۆمەڵێك فیلمی بەرهەمهێناوە کە پشتگیری لە ئەجێندای تاران دەکەن، وەکو فیلمی «تیرۆرکردنی دۆناڵد ترەمپ»، کە مشتومڕێکی زۆری نایەوە و دەستبەجێ دوای کوژرانی فەرماندەی «فەیلەقی قودس» قاسم سولەیمانی بڵاوکرایەوە. کارەکە لەم ئاستەدا نەوەستا، بەڵکو تاران بڕی سەد ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ بەرهەمهێنانی زنجیرەی منداڵان بۆ بە شەیتانکردن و شێواندنی وێنەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە نموونەی ئەو فیلمەی دوای ڕووداوی کوژرانی سلێمانی لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠)دا بەرهەمهێنرا٣٦.

بەشێوەیەکی گشتی ئێران دەسەڵاتی میدیایی خۆی وەك سەکۆیەك بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی زیاتر و سەرلێشێواندنی نەیارەکانی بەکاردەهێنێت، بەتایبەتی دەوڵەتانی کەنداو. لەکاتێکدا شەڕێکی میدیایی درێژخایەن لەنێوانیاندا هەڵگیرسا، کە تیایدا هەردوولا چەندین شێوازی پڕوپاگەندە و میدیایی جۆراوجۆریان بەکارهێنا، تاران بە ئامادەبوونی چڕ و پڕی لە ڕێگەی تۆڕی پەخشی تەلەفزیۆنی عەرەبییەوە دەریخست ئەو شێوازی پڕوپاگەندەیەی گرتویەتیەبەر، بە تەماحی فراوانخوازانە، هیچی لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی دیپلۆماسی و سەروەری ئێران کەمتر نییە.

ئەم ئامادەییەی تاران بەم شێوەیە لە میدیاکاندا کە دەوڵەتانی ناوچەکەی بە ئامانج گرتووە، ئەو هەستی پاوانخوازییە ڕووندەکاتەوە کە بونیادی سیستمی سیاسی ئێرانی کۆنترۆڵ کردووە، کە بۆبەهێزکردنی هەژموونی خۆی لەناوچەکەدا وەکو مافێك دەیبینێت کە ڕەوایی لە بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ڕۆژئاواولە سەرکردایەتیکردنی پرۆژەی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا وەرگرتووە، کە هاوتەریبە لەگەڵ مۆدێلی ئایدۆلۆژیای شیعە کە دژی تەسلیمبوونە، هەروەکو تێزی ئێرانی بانگەشەی بۆ دەکات. لەکاتی شۆڕشی «ئیسلامییەوە» ئێران بانگەشە بۆ خۆی دەکات کە تەنها سایەی شەرعی تەواوی شیعەکانی ناوچەکەیە، ئەمەش ئەو خواستەی تێردەکات کە گەورەترین و تاکە نوێنەری هەموو موسڵمانانە. ئەم خواستە فراوانخوازییە کە بەسەر عەقڵی ئێرانیدا زاڵە، بەسەر ئەو کەناڵانەدا دەچەسپێت کە پشتیوانی لە پرۆژەی تائیفی لە ناوچەکەدا دەکەن.

لەڕێگەی چاودێریکردنی هەڕەمەکی گرنگترین کەناڵە میدیاییەکان کە ئاڕاستەی ناوچەکە دەکرێن، دەکرێ سەدان کەناڵ بژمێردرێن کە پاشخانی تائیفی و سیاسی ئێرانیان هەیە، جا لە ناوخۆی تارانەوە یان لەڕێگەی بریکارەکانیەوە لە دەوڵەتە عەرەبی و ئەورووپیەکاندا پەخش بکرێن، کە ژمارەیان (٨٥) کەناڵەو پەیوەستن بە ئایدۆلۆژیای سیاسی و ئایینی ئێرانەوە. لەماوەی چل و دوو ساڵی تەمەنی ڕژێمەکەدا، ئەم

کەناڵانە بەشداربوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتی میدیایی و پڕوپاگەندەی سیستماتیکدا کە ژینگەی ناوچەکە بە تایبەتی دەکاتە ئامانج، بەو پێیەی زیاتر سەرنجیان لەسەر: بانگەشەکردنە بۆ هاوکاری و وابەستەیی ڕژێمە عەرەبییەکان بە ڕۆژئاواوە، بڵاوکردنەوەی تۆوی ململانێی تائیفی بە گومانکردن لە ئیسلامی سووننە، زەمینە سازکردن بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە، برەودان بە پرۆژەی فراوانخوازی ئێران لە وڵاتانی ناوچەکەدا، بازرگانیکردن بە دۆزی فەلەستینەوە.

لەڕاستیدا، پێدەچێت ئەم کەناڵانە بەردەوام لەزیادبووندا بن، بەتێپەڕبوونی کات ئەم کەناڵانە لە ناوەندی کۆمەڵایەتی سووننەدا دەبنە خاوەنی جەماوەر و توانا، وەکو کەناڵەکانی (المیادین، ئای فیلم، العالم، فدك، هودهود، تەها، الكوثر...تاد)، بەبێ پشتگوێخستنی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی ناوخۆیی شیعە کە لقێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی پێکدەهێنێت کە ناتوانرێت تێپەڕێنرێت یان نکۆڵی لێ بکرێت، بەڵام ئەوپڕوپاگەندەیەی کە لە ڕێگەی هەندێك میدیاوە ئاڕاستەی ناوچەکە دەکرێت، هێشتا بە بیرۆکەی «ئێمە و ئەوی دیکە» تێردەکرێت. کەناڵی (فدك) بە مۆدێلێکی نموونەیی بۆ ئەم جۆرە پڕوپاگەندە تائیفیە دادەنرێت کە بەرمەبنای گوتاری ڕق لێبوونەوەیە. بۆیە ئەوەی لەم میانەیەدا بەلای ئێمەوە گرنگە لایەنی تائیفیە کە لە زۆرێك لە ئەزموونە میدیایەکاندا دەیبینین.

بە ئاسانی دەستڕاگەیشتن بە پڕوپاگەندەی ئێرانی لە ڕێگەی میدیای جۆراوجۆرەوەکانەوە، مەرج نییە بە شێوەیەکی میکانیکی و ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی پشتیوانیکردنی پرۆژەی ئێران لە ناوچەکەدا، بەڵام ڕەنگە لە غیابی هەماهەنگی لایەنی دژبەری ئەم پرۆژەیە ببێتە هۆی دەرئەنجامی نەخوازراو، هەروەها لەدەستدانی خاڵی زیاتر لە نیشاندەرەکانی متمانە لەنێوان هاووڵاتیان و ئەکتەرە سەرەکییەکاندا (وەك سیاسەتمەداران، میدیاکاران، پیاوانی ئایینی و ناوەندەکانی توێژینەوە)دا، لەوێشەوە کاریگەری دانان لەسەر ئاڕاستەکانی ڕای گشتی عەرەبی، لەنێویاندا پشتیوانیکردنی ناڕاستەوخۆی هەڵوێستە سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینیەکانیش، هەڵوێستگەلێك کە ڕەنگدانەوەی خواستە پڕوپاگەندەییەکانی ئێرانن. سیاسەتی «بەخێوکردنی پڕوپاگەندە»ی تاران لە میدیای جۆراوجۆردا، چ لە ڕێگەی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت، بۆ دروستکردنی تۆڕێکی هاوسەنگ و بزۆزسوودێکی نموونەیی یان تاکتیکی پێدەبەخشێت، تاوەکو بە شێوەیەکی نەرم و نیان بە هەموو ئاڕاستەکاندا بجووڵێت و هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بکاتە ئامانج.

بۆ تەواوکردنی دیمەنی پڕوپاگەندەی ئێران لە ناوچەکەدا، دەبێت باس لە تۆڕەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش (سۆسیال میدیا) بکەین، کە فەزایەکی گونجاوە بۆ بووژاندنەوەی سیاسەتی «بەخێوکردنی پڕوپاگەندە» کە ئێران کردویەتی بە ڕێبازێك بۆ بەهێزکردنی هەژموونی هەرێمی خۆی، لەکاتێکدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە دەرفەتێك بۆ خومەینییەکان بۆ پەلهاویشتنی زیاتر لە ناوچەکەدا، هەروەها بەلای ئۆپۆزسیۆنیشەوە دەبێتە ئامرازێکی دەربازبوون ئەگەرڕێژەیش بێت لە کۆنترۆڵی چاودێری

سەپێنراو لەلایەک، پاشان لە قۆرخکاری «دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن» بەسەر سەرچاوەکانی پەخشدا لەلایەکی ترەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتداران بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو پێگانە قەدەغە دەکەن کە لەگەڵ ئاراستە گشتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیدا بە نەگونجاوی دەزانن. وەکو ماڵپەڕە ناحەزەکان بە بەها ئیسلامییەکان و ڕۆحی شۆڕش.

ئێرانییەکان بەزۆری پێیان باشە لەڕێگەی ئینتەرنێت و وێستگە بیانییەکانەوە بەدواداچوون بۆ هەواڵەکان بکەن، دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەکارهێنانی سەتەلایت قەدەغەکرا، نزیکەی (٧٠٪) ئێرانییەکان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، ئەگەر بەشێوەیەکی نایاسایش بێت، سەرباری بلۆککردنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، وەکو سەکۆکانی «یوتیوب»و «فەیسبووک»و «تویتەر»و «تیلیگرام»وسەکۆکانی دیکە. ملیۆنان هاووڵاتی بەکاریاندەهێنن، بە چالاکوانان وئۆپۆزسیۆنیشەوە کە لەڕێگەی شکاندنی فیلتەرەکانەوە (وەکو گۆڕینی VPN) خۆیان دەگەیەننە ماڵپەڕە قەدەغەکراوەکان. هەروەک گرنگترین بەرپرسانیش پەڕەی تایبەتیان لە «فەیسبووک» و «تویتەر» هەیە ٣٩.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا کە ژینگەی ئینتەرنێت بەسەر دیمەنی میدیایی و بەسەر سیاسەتی پڕوپاگەندەی ئێرانیدا سەپاندویەتی، تێبینی ئەوە دەکرێت کە تاران چۆن هەوڵدەدات بەپێی توانا و بەتوندکردنەوەی چاودێری و خنکاندنی ئازادییەکان و کۆنترۆڵکردنی ڕۆیشتنی زانیارییەکان لەڕێگەیەوە، کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا بسەپێنێت، لە هەمانکاتدا پەیڕەوی لە سیاسەتی شێواندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختەوزانیاری ناڕاست دەکات. کۆمەڵێك سەکۆی دیجیتاڵی وەك ”تویتەر“ و ”فەیسبووك“ پێشتر تۆڕە ئێرانییەکانیان قەدەغەکردبوو، کە بە ئامانجی برەودان بە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئێران، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست تێوەگلابوون.

بەلای ئێرانەوە لە سیاسەتی ناوخۆیی ودەرەکیدا، کۆنترۆڵکردنی زانیارییەکان تەوەرێکی ناوەندییە. ئێران خۆی بە تێوەگلاو لە شەڕی زانیاری هەمیشەیی لەدژی هێزە عەرەبیە سوونەکان، لەدژی هێزە داگیرکەرە نوێیە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەمریکا دەزانێت. ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئێران پێیانوایە ئەگەر جەنگی زانیاری بدۆڕێنن، ئەوا ڕوخانی دەوڵەتەکەیان دەبێتە حەتمی. بەگوێرەی ئەم بڕوایەش ئێران گەشەپێدانی تواناکانی پەخشکردنی دیجیتاڵی کردۆتە پێشینەی کارەکانی، کە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە بە ئاسانی ناتوانرێت بە ئامانج بگیرێن.

لەپێناوی هەژموونکردن بەسەر زانیاریدا، تاران لە ساڵی (٢٠١٠)هوە دەستیکردوە بە دامەزراندنی سوپایەکی ئەکاونتی دیجیتاڵی لە سەکۆ دیجیتاڵییە جۆراوجۆرەکانی وەکو «فەیسبووك»و «تویتەر»دا کە بە «بوکەڵەی گۆرەوی: (Sockpuppets)» ناسراوە. کاتێك ئەمریکاو ئێران دەچنە قۆناغی دانوستانەوە، ژمارەی ئەو ئەکاونتانە بێشومارزیاد دەکەن، کە بۆ شێواندنی ڕای گشتی و برەودان بە پێشنیارەکانی ئێران

بەکاردەهێنرێن، زۆرجار ئەمە لەژێر پەردەی ڕاپۆرتی میدیا ناوخۆییەکاندا دەکرێت. تا ساڵی (٢٠٢٠) زیاتر لە (٢٢٠٠) ئەکاونت دەستنیشانکراون کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر شەش ملیۆن بەکارهێنەری «فەیسبووك» هەیە، لەکاتێکدا سەکۆی «تویتەر» نزیکەی هەشت هەزار ئەکاونتی دەستنیشانکرد کە بەرپرسن لە نزیکەی (٨,٥) ملیۆن نامە٤٠.

لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵێك لە توێژەران لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە ساڵی (٢٠١٩) توێژینەوەیەکی شیکارییان لەبارەی نزیکەی (٧٧٠) ئەکاونتی ئێرانی ساختە لەسەر سەکۆی «تویتەر» کردووە، کە لە ساڵی (٢٠١٨)دا قەدەغەکران. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی عەرەبی لە «تویتەر» ئامانج لێی پەیوەندیکردن لەگەڵ بەکارهێنەرانی عەرەبدا نییە، بەڵکو برەودانە بە پێگە دیجیتاڵی و میدیاییەکانی دیکەی ئێران. توێژینەوەکە بۆی دەرکەوتووە کاریگەری پڕوپاگەندەی ئێرانی لە سەکۆی «تویتەر»دا بە بەراورد بە «فەیسبوك» و «ئینستاگرام»و «یوتیوب» بە سنوورداری دەمێنێتەوە. سەرباری سنوورداری کاریگەرییەکەی، بەڵام پڕوپاگەندەی ئێرانی کە ئاڕاستەی بەکارهێنەری عەرەبی دەکرێت برەو بە گوتاری ئێران لە ناوچەکەدا دەدات، لەنێویاندا بەرەنگاربوونەوەی شانشینی سعودییەو ماڵباتی پادشایەتی، لەبەرامبەردا پشتگیری لە بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا و حوسیەکانی یەمەن دەکات.

بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی زیاتر لە (٢٣) هەزار هاشتاگ بە زمانی عەرەبی، توێژینەوەکە گەیشتووە بە بوونی پەیوەندییەك لەنێوان بەکارهێنەرانی ئەم هاشتاگانە و ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە تارانەوە هەیە، لەنێو هاشتاگە زۆر بەربڵاوەکاندا لە پلەی یەکەمدا هاشتاگێکی دژی شانشینی سعودییە دەبینین، لەلایەن (#Anti Saudi Arabia)، پاشان بە پلەی دووەم یەمەن دێت بە هاشتاگی (#المسیره – عاجل/ #الیمن)، سوریا سێیەم بوو بە هاشتاگی (#سوریا)، عێراق چوارەم بوو بە هاشتاگی (#عێراق)، فەڵەستین پێنجەم بوو بە هاشتاگی (#فەڵەستین)، لیبیا شەشەم بوو بە هاشتاگی (#لیبیا - المختار)، بۆ پاساودانی ئەم هاشتاگانەش دەزگای پڕوپاگەندەی ئێران کاریکردووە بۆ بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر، لەوانەش خۆدزینەوە لە شێوازو خەسڵەتی دامەزراوە هەواڵی و سیاسییەکان، لە ماڵپەڕی کەسایەتییە گشتییەکان، لە میدیاکاران و چالاکوانانی مافی مرۆڤ و سیاسەتکاران و پیاوانی ئایینی، سەرباری بەکارهێنانی زمانی عەرەبی کەمتر فەرمی (شێوەزارە عەرەبییە ناوچەییەکان) لە هەموو تویتەکاندا٤١.

ئەم شێوازانەی کە بەکارهێنراون بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا یەکەمینەکانی بووژانەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا، بەو پێیەی عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵا لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بەڕاشکاوی داوای پەرەپێدانی ناوەڕۆکی ئێرانی لە ڕێگەی دیجیتاڵ میدیاوە کردبوو، بەراوردی کردبوو بەوەی: «پەرەپێدانی ناوەڕۆك بریتییە لە کاریگەرترین چەکی نێودەوڵەتی لەدژی نەیارانی بیانیمان». بنیاد لەسەر ئەم بانگەوازە، لە ساڵی (٢٠١١) دەستەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن حەوت کەتیبەی ئەلیکترۆنی لە شارەزایانی ڕاگەیاندن و پسپۆڕان دروستکرد کە لە (٨٤) هەزار ئەندام پێکدێت، تایبەتمەندن بە پەرەپێدانی ناوەڕۆکی

ئێرانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا٤٢.

لە ساڵی (٢٠١٨)دا «یەکێتی نێودەوڵەتی میدیای ئەلیکترۆنی (IUVM)» سەر بە ئێران ڕایگەیاند نیازی ئەوەیان هەیە کە ببنە گەورەترین تۆڕی میدیای ئەلیکترۆنی لە جیهاندا، بەجۆرێك «لەگەڵ بەها پتەوەکانی ئێران بۆ بەرگریکردن لە گەلانی ستەملێکراوی جیهان بگونجێت»٤٣. تۆڕەکە لە کۆمەڵەیەکی زەبەلاح پێکدێت، هەوڵدەدەن کاربکەنە سەر بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت و لەپشت هەڵمەتێکی گەورەی چەواشەکاری میدیاییین، بەرهەمەکانیان بە زیاتر لە (١١) زمانی جیهانی بڵاودەکەنەوە، بایەخ بە دروستکردنی بابەت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەدەن، وەکو خزمەتگوزاری هەواڵی بەپەلە و بڵاوکردنەوەی ئەپلیکەیشنی مۆبایل، بەرهەمهێنانی وێنەی ئەنیمەیشن و کاریکاتێری تەنز ئامێز، بابەتی ئایینی و جۆرەکانی تری پەیوەندی، بە ئامانجی بانگەشەکردن بۆ سەکۆی میدیا ئێرانییەکان، لەنێویاندا بەڕێوەبردنی هەڵمەتی سیستماتیکی زانیاری چەواشە و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە، بەو جۆرەی خزمەت بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئێران دەکات. بەهۆی سروشتی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان و ژێرخانی جیۆپۆلەتیکییەوە، ئەم دیدگایەی «خامنەیی» دیدی تاران بۆ ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی دەردەخات، چونکە ئامرازێکی ستراتیژی هاوتەریبە. یەکێك لە توێژەرانی «ناوەندی ئەنجومەنی ئەتڵەسی» دەڵێت: «وەك بڵندگۆیەکی گەورە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی ڕژێمی ئێران خزمەت دەکات»٤٤.

هەموو ئەم دیمەنانە کە دەتوانرێت بە ئاسانی لە سۆشیال میدیادا ببینرێن و دەستیان پێ بگات، نیشانی دەدەن کە ئێران چۆن سەیری ئامانج و ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکانی دەکات، جا چ بە زیادەڕەویکردن لە قەبارەی تاران وەك میحوەری بەرخۆدان (موقاوەمە) لە ناوچەکەدا، یان زیادەڕەویکردن لە قەبارەی دەستێوەردانی دەرەکی، هەروەها بە شەیتانکردنی سعودییە و هاوپەیمانە عەرەبەکانی. ئەوەش هەمان ئەو پرۆسەیەیە کە لە پەخشی میدیای فەرمی یان لایەنگری تارانیشدا دەبینرێت، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا.

بەکورتی، هەموو ئەم میکانیزمانەی پەیوەندیکردن، چ دیجیتاڵی بێت یان بیستراو و بینراو، دواجار ئامانجی یەکەمیان پاراستنی دەسەڵاتە، پاشان پاراستنی هەژموون و پێشخستنی بەرژەوەندییەکانیەتی لەڕێگەی پاراستنی هاوپەیمانە تەقلیدییەکانییەوە، لەوانەش فراوانکردنی هەژموونی خۆی لەڕێگەی بەدەستهێنانی هاوپەیمانی نوێ، جا چ لەناو هەژموونی نەریتی تاران یان لەدەرەوەی خولگەی هەرێمیدا بێت، لەسەر حیسابی زلهێزە ناوچەییە کێبڕکێکارەکان لەگەڵیدا.

لەبەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کە ئاماژەمان پێدا، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە گوتاری میدیایی ئێران بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە چوارچێوەی تاکتیکی پڕوپاگەندەدا دەجووڵێت کە تۆڕێکی بەرفراوان لە پەیامی ئاڵۆزی سیاسی و ئایینی دادەمەزرێنێت، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەیش بێت لەگەڵ خواستەکانی جەماوەرێکی بەرفراواندا هاوتەریبە، بەدیاریکراوی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەش بە

قۆستنەوەی هەندێك لایەنی هەستە نەرێنییەکان کە ئێستا فەزای گشتی عەرەبی داگیرکردووە، وەکو ئاماژەدان بە لاوازی ئەدای حکومەت، دابەزینی متمانە و هۆکارەکانی تر. بۆ سەرکەوتنی ئەم تۆڕە، تاران کۆمەڵێك تەکنیکی وەك تەکنیکی «بوکەڵەی گۆڕەوی» و زیادکردنی بەکارهێنەرانی میدیا بەکاردەهێنێت، وەکو میکانیزمی ناوەندی لە ستراتیژییەتی کاریگەری میدیا و دروستکردنی ڕای گشتی، بەجۆرێك لەگەڵ ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیدا هاوتەریب بێت.

هەندێك پێیانوایە پڕوپاگەندەی سیاسی لەڕێگەی میدیا نەریتییەکانەوە کاتی نەماوە، بەهۆی ئەو وەرچەرخانە تەکنەلۆژییەی لە بواری پیشەسازی میدیا و بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی پەخشی کراوەو بە ئاسانی دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاریدا ڕوویداوە، بەڵام ئێران بە باشی ئاگاداری ڕۆڵە کلاسیکەکانی پڕوپاگەندەی نەریتییە، بەشێوەیەکی گشتی نەك تەنها بۆ گەیاندنی تێڕوانینی خۆی بۆ جیهان بەکاریاندەهێنێت، بەڵکو بۆ دروستکردنی جۆرێك لە هاوسەنگیە لەنێوان ئەو پەیامانەی کە تاران لە ناوخۆدا وەریدەگرێت، یان بۆ ناردنی بەرەو دەرەوە بەرهەمی دەهێنێت. هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتن بە پەخشی نێودەوڵەتی، قەدەغەکردنی ماڵپەڕە دیجیتاڵییەکان، ناوزڕاندنی نەیاران لەسەر ئاستی ناوخۆ و پراکتیزەکردنی دیکە کە لەسەر بنەمای «تۆقاندنی ناوخۆیی»یە، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕەوتی گوتاری ئۆپۆزسیۆنە لە ناوخۆ و دەرەوەدا، لەلایەکی دیکەوە پشت بە میدیای مانگی دەستکردی نەریتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت، نەوەکو تەنها بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەرڕاستگۆیی پەیامە میدیاییەکانی دژە تاران و شێواندنیان هەبێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بابەتە میدیاییەکانی ئێران لە فەزای گشتی عەرەبیدا زیاتر بەناوبانگتربێت، بەم شێوەیە بگاتە بەرزترین ئاستەکانی کاریگەری کە لە «چوارچێوەی لایەنگری»دا خۆی دەنوێنێت، واتە بە هاندانی وەرگر بۆ هاوسۆز بوون لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی بە تۆڕی پەیام و بابەتەکانەوە پەیوەستن کە خۆی لە ناوەندی پڕۆسەی پڕوپاگەندەی ئێرانیدا دەبینێتەوە، دەرئەنجامی چاوەڕوانکراویش ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ئۆتۆماتیکی وەرگر هاندەدات تاوەکو بکەوێتە داوی برەودان بە پڕوپاگەندەی ئێرانیەوە، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی ئاگاداری ئەوە بێت، ئەمەشمان لە یەکەم ساتەوەختی دەستپێکی شۆڕشی ئێران لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییە سوونەکاندا بینیوە، کە میدیاکانیان کردە ناوەندێك بۆ برەودان بە "ڕۆحی شۆڕش"، بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەو مەرجەکانی بەرهەمهێنانی ئەم کارە پڕوپاگەندەییە.

## پوختە

ئێران لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، لە سایەی سیاسەتە پڕوپاگەندەییەکانیدا توانیویەتی گێڕانەوەی سیاسی و تائیفی خۆی بەرەوپێش ببات. توانیویەتی بەسەر گۆڕەپانی سیاسی و ڕاگەیاندن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ بێت. بەبێ گوێدانە هەموو ئاماژەکان و بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامە جیاوازەکانی بەدەستهاتوو لە بوارەکەدا، هەروەها بەهۆی خێرابوونی ڕەوتی گۆڕانکارییە جیۆسیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و فراوانبوونی خولگەی جوگرافیی بەئامانجگیراو، دەرەنجامێکی بنەڕەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە دەرکردنی حوکمێکی ڕاشکاوانە یان ڕێگەپێنەدراو سەبارەت بە ئاستی کاریگەری و ڕادەی چالاکی پڕوپاگەندەی ئێرانی بابەتێکە زۆر بەرێژەیی دەمێنێتەوە. لەڕاستیدا ئەم جیاوازییە لە ئاستەکانی کاریگەری، بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی دروستکردنی کاریگەری و پرۆسەی هاتنە ناوەوەی ئایدۆلۆژیای ئێران بۆ ناو فەزای گشتی عەرەبی و ئیسلامی، لەپێناوی پەرەپێدانی میکانیزمەکانی چاودێری، بەدواداچوون و هەڵسەنگاندندا.

لەڕاستیدا لانیکەم سێ دیدگای بنەڕەتی بۆ پێوانەکردنی ڕادەی کاریگەریی هەیە، بەبێ گوێدانە هەوڵەکانی تاران بۆ بەرزکردنەوەی خۆی وەك بەدیلێکی پێشەنگ بۆ جیهانی ئیسلامیی، لەوانە دزەکردنە ناو سەروەریی دەوڵەتان یان بەهێزکردنی هەژموونی خۆی. دیدگای یەکەم پێمان دەڵێت کە سەرکەوتنی پڕوپاگەندەی ئێران زۆر بەڕوونی پەیوەستە بە شکستی هێزە هاوسەنگکەرەکانی ناوچەکە، لەدەستدانی متمانەی ئەکتەرە سەرەکییەکان (سیاسەتمەداران، میدیاکاران، کەسایەتییە ئایینییەکان)، بۆشایی چاوەڕوانکراوی ئەو دۆخەش، دەروازەیەکی سەرەکییە بەرەو وروژاندنی هەستی ساختەی بەرەنگاری لەسایەی بڵاوبوونەوەی هەستی ناڕازیبوون و ناڕەزایی گشتیدا، بەتایبەتی کە ئێمە لەبەردەم گوتارێکی پڕوپاگەندەداین کە هەمیشە خۆی وەك لایەنێکی بێلایەن بۆ ئەوانی دیکە نمایشدەکات، هەروەها خۆی وەکو پشتیوانی بەسەرهاتی کۆمەڵگە چەوساوەکان/ستەملێکراوەکان پیشاندەدات، لەکاتێکدا وێنەیەکی شێواوی ڕکابەرە سەرەکییەکانی دەگوازێتەوە، وەکو پێشتر باسمانکرد.

سەبارەت بە دیدگای دووەم، بریتییە لە زانینی ئەوەی میدیا ئێرانییەکان دەیانەوێت لەبارەی خۆمانەوە چیمان پێ بڵێن، ئێمە لە ڕوانگەی پڕوپاگەندەی ئێرانەوە کێین؟ سەرقاڵبوون بەم جۆرە پرسیارە ڕێنماییکارانە بەسە بۆ دەستنیشانکردنی هەندێك وەڵامی سەرەتایی، کە لە بەرامبەردا پێویستی بە تۆڕێکی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵناسیانە هەیە کە پەیوەندی بە نوێنەرایەتییەکانی تاکەوە هەبێت سەبارەت بە نیشتمانەکەی، پاشان سەبارەت بە ئێران و ئەو پرسانەی پشتیوانی لێدەکات. پاشان دەتوانین ڕادەی کاریگەری و دزەکردنی ئایدۆلۆژیای ئێران لە فەزای گشتی ناوخۆییدا ئاشکرا بکەین، لەوانەش پێوانەکردنی پلەی ئەگەری کەمیی یان لاوازی پڕوپاگەندەی دژبە دەستدرێژی ئێران بۆ ناوچەکە.

دیدگای سێیەمیش، بریتییە لە تێگەیشتن لە پڕوپاگەندەی ئێران، لە سەرەتای دەستپێکردنی

دروستبوونی "میحوەری خۆڕاگری"یەوە وەك میکانیزمی تەیارکردنی سیاسی، بۆ بەردەوامبوونی هەژموونی هەرێمی خۆی پشت دەبەستێت بەڕادەی بەدەستهێنانی هاوپەیمانی نوێ، چ لە ناوچە نەریتیەکەیدا بێت یان لە دەرەوەیدا، بۆیە درێغی ناکات لە پاڵپشتیکردنی میلیشیاکان و دەستدرێژیکردنە سەرئەو ناوچانەی کە وا دەردەکەون لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە پەراوێزخراون، یان باشتر بڵێین هیچ گرنگییەکی ستراتیژی بۆ ئەوان نییە، بۆیە تاران پەرەی بە دەزگای پڕوپاگەندەی میدیایی خۆی داوە تاوەکوزۆربەی ناوچەکانی جیهان بگرێتەوە، لەوانەش ڕۆژئاوا و باکوورو ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، جگە لە ئەمریکای لاتین و هەندێك وڵاتی ئاسیا.

دەزگای پڕوپاگەندەی ئێران خاوەنی بونیادێکی فراوان و فرەلایەنە، هاوشێوەی ئەندامەکانی ئەکتۆپوس، بەو پێیەی میدیاکانی ئێران تەنها لە ئاستی هەواڵەکاندا سنووردار نییە، بەڵکو ڕکابەری تۆڕە میدیاییە نێودەوڵەتییە گەورەکانی پێدەکات، لە پیشەییترین ئاستەکانیدا لە گرنگی پیشەسازی میدیا تێگەیشتووە. زۆر بەکورتی، فەرامۆشکردنی ئەم پەلهاویشتنە ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە ڕێگەیەك بۆ تێکدان و کۆنترۆڵکردنی ڕکابەرە ناوچەییەکانی.

**مجلة الدراسات الإيرانية •السنة السادسة • العدد السادس عشر• أكتوبر٢٠٢٢ م**

## پەراوێز

(١) الخطاب الإعلامي الإيراني وصناعة التأثيروالنفوذ في العالم العربي، مجلة الدراسات الإيرانية، دراسات وأبحاث علمية متخصصه، السنة السادسة – العدد السادس عشر – أكتوبر٢٠٢٢ م

## المراجع والمصادر

١- سُس وإستراتيجيات الدعاية الإيراني.ة في المغرب، )دبي: مركز المسبار للدراسات عبد الحكيم أبو اللوز، ياسين بوشوار، أوالبحوث، الكتاب ١٤٠ ، أغسطس ٢٠١٨ م(، ص ١٧٥ .

٢- محمد ضريف، الحقل الديني المغربي، ثلاثي.ة السياسة والتدين والأمن، )الرباط: منشورات المجلة المغربي.ة لعلم ا لاجتماع السياسي، ٢٠١٧ م(، ص ٢٦٤ .

٣- وأنتم يا علماء المسلمين يا ملح الأرض، يا أيها الناعسون، أنتم أهل الحق فتكلموا، وإن العمامة أعاد إليها مجدها إخوانكم في إيران... انظر: مجلة الجماعة، العدد الأول، السنة الأولى، جماعة العدل والإحسان، ) ١٩٧٩ م(تاريخ ا لاطلاع: ١٥ أغسطس ٢٠٢٢ م، https://bit.ly/3TiJoU

٤- عبد الحكيم أبو اللوز، تحولات الموقف المغربي الرسمي من التشييع ٢٠١٤ - ١٩٨١ م، من كتاب «إيران ودول المغرب.. المسألة الشيعية »، كتاب رقم ١١٥ ، )دبي: مركز المسبار للدراسات والبحوث، يوليو ٢٠١٦ م(، ص ٤٠ .

٥-ياسين بوشوار، جمال صيفي، تحولات الموقف التونسي من التشيع ٢٠١٦ - ١٩٨١ م، من كتاب «إيران ودول المغرب.. المسألة الشيعية »، كتاب رقم ١١٥ ، )دبي: مركز المسبار للدراسات والبحوث، يوليو ٢٠١٦ م(، ص ١٤٥ .

(6) Haggai Ram, Multiple Iconographies: Political Posters in the Iranian Revolution, In: Picturing Iran: Art, Society and

Revolution, Shiva Balaghi , Lynn Gumpert (Eds), (London: IB Tauris, 2002), p 90.

(7) The University of Chicago, The Graphics of Revolution and War: Iranian Poster Art, 2011, Accessed on: 12. August 12, 2022, https://bit.ly/2Hj9xBm

(8) Guide to the Middle Eastern Posters Collection 1970s-1990s, the University of Chicago, 2010, Accessed on: August

12, 2022, https://bit.ly/3dEMql3

(9) Haggai Ram, Multiple iconographies: Political posters in the Iranian Revolution, op. cit., p 90.

١٠- عبد الحكيم أبو اللوز، تحولات الموقف المغربي الرسمي من التشييع ٢٠١٤ - ١٩٨١ م، ص ٣٩ ..

١١- من الأساليب التي اعتمدتها إيران في هذه الحرب نشر الأخبار المضللة والمزيفة، إذ عمدت إلى تجاهل الحديث عن الخسائر الميداني.ة التي لحقت بها، في مقابل تضخيم خسائر الخصوم. كما تمكنت الأجهزة الإيراني.ة من اختراق نظام التليفزيون العراقي، والبث على قناتين السابعة والثامنة العراقيتين حينما ينتهي البث العراقي عليهما، وإعداد برامج خاصة بالمناسبات الشيعية، واستخدام الأغاني الحماسية باللغة العربي.ة مثل نشيد «الله واحد.. خميني قائد ». انظر: نهال عمر الفاروق، الدعاية الشيعية: من سرداب الإمام إلى عرش الفقيه، )القاهرة: العربي للنشر والتوزيع الطبعة الأولى، ٢٠١٧ م(، ص ٥٩ . وبعد سقوط نظام صدام حسين حاولت إيران وضع اليد

على العراق من خلال دعم الحواضن الشيعية الموالية لها من جهة، والميليشيات العسكرية المناهضة للوجود الأمريكي من جهة أخرى، وذلك بكل الوسائل الممكنة سياسيا، وعسكريا، وماليا، ودينيا، وإعلاميا.

١٢- وقائع فناك، الإعلام في إيران، ) ١٥ مايو ٢٠١٧ م(، تاريخ الاطلاع: ٠٥ أغسطس ٢٠٢٢ م، https://bit.ly/3AK-d3hH

١٣- حسام ميرو، الإعلام الإيراني وخطابه تجاه دول الخليج العربي، )الدوحة: مركز حرمون للدراسات المعاصرة، ٢٠١٧ م(، ص ٧.

(14) Media Landscapes, Iran, European Journalism Centre, Media landscapes Expert Analyses of the State of Media, (2021), Accessed on: August 11, 2022, https://bit.ly/3Aq5RWL

١٤- مراسلون بلا حدود، الانتهاكات الراهنة.. حالة إيران، تاريخ الاطلاع: ١٢ أغسطس ٢٠٢٢ م، https://bit.ly/3Cl4R8R

١٥- مراسلون بلا حدود، حالة إيران، تاريخ الاطلاع: ٠٥ أغسطس ٢٠٢٢ م، https://bit.ly/3Kbjo92

١٦- العربية، رسم يغلق صحيفة.. يد خامنئي فوق أرقام الفقر في إيران، ) ٠٨ نوفمبر ٢٠٢١ م(، تاريخ الاطلاع: ١١ سبتمبر ٢٠٢٢ م، https://bit.ly/3wujcvV

17- Iran International, Iran International TV Most Popular News Channel In Iran, Poll Shows, Iran International, (April 04, 2021), Accessed on: Sep. 12, 2022, https://bit.ly/3Q6bfnD

١٨- إيران إنترناشيونال، صحيفة إيرانية: «إيران إنترناشيونال» أكثر وسائل الإعلام الأجنبية تأثيرا في الشارع الإيراني، ٠٩ أغسطس ٢٠٢٢ م(، تاريخ الاطلاع: ١٩ أغسطس ٢٠٢٢ م، https://bit.ly/3D1PmTN

20-Matthew Moore, Iran Tries to Silence BBC Persian by Harassing Journalists’ Families, The Times, (Nov. 18, 2017), (2) Accessed on: Sep. 12, 2022, https://bit.ly/٣RsHApL

(21) Marc Horne, BBC Adds to Accusations of Intimidation, The Times, (May 15, 2019), Accessed on: Sep. 12, 2022, https://bit.ly/3wM7wot

٢٢- إيران إنترناشيونال، «إيران إنترناشيونال» أكثر وسائل الإعلام الأجنبية تأثيرا في الشارع الإيراني.

(23) Marc Horne, BBC Adds to Accusations of Intimidation, op. cit.

(24) Orwellian State: Islamic Republic of Iran’s State Media as a Weapon of Mass Suppression ; Country: Iran, (International Federation For Human Rights (FIDH), 2020), P 17.

٢٥- إيران إنترناشيونال، المرشد الإيراني يدعو إلى الجهاد لمواجهة «الغزو الإعلامي» ويؤكد: النظام يتعرض لهجوم مركب، ) ٠٢ أغسطس ٢٠٢٢ م (، تاريخ الاطلاع: ١١ أغسطس ٢٠٢٢ م، https://bit.ly/3e1VWy

# ئایندەی جووڵانەوە و نارەزاییەکانی ئێران
# لە بەردەم شکست و بەردەوامیدا

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

■ ژیلوان لەتیف یارئەحمەد



ئەو نائارامییەی کە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو بە ڕێبەرایەتی ژنان، ئێرانی گرتووەتەوە، لە بنەڕەتدا پەیوەندی بەو ئەنجامانەوە هەیە کە لە شۆڕشی ئێراندا ئامانجەکانی سەرپێ کەوت، لە نموونەی بەدیهێنانی ئەو گۆڕانە هەمەلایەنانەی کە لایەنگرانی بیروڕای دیموکراسی هەوڵیان بۆدەدا، بەڵام نەخشی ڕۆحانی و تەریقەتگەرایی دامەزراوەی شیعە بەهۆی ڕێکخراویی و ئامادەییە پێشوەختەکەی، جڵەوی شۆڕشەکەی گرتە دەست، سیستەمی حوکمڕانی تیۆکراتیکی دامەزراند، لەسەربنەمای ئەم پاشخانە مێژووییە دوایین شەپۆلی نارەزایەتییەکان لە بنەڕەتدا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئامانجە تەواونەکراوەکانی ئەو شۆڕشە، بەڵام ئایا دەتوانێت سەرکەوتوو بێت؟ لە کاتێکدا پۆلیسی ئەخلاقی ئێران، کە بەرهەمی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانە، ئەرکی کۆنترۆڵکردنی پۆشاك و ڕەفتارەکانی پێسپێردراوە، بەڵام بە مردنی «مەحسا ئەمینی»، کە لە مانگی ئەیلولدا لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقەوە بە تۆمەتی پابەند نەبوون بە یاسای جل و بەرگی ناچاری ژنان دەستگیرکرا.

لەگەڵ ئەوەشدا، تورەیی قووڵ و هەستپێکراو لە ئێراندا هەیە لەبارەی بەئیسلامیکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت زیادبوونی هەستیاریەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر پۆلیسی ئەخلاقی ئێران، کە گریمانەی بەردەوامی نارەزایەتی لە ئێراندا تاو دەدەن، تەنانەت کاتێک (سەرپۆش) لە ساڵی ١٩٨٣دا کرایە ناچاری، لەو ڕۆژگارەوە پرسی کۆمەڵایەتی و تۆوی نارەزایەتی و هەستیاری لەنێو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا پشکوت، بەجۆرێك سروشتی نارەزایەتییەکان کە لەو کاتەوە بەردەوامە و لە ئایندەشدا ڕاناوەستێت.

«ڕۆلا»، چالاکوان و توێژەری سیاسی ئێرانی دەڵێت، لەوەتەی ئیبراهیم ڕەئیسی لە ساڵی ٢٠٢١ بووەتە سەرۆككۆمار، ئاستی نارەزاییەتییەکان بە ئەندازەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە پۆلیسی جلوبەرگی ژنان و هەڵوێستەکانی نیگەرانییەکانی پترکردووە. هەروەها «شادی شار»، پارێزەری مافی مرۆڤی ئێرانی دەڵێت: (بۆ دەیان ساڵە ئێرانییەکان سەرمایەگوزارییەکی زۆریان لەو بیرۆکەیە دەکرد کە سەرکردە ڕیفۆرمخوازەکان بەڵێنیان پێدەدان کە بارودۆخەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام هیچ ڕووینەدا ... پەیامەکە ئێستا بە دەنگێکی بەرز و ڕوونە، کە ئەگەری بەردەوامی بۆهەمیشە لێ بەدی دەکرێت).

سەرباری ئەوانە، ئێران بە زنجیرەیەك تەنگەژەی سیاسیی وکۆمەڵایەتییەوە پێی خستووەتە ناوسەرەتاکانی ساڵی ٢٠٢٣، بەجۆرێك ستراتیژ و ڕێبازە سیاسییەکەی، لەبەردەم گریمانەکانی بەردەوام بوونی نارەزاییە ناوخۆییەکان و خراپی ئاستی پەیوەندییەکان و قوڵبوونەوەی زیاتری ناکۆکیی و ململانێ سیاسییەکانیەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا، لە کاتێکدا نەیتوانیوە دەستبەرداری هەوڵەکانی ببێت بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی و زیادبوونی کاریگەرییە هەرێمییەکان لە پێناو پاراستنی نفوزی ناوچەییەکانی، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی دۆخە ئابوورییە خراپ و دارماوەکەی (نەخۆش)ەکەی.

ئەگەرچی کێشەی کڵپەسەندووی خۆپیشاندەدران و شێوازی نارەزاییە توندڕەوەکانی سەرشەقام

تا ئەندازەیەك چووەتە قۆناغی متبوون و سڵەمینەوە، بەڵام بەرەو دیمەنی کۆتایی و شکستی یەکجاری نەڕۆشتووە، بە پێچەوانەی پێشبینیکردنی هەندێك لە گریمانە سیاسییەکان، هەنگاوەکانی ئەم دواییە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە هێزو توانای شەقام لە قۆناغێکی تردایە بەجۆرێك کە بێ دەنگییەکانی ڕابرووی تێپەڕاندووە، دەشێ کاڵببنەوە بەڵام لەبن نەهاتووە، هەرچەندە وا پێدەچێت بەشێوەیەکی ڕووالەتی جموجوڵی شەقام سەربارى تایبەتمەندییە سیاسیی وکۆمەڵایەتییە توندڕەوەکانی، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە لە هەژاندنی بناغە دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامیی.

میتۆدی جیاوازوتایبەتمەندی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران نموونەیەکی نوێیە لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ بە ناوەڕۆکێکی سیاسیی، کە پرشنگدارترین خاڵی بەردەوامیی و خۆراگرییە، وەك ئەوەی پتر لە سەد ڕۆژ بەسەر تێپەڕبوونی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان لە سەرانسەری ئێران ڕۆیشت، بەڵام ناڕەزاییەکان پەرەیان سەندو بەشێکی بەرفراوانی ئەو وڵاتەی گرتەوە، ئەم ڕووداوە تایبەتمەندی جووڵانەوەیەکی نوێی نیشاندراین بەوەی ئێرانییەکان بە جیاوازی تەمەن، نەتەوە و ڕەگەزەکانەوە لە ئاستێکی فراواندا بەشداری خۆپیشاندانەکان بوون، ئەگەرچی ڕووخساری بنەڕەتی ناڕەزاییەتییەکان ئەو گەنجانە بوون کە بە هێزو توانایەکی نوێوە ڕژانە سەر شەقامەکان.

«ڕامیار حەسەن» وتەبێژی (ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ) دەڵێت: (ژنان ئەم شەپۆلە ناڕەزایەتییەیان دەستپێکرد، بەڵام لە نێو ژنان و داخوازییەکانیدا قەتیس نەبوو، سەرجەم چین و توێژە جیاجیاکان بەشدارییان کرد، ئەمەش بووە یەکەمین شێوازی بڕیاردان لەسەر بنەمایەکی کارکردنی پێکەوەیی و نیشاندانی ناڕەزایەتییەکی بەرهەڵستکارانەی یەککگرتوو)، لەمەوە دەگەینە ئەوەی بۆ یەکەمین جارلە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا لەدوای شۆڕشی ئیسلامییەوە، یەکڕیزییەکی ناوازەیە لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا هاتۆتە کایەوە بەجۆرێك هەمووان یەک دروشم دەڵێنەوە و داواکارییەکەیان وەک یەکە.

کەواتە بۆچی ناڕەزایەتییەکانی سەرەتای ئەمساڵی ئێران جیاوازن لە ناڕەزایەتیەکانی پێشوو؟

ئەوەی لە ناڕەزایەتییەکانی کۆتاییدا هەستپێدەکرا زۆر گەورەترو درێژخایەنترلە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٩، بەو پێیەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیان یەکخستووە، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٩ چینە هەژارەکانی کۆمەڵگە ناڕەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی، لە کاتێکدا نائارامییەکان لە ساڵی ٢٠٠٩دا زیاترلەسەر«پرسەکانی چینی ناوەند» بوو لە ساختەکاری لە دەنگەکاندا، بەڵام هۆکاری ئەم ناڕەزایەتییەی کۆتایی ئێران هۆکارەکەی سادەبوو، بەڵام ئاستی بە دەنگەوەهاتن و یەکگرتوویەکەی گەلەك زیاترە، بە تایبەت کە «ئەمینی» کچێکی ئاسایی بوو، خەڵکی شارێکی گەورە و چالاکوان نەبووە، هەر ئەمەش کێشە هەڵپەسێردراوەکانی پشت گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی لە سێبەردا دەرهێنان و بەرەو تەقینەوەی برد.

## نارەزایەتییەکان نموونەی چ فۆرمێکیان لە شێوازو ئاراستەکانیدا وەرگرتووە؟

نارەزاییەکانی پار ساڵی ئێران لە نموونەی بەرخۆدانێکی فرە جۆردا شێوەی گرتووە، بە جۆرێك نارەزایەتییەکی ئاشتیانەی دوور لە توندوتیژیان یاخود بەکارهێنانی توندوتیژیی تەواوەتی لە ئێراندا سەرێ کەوت، لە رووی فراوانی ئاستی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانە گەورەکانی سەرشەقامەکاندا، سەرجەم شارە گەورەکان و زۆرێك لە شارۆچکە بچووکەکان روویاندا، ژنان حیجابەکانیان سووتاندووە، بۆ دامرکاندنەوەی هەستیاری چەندین ساڵەیان سەما دەکەن و قژیان دەبرن، ئەم نموونانە لە ئێرانی ٢٠٢٣دا بە سانی بەرچاو دەکەون.

فۆرمی نارەزاییە بەرچاوەکەی ئێران نموونەیەك بوو لە ئاستێکی بەرفراواندا گوزارشتی لەخۆکرد، بەو شێوەیەی مانگرتن لە قوتابخانەکان و زانکۆکان و کەرتی نەوت بایەخێکی چەند هێندەیان بە ناوەرۆکی نارەزاییەتییەکاندا، قەبارەی مەزنی مانگرتنەکانی نیشاندا، لە هەمانکاتدا داخستنی دوکان و بازارەکان ئەو شێوە مانگرتنە کە ئەگەری چەندبارە بوونەوەیان لە ئایندەدا لێ بەدی دەکرێت، وەك مۆدێلێکی نوێی رووبەرووبوونەوە و دەربرینی نارەزایەتی.

نیشاندانی هەڵوێستی تیمی تۆپی پێی ئێران لە ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ لە جامی جیهانی قەتەرو ئامادە نەبوونیان بۆ گوتنەوەی سروودی نەتەوەیی وڵاتەکەیان، هاوکات هەڵوێستی هاندەرانی ئێران لە دەرەوەی یاریگاکان کە دروشمیان دژی رژێمەکە دەگوتەوە زیندووترین فۆرم و شێوازی نوێی نارەزایەتییەکان بوون کە پێشتر نموونەی نەبووە. لەگەڵ ئەوانەشدا، یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی وەك (ژن، ژیان، ئازادی)، دەستەواژەیەکە کە رەگ و ریشەی لە خەباتی رزگاریخوازی کورددا رسکاوە بە تایبەت کە لە بەرەکانی شەری سوریادا بە فراوانی و لە ئاستێکی گشتیدا بەکارهاتووە، ئەم خاڵە دەرخەری ئەو راستییەیە کە نارەزاییەتییەکان فراوانترن لەوەی حکومەتی ئێران پێشبینی دەکات، تەنانەت سنوورەکانی دەرەوەی ئێرانی بریوە، چونکە سەرباری ئەوەی لە ناوخۆی ئێران پێکدادانی توندوتیژروویدا و خۆپیشاندەران بە ئاشکرا بیناکانی هێزە ئەمنییەکانیان سووتاند، نارەزایەتییەکان پەریوە ئەورووپا وژنان لە ستۆکهۆڵمەوە تا ئەسینای پایتەخت بۆ نیشاندانی هاودەنگی لەگەڵ مانگرتووەکاندا هەڵوێستیان وەرگرت.

تایبەتمەندی و شێوازی نارەزایەتییەکانی ئێران لە شێوازو مامەڵەی هێزە ئەمنییەکاندا بە روونی هەست پێدەکرێت، لەمبارەیەوە (ئاژانسی هەواڵی چالاکی مافی مرۆڤی ئێران) کە بنکەکەی لە ئەمریکایە، تا مانگی کانوونی یەکەم ئاشکرایکردووە نزیکەی ٥٢٢ کەسی گیانیان لەدەستداوە کە ٧٠ کەسی منداڵ و چەند سەد کەس بریندار بوون، زیاتر لە ٢٠ هەزاردەستبەسەر، کە پێدەچێت ئەم ژمارانە زۆرزیاتر بن لەوەی حکومەت خۆی رایدەگەیەنێت، تا ئێستا زیاتر لە ٦٠ ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی کوژراون، هەروەها لە ناوچە کوردنشینەکان بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندەران، سەربازو چەکی قورس و ئۆتۆمبێلی سەربازیی

جێگیرکراون لە کاتێکدا لە ئێستادا مانگرتنەکان کپ بوونەتەوە، هەروەها بەڵگەی ناوەندە هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا بە (دۆشکە کالیبەر ٥٠ ) تەقە خەڵکی سڤیل کراوە بە تایبەت لە شارەکانی کوردستان، ئەگەرچی ئەم جۆرە چەکە بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچە جەنگییەکان بەکاردەهێنرێت، چونکە فیشەکەکانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ١٣٨ ملم دەبێت.


لەگەڵ ئەمانەدا، ڕژێمی ئێران دەوڵەتە بیانییەکانی وەک ئەمریکا کە بە «شەیتانی گەورە» ناوی دەبات، هاوشانی ئیسرائیل بە ورووژاندنی ناڕەزایەتی و مەترسی سەرهەڵدانەوەیان تۆمەتبار کردووە، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەک لەمبارەیەوە نەخستووەتەڕوو، هاوکات دادوەری باڵای ئێران لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ داوای کردبوو «توخمە سەرەکییەکانی ئاژاوەگێڕییەکان» سزای توندیان بەسەردا بسەپێنرێت و ڕایگەیاند بوو ئێستا کاتی ئەوە هاتووە «دووربکەونەوە لە نیشاندانی هاوسۆزی ناپێویست».

بەم هۆیەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، حکومەتی ئێران یەکەم خۆپیشاندەری بە تاوانی بەناو (بڵاوکردنەوەی گەندەڵی لەسەر زەوی) لەسێدارە دا، ئەمەش کاردانەوەیەکی توندی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام لەو کاتەوە چوار کەسی دیکە هەڵواسراون، هەرچەندە دەیان کەسی دیکە ڕووبەڕووی تۆمەت دەبنەوە کە سزای لەسێدارەدانیان لەسەرە. لەگەڵ ئەوەشدا، لێکەوتەکانی بەردەوامی جووڵانەوەکە، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە قەبارەی زیانە گیانییەکان گەلەك زۆرن، بەجۆرێك ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کە بنکەکانیان لە دەرەوەی ئێرانن و چاودێری  وردی دوا پێشهاتەکانی ئەووڵاتە دەکەن، هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە لە ماوەی بەردەوام بوونی ناڕەزاییە جەماوەرییەکانی ئەووڵاتەدا زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە کاتی نائارامیی وتێهەڵچوونەکاندا کوژراون، بەڵام ئەم قوربانییە مەزنە هێشتا نەبووەتە هۆی وەستاندنی یەکجاریی ناڕەزاییەتییەکان، لەبەردەم گریمانەی ئاکتیڤ بوونەوەدایە.

لەنێو ئەو باردۆخە ئاڵۆزەدا، دەکرێت بپرسین لە مانگەکانی داهاتووی ساڵی ٢٠٢٣ چاوەڕوانی چ دیمەنگەلێکی نوێ لەم تەنگەژە ناوخۆییەی ئێران بکەین؟

بە لەبەرچاوگرتنی پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ئێران دەردەکەوێت، کە ئەو وڵاتە لە لێواری گۆڕینی یەکجاری ڕژێمەکەیدا نییە، بەڵام ناتوانین ئەو سەرنجانە نادیدە بگرین کە خۆپیشاندانەکان بنچینەی پەیوەندییە باوەکانی هەڵتەکاندووە، بەگوتەی «سینا ئازۆدی» لێکۆڵیار لە (ناوەندی پەرەپێدان لە ئەنجوومەنی ئەتڵەسی)، ئاماژە بەوە دەکات، کە (ناڕەزایەتییەکانی ئەم قۆناغە بوونەتە هۆی گۆڕین و هێنانە کایەی ژێرخانێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و هاونیشتمانیانی، کە چی دی گەڕانەوە بۆ بەر لە ڕووداوەکانی پێش ناڕەزاییەکان دەچێتە خانەی باوەڕێکی مەحاڵ و بڕوا پێنەکراو).

لە بارەی ئەگەرەکانی بەردەوامبوونی ناڕەزاییەتییەکان لە ئایندەدا، «ئازۆدی» دەڵێت: (باوەڕم وایە هەرچەند ناڕەزایەتییەکان سست و خاوبنەوە، بەڵام کۆتایی نایەت، لە هەر کات و ساتێکدا بە جۆرێک



یان چەند جۆرێکی نوێ بەردەوام دەبن، چونکە حکومەتی ئێران شکستی هێناوە لە چارەسەرکردنی ڕەگ و ڕیشەی ناڕەزایەتییەکان)، ناوبراو بە ناوەندی توێژینەوەی کەناڵی جەزیرەی ڕاگەیاندووە: (پێموانییە دۆخەکە هاوشێوەی ئەزموونی پێش ناڕەزاییەتییەکان بەردەوام بێت، چونکە ئەگەر حکومەت جارجارە چارەسەری ناڕەزایەتییەکانی دانیشتووان نەکات، دەبێت هەمان ئاستی دڕندەیی نیشان بدات بۆ دامرکاندنەوەی، لەم خاڵەدا ڕوون نییە کە ئایا دەوڵەت هیچ بەرژەوەندییەکی هەیە لە چارەسەرکردنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بە ڕێگەی توندوتیژی؟ بە تایبەت کە لەبەردەم مەترسی ڕۆژئاوادایە).

لەگەڵ ئەوانەشدا، یەکێك لە گرنگترین ئەنجامەکانی ناڕەزاییە ناوخۆییەکانی ئێران، تێکدانی بەرچاوی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و ڕۆژئاوایە تا ئاستێکی مەترسیدار، بەو پێیەی هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتیی ئەورووپا، بەریتانیا، کەنەدا، ئوسترالیا و نیوزلەندا سزای توندو یاساییان لەبارەی تاوانەکانی دژبە مافی مرۆڤ بەسەرئێراندا سەپاندووە، ئەویش لە وەڵامی بەکارهێنانی توندوتیژی دژبە خۆپیشاندەران، کە بە «سەرکوتکردنی دڕندانە»یان لە نێو ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناوبردووە و بە دەنگێکی کۆك و تەبا هەنگاوە نەرێنییەکانی ئەووڵاتەیان وەك تاوانێکی دژە مرۆیی لەقەڵەمیان داوە. زیاتر لەوە، دوو هەوڵی گەورەی سەرکردایەتی ڕۆژئاوا بۆ سزادانی تاران لە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی زۆرینەی بەدەستهێنا، کە بووە هۆی دامەزراندنی نوێنەرایەتییەکی نوێ تایبەت بە کاروباری ئێران، بە ناوی «کۆمیسیۆنی دۆزینەوەی ڕاستییەکان»، سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ناڕەزایەتییەکان و دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی مافەکانی ژنان. هەروەها یەکێتی ئەورووپا ٢٩ کەس و سێ لایەنی فەرمی کردە ئامانج و سزای دان، کە ویستی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و قەدەغەکردنی گەشتکردنیان هەبوو، هەروەها بۆزیادکردنی فشارە سیاسییەکان بۆ سەرحکومەت، بانگەوازبۆبەرپرسانی

ئەورووپی کراوە کە زیاتر کاربکەن و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بپچڕێنن، وەك ئەوەی سەدرگوتی: ( ئێران پێویستی بە هەمان ئەوکارە هەیە لەلایەن ڕۆژئاواوە کە بەرامبەربە ڕووسیا گیراوەتە بەربەهۆی لەشکرکێشی ئۆکرانیاوە).

کەواتە ئێران لە ئێستاوە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین سزای بەسەردا سەپێنراوە لە جیهاندا، هەناردەکردنی زۆرێک لە کەلوپەلەکانی وەک دەرمان و پارچەی فڕۆکە گیراوە، هەروەها وڵاتەکە لە سیستەمی بانکی جیهانی یاساغ کراوە، بە گوتەی «ڕۆلا»، ئەم جۆرە سزادانانەی «کاڵای بنەڕەتی» دەسەڵاتی «نوخبەی ئەرستۆکراتی»ی زیاد کردبوو.

کاریگەری سزاکان جێگەی مشتومڕە، زۆرێک دەڵێن کە ئامرازێکی کاریگەرن بۆ فشاری سیاسی لەسەر حکومەتەکان و گۆڕینی ڕەفتارەکانیان، هەندێکی تر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بە شێوەیەکی ناڕێژەیی کاریگەرییان لەسەرکەسانی ئاسایی هەیە، دوژمنایەتی بەرامبەربەوکەسانە دروست دەکەن کە جێبەجێیان دەکەن. لە بەرامبەردا حکومەتی تاران ڕایگەیاندووە، کە ئەو وڵاتانە بە هۆی مێژووی پێشێلکارییەکانی خۆیانەوە شیاوێتی و ڕەوایەتی سەرکۆنەکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیان لە وڵاتێکی وەك ئێراندا نییە، هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە سزای خۆی بەسەر بەرپرسان و قەوارە ئەمریکی و ئەورووپییەکاندا سەپاندووە. لەم پێناوەدا وەزارەتی دەرەوەی ئێران بە توندی مامەڵەکردنی لەگەڵ هەرچەشنە هاوکارییەک لەگەڵ کۆمیسیۆنی دۆزینەوەی ڕاستییەکان ڕەتکردۆتەوە، چونکە وەك پێناوێکی سیاسی مەبەستدار دەیبینێت و پێیوایە (تاران پاڵەوانی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤە).

## کاریگەریی نائارامییەکانی ئێران لەبەردەم پەیوەندییەکانی تاران و ڕۆژئاوادا

«دیاکۆ حوسێنی» شرۆڤەکاری سیاسی لە تاران، پێیوایە نائارامییەکانی ئێران زیاتر لە خودی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە تێڕوانینەکانی ڕۆژئاوای بۆ ئاڵەنگارییەکان گۆڕیوە، لەمبارەیەوە ئاماژەی بەوەدا هەوڵدانی گرووپە جیاوازەکان دژبە گەڕاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران لە ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان ئێستا زیاتر پاڵ بە ئیدارەی «جۆ بایدن»ی سەرۆکی ئەمریکاوە دەنێن تاکو دەست لە قۆناغی وتووێژو دانووستانەکان هەڵبگرێت، کە بەشێوەیەکی نیمچە فەرمی لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ەوە لە دۆخێکی پەنهان و نادیاردایە. لەگەڵ ئەوەشدا، «حوسێنی» ئاماژەی بەوەکردووە، (ئەوە حکومەتی ئەمریکایە کە پێویستە بڕیاربدات کە ئایا دەیەوێت ملکەچی ئەم فشارە سیاسییە بێت و حکومەتی ئێران لەبەردەم هیوایەکی نوێ و ئاسۆیەکی هەمیشەیی بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی بهێڵێتەوە، لەکاتێکدا مەترسییەکان قبووڵ دەکات، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنێک کە بتوانێت سەقامگیری ستراتیژی بۆ پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و ناوچەکە بگەڕێنێتەوە، یان هەڵەکان لە هەژمارکردنی ناڕەزایەتییەکانی ئێران و گریمانەی بەردەوام بوونیان لە داهاتوودا لەبەرچاو دەگرێت؟) .

ئەمریکا بە ئاشکرا جەختی لەوە کردووەتەوە کە دانوستانەکان بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی کە لە ساڵی ٢٠١٨دا بە شێوەیەکی تاکلایەنە بڕیاری وەستاندنی دابوو، (ئەگەر جێبەجێ بکرێت)، سزا توندەکانی سەرئێران هەڵدەگرێت، لە هەمانکاتدا ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت، جووڵاندنی کارنامە ئەتۆمییەکەی ئێران نییە، بە تایبەت بەرنامەی (کەمکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی تاران) لە پێشینەی کارەکان نییە، چونکە ناڕەزایەتییەکان لە ئێراندا بەردەوامن و ئەگەری سەرهەڵدانەوەیان هەیە.

نوێنەرانی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئێران و یەکێتیی ئەورووپا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ لە ئوردن کۆبوونەوە، هەردوولا ئاماژەیان بەوە کرد، کە لەگەڵ گەڕانەوە بۆ پلانی هەمەلایەنەی هاوبەشی کارکردن (JCPOA)ن، وەک ئەوەی ڕێککەوتنەکە بە فەرمی ناسراوە، بەڵام دەنگۆکانی جموجووڵ و گریمانەی سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی ناڕەزاییەکان وایکردووە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا چاوەڕوانی هیچ پێشکەوتنێکی دەستبەجێ ناکرێت، لای خۆیەوە ئێرانیش ڕایگەیاندووە کە ئیمتیازات و هەنگاوی نوێ نانێت چونکە نائارامییە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی فشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی لەسەرزیاد کردووە.

«حوسێنی» ئاماژەی بەوەدا کە باوەڕی بەوە نییە تاران لە ئەنجامی فشاری دەرەکیدا کە بەهۆی ناڕەزاییە ناوخۆییەکانی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ئامانج و تاکتیکی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بکات، بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە تۆمەتەکانی پڕچەککردنی ڕووسیا بە فڕۆکەی بێفرۆکەوان بۆ شەڕی ئۆکرانیا ڕەنگە هەندێک گۆڕانکاری نایاسایی بەدیبێنێت، پێشیوابوو هەرچەندە ڕووسیا پەیوەندی گەرمی لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام تاران پێی باشترە بەشێکی ڕاستەوخۆی شەڕەکە نەبێت، ئەویش بەهۆکاری ئەوەی بەرژەوەندییەکی ئەوتۆی لەو شەڕەدا نییە، لەمەوە پێدەچێت کە ئێران ڕێبازێکی وردتر لە پشتیوانیکردنی ڕووسیادا بگرێتەبەر، بەم شێوەیە تاران وێڕای پاراستنی پاڵپشتیی هاوپەیمانان لە یەمەن، سوریا، لوبنان و عێراق، هێڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ عەرەبستان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە و حوسێن ئەمیرعەبدوڵلاهیان وەزیری دەرەوەش لەسەرەتای ئەمساڵدا ڕایگەیاند، کە ئێران سیاسەتێکی کراوەیە بۆ ئەنجامدانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ میسریشدا دەگرێتەبەر.

## ناڕەزاییەتییەکان و کاریگەریی لەسەر دیاردەی سنووردارکردن توانای ئابوورییەکانی ئێران و سنووردارکردنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت

لە ڕووی ئابوورییەوە؛ دەسەڵاتدارانی ئێران لە ناوخۆدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو بوونەتەوە، چونکە گریمانەی بەردەوامبوونی نائارامییەکان و چەندیەتی و چۆنیەتی مانگرتنەکان کە پەیوەستن بە ناڕەزایەتییە گشتییەکانەوە، لەو فشارانەوە سەرچاوە دەگرێت کە سزاکانی ئەمریکا و خراپ بەڕێوەبردنی ناوخۆیی ڕسکانویەتی، دوای ئەوەی «دۆناڵد ترەمپ» سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران کشایەوە، کە ئامانج لێی وەستاندنی تاران بوو لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی، سزا نێودەوڵەتییەکان کاریگەریان چەند هێندە بوو، دراوەکەی کەوتە بەرکەوتنی ئازاد و ئێرانییە ئاساییەکان قوورسایی ئەم ئابوورییانەیان لە ئەستۆ

گرت، چونکە هێزی کڕین و مامەڵەی دارایی هاووڵاتییانی ئێران ڕۆژلە دوای ڕۆژلە کەم بوونەوەدایە، دیاردەکانی هەڵاوسان و لێکەوتەکانی پتر لە ٤٠٪ی دانیشتوانەکەی گرتووەتەوە، تەمەنی نیشتمانیی وڵاتەکە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەردەم تۆمارکردنی ژمارەی پێوانەیدایە بۆ نزمترین ئاست کە وا چاوەڕوان دەکرێت تا ناوەڕاستی ئەمساڵ بگاتە ئاستێکی مەترسیدار، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگرتنی هەنگاوی هەڵەو ترسناك کاریگەریی ئەم دۆخەی زیاتر کردووە، بۆ نموونە سنووردارکردنی پەیوەندییە ئینتەرنێتییەکان کە زیانێکی زۆری بە توانا ئابوورییەکان و توانای خەڵکەکەی بۆ بەکارهێنانی گەیاندووە، چونکە ملیۆنان کەس بە بەردەوامی تۆڕە تایبەتەکانی (VPN) لە ئێران بەکاردەهێنن، ئەویش بۆ دەربازبوون لە فلتەرکردنی سیستمی ئۆنلاین، بەڵام گیرانی بەرفراوانی VPN ەکان وایکردووە، زۆرێکیان پەیوەندییان بە پلاتفۆرمە جیهانییە گەورەکانەوە پچڕاوە کە بلۆک کراون.

پێشبینییەکان وا دەردەخەن، کە دەسەڵاتدارانی ئێران پلاتفۆرمەکانی ئینتەرنێت پاش گەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامی وڵات بلۆك دەکرێنەوە، لەمبارەیەوە «ئەمیر ڕەشیدی» لێکۆڵەری ئاسایشی ئینتەرنێت و مافە دیجیتاڵییەکان، ئەم هەنگاوە بە دوور دەزانێت و بەکارهێنانی «هێڵی تێلێگرام» وەک نموونەیەک لە ئەپێکی کاریگەر دەهێنێتەوە کە دەیان ملیۆن ئێرانی بەکاربەرین، کاتێك لە ساڵی ٢٠١٨دا بلۆک کرا، ناڕەزاییەتییەکی گشتی خوڵقاند.

«ڕەشیدی» ئاماژەی بەوەکردووە: (لە سەرەتای ئەمساڵدا ئێران لە یاسای بازرگانی نێودەوڵەتیدا باند کراوە کە کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر جموجووڵی بازرگانیی لە ناوخۆدا هەبوو، بۆیە ئاماژەکان پێمان دەڵێن بەهۆی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییەکان ئێران بەرەو جێبەجێکردنی VPN یاسایی و بلۆککردنی چینەکان هەنگاو دەنێت). هەروەها «ڕەشیدی» وتویەتی: خزمەتگوزارییە پەرەپێدراوەکانی ناوخۆ لە نموونەی (ئەپەکانی نامە ناردن) هێشتا گەورەترین نیگەرانی حکومەتی ئێرانن، چونکە دەتوانرێت وەک ئامرازی چاودێری بەکاربهێنرێن، ئاماژەی بەوەشکردووە، حکومەتی ئێران بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەکارهێنەران ناچار دەکات بچنە سەر ئەو ئەپانە بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری بانکی و سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی، لەمەوە دەگەینە ئەوەی هەر کەسێک لە خەمی داهاتووی ئازادی ئینتەرنێت لە ئێراندا بێت، پێویستە خەمی گواستنەوەی بەکارهێنەران بۆ بەکارهێنانی ئامرازە ناوخۆییەکان بێت، ئەوە دوا هێڵی بەرگرییە لە بەرامبەر ئینتەرنێتی نیشتمانیی و سنووردارکردنی بەکارهێنان تاکو کاریگەریی لەسەر کۆنترۆڵکردنی ناڕەزاییەتییەکان جێبهێڵێت.

## نەوەی Z ی ئێران لە نائارامییەکاندا چ ڕۆڵێک دەگێڕێت؟

ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ڕابردوو لەلایەن زۆرێک لە خۆپیشاندەرانی ڕەگەزی جیا لە ژن و پیاوی گەنجن ڕوویاندا، ئەو توێژە دیاریکراوەی بە نەوەی Z ناسراون، کە بە وتەی «ڕۆلا»، جیهانگیریی و ئینتەرنێت وایکردووە ئەم گرووپە بە لەناوبردنی جیاوازییە کولتوورییەکانی نێوان گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و

ئەورووپا، نارەزایەتی لە شێوەی تردا دەربڕن، ئەوەی کاتێک کچێکی گەنج لە ئێران لە سۆشیال میدیادا دەبینێت کە لە هەمانکاتدا دەبێت بچێتە پۆلێکی ئایینی ئیجباری، لە کاتێکدا خەڵک لە شوێنەکانی دیکە سەرقاڵی ئاهەنگ و سەرکێشی جۆراوجۆرن، ئەوە بەراوردێکە کە ناتوانرێت نەبینرێت».

لە ئێران پێویستە خوێندکاران بەشداری لە وانەکانی ناچاری تایبەت بە ئیسلام بکەن، کە یاسای جل و بەرگی ئیسلامی توند و جیاکاریی ڕەگەزی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا جێبەجێ دەکرێت.

گریمانەی گەڕانەوەی ئێران بۆ قۆناغی پێش نارەزاییەتییەکان (ئایا نارەزایەتییەکان دەتوانن ڕژیم بڕووخێنن؟)

گریمانەوپێشهاتەکان بۆچوونێکی دوولایەنە نیشان دەدەن لەسەرئەوەی کە ئایا ئەو نائاراممییە دەتوانێت ڕژیم بڕوخێنێت؟

سەرەڕای سەرکوتکردنی توندوتیژانە، مەترسی بەردەوام بۆ هەڵگیرسانەوەی نارەزایەتییەکان ئێستا بووەتە یەکێکە لە گەورەترین ئاستەنگەکان کە لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووەتەوە. لەمبارەیەوە «ڕولا» پێوایە ئەگەربێت وڕژێم بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و بەشێک لە هێزە ئەمنییەکان لانەدەن، کەوتنی لە ئێستادا مەحاڵە، پێچەوانەی ئەوەی لە قۆناغیی ١٩٧٩ و سەردەمی شاهانشادا ئەنجامدرا، بە تایبەت کە نارەزایەتییەکانی پێش کۆچی دوایی بۆ چەند مانگێک بەردەوام بوون و کوژانەوە.

«ڕۆلا» بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕژیم زیاتر لەوەی هەستپێدەکرێت دابەشبووە، بەتایبەت لەسەر بنەمای ئەو ڕاپۆرتانەی باس لە گرژی ناوخۆیی دەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەران. لە مانگی یەکی ئەمساڵدا، ئێران «عەلیڕەزا ئەکبەری»، جێگری پێشووی وەزیری بەرگریی وڵاتەکەی، کە دوای جێهێشتنی پۆستەکەی، ڕەگەزنامەی بەریتانیای بەدەستهێنابوو، بە تاوانی سیخوڕیکردن بۆ شانشینی یەکگرتوو لە سێدارە دا.

«کۆرنێلیۆس ئادەبەهر»، توێژەر لە (ناوەندی توێژینەوەی کارنێگی ئەورووپا)، وتویەتی ڕەنگە ئەمە ئاماژە بێت بۆ «ململانێی دەسەڵات» لە نێوان نوخبەکاندا سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نارەزایەتییەکان، ئەمەش نیشانەکانی ئەوکەلێنانەن لەناو حکومەتی ئێران لە کاتێکدا نارەزایەتییەکان ئامادەی هەمیشەییان هەیە، بەم هۆیەوە کەسێکی وەك «ئەکبەری» وەک ئەندامێکی نزیک لە فراکسیۆنێکی حکومەت سەیر دەکرا کە بانگەشە بۆ هەندێک چاکسازی دەکات بۆ چارەسەرکردنی نارەزایەتییەکانی خۆپیشاندەران.

لەگەڵ ئەوانەشدا، هەرچەندە نائاراممییەکان بە مردنی ئەمینی دەستیپێکرد، بەڵام ئێستا خواستەکانی مانگرتن و نارەزاییەکان لە شکڵ و شێوەیەکی تردا گوزارشتیان لەخۆکردووە، دەیانەوێت حکومەتی ئیسلامی نەمێنێت، «حەسەنی» دەڵێت: (تەنانەت ئەگەر لە ڕووکەشیشدا ڕژێم بتوانێت بۆ ماوەیەک سەرکوت

بکات، ئەمە کۆتایی نایەت، چونکە ئێمە بەربەستی شۆڕشمان بڕیوە)، زیاترلەوەی پێیوایە گەنجانی سەر شەقامەکان دەبینن کوڕ وکچەکانی ئەوانەی دەسەڵاتدارن ژیانێکی پڕلە گرانبەهایان هەیە، لەکاتێکدا دایک وباوکیان سامانی خەڵک تاڵان دەکەن، لەکاتێکدا ئێرانییە ئاساییەکان هیچ داهاتوویەک نابینن کەواتە بەری ڕەنجی ئەم ناڕەزاییانە درێژە و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی یەکجار زۆرە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، کێشە و خاڵی لاوازی ناڕەزایەتییەکان کە بە شێوەیەکی کاتیش بێت گەرموگوڕیی و سەرکێشییەکانی دامرکانووەتەوە، ئەوەیە کە ئەجێندای لایەنگری دیموکراسیی ئەوانەی پێش خۆیان لە ڕێڕەو دەرهێنا، ئەویش بەهۆی نەبوونی سەرکردایەتی و پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی بەهێزو یەکگرتوو، هەروەها پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە ئاستێکی فراوانتر، تا ئەوکاتەی کە ئەمە هەروا بمێنێتەوە، وەسفکردنی خامنەیی بۆ ڕژیم وەک (دارێکی بەهێز) کە کەس نابێ ناوێرێت بیری لێبکاتەوە، ڕەنگە بۆماوەیەک ئەم گوتەیە کاریگەری مابێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئامادەیی ڕژێمەکەی بۆ خەباتکردن. هاوکات خەڵک داوای باشتربوونی بارودۆخە لە پێناو درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی بە هەر نرخێك بێت، بەڵام تەنگەژە سەرەکییەکان لەسەر ئاستەکانی ژیانی سیاسی، ئابووریی وکۆمەڵایەتیی؛ کۆتایپهێنان بە خراپی حوکمڕانی و دەستوەردانی بەردەوام لە چەند وڵاتێکی ناوچەییدا وا دەکات سیاسەتێکی دەرەکی دوور لە سزاکانی ئەمریکا و گۆشەگیری نێودەوڵەتی پێناچێت ناڕەزاییەکان بە سانایی بڕەوێتەوە.

## سەرچاوەکان:

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەلجەزیرە (ستافی ئەلجەزیرە).

**What will 2023 bring for Iran and its protest movement? | News | Al Jazeera**

**Amin Saikal Iran's protests go back to the future: The Strategist,**

**Iran's protests go back to the future | The Strategist (aspistrategist.org.au)**

**Joshua Askew: Iran protests: What caused them? Are they different this time? Will the regime fall? Euro news,**

**Iran protests: What caused them? Are they different this time? Will the regime fall? | Euronews**



که‌سایه‌تی

ئێرانناسی

# عەلی شەریعەتی

وەرگێڕان و ئامادەکردن:

■ وەرزنامەی ئێرانناسی



## ژیان و بەسەرهات

عەلی شەریعەتی مەزینانی، کەسایەتی و رۆشنبیرێکی ئایینیی هاوچەرخ، وتاربێژێکی کارامە، خەباتکار و تیۆریستێکی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوو. ئەو ساڵی (١٩٣٣ز) لە گوندی مەزینان لە نزیك (سەبزوار) لە خێزانێکی ئایینیی چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، باوکی «موحەممەد تەقی شەریعەتی» مامۆستای زانکۆی «مەشهەد» بووە. خاوەنی چوارمنداڵە بەناوەکانی (ئیحسان، سەوسەن، سارا، مونا). شەریعەتی پاش ئەوەی دەچێتە زانکۆی ئەدەبیات وزانستە مرۆییەکانی زانکۆی «مەشهەد» لە بەشی ئەدەبیاتی فارسی درێژە بەخوێندن دەدات. هەرلەوکاتەوە دەست بە خوێندنەوە و پێگەیاندنی خۆی و نووسین و وەرگێڕانی هەندێ لە بەرهەمەکانی دەکات. هەرلە هەمان قۆناغدا لەگەڵ یەکێك لە هاوپۆلەکانیدا بەناوی «پوران شەریعەت رەزەوی» هاوسەرگیری دەکات. شەریعەتی بە درێژایی قۆناغی خوێندنی زانکۆیی کاری لەسەر بەرهەمگەلی وەك وەرگێڕانی «ئەبوزەری غەففاری»، وەرگێڕانی «نزا»، بەرهەمی «ئەلیکسس کارل» کرد و کۆمەڵێك وتار ولێکۆڵینەوەی تری نووسی. لەبەرئەوەی یەکەمی سەرئاستی بەشەکەی خۆی بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦٤ لە لایەن حکومەتەوە بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنی باڵا رەوانەی فەرەنسا کرا. لە زانکۆی سۆربۆن دەستی کرد بە خوێندنەوەی زیاتری زانستەکانی وەك کۆمەڵناسی، بنەماکانی زانستی مێژووو مێژووو فەرهەنگی ئیسلامی ولەگەڵ بیرمەندانی وەکو (ماسینون، گورڤیچ و سارتەرو...) ئاشنا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا چەند وتارو نووسینێکی «سارتەر» و نوسەرانی تری وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە. ئەو تەنیا خەریکی خوێندن و خوێندنەوە نەبوو، بەڵکو وەك چالاکێکی سیاسی و مەدەنی بەردەوام لە جموجوڵدا بوو. لە رێگەی ناسینی بەنی سەدر، قوتبزادە و موستەفا چەمرانەوە دەستی بە چالاکی کرد و بزاڤی ئازادی ئێران، بەرەی نەتەوەیی ئێران، سەرنووسەریی رۆژنامەی ئێرانی ئازاد و ئەندامبوون لە رێکخراوی ئازادیی جەزائیر، لە گرنگترین چالاکییەکانی ئەو بوون.

شەریعەتی دوای خوێندنی گەڕایەوە بۆ ئێران و لەگەڵ گەیشتنی لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکرا و رەوانەی بەندیخانە کرا. ئەو دوای تێپەڕاندنی ماوەی بەندکرانەکەی ئازاد کرا و گەڕایەوە بۆ شاری مەشهەد. لەوێ بوو بە مامۆستای زانکۆی «مەشهەد» و لە ساڵی (١٩٦٩)دا بانگهێشت کرا بۆ «حوسەینییەی ئیرشاد» و بەرپرسیارییەتی کاروباری کولتووریی ئەم حوسەینییە لە ئەستۆی گرت و دەستی بە وتنەوەی بابەتگەلێك لە روانگەی کۆمەڵناسیی ئایینی، مێژووی شیعە و زانستە ئیسلامییەکان کرد. حوسەینییەی ئیرشاد بە یەکێك لە قۆناغە هەستیارەکانی ژیانی شەریعەتی و کامڵبوونی هزریی ئەو هەژمار دەکرێت.

شەریعەتی تەنیا لەلایەن دەوڵەتەوە و دامەزراوە ئەمنییەکانی ئێرانەوە لەژێرفشاردا نەبوو، بەڵکو لەبەر رەخنە توندەکانی لە پیاوانی ئایینی و رەتکردنەوەی هەبوونی دامەزراوەی رۆحانییەت لە لایەن پیاوانی ئایینیشەوە لەژێرهەڕەشەدا بوو. بۆیە ئەووانە، وتارو نووسینە هزری و ئایینیانەی کە لە حوسەینییەی

ئێرشاد پێشکەشی دەکردن، زۆرجار بەناوی خوازراوەوە بڵاودەکرانەوە. دواتر بە شێوەیەکی نهێنی درێژەی بە ژیان و کارەکانیدا. بەڵام ساواك هەرلێیدەنەگەڕا و هەموو جۆرە ڕێگەیەکی خەباتی لێداخستبوو. بۆیە حوسەینییەی داخست و باوکی و ژنبراکەی دەستگیر کرد و بردیانن بۆ بەندیخانە، تاکو شەریعەتی خۆی بەدەستەوە بدات. دواجارلە ساڵی ١٩٧٣ خۆی بەدەستەوە دا و (١٨) مانگ لە زیندانی تاکەکەسیدا بەسەر برد. شەریعەتی پاش ئازادبوونی وفشاری بەردەوامی رژێمی شای ئێران ناچاربە ژیانی نهێنی کرا وئەگەربابەتێك یان وتارێکی بڵاوکرابایەوە بە ناوی خوازراوەوە بوو. بۆیە بەناچاری وبەجدی بیری لە کۆچکردن و جێهێشتنی وڵات کردەوە و ساڵی (١٩٧٧)زایینی بە بەکارهێنانی پاسپۆرت بە ناسناوی مەزینانی بەرەو «بەریتانیا» کۆچی کرد و هەر ئەو شەوەی گەیشتە «لەندەن»، بۆبەیانی لە تەمەنی (٤٣) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

## بەرهەمەکانی شەریعەتی

شەریعەتی بە یەکێك لە کاریگەرترین کەسایەتی و رۆشنبیرە هاوچەرخەکانی ئێران هەژمار دەکرێت. هەرچەندە لەبەرکەمی تەمەنی و تێکەڵی و دابڕان لە وتارو نووسینەکانیدا زۆرێك لە کتێبەکانی کە چاپ کراون، کەموکورتیان تێدایە ولە زۆرشوێن بە بۆشاییی بەجێهێڵراوە، بەڵام کۆی بەرهەمەکانی زیاترلە ٣٦ کتێبن، ئەمە جگە لەوەیکە کە دەیان وبگرە سەدان کتێب و توێژینەوە لەبارەی شەریعەتییەوە نووسراون و بڵاو کراونەتەوە.

دەکرێت نووسینەکانی لەم سێ بوارەدا کورت بکەینەوە ئەوانیش:

١- توێژینەوە ئیسلامییەکان کە بابەتە ئایینییەکانی وەك،کتێبەکانی ئیسلامناسی، حەج، نزا و ... لە خۆدەگرن.

٢- بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کە بابەتە ئەکادیمی و زانستییەکان لە خۆ دەگرن و نموونەشیان بابەتەکانی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی مێژوو و تەشەیوع و...هتد.

٣- بابەتە عیرفانی و ئەدەبیەکان. نموونەی ئەمانەش گفتوگۆکانی تەنیایی، نیشتنەوە لە بیابان، و... هتد.

## هزری شەریعەتی

هزر و جیهانبینی شەریعەتی زۆر بەرفراوانە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە جیهانبینی ئەو بەدەوری چەند تەوەرێکی سەرەکیدا دەسوڕێنەوە کە گرنگترینیان بریتین لەمانە: (ڕەخنە لە دامەزراوەی پیاوانی ئایینی شیعە، ڕەخنە لە ئمپریالیزم، یەکتاپەرەستی و ستەمکردن و حکومەتی ئایینی). لە نێو ئەمانەشدا دوو تەوەریان زیاتر جێگەی سەرنجی ئەوبوون کە یەکەمیان بابەتی ئایینزای شیعە و پیاوانی ئایینییە و دووەمیان کێشەکانی پەیوەست بە مۆدێرنیتەیە.

شەریعەتی ڕوانینێکی رەخنەگرانەی لەمەڕهەندێك لە باوەرە ئایینزاییەکان بەتایبەت شیعە هەبوو. ئەو باوەڕی بە حکومەتی ئایینی نەبوو. پێی وابوو کە ئەم جۆرە لە حکومەتکردن کە پیاوانی ئایینی بیگرنە دەست

دیکتاتۆرییەت بەرهەم دەهێنێت. بە شێوەیەکی تایبەت تەشەیوعی سەفەوی بە هێمای نەریت و ڕێبازی سڕاوە دەزانی و هاوشان لەگەڵ قەبولکەری داگیرکاری، خورافە و تەقلید و جەبرگەرایی لێکی دەدایەوە. پێی وابوو کە شتێك یان توێژێك بە ناوی توێژی پیاوانی ئایینی بوونی نییە و ئەم مۆدێلە مەسیحییەتەوە وەرگیراوە. لە ئیسلامدا واسیتەیەك لەنێوان خودا و مرۆڤدا نییە. هەموو کەسێك دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودادا لە پەیوەندیدا بێت. هەروەها ڕەخنەی لە ڕوانینی ڕواڵەتیانە بۆ مۆدێرنە دەگرت و باوەری وابوو ڕێگەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان، جیاوازە لەوڕێگەیەی کە ڕۆژئاوا بڕیویەتی. ئەو هەڵبەت نکۆڵی لە پێشکەوتنی ڕۆژئاوا و پێویستیی چاولێکردنی ڕۆژئاوا نەدەکرد.

شەریعەتی مۆدێرنیتەی لە چاوی ئیمپریالیزمەوە سەیر دەکرد. پێی وابوو کە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی ڕەسەن و دێرینی ئایینیان بە شێوەیەك کە بتوانێت یارمەتیان بدات بۆ ئەوەی ناسنامەی کولتوریی خۆیان بدۆزنەوە دەکرێت یارمەتیدەربێت یان تاکە ڕێگا بێت بۆ ئەوەی بتوانن لەبەرامبەر ئیمپریالیزمدا خۆیان بگرن. ئەو موسوڵمانبوونی تەنیا لە لە باوەڕبوون بە خودا و پەیامبەر نەدەبینی بەڵکو پێی وابوو کە موسوڵمانی ڕاستەقینەبوون لەسەرگرتنەبەری کرداری دروست لەپێناوی باوەڕراوەستاوە. تا هەنووکەش زۆر کەس و گروپ لە ئێراندا هەن کە لایەنگری شەریعەتین و وەك خاوەنی ڕێبازێك سەیری دەکەن و بۆ ئایدیاکانی دەگەڕێنەوە. کتێبەکانی ئەو هەڵبەت بۆ چەندین زمانی زیندوو لەوانەش زمانی کوردی وەرگێڕان کراون.

## سەرچاوەکان:

١- شریعتی - مجموعه آثارج٢٢ ص١٩٨.
٢- ناصر قرگزلو، از انقلاب سفید تا انقلاب اسلامی، ص ٨٧، پاریس ٢٠٠٦
٣- شریعتی: دیکتاتوری مذهبی بدترین دیکتاتوری | ایران گلوبال (iranglobal.info)
٤- داستان جدال متقابل شریعتی و روحانیون (ensani.ir)
٥- علی شریعتی،اسلامشناسی (٢)،مجموعه آثار١٧،قلم،تهران، ١٣٦٢،ص ١٥٥.

کتێبناسی

ئێرانناسی

# گێڕانەوەی قەیرانی ئەتۆمی ئێران

## «نهێنیەکانی دیبلۆماتکارێك»

نووسینی: دکتۆر سەید حوسەینی موسەوییان

■ ئامادەکردنی: ئێرانناسی



**دۆسیەی ئەتۆمی و پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوو ڕەهەندی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانن، پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران لە دووتوێی کتێبێکی سەید حوسەینی موسەوییاندا، لەژێرناونیشانی «ئێران وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا» دەخەینەڕوو.**

## گێڕانەوەی دیبلۆماتکارێکی ئێران لەسەر ئەم دۆسیەیە

مەلەفی ئەتۆمی ئێران لە ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٥) بۆ ماوەی سیانزە ساڵ لەسەر مێزی گفتگۆی وڵاتانی زلهێزی جیهانیی بوو، لە ئێران هەرسێ باڵی ڕیفۆرمخوازی سەید محەمەدی خاتەمی و توندڕەوی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد و باڵی میانڕەوی دکتۆر حەسەن ڕۆحانی لەسەر ئەم دۆسیەیە کاریان کردووە. ئەزموونی هەر سێ باڵی حوکمڕانی ئێران بە سەر ئەم دۆسیەوە دیارە. لە بەرامبەریشدا هەردوو پارتی سەرەکی لە ئەمریکا، کۆمارییەکان بە سەرۆکایەتی جۆرج بۆش و دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتی باراک ئۆباما لەگەڵ دۆسیەی ئەتۆمی ئێران دەست و پەنجەیان نەرم کردووە. گێڕانەوەی موسەوییان بۆبەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران جیاوازە لەو نووسینانەی کە نووسراون. بە هۆکاری ئەوەی ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و لە لایەن «ڕەحمان قەهرەمانپوور» وەرگێڕدراوەتە سەرزمانی فارسی. شێوازی نووسینی ئەم کتێبە ئەکادیمییە و بۆ خوێنەری ئەمریکی نووسراوە. ناوەندی کارینگی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی لە ئەمریکا بە چاپی گەیاندووە. «جۆرج پرکۆویچ» جێگری ئەم ناوەندە پێشەکییەکی لەسەر ئەم کتێبە نووسیوە و دەڵێت: ئەم کتێبە بە شێوەیەکی بەرچاو مێژووی هاوچەرخمان بۆ دەگێڕێتەوە.

سیانزە ساڵ کاری چڕ و پڕ لە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران لە دە بەش و ئەنجام و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە پێکدەهێنن. چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە (٢٠٠٢-٢٠١٥) و سەرەتای ڕێککەوتنی کۆتای بەرجام ((Joint Comprehensive Plan of Action پێکدەهێنێت.

ئەوەی گرنگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەی ئێرانە لە لایەن وڵاتانی جیهانیی بەرامبەر بە ئێران، کە دەرگامان بۆ ئاوەڵا دەکات لە تێگەیشتن لە جەمسەرەکانی پەیوەندی ئێران ووڵاتانی پەیوەندیدار بەم دۆسیەوە. کە لە چەند خاڵێکی گرنگدا خۆی دەبینێتەوە. خاوەن بڕیارەکان و لێکۆڵیارە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەتۆمی ئێران پێشنیارەکانیان دەخەنەڕوو:

١. هێرشی پێشگیرانە بۆ سەر ئێران و ناچارکردنی ئێران بەوەی چیدی دەستی بە چەکی ئەتۆمی نەگات. ئەم دیدگایە لە لایەن ناوەندە پەرگیرەکان و دەوڵەتی ئیسرائیل دەخرێتە ڕوو.

٢. کاریگەری خستنەسەر هەڵسوکەوتەکانی ئێران لە ڕێگەی گەمارۆ ئابوورییەکان و بەدواداچوونی سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی ئێران. هەرچەندە ئەم سیاسەتە پاشان جێبەجێ کرا و ئەحمەدی نەژاد وەک

چەند پارچە کاغەزێکی بێنرخ ناوزەدی کردن، بەڵام پاشان دەرکەوت کە کاریگەری ڕووخێنەری بە سەر ئابووری ئێرانەوە بە جێهێشت.

٣. سیخوڕی کردن و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە لەسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران و دروستکردنی لاسەنگی لەو دامەزراوانە. ئەم سیاسەتە لە لایەن ئیسرائیلیەکان و هەندێ جار ئەمریکییەکان جێبەجێ کراوە، وەک ئەو هێرشە سایبریانەی کە کرایە سەر وێستگەی ئەتۆمی بوشەهر لە لایەن ئەمریکاوە و هێرش کردنە سەر چەندین ناوەندی تری ئێران و کوشتنی چەندین کەسایەتی و زانای ئەتۆمی ئێران.

٤. هەڵکردن لە تەک چەکی ئەتۆمی ئێران و گرتنەبەری سیاسەتی کۆنترۆڵی ئێران لە سیاسەتی هەرێمایەتییەکانی و لەق کردن و بەربەست دانان بۆ هەژموونی ئێران بەسەر ناوچەکە و سیاسەتی جیهانیی. ئەم سیاسەتە تا ڕادەیەکی زۆرڕایەکی تیۆری و ئەکادیمییە، سیاسەتمەدارانی جیهانیی ئەم ڕێکارە بە پەسەند نازانن و نەیاری زۆری هەیە. سیاسەتی نێودەوڵەتی بەو ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێت کە ئێران نابێت دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات.

٥. ڕێگە چارەی دیبلۆماسی، تا ئێستا ئەم ڕێگە چارەیە ڕاسترین و گونجاوترین بژاردەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەتۆمی ئێران.

موسەوییان بە شێوازێکی بابەتییانە هەردوو ڕوانگەی جیهانیی ئێرانیی دەخاتەڕوو، لەبەرئەم هۆکارەیە خوێندنەوەی کتێبەکە دەتوانێت وێنەیەکی دورست و تا ڕادەیەکی باش لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی ئێران بنەخشێنێت. هەم لەسەرئاستی جیهانیی وهەم لەسەرئاستی ناوخۆیی ئێران بابەت ولێکۆڵینەوەی زۆرلەسەر ئەم بابەتە نووسراوە. بە تایبەت دوو نووسینی دکتۆر حەسەن ڕۆحانی لەسەردۆسیەی ئەتۆمی وکتێبی پێنج بەرگی کە بە سەرپەرشتی دکتۆر جەواد زەریف نووسراوە. بەڵام گێڕانەوەی موسەوییان سوودبەخش دەبێت بۆ ناوەندەکانی ئەکادیمی و ئەوانەی خوازیاری بەکارهێنانی سەرچاوەی باوەڕپێکراون لەم دۆسیەدا. جیاواز لەوەی لە موسەوییان خۆی ئەندامی دەستەی گفتوگۆکان بووە، گێڕانەوەکەی یادەوەری نووسین و ڕاپۆرت نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەکادیمییە. مێژووی گفتوگۆکانی ئێران وولاتانی جیهان بە دوو جەمسەری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی وولاتانی زلهێزی جیهانی لە لایەک و یەکێتی ئەورووپا لە لایەکی دیکەن و ئەو ڕاستییەمان لا ئاشکرا دەکات، کە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران بارێکی زۆرقوورسە بەسەرشانی دەوڵەتی ئێران و دەزگای دیبلۆماسی ئێرانییەوە.

ئەزموونی ئەم دۆسیە ووتووێژەکانی پەیوەست بەم دۆسیە، لە ڕوانگەی حکومەتە جیاوازەکانی ئێران جێگای تێڕامانە. ئەزموونی ڕیفۆڕمخوازەکانی وەک هاشمی ڕەفسەنجانی و سەید محەمەدی خاتەمی، دەسپێکی کارکردنی ئێرانە لەگەڵ ئاژانسی وزە و ولاتانی وەک فەڕەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا. هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پەلکێشکردنی ئەم دۆسیەیە بۆئەنجومەنی ئاسایش لەم قۆناغەدا بێ ئەنجام بوو. سیاسەتی هاریکاری نێودەوڵەتی ئێران و پاشان سیاسەتی ڕەواندنەوەی کێشە ناوچەییەکان ئەو دەرفەتەی

لەبەردەم ئێران ئاوەڵا کرد کە بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی کۆمەڵەی گەلانی جیهان. دۆسیەی ئەتۆمی ئێرانیش لە پەراوێزی ئەم دۆخەدا توانی تا ڕادەیەکی باش لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی و ئاژانسی وزە بەرەوپێشچوونی زۆر بە خۆیەوە ببینێت. هەرچەندە ئەم سیاسەتانەی باڵی ڕیفۆرمخوازی ئێران پشتگیری جەماوەری زۆری بەدەستهێنا، بەڵام نەیارەکانیان لە ناوخۆی ئێران، بە شێوەیەکی بەربڵاو کەوتنە دژایەتی ئەم ڕەوتە، کە لە سەرەتادا لە ژێر ناونیشانی باڵی چەپ و پاشان باڵی ڕیفۆرمخواز خۆیان پێناسە کرد. جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی ناوخۆیی ئێران وەک سوپا و دەزگای ڕاگەیاندن و دەزگا ئەمنییەکانی وڵات لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا وەک خۆیان لە ژێر هەژموونی باڵی پەرگیری ئێراندا مانەوە. ئەم دۆخەش وایکرد کە سەید محەمەدی خاتەمی نائومێد لە پشتگیری ناوخۆیی دەسەڵاتەکانی تەسلیم بە حکومەتی ئەحمەدی نەژاد کرد کە پشتیوانی ڕابەری کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ بوو.

مەحموودی ئەحمەدی نەژاد وەک کاراکتەرێکی سەرنجڕاکێش و جەنجاڵ هاتە سەر شانۆی سیاسەتی ناوخۆ و نێودەوڵەتی ئێران. سیاسەتی ئێران لەم قۆناغەدا سەخت و دژوار بوو. ئێران خوازیار نەبوو کە مل کەچی هەموو بڕیارەکان بێت. دۆسیەی ئەتۆمی ئێران گوازرایەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش. کۆمەڵێک بڕیاری قوورس دژی ئێران دەرکران. گەمارۆی سەنگین خرایە سەر کەسایەتی و ئابووری ئێران و ناوەندەکانی پەیوەست بەو دۆسیەوە. ئەحمەدی نەژاد ئەم بڕیارانەی بە هەند وەرنەگرت بەڵام پاشان کاریگەری بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەسەر ئابووری ئێرانەوە دەرکەوتن. ئەمەش ئێرانی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە گۆشەگیر و لاواز کرد. حکومەتی هەشت ساڵەی ئەحمەدی نەژاد و درێژەکێشانی گفتوگۆکان بە چەند ڕێکەوتنێک کۆتایی پێهات، بەڵام نە خواستی ئێرانییەکانی تێر دەکرد و نە دڵنیایی تەواوی بە کۆمەڵگەی جیهانیی دەدا.

باڵی میانڕەوی ئێران بە سەرۆکایەتی سەید حەسەن ڕۆحانی دەرفەتی بۆ گفتگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەخساند کە ئومێدێکی نوێی بەخشییە ئاراستە و داهاتووی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و کرانەوەی دەرگاکان بە ڕووی ئێراندا. زەمینەسازی بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ وڵاتانی جیهانیی، دۆسیەی ئەتۆمی ئێران فرەڕەهەند و ئاڵۆزە. ڕەهەندی سیاسی و دیبلۆماسی و یاسایی و تەکنیکی زۆری هەیە. توێژەر و نووسەری ئەم کتێبە بە شێوازێکی نەرم و سادە هەموو کەسێکی ئاسایی کە زانیارییەکی سەرەتایی لەسەرئەم دۆسیەیە هەبێت دەتوانێت سوودی زۆری لێ ببینێت. کە ئەم ڕەهەندانە جێدەهێڵین بۆ خوێنەری کتێبەکە. سوودی زۆر لە سەرچاوە بیانی و ناوخۆییەکان وەرگیراوە. وەک سەرچاوەیەکی جێگای باوەڕ لە چەمکە بنچینەییەکان و قۆناغەکانی ئەم دۆسیەیە دەتوانرێت سوودی لێوەربگرین.

چەمکناسی

ئێرانناسی




# دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران

## (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران)

■ ئامادەکردن: هەورامان فەریق

چوار دەیەیە کە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران ڕوویداوە. هەر لەوکاتەوە بیر لە نووسینەوەی دەستوورێك بۆ ئەوولاتە کرایەوە. بە گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن ئەوڕەوت و گروپانەوە کە شۆڕشیان بەئیسلامیی کرد، ئاراستەی دەستوورەکەش بەرەو ئیسلامیبوون ڕۆشت. لەوکاتەوە تا هەنووکە ئەم دەستوورە ڕووبەڕووی مشتومڕ و ڕەخنەیەکی زۆر بووەتەوە چ لە ناو بازنەی شۆڕش و چ لە دەرەوەی بازنەی شۆڕش. مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە تەنیا ناساندنی چەمکی دەستووری ئێرانە وەك ئەوەی کە نووسراوە و لایەنگرانی شۆڕشی ئیسلامی و دەستوورەکە خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، نەك شیکردنەوە و شەنوکەوکردنی.

دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك هەموو دەستوورەکانی وڵاتانی جیهان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە شێوازی حکومڕانی، جیهانبینی، سیاسەتڕێژی پیادەکردنی دەسەڵات و گەرەنتیکردنی بنەماکانی دیکەی کۆمەڵگە. دەستووری کۆماری ئێران بەم مۆدێلەی ئێستا یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٦ زایینی و پاش سەرهەڵدانی بزاڤی مەشروتە هاتووەتە ئاراوە کە یەکەم دەستووری لە مێژووی ئێراندا لێ بەرهەم هاتووە. بەڵام وادیارە کە ئەم دەستوورە لە ژێر کاریگەری دەستووری ١٨٣١ی بەلجیکا و دەستووری ١٨٧٩ی بولگاریادا بووە. بەسەرهەڵدانی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، دەستوورێکی نوێ نووسرایەوە کە لە ١٧٧ بنەما پێکدێت و ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان رهبری) کە کاری نووسینەوەی دەستووری لە ئەستۆ گرتووبوو[1]. دەستوور لەسەر دوو پایەی سەرەکی ڕاوەستاوە؛ کۆماریی و ئیسلامیبوون. لە سەروبەندی شۆڕشدا و پاش پێکهێنانی شورای شۆڕش و دیاریکردنی سەرۆك وەزیران بۆ دەوڵەتێکی کاتی، ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانی ئەنجامدانی گشتپرسی دەرکرد. گشتپرسییەك کە دیاریکردنی سیستەمی سیاسی ئایندە، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران، ئەنجومەی شورای ئیسلامیی و سەرۆککۆماریی لەخۆبگرێت. بۆیە لە ١٩٧٩/٧/٢١دا گشتپرسیی ئەنجام درا و ٩٨.٢٪ خەڵك دەنگیان بە بەڵێ دا[2].

بەڵام دواتر دوای هەستکردن بە هەندێك کەموکورتی پێشنیازی پێداچوونەوە بە دەستووردا کرا. بنەمای حەفتاوسێی ڕەشنووسی دەستوور پەیوەست بوو بە پێداچوونەوە بە دەستووردا: هەرکاتێك ئەنجومەنی شورای نەتەوەیی پێداچوونەوە یان گۆڕینی یەك یان چەند بنەمایەك لە دەستوور بە پێویست بزانێت دەکرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان و پشتڕاستکردنەوەی، ڕابەر دەنگ لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەزایان بدات. ئەم ئەنجومەنە لە ٧٠ کەس لە مافپەروەران و موجتەهیدان لە پرسە ئیسلامییەکانە کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و دەسەڵاتەکانیان سنووردارە بە هەمان بنەما یان بنەماگەلی دیاریکراو و بڕیارەکانیان بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان متمانەپێکراو دەبێت[3]. دوابەدوای دەرچوونی پەیامی ئایەتوڵڵا خومەینی، پەرلەمان دەستبەجێ پێنج نوێنەری پەرلەمان کە بریتیبوون لە هاشمیان، عباسعەلی عەمید زەنجانی، ئەسەدوڵڵا بەیات، نەجەفعەلی حەبیبی و سەید هادی خامنەیی هەڵبژارد و ڕەوانەی سەرۆککۆماری ئەوکات کرا. بەم شێوەیە یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی پێداچوونەوە لە شوێنی سەرۆککۆماری پێکهات. ئەنجومەن خاوەنی چوار کۆمسیۆن بوو: یەکەم ڕابەری، دووەم دەسەڵاتی جێبەجێکردن، سێیەم دەسەڵاتی دادوەری و چوارەم کاروبارەکانی تر. ئەنجومەن دواجار لە ٤١ دانیشتندا تاوتوێی کرد و بەتێکڕا ٤٦ بنەما چاکسازی تێدا کرا و گۆڕانیان بەسەردا هات و دوو بنەمای ١٧٦ و ١٧٧ (پێداچوونەوەی دەستوور) زیاد کرا. دواتر لە ڕێگەی گشتپرسییەوە دەقی دەستوور لەسەر بنەمای چاکسازییەکان لە ڕێککەوتی ١٩٨٩/٨/٢٧ و دەنگی لە ٩٧٪ ی خەڵکی بەدەستهێنا[4].

لە ڕوانگەی لایەنگرانی شۆڕشەوە، پایەی یەکەمی دەستووری ئێران کۆمارییە. کۆمارییەك کە لەسەر مۆدێلی خەڵکسالاری، ویستی مێژوویی گەلی ئێران و ئیسلامیبوون ڕاوەستاوە. بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کە چەمکگەلی وەك کۆمارییەتی، ویست و دەنگی خەڵك جیاوازە لەو تێگەشتنەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسی و یاسایی ڕۆژئاواییەکاندا باوە و بەکاریدەهێنن٥. پایەی دووەمی دەستوور، ڕەهەندی ئیسلامیبوونە کە بریتییە لە باوەڕ پتەوو لەمێژینە بە جێگیرکردنی حکومەتی ئیسلامی و دەسەڵاتی خودا لە وڵاتدا. دەسەڵاتی گەلیش بەواتای مافێك کە خودا سەبارەت بە دیاریکردنی ئازادانەی چارەنووس بە مرۆڤی بەخشیوە؛ ئەویش لە ڕێگەی هەر سێ دەسەڵاتەکەوە. سێ دەسەڵاتەکە بۆ دەستەبەرکردنی ئیسلامیبوونی سیستەمی ژێر چاودێری ویلایەتی فەقیهە کاردەکەن. لە لایەك ئەنجومەی پاسەوانی دەستوور ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن ڕابەرەوە دیاری دەکرێت، پارێزەری ئیسلامیبوونی سیستەم و دەستورە لە دەسەڵاتی یاسادانانداا. جێبەجێکردنی ئەم مافە لەسەربنەمای سیستەمی ئیمامەت و ویلایەتی ئەمرو بە چاودێری فەقیهی (جامع الشرایط)ی هەڵبژێردراو دەبێت. لە ڕوانگەی لایەنگرانی شۆڕشەوە حکومەتی ئیسلامی، بەرهەمی شوێنگەی چینایەتی و دەسەڵاتی تاکەکەسی یان بە کۆمەڵ نییە، بەڵکو هەڵقوڵاوی ئامانجی سیاسی نەتەوەیەکی هاوبیروڕا و هاوتایە کە خۆی ڕێك دەخات تاوەکو لە پرۆسەی گۆڕانی هزری و بیروباوەڕیدا ڕێگەی خۆی بەرەو ئامانجی کۆتایی (چوون بەرەو خوا) ئاوەڵا بکات. بنەمای دەسەڵاتدارییەتی بەوواتایە دێت کە دەسەڵاتداری سەرەکی، خودا، یاساکان و فەرمانەکانی خودان. هەروەك چۆن لە فیقهی شیعەدا هاتووە. هیچ دژیەکییەك لە نێوان فیقهی ئیسلامی و دەستووردا بە ئاڕاستەی دەسەڵاتی ئیسلامی بوونی نییە٦. دەستوور بەو شێوەیە کە لایەنگرانی شۆڕش بانگەشەی بۆ دەکەن، گرەنتی ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە دیکتاتۆرییەتێکی هزری و کۆمەڵایەتی و قۆرخکردنی ئابووری دەکات[٧]. لێرەوە بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر ئاماژە بە چەند بنەمایەکی سەرەکی دەکەین کە هەڵبەت جێی مشتومڕی زۆرن و بە درێژایی چواردەیەی ڕابردوو هەندێك لەم بنەمایانە بۆ نموونە مافەکانی ژن، مافی کەمینەکان، ئایین و ئایینزاکانی تر، زمانی دایك و خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار و دادوەریی[٨] ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بوونەتەوە.

یەکێك لە بنەماکانی دەستوور ویلایەتی فەقیهی دادپەروەرە. سیستەمی داد لە دەستووری ئێراندا لەسەربنەمای دادپەروەریی ئیسلامی و ئاشنابوون بە ڕێسا وردە ئایینییەکان ڕاوەستاوە. دەستوورزەمینەی بەرجەستەبوونی ڕابەرایەتی فەقیهـ کە لە لایەن خەڵکەوە دەناسرێت (مدار الامور بید العلماء باللّه الامناء علی حلاله و حرامه) ئامادە دەکات تاوەکو گەرەنتی نەبوونی لادانی ڕێکخراوە جیاجیاکان لە ئەرکە ڕەسەنە ئیسلامییەکانی خۆی بێت. هەروەها سەبارەت بە ئابووری، دەستووروەها دەڕوانێتە ئابووری کە ئامرازە نەك ئامانج. لێرەوە ڕەخنە لە سیستەمەکانی دیکەی وەك ماتریالیزم دەگرێت کە ئامانج تیایاندا سوو و ماددەیە و لەم پێناوەدا دەبێتە هۆی کاولکاری و گەندەڵی و لەناوچوون. بەڵام لە ئیسلامدا ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە.

سەبارەت بە ژن، دەستووروەها دەڕوانێتە ڕەگەزی ژن کە ئەرکی پەروەردەی مرۆڤ لە ئەستۆ دەگرێت و شانبەشانی پیاویش لە کایەکانی دیکەدا چالاکی دەنوێنێت.

یەکێکی ترلە بنەما سەرەکییەکانی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، دیاریکردنی ڕابەر، دەسەڵاتەکان و مەرجەکانییەتی. کە لە بنەمای سەد و نۆیەمدا مەرجەکان لەمانەی خوارەوەدا کورت دەکاتەوە: یەکەم، هەبوونی زانستی پێویستی تایبەت بە فەتوا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. دووەم، دادپەروەری و لەخواترسانی پێویست بۆڕابەرایەتی ئومەتی ئیسلام. سێیەم، ڕوانینی دروستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تەدبیر، ئازایەتی، بەڕێوەبردن و توانای پێویست بۆ ڕابەرایەتی[٩].

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەبەر گرنگییە تایبەتییەکەی پەیوەست بە جێبەجێکردنی فەرمان و ڕێسا ئیسلامییەکان لەپێناو گەیشتن بە پەیوەندییە دادپەروەرانە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگەدا، هەروەها ئەو پێویستییە چارەنووسسازەی کە بۆ زەمینەسازی گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی ژیان هەیەتی دەبێت ڕێڕۆشنکەرەوەی بونیادنانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی بێت.

## پەراوێز

١ - قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران؛ به همراه نظرات تفسیری شورای نگهبان (١٣٥٩-١٣٩٦) ، بر... تهیه و تنظیم محمد فتحی، کاظم کوهی اصفهانی، تهران: شورای نگهبان، پژوهشکده شورای نگهبان، ١٣٩٧ - ) ص١٤.

٢ - قانون اساسی از گذشته تاکنون و تاکید بر «جمهوریت» و «اسلامیت» (ccri.ac.ir)

٣ - باباپور گل افشانی محمدمهدی، سلطانی محمدمهدی، بررسی بازنگری قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران: فرآیند و دلایل تاخیرآن، فصلنامەی تخصصی علوم سیاسی، سال دوازدهم، شماره سی و پنجم، تابستان ١٣٩٥، ص١٥٨.

٤ - هەمان ١٦٧.

٥ - عمید زنجانی، عباسعلی، ١٣٦٢، مبانی فقعی قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، تهران انتشارات جهاد دانشگاهی.

٦ - مرتضی الیاسی، تجلی حاکمیت الهی در اصول قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامەی علمی . پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال چهاردهم، بهار ٩٦، شماره ٤٨

٧ - مرتضی الیاسی، تجلی حاکمیت الهی در اصول قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامەی علمی . پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال چهاردهم، بهار ٩٦، شماره ٤٨.ص١٠

٨ - دكتر احسان شاكري خوئي، عذرا كامران آذر، حقوق سياسي زنان درقانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، زن و مطالعات خانواده ، سال هشتم شماره سي و ششم تابستان ١٣٩، (ص ٨٥-٨٦)

٩ - قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران؛ به همراه نظرات تفسیری شورای نگهبان (١٣٥٩-١٣٩٦) ، بر... تهیه و تنظیم محمد فتحی، کاظم کوهی اصفهانی، تهران: شورای نگهبان، پژوهشکده شورای نگهبان، ١٣٩٧ - ) ص٤١.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانای ئاییندەیی ژمارە (١)

ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا

خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، بیرۆکەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانای ئایندەیی ژمارە (٥)

ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان
سێکوچکەی هەولێر – بەغدا – واشنتون
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی
حوزەیران 2020

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانای ئایندەیی ژمارە (٢)

پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (٥)

مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات

السليمانية
حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org


English
كوردی
العربية
دەربارەی ئێمە
توێژەران



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاڤانی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندێتی، چارەنوسی دیلەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاڤانی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


CFS
الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northren Diyala and Eastern Salahaddin 205


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org





THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
2020 نیسان


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێر و بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە کێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییەکان


انتعاش الجماعات الإرهابية
2019


ئایندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠
پۆست کۆرۆنا
کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی بایدندا
شاری زیرەک لە هەرێمی کوردستان!


وەرزنامەی
ئێرانناسی


وەرزنامەی
ئێرانناسی


وەرزنامەی
ئێرانناسی
مافی نەتەوەیی کورد
لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا


وەرزنامەی
ئێرانناسی
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
کەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست


وەرزنامەی
ئێرانناسی


وەرزنامەی
ئێرانناسی


ئایینناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات



ژمارە (٧) ساڵی دووەم، نیسانی ٢٠٢٣